# ئایندەناسی

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی وەرزانە دەریدەکات

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژی دەدات. ژمارە (١٨) ساڵی چوارەم، ئەیلوولی ٢٠٢٣



# میلیشاکان

## تیرۆریزمی دژەتیرۆر

- عێراق بە بێدەنگی لەت دەبێت
- کارلێکی میلیشیا و دەوڵەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست
- ئایندەی عێراق لە سایەی بەحەشدکردنی ئابوورییەکەیدا
- هەڵوێستی تورکیا لە بارەی گرووپە چەکدارییە نافەرمییەکانی عێراق

# ئایندەناسی

CFS
Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژی دەدات
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی وەرزانە دەریدەکات

ژمارە (١٨) ساڵی چوارەم، ئەیلوولی ٢٠٢٣

خاوەنی ئیمتیاز: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

سەرنووسەر: د. هەردی مەهدی میکە

بەڕێوەبەری نووسین: ئەژی ئازاد ئەبوبەکر



بۆردی ڕاوێژ

د. یوسف گۆران

د. ئومێد رفیق فتاح

د. عابد خالد رسول

هەڵەبڕ: باخان ئەحمەد

نەخشەساز: ڕەوشت محەمەد



شوێن: عێراق: هەرێمی کوردستان، سلێمانی،
کۆمەڵگەی زانکۆ، باڵەخانەی K، نهۆمی G, شووقەی 4
Address: Iraq, Kurdistan, Slemani
Tel: (+964) 0773 836 3758 - (+964) 0751 833 9135

ناونیشانی ئەلیکترۆنی:
www.centerfs.org
Facebook: Center.of.Future.Studies
Instagram: centerfs
Email: info@centerfs.org


SCAN ME

# ئایندەناسی

ئایندەناسی؛ گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژیی دەدات و سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات. وەرزی جارێک دەردەچێت، ئامانجی گرنگی دانە بە لێکۆڵینەوەکانی ستراتیژی و ئاییندەیی بە تەوەرێتی و گرنگیدانی بە کوردستان و هەرێمایەتی و دۆخی نێودەوڵەتی پەیوەست بە ناوچەکەوە بە ئامانجی تێگەیشتن لە ئێستا و ئایندەی وەرچەرخانە جیهانیی و هەرێمییەکان و کاریگەرییان لەسەر کوردستان، بواری توێژینەوەی بریتی دەبێت لە سیاسەترێژی کورتمەودا و دورمەودای کوردستانی، شرۆڤەی سیاسەتی وڵاتانی هەرێمایەتی، توانای ئێستا و ئاییندەیی سەربازیی و سیاسیی وڵاتان، هەل و هەڕەشەکان، توانا و نەرمەهێز و سەختەهێزی هەرێم و هەرێمایەتی، ئاستەنگ و هۆکار و ڕێکارەکانی بە دامەزراوەییکردنی دەزگاکانی سیاسەت، یاسادانان، میریی و توانا بەرگرییەکان... تاد. مەرجیشە هەر بابەتێکی بڵاوکراوە لە خۆگرییگریمانە و سیناریۆی ئاییندەیی و گریمانەیی بێت ئەمەش لەپێناو هاوکارییکردنی سیاسەترێژیی و شرۆڤەی دۆخی ئێستا و هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لەوەی ڕوویداوە و ڕوودەدات.

میتۆدی کارپێکراوی توێژینەوەکان بریتی دەبێت لە بەکارهێنانی میتۆدەکانی چەند پسپۆڕێتی (Multidisciplinary) و نێوپسپۆڕیی (Interdisciplinary)، بە سوودوەرگرتن لە زانست و لێکۆڵینەوە هاوچەرخەکان، لە ڕێگەی بە پشتبەستن بە زانیاریی و ئاماری نوێی ناوچەیی و جیهانی و دەوڵەمەند بە گرافیک و چارت ئاماریی. هەوڵدەدرێت هەر ژمارەیەکی ئایندەناسی لە خۆگری توێژینەوە، وەرگێڕان، شرۆڤە و ڕاپۆرتی ئاماریی و گریمانەسازیی بۆ وەرچەرخان و گەشەکردنەکانی کەرتەجیاوازەکانی حکومەتداری و کۆمەڵگە، چاوپێکەوتنی پسپۆڕ و خاوەن بۆچوونەکان، بێت.

# ناوەڕۆك


سەروتار

میلیشاکان؛ تیرۆریزمی دژەتیرۆر ........................................................................ ● هەردی مەهدی میکە ٤

توێژینەوەی نێوخۆیی

بیرکردنەوەی ڕەخنەیی وەک بەرگریی هزریی لە بەرامبەر بیری توندوتیژانەدا .. ● د. نەوزاد جەمال حەمەفەرەج ٨

کارلێکی میلیشیا و دەوڵەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست میلیشیا شیعەکانی عێراق وەك نموونە ● کاردۆ ڕەشید کەریم ٣٤

ئایندەی «بکەرە نادەوڵەتە چەکدارەکان» لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا .................................... ● زانا کەریم ٤٧

ئایندەی عێراق لە سایەی بەحەشدکردنی ئابوورییەکەیدا .................................. ● بەڵێن عیزەت میکە ٦٠

هەڵوێستی تورکیا لە بارەی گرووپە چەکدارییە نافەرمییەکانی عێراق ..................... ● ڕەنجە عەبدوڵا ٧٣

کاریگەریی سوارچاکەکانی پەرستگا لە سەر ڕۆژئاوای هاوچەرخ; لایەنی کولتوور و دارایی ● د. سەلام عەبدولقادر ٩٣

توێژینەوەی نێوخۆیی

عێراق بە بێدەنگی لەت دەبێت، پرۆکسییەکانی ئێران دەسەڵاتی بەغدایان گرتووەتە دەست و حکومەتیش تاڵان دەکەن

................................................................................................ ● وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە: پەرۆش محەمەد ١٠٢

دروستکردنەوەی دەوڵەتی عێراق: چۆن میلیشیاکانی نزیک لە ئێران دەستیان بەسەر وڵاتدا گرت؟

................................................................................................ ● وەرگێڕان: بێوەی مەحمود ساحب ١١٢

گرووپە چەکدارەکانی سەر بە ئێران لە سووریا: ڕۆڵ و داهاتوویان ....... ● و: ژیلوان لەتیف یارئەحمەد ١٢٤

ڕاپۆرتی ئایندەیی

ڕۆڵی بودجەی عێراق لە بەهێزبوونەی پێگەی میلیشیا چەکدارییەکاندا ...... ● ئا: ئەژی ئازاد ئەبوبەکر ١٤٢

کتێبی ئایندەیی

ئایندە؛ هەموو ئەو شتانەی گرنگن ............................................................ ● ئامادەکردن: ئایندەناسی ١٥٧

فەرهەنگی ئایندەناسی

سیاسەتی گشتی ........................................................................................ ● ئامادەکردن: د. عابد خالد ١٦١

سەروتار



هەردی مەهدی میکە

# میلیشاکان؛ تیرۆریزمی دژەتیرۆر

٢٢ ساڵ بەسەر ڕووداوی ١١ی سێپتەمبەردا تێدەپەڕێت. ڕووداوەکە تەنها جیهانی سیاسەتی بۆ بەرەی ڕەش و سپی دابەش نەکرد، بەڵکوو هێزگەلێکی تەریب بە هێزە فەرمییەکانی دەوڵەت و لە ژێر ناوی خۆپارێزی و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆردا بەرهەم هێنا کە لە ئەنجام و کردەوەکانیانەوە جگە لە میلیشیا ناوێکی دیکە هەڵناگرن. هەڵبەت دەرکەوتنی هێزێکی وەک داعش، هەبوونی ئەم هێزە ڕانەهێنراوانەی زیاتر خێرا و پێویست کرد، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە پاش لەنێوبردنی هەڕەشەی هەنووکەیی «تیرۆر»، ئەی چی لەم هێزە تەریبانە بکرێت کە بوونەتە هاوبەشی قەڵغانی بەرگریی دەوڵەت لە سەرکەوتندا و خودی تیرۆریشن لە ڕەفتاردا؟

میلیشیاکان؛ زڕبراکانی هێزە دەوڵەتییەکان، ڕاستە ئەمانە لە ڕەفتاردا بۆ قۆناغێک تیرۆریان ڕاگرت، بەڵام خۆیشیان لە بەرەنگاربوونەوەی دەزگا دەوڵەتییەکان و فشارەکانی سەر کۆمەڵگە و دیدگای ئایدۆلۆژی و مەزهەبی پەڕگیریان، هەمان ئەنجام و

دووپاتکەرەوەی کردەی تیرۆریزمیان بەرهەم هێنا. تیرۆر و میلیشیاکان ڕاستە پێچەوانەی یەک وەستانەوە، بەڵام پێکەوە کاریان کردە سەر دیدگای سیاسەتی گشتی و فەرمی و ڕێکارە باوەکانی دەوڵەتەکانیشی گۆڕی. ئێستا ئەوانیش وەک گرووپە تیرۆرستەکان هەڕەشەن و دەبێت دەوڵەت لە هەنگاوە ستراتیژی و ئایندەییەکانیدا لە تیرۆریزم زیاتر بیر لە کەمکردنەوەی هەژموونیان بکاتەوە. میلیشیاکان لە ڕووی شکۆی دەستووری و سەروەریی وڵاتەوە مەترسیدارترن، چونکە ئەمانە لە دۆستەکانی دەوڵەت یان لانی کەم هێزە پێکهێنەرەکانی حکومەتەکانن، بۆیە شوناسێکی ئاشکرا و ڕوونیان نییە تا لە نێوان سفر و سەدی موتڵەقدا یەک دیدگا و سیاسەتیان بەرامبەر بگیرێتە بەر، بەڵکوو پلان و حیکمەت و بیری وردی دەوێت.

ڕووداوی ١١ی سێپتەمبەر، تا هەنووکەش سەرچاوەکان یەکدەنگ نین لە ڕووی دەرخستنی هۆکارەکانییەوە بە فاکت و بەڵگە، وردەکاری و وێنایەکی ورد و گێڕانەوەیەکی گشتی بخەنە ڕوو، بەڵام لە ڕووی ئەنجامەوە ئەوا ڕوونە ڕووداوەکە و لێکەوتەکانی فۆرمێکی دیکەی بە هاوپەیمانێتیی نێوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان بەخشی و لە پەنا ڕۆڵەکانی خۆیاندا ڕۆڵی دیکەی بە حکومەت و دەزگا و حزبەکان بەخشی. تا ساڵانێکی زۆر و بە ئێستاشەوە تیرۆریزم و دژەتیرۆر بوونە شوناس و زۆر کۆمەڵگە و هێز و دەوڵەتی لە نێوچەکەدا کردە دووجەمسەر و لەتی کردن.

دەرکەوتنی داعش بەو خێراییە و هەرەسی ئازاد و بەربەرەڵای دەزگا و سوپا دەوڵەتییەکانی وەک عێراق و سووریا لە نێوچەیەکی بەربڵاو و جوگرافیایەکی بەرینی ستراتیژیدا، زیادکردنی میلیشیا و هێزە چەکدارە تەریبەکانی دەوڵەتی بە مەبەستی خێرا ڕووبەڕووبوونەوەی گرووپە تیرۆرستەکان و نموونەکانی وەک داعشی پێویست کرد و هەبوونیان (بۆ کاتییش بێت و گەرچی ستراتیژییش نەبێت) کردە داکەوتەی سیاسی.

ئێستا ئیتر میلیشیاکان هەن و لە سەرێکەوە بە گوتار و درووشم زڕیرای سوپا دەوڵەتییەکانن لە عێراق و سووریا، لە سەرەکەی تریشەوە بە کردەوە و ئەنجام ئامۆزای خودی تیرۆر و تیرۆریزمن. بۆ پلانی کاتی و کورتمەودا؛ ئەم میلیشیایانە وەک ئاوی ژیان وا بوون بۆ ڕزگارکردنی دەوڵەت، بەڵام پاش هێوربوونەوەی گەردەلوولی نائارامی، وەک دەرکەوت ئیتر خۆیان سەرچاوەی بەبیابانبوونی کێڵگەی سیاسەتی تەندروستانەن و سەرچاوەی هەڕەشەن و بۆ هەنووکە جیا لەوەی شەریکی بڕیار و سایە و تارماییان بەسەر بڕیاری سیاسیدا بڵاوە، بۆ دوورمەوداش هەڕەشەی سەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی

و ژیانی پێکەوەیین، چونکە لە بنچینەدا ئەم هێزانە دیدگای مەزهەبی و ئایدۆلۆژی کۆی کردوونەتەوە، خۆبەخۆ بەرهەمهێنەری جیاکارین و بە جۆرێکیش خۆبەهەڤزان و خودمیحوەرن، بە هۆی هەڵگرتنی چەکیشەوە هێز و هەڕەشەیان بەر لە لۆژیک و ئەقڵیان بەرامبەر یار و نەیار دەوەستێتەوە. بۆیە هەمیشە ئەگەری جەنگی نێوخۆیی و مەترسی لە سەر سەروەری و قرکردنەوەی لایەنێکی ناکۆک لەگەڵیاندا ئەگەرێکی کراوەیە. مەترسیدارتر لەوە، میلیشیاکان پاش لەنێوبردنی دوژمنەکە لەگەڵ هێزە دەوڵەتییەکاندا داواکار و وەرگری جیاوکی ئابووری و هەژموونن و وەریشیانگرتووە و دەگرن، بۆیە چیتر تەنها هێزی چەکدار نین، بەڵکوو جەمسەری ئابووری و خاوەندارایی و کۆمپانیا و لۆبی و هەژموونن. لەوەش زیاتر، ئاسانترین ڕێگەن و درزی مەترسیدارن لە نێو شیرازەی دەوڵەت و کۆمەڵگە و پرۆسەی سیاسیدا بۆ دزەکردنی وڵاتان و دەزگا هەواڵگرییەکان و ڕاکێشانیان بۆ لێدان و لەتکردنی بەرژەوەندیی نیشتمانی و پەرتەوازەکردنی شوناسی نەتەوەیی و ڕێگەگرتن لە گەڵاڵەکردنی گوتاری یەکگرتووی نیشتمانتەوەر.

هەموو ئەم گریمانەکردنە مەترسیدارانە دووبەرامبەر لە سەر هەرێمی کوردستان سەبارەت بە میلیشیاکان ڕاستن و بە واقیع گەڕاون، بە تایبەت لە نێوچەی دابڕێنراو و کەرکووکدا. هەنووکە مەترسییە ئەمنی و سیاسی و ئابووری و شوناسییەکانی میلیشیا جۆراوجۆرەکانی عێراق (بێ حسێبکردن بۆ دەستوور و یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکان) دەرکەوتوون، بۆیە گرنگە لەم بارەوە هەم بیر بکرێتەوە و هەم کار بکرێت، چونکە مەترسی یەکەمی دەرەکی حاڵی حازر هەر ئەوانن و سایەکانیان کە لە سیاسەتدا لە بەغدا هەرێم سنووردار دەکەن و لە کەرکووک سنووربەزێنی دەکەن و بۆ سەر کۆی گشتیی قەوارەکەش بوونەتە دەستکێشی وڵاتانی هەرێمی و هەنگاو هەنگاو دێنە پێشەوە بۆ بچووککردنەوە و گەر بۆیان بکرێت نەهێشتنی قەوارەی هەرێم دوا ئامانجیانە بەرامبەر کوردستان.

دەستوورکردنە بنەما و تێگەیاندنی ڕای گشتی و وڵاتانی ڕۆژئاوا، ئەرکی لەپێشینەیە و ڕێگای بەرەنگاربوونەوەی هەژموون و سنووردارکردنی تیرۆری نەرمی میلیشیاکانە. ژمارە ١٨ی ئایندەناسی، جیا لە بابەتەکانی دیکەی، دۆسێکەی تەرخانە بۆ ڕوونکردنەوەی مەترسی و هەڕەشە ئایندەییە سیاسی و ئەمنی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی میلیشیاکانی نێوچەکە بە گشتی و عێراق بە تایبەتی. ئەم ژمارەیە وەک هەوڵێکە بۆ خەملاندنی مەترسییە ئێستا و ئایندەییەکانی سەر هەرێم و عێراق، تا سیاسیی کوردستان و پرۆسەی سیاسی سوودی لێ وەربگرێت و هەڕەشەکان بناسێت و دەرفەتەکانیش هەڵبهێنجێنێت.

توێژینەوەی ناوخۆیی

ئایندەناسی

# بیرکردنەوەی ڕەخنەیی
## وەک بەرگریی هزریی لە بەرامبەر بیری توندوتیژانەدا



د. نەوزاد جەمال حەمەفەرەج

### بەرایی

وەک چۆن توندڕەوی و توندوتیژی دەرکەوتێکی جیهانی و دیاردەیەکی سەرانسەرییە، ئاواش شێوازەکانی ڕێگریکردن و پێشگیریکردنیش لێیان جۆراجۆرن. تاوتوێکردنیشی لە ڕوانگەیەکی فەلسەفییەوە، وا دەخوازێ کە وەک گرفتێکی هزری لێی تێبگەین. دیدی فەلسەفی بۆ بابەتەکە هەر شرۆڤەکردنێکی تیۆرییانە ناگرێتەوە، بەڵکوو «فەلسەفە» وەک «هێزێکی نەرم» دەبێتە پارسەنگی هێزی توندوتیژیی پەڕگیری، هاوکات سەرلەنوێ ئەرک و ڕۆڵی فەلسەفەش وەک «بەرگریی هزری» لەو بارەوە پێناسە دەکاتەوە. هەروەها وەڵامدانەوەی پرسیارێکیشە: تا چەند «فەلسەفە» توانای هزریمان دەداتێ و چۆن «بیرکردنەوەی ڕەخنەیی» هزر و مەیلی توندوتیژانە کەم دەکاتەوە؟ دواجار ئەو بنەما فەلسەفییانەی کە بۆ تێگەیشتن لە دیاردەکە یارمەتیدەرن، دەبنە ڕێچارەیەکی ئەلتەرناتیڤ. ئەم توێژینەوە بە دیوێکدا هەوڵێکە بۆ تێگەشتن لە ئەرک و ڕۆڵی فەلسەفە لە سەردەمی گۆڕانکارییە خێراکاندا، چونکە بە جۆرێکیش وەڵامدانەوەی پرسیارێکی لەخۆ گرتووە: چۆن فەلسەفە دەتوانێت لە پرسێکی هەستیار و مەترسیدارەکانی تیرۆر و توندوتیژیی سەردەمەکەدا ڕۆڵی هەبێت؟ بە دیوێکی تریشدا، «تێگەیشتنی فەلسەفیانە» لە چییەتیی تیرۆر و توندوتیژی و پەڕگیرییە، پێدانی بەرچاوڕوونی و بەخشینی جیهانبینەکی دروستە. لێرەدا بیرکردنەوەی فەلسەفی بەرامبەر بیری توندوتیژییە و بیرکردنەوەی ڕەخنەییش ئامرازی چاکسازییە، چونکە توندوتیژی بە هەموو جۆرەکانیەوە هەر ڕەفتار و کردار (جا ئەو کردارە بە وتەش بێت) گەلێک نین، بەڵکوو جۆرێ بیرکردنەوەی پاساودراوی ئایدۆلۆژی یان ئایینی ڕەوایەتییان پێ دەدەن.

## ١.ئیپستیمۆلۆژیای توندوتیژی و تیرۆر

وەک چۆن توندوتیژی و پەڕگیری و تیرۆر لە مێژووی مرۆڤەکاندا دیاردەگەلێکی نامۆ و نوێ نین، ئاواش مێژوو لە زەبروزەنگ و خوێنڕشتن و جەنگ خاڵی نەبووە. بەردەوام ئامراز و گوتارە ئایدۆلۆژییەکانی ئەم دیاردەیە گۆڕاون. هەروەها، پاساوی خۆیان لە ڕووداو و کێشەکانەوە بەو جۆرە هەڵهێنجاوە کە ڕەوایەتی بە بەکارهێنانی توندوتیژی بدەن. جا ئەو پاساوە شەرعی بووبێت، یان ئایدۆلۆژیی سیاسی و نەژادپەرستی، یان پاڵنەرێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری بێت. بۆیە لە وردبوونەوە لە کردەوە توندوتیژەکاندا، هاوکێشەیەکی ڕاستەوانە هەیە: هەمیشە توندوتیژی تەریبە بە بیرۆکە باڵا ڕەوشتییەکان، یان درووشمی بیروباوەڕە شۆڕشگێڕییەکان، وەک «ژان گۆدار» دەڵێت: «لە ڕاستیدا تیرۆرێک نییە کە لە ژێر کاریگەریی بیرۆکە مەزنە ڕەوشتییەکاندا نەبێت[٣]».

بەڵام، لەگەڵ ئامادەیی و بەردەوامیی سەرتاپاگیریی توندوتیژی و زەبروزەنگ لە مێژوودا، هەمیشە هێزێکی بەرهەڵستکاری دژ هەبووە کە بە «هێزی چاکەخواز» و ئاشتیخوازی و مرۆڤدۆستی دانراوە. جگە لەوەی لە ئایین و ڕێسا و دەستوورە ڕەوشتییەکاندا توندوتیژی و تیرۆر بە کارێکی نەشیاو و بە جۆرێکیش قەدەخە کراون، بەڵام زۆر جار بە پاساوی ئایینی و یاسایی[٤]- سیاسی؛ داکۆکی لە بەکارهێنانانیان کراوە.

### ١-١.      پێناسە و واتا زمانەوانییەکان

لە بەر ئەوەی لە ڕووی زمانییەوە کۆمەڵێ زاراوەی جیاوازی وەک: توندوتیژی و زەبروزەنگ[٥]، پەڕگیری[٦] و توندڕەوی[٧] و فەندەمێتالیزم[٨] و هەروەها دەمارگیری[٩] هەن، پێویستە ڕوونکردنەوەی جیایان لە سەر بدرێت و خاڵی لێچکوو و جیاوازیان دەستنیشان بکرێن. لەبەر ئەوەی ئەو چەمکانە لە خۆیاندا هاوڕایی لە سەر واتا و پێناسەکانیان نییە و هاوکات چەمکگەلێکی هاوردەن، لە زمانی کوردیدا جیاکردنەوەیان هەر وا ئاسان نییە.

وشەی «پەڕگیر»، واتای سنووربەزێن و ئاستێپەڕ دەگرێتەوە. بەڵام لە بەکارهێنانە سیاسیەکەیدا؛ جۆر یان دۆخی پەڕگیربوونە یان بانگەشەکردنێکی توندڕەوانەیە بۆ دید و باوەڕێک یان پێوەرێک[١٠]. شایەنی ئاماژەکردنە، بە پلەی یەکەم ئەم چەمکە لە بواری سیاسی و ئاییندا وەک ئاماژەیە بە ئایدۆلۆژیایەک کە لە دەرەوەی ڕەفتاری باڵا و باوی کۆمەڵە بەکار دێت[١١]. لە فەرهەنگی «ئۆکسفۆرد»دا بەو کردەوە یان باوەڕە سیاسی و

ئایدۆلۆجی یان ئایینییە دەوترێ کە ئەوپەڕی سنوور -باوەڕ یان کولتوور- دەبەزێنێ و بە جۆرێکی نائاسا کە لە لای زۆرینە لە ڕووی ئەقڵانییەوە پەسەندکراو و پاساودراو نین[١٢].

پەڕگیری وەک زاراوە لە جیهانی «ئەنگلۆساکسۆن» (ئینگلیززمان) لە لایەن سەرۆکقەشە «ستێفن گاردنەر»ەوە لە ساڵی ١٥٤٦دا بۆ وەسفی نەیارەکانی بەکاری هێناوە[١٣]، بەڵام دواتر لە گەنگەشە و مشتومڕی دژایەتیکردنی کۆیلایەتی و جەنگی ناوخۆیی ئەمەریکا بەکار هاتووە[١٤]. بە دیوێکدا کۆدەنگییەک لە سەر واتای زاراوەکە هەیە و بە پێی میتۆدێکی ئاوێتەی پەرەپێدراو لە لایەن «کۆسەلێک» و «سارتۆری»یەوە، پەڕگیری بەو پێگە ئایدۆلۆژییە دەوترێ کە لە لایەن بزووتنەوە دژەدەسەڵاتەکانەوە بەکار دێ کە بە جۆرێ لە سیاسەت دەگەن وەک خەبات و بەرهەڵستی باڵادەستیی دەسەڵاتە، نەک ململانێکردنێکی ئاشتیخوازانە. واتە لە سەر بنەمای دۆست یان دوژمن، هاوڵاتییان دابەش دەکەن و بواری فرەیی بیرورا و تێگەیشتنی ئەلتەرناتیڤ ناهێڵنەوە. سیاسەت بە لایانەوە جگە لە پێداگیری لە دۆڕانی ڕەهای ڕکابەر وەک مافێکی ڕەهای بردنەوە بۆ خۆیان[١٥]، هیچی تر نییە. پاساوی بەکارهێنانی شەڕەنگێزی و بەکارهێنانی توندوتیژیی چەکدارانە نەک تەنها دژ بە دەسەڵاتی سیاسی، بەڵکوو خەڵکی ئاسایی دەهێنرێتەوە. لە پێناو باوەڕ بەوە کۆمەڵگەیەکی هۆمۆجین-یەکانیگیر و دامەزراو لە سەر بنەمای تاکە باوەڕ و ئایدۆلۆژیایەک، فرەیی کۆمەڵایەتییش ڕەت دەکرێتەوە. بۆیە تایبەتمەندییەکی تریشیان لە سەر ئاستە کۆمەڵایەتییەکە خۆزاڵکردنە و ئەگەر لە دەسەڵاتیشدا بن، سیفەتێکی تۆتالیتاریانەیان هەیە[١٦].

### خەسڵەتی ئەم گرووپە پەڕگیرە توندوتیژ انە بە ڕای پسپۆڕان لە:

1.خاوەنی ئایدۆلۆژیایەکی (جا سیاسی، یان ئایینی، یان نەژادی بێت) گشتگیر (تۆتالیتێر) و فراوانخواز و نالێبوردەن. ڕەوایەتی و پاساو بۆ لێدان و سڕینەوە و بێبەشکردنی ئەوی تری جیاواز لە خۆیان دەهێننەوە.

2.وەستان دژ بە بارودۆخی سیاسیی لەئارادا بوو. واتە پرۆژەیەکی سیاسی، ڕژێم و دامەزراوەیەکی سیاسیتر بە ڕووخاندنی ئەوەی کە هەیە؛ دەخوازن.

3.بەکارهێنانی زەبروزەنگ و توندوتیژی. بۆیە ئەوەی توندئاژۆیی هزری لە پەڕگیریی توندوتیژکارانە جیا دەکاتەوە، بە کردار توندوتیژی و تیرۆر لە پێناو باوەڕ و ئامانجەکانیدا ئەنجام دەدات[١٧].

## ١-٢. بناژۆخواز(توندڕەو) چییە؟

ڕادیکاڵیزم (توندڕەوی/بناژۆخواز) لە وشەی لاتینیی «radix»ەوە هاتووە کە واتای «ڕەگ» دەگەیەنێت[١٨]، بەڵام چەند واتایەکی تری لە ڕووی سیاسی و یاسایی و دەروونی و کۆمەڵایەتییشەوە هەیە. لە زمانی سیاسیی ئەمڕۆدا، ڕادیکاڵ (بناژۆخواز) بە کەسێک دەوترێت کە گوتار و ڕەفتار و هەڵوێستەکانی دەباتەوە سەر ڕەگوڕیشەیەکی ئایدۆلۆژیی سیاسی، ئایینی یان نەژادی. لە ڕووی مێژوویییەوە، ڕادیکاڵیزم لە سەدەی هەژدەوە پەیوەستە بە ڕۆشنگەری و شۆڕشی فەڕەنسی و ئەمەریکی و لە سەدەی نۆزدەشەوە ئاماژە بوو بەو ئەجێندا سیاسی و بزاڤە کۆمەڵایەتییانەی ویستی چاکسازییان هەبوو[١٩].

لێرەوە، ڕادیکاڵیزم دوو خەسڵەتی سەرەکیی هەیە: یەکەم؛ پرۆسەی ڕادیکاڵبوون، کە لەئامێزگرتن و گۆڕانکاری یان قایلبوونی(قەناعەت) هزر و بیرێکە کە لە دەرەوە یان دژ بە باوەڕی زاڵی کۆمەڵە[٢٠]. دووەم: هیچ گرەنتییەک نییە کە ڕادیکاڵەکان توندوتیژی بەکار نەهێنن[٢١]. بەو پێیە شەش پلیکانە لە ڕەوڕەوەی ڕادیکاڵبوونەکەدا هەن و دواجار خۆیان لە دیاردەی «نامۆبوون»دا بەرامبەر کۆمەڵ دەردەخەن. هەڵبەت چەندە نامۆبوونەکە پەرە بسەنێت، ئەوەندەش پلیکانەکان بەرتەسک دەبنەوە و بۆ چەند بژاردەیەک کە برەو بە توندوتیژی بدات؛ کورت دەبنەوە.

ناشبێت ئەم ڕاستییە نادیدە بگیرێت کە وشەی «ڕادیکاڵیزم» وشەیەکی ‹سرک›ە و بە ئاسانی خۆی بەدەستەوە نادات[٢٢]. لەبەر ئەوەی وشەکە کۆمەڵێک واتای تریشی هەیە وەک لە «فەرهەنگی ئۆکسفۆرد»دا هاتووە: «ڕادیکاڵ کەسێکە بیروڕایەکی پێشکەوتووی لە بارەی چاکسازیی سیاسیی دیموکراسییەوە هەیە. بەڵام لە زمانی فەڕەنسیدا بە کەسێک دەوترێت کە ‹دژەکلێرک›-دژی حوکمڕانی پیاوانی ئایینی- و کۆماریخواز بێت. ڕەنگە ڕادیکاڵ (بناژۆخواز/توندڕەو) ستایلێکی سیاسیی کەسێک بێت کە زۆربەی جاران لە پێناو چارەسەری کێشە جیاوازەکاندا بۆ بنەما تیۆرییەکان دەگەڕێتەوە و بەمەش پێچەوانەی دیدی پراگماتییانەی سیاسەتە کە پتر لە دەرئەنجامی سیاسەت خۆیەوە، نەک بنەما تیۆرییەکانەوە، بیر دەکاتەوە[٢٣].

### ١-٣. دەمارگیری

وەک لە وشە کوردییەکەدا دیارە؛ ‹دەمارگیریی› جیهانبینییەکە کە تاک یان گرووپێک زۆر بە ڕژدی و مکوڕانە شوێن ڕێسا بنەڕەتییەکان و ڕێنما ئایینییەکان دەکەوێت. لە ئایینی کریستیانیشدا بەو کەسە دەوترێت کە باوەڕی وایە ‹هەموو شتێک کە لە دەقی پیرۆزدا نووسراوە، سەرلەبەری ڕاستە›[٢٤]. واتە «فەندەمێنتالیزم» پتر ڕەوتە ئایینداەرکان دەگرێتەوە، بەمەش واتاکەی تا ڕادەیەک لە چەمکی بناژۆخواز نزیکە کە بەواتای ‹کەسانێک کوتومت شوێن ڕێساو بنەماکانی ئایینێک دەکەون. بەڵام فەندەمێنتالیزم لە دیدی «هابەرماس»دا: جۆرە ئەقڵیەتێکە کە دەمارگیر و ڕەفتارێکی کەڵلەڕەقانەیە کە لەسەر سیاسەتی سەپاندنی قەناعەتی سیاسی و هۆکارەکانی پێداگری دەکات، ئەمە سەرەڕای ئەوەی قەناعەتەکانی لە پەسەندنکردنێکی ژیرانەوە دوورن. لێرەوە دەمارگیری تەریبە بە «دۆگما»، واتە چەقبەستووی باوەڕیانە. لەم سۆنگەشەوە هەموو ڕێبازێکی ئایینی لە سەر باوەڕێکی دۆگما دامەزراوە[٢٥]. هەر لەم سۆنگەشەوە، دۆگما و دەمارگیری دەبنە زەمینە و ڕێخۆشکەری هاندەر بۆ کردەی تۆقاندن (تیرۆر).

### ١-٤. کورتەمێژووی تیرۆریزم (تۆقاندن)

تۆقاندن و توندوتیژی ناوێکی نوێیە بۆ دیاردەیەکی دێرین، چونکە سەرەتا وەک بیرێکی سیاسی لە سەروەختی شۆڕشی فەرەنسیدا سەری هەڵدا[٢٦]. لەبەر ئەوە، دەرکەوتنی چەمکی تۆقاندن و توندوتیژی بۆ ئەو بزاڤ و ڕەوتانە دەگەڕێتەوە کە لە سەدەکانی (١٨) و سەرەتاکانی سەدەی (١٩) داوای ڕیفۆرم/چاکسازیی دیموکراسییان دەکرد. ئیدی لە ئینگلتەرە و فەرەنسا و بە تایبەت شۆڕشی فەرەنسیدا، سەردەمێک هەیە کە بە سەردەمی تیرۆر/تۆقاندن ناو دەبرێت[٢٧]. سەردەمێک کە لەبەر چاوی جەماوەرەوە ملی کەسانێک لە ژێر ناوی «دادگەی شۆڕش»دا دەپەڕێنرا. لێرەوە بە گشتی ئەو بزووتنەوە و هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییانەی کە لە سەر باڵی «چەپی پەرگیر» یان ڕاستڕەو هەژمار کراون، دەکەونە خانەی توندڕەووەکانەوە، تەنانەت بیروباوەڕە ئایینی و نائایینییەکانیش کە چیرۆکی جوانی ڕازاوە لە بارەی ژیانێکی باشتر و مزگێنیی گوزەرانێکی خۆش دەدەن، چەندە دڵسۆزی و بێتاوانییان تێدا بێت.

وشەی تیرۆریزم فرەواتا و لێکدانەوەی جیاواز هەڵدەگریت، بۆیە بە لانی کەمەوە تەنها لە سەر ئاستی بنەڕەتەکەی کۆدەنگییەک هەیە، بە تایبەت لە گوتاری ئەکادیمیدا[٢٨]. بە پێی پێناسەی فەرهەنگی ئۆکسفۆرد، تیرۆریزم بریتییە لە: بەکارهێنانی توندوتیژی لە پێناو

گەیشتن بە ئامانجێکی سیاسی، یان ناچارکردنی حکومەتە بە کردارێک[٢٩]. لە بەر ئەوە چەمکی تیرۆر وەک چەمکەکانی تر مایەی مشتومڕ و گەنگەشەیە. زۆربەی شارەزایان و پسپۆڕانی بواری توندڕەوی و تیرۆر لە سەر ئەوە کۆدەنگن کە یەک پێناسەی تەواو گشتگیری «تیرۆر» بوونی نییە[٣٠].

لەم سۆنگەوە، توێژەری فەلسەفە «قوسەیم قەسام» لە توێژینەوەیەکییدا سەبارەت بە «ئیپستیمۆلۆژیای تیرۆر»، میتۆدێکی گومانگەرایانە لە بەکارهێنانی چەمکەکەدا پەیڕەو دەکات[٣١]، بە بۆچوونی ئەو، ناساندنی کەس و لایەنێک بە تیرۆریست، گرەنتیی بێلایەنیی بابەتی یان نوێنەرایەتیی ڕاستییەکی بەڵگەنەویست ناکات، چونکە گۆشەنیگا و ڕوانینەکان بۆ پرسەکە و ئەنجامدەرانی جیاوازە[٣٢].

لێرەوە، ناونانی کەسانێ یان لایەنێک بە تیرۆریست، پڕە لە ‹نەزانین› و گرفتی ئیپستیمی. لەبەر ئەوە، لە بەکارهێنانی چەمکی تیرۆردا گرفتێک هەیە کە کۆدەنگیی تەواو لە سەر بکەرەکانی -ئەنجامدەری- تیرۆر و «کێ» تیرۆریستە؛ نییە. سەرەڕای ئەم ڕاستییە، هیچ گۆڕانێک لە چییەتی و ناوەرۆکی تیرۆردا جێ ناکەوێت. بۆیە زۆر جار بەکارهێنانی چەمکی تیرۆر لە بەکارهێنانی لایەنێکدا، وەک پۆلێنکردن و تۆمەت و نەیارکردن دادەنرێت. بەڵام لە چاوی بکەرەکەیدا بریتییە لە شۆڕش، پاڵەوانێتی و جەنگاوەری و هتد...[٣٣]. کەواتە لە ڕووی بەکارهێنانیەوە، چەمکی تیرۆر چەمکێکی بێگەرد و سازگار نییە[٣٤]. لەبەر ئەوە بەکارهێنانی زۆر ڕەمەکییە و بە پێی خواستی نەیار و هەروەها چاویلکەی بەکارهێنەری وشەکە دەگۆڕێت.

دەوڵەتان، بە تایبەت ڕژێمە ستەمکار و سەرکوتکەرەکان، لە ترسی لەدەستدانی کۆنترۆڵ و سەقامگیری و ئاسایشدا، بەرەو تۆقاندن و تیرۆر چوون[٣٥]، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە: چۆن مرۆڤ/ڕژێمێک لە ترسەوە بەرەو تیرۆر دەڕوات[٣٦]؟ چونکە دەوڵەت یان حکومەت، پەنا دەبەنە بەر بەکارهێنانی توندوتیژی بە پێی کۆمەڵێک پاساو. جگە لەوەش، مادام ڕەگەزێکی سەرەکیی تیرۆر بەکارهێنانی توندوتیژییە، دەبێت واتاکەی شرۆڤە بکەین. بۆ نموونە: «مۆنتسیکۆ» پێی وایە توندوتیژی بریتییە لە ئازارگەیاندن یان بەکارهێنانی نایاسایی زەبر و هێز[٣٧].

دیارە هۆکارێکی سەرهەڵدانی تیرۆر لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی کە بووەتە سیمای زەقی ڕووداوەکان، لای هابەرماس، جیهانگیرییە. بە ڕای ئەو، گڵۆبالیزەیشن پەرچەکردارێکی بەرگریکارانەی دروست کرد کە هاوتەریبە بە ترس لە هەڵکران (ڕیشەکێشکردن)، شێوازی نەریتی ژیان کە مۆدێرنزاسیۆن پێ تاوانبار دەکرێت[٣٨]. بەڵام لای دەریدا، پەرچەکردارەکە لە مۆدێرنە خۆیەتی. بۆیە تیرۆریزم لای ئەو بریتییە لە نیشانەی فەوزا و پشێوییەکی

خۆبەرگریکەر[٣٩] کە هەڕەشە لە دیموکراسیی بەشدارەکی و سیستمی یاسایی دەکات کە جیاوازیی تیژ لە نێوان ڕەهەندی ئایینی و سیکۆلار دەکات[٤٠].

هەرچی خانمەفەیلەسووف «هانا ئارنت»ە، لە وەسفی سەدەی بیستدا بە وتەکەی لینین کە سەدەیەکی پڕ شەڕ و جەنگ و شۆڕشە، سەدەکە بە سەدەی توندوتیژی دادەنێت، چونکە خاڵی هاوبەشی جەنگ و شۆڕشەکان توندوتیژییە(٤٢). لە بەر ئەوەی خاڵێکی زەقی سەردەمەکە لەوەدایە ئامرازەکانی توندوتیژی بە جۆرێ لە ڕووی تەکنەلۆژییەوە پێشکەوتوون کە چیتر ناکرێ بوترێ ئامانجێکی سیاسیی هاوتەریب بەتوانا وێرانکارییەکەی هەیە، یان پاساوی بەکارهێنانیان لە ناکۆکییە چەکدارییەکاندا بداتەوە(٤٣). هەروەها توندوتیژی سروشت و مرۆکێکی ئامرازەکیی هەیە. لە بەر ئەوە هەمیشە توندوتیژی پێویستی بە پاساودانەوە و ئاراستەکردن بەرەو ئەو ئامانجەی کە شوێنی دەکەوێت، هەیە(٤٤). بۆیە دەسەڵات و توندوتیژی یەک شت نین(٤٥).

**مادام تیرۆر کردەوەیەکە کە لێکەوتە و ئامانجی سیاسیی هەیە، دەبێ سێ ڕەگەز لە خۆ بگرێت:**

١- کردەوەیەکی توندوتیژانە کە ڕاستەوخۆ قوربانیی لێ دەکەوێتەوە.

٢- ئامانج و پاڵنەرێکی سیاسی.

٣- گرنگ نییە کەسێک یان گرووپ ئەنجامی بدات.

لێرەوە تیرۆر زەبرگەیاندنە بە بەرامبەر -جا کەس، یان کۆمەڵ، یان حکومەت و دەوڵەتان، یان کۆمپانیاکان بێت. دیارە کۆمەڵێک ڕەهەند هەن کە بۆ دەستنیشانکردن و تێگەیشتن لە چییەتیی تیرۆردا ڕەچاو بکرێن:

- ڕەهەندی سایکۆلۆژی: ترس لە تیاچوونی باوەڕ و ئایینەکەت، یان ترسی ڕەنجان و زویربوونی خودا، ڕەنگە وا بکات مرۆڤێکی ئاییندار ڕەقتر و توندوتیژ بێت لە داکۆکیکردن لە باوەڕەکەی. جگە لەوە، مرۆڤ کە ترسا، ئامادەیی لە ڕووی دەروونییەوە وەردەگرێت، هەستیار و پەرچەکردار دەنوێنێت، چونکە پێی وایە مەترسی لە سەر باوەڕەکەی هەیە.

- ڕەهەندی یاسایی و سیاسی: ئایا تیرۆر تاوانێکە وەک تاوانەکانی تر؟ یان تاوانەکە بخرێتە ئەستۆی ئایدۆلۆژیا و باوەڕێک؟ بە ڕای «هابەرماس»، تیرۆری جیهانی خاوەنی ئامانجێکی سیاسیی واقیعی نییە، بۆیە ئاساییە کە وەک بکەرانی تاوانێکی نایاسایی دابنرێت[٤٦].

**نیشانە و خەسڵەتەکانی تیرۆر بریتین لە:**

١- توندوتژی جەستەیی بە مرۆڤ یان موڵک و سامان

٢-دیاردەیەکی سیاسیە، واتە ئامانجی سیاسی.

٣-تاکتیك، میتۆد و ستراتیژی هەبێت، واتە ئامانجێکی لە خۆیدا هەبێت.

٤-تۆقاندن و ترساندن(٤٧).

لێرەوە تیرۆریزم ستراتیژیەتێک یان تاکتیکێکە کە توندوتیژی یان هێز لە پێناو ئامانجێکی سیاسی بەکار دەهێنێت، یان دەکرێت لە ڕێگەی ئەم ڕەگەز و توخمانەشەوە پیاسە کرێت:

I. بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن.

II. لە لایەن بکەری نێودەوڵەتییەوە بێت.

III. هەمیشە بەرامبەر بێتاوانەکان بکرێت(٤٨).

**١-٥. جیاکاردنەوە و ڕوونکردنەوەی چەمکەکان**

هەندێ جار دەوڵەتەکان بە ئەنقەست ڕادیکاڵیزم و پەرگیری تێکەڵ دەکەن، لە کاتێکدا ڕادیکاڵیزم لە چەمکی پەرگیری کۆنترە، بۆیە چەندان گۆڕانکاری لە واتاکانیدا هاتووەتە ئاراوە هەر لە شۆڕشی ئینگلیزییەوە (١٦٨٨) تا ڕۆشنگەریی فەرەنسیی سەدەی هەژدە(٤٩). جگە لەوەش، ڕادیکاڵیزم تەنها لە سەر ڕەوت و ڕێبازێکی سیاسی و ئایدۆلۆژی یان ئایینی ماڵ نییە، بەڵکوو کۆماریخواز (ڕاستڕەو) تا بزاڤە نەتەوەیی و تاک و گرووپە جیاکانی ئازادیخواز و یەکسانخوازیش دەگرێتەوە کە لە سەردەمی ڕژێمی شاهانە و ئەرستۆکراتەکانی ناسرابوون(٥٠). لەمەوە، ڕادیکاڵیزم خەسڵەتێکی شۆڕشگێڕانەی هەڵگرتووە، بەڵام جیاوازییەکی ئاشکرای ڕادیکاڵیزم دیدە یەکسانخوازەکەیەتی کە ناخوازێ هەموو خەڵکی بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە یان زۆریان بۆ بهێنێت، لە کاتێکدا لای پەرگیرەکان ئەمە هەیە. هەروەها، گێڕانەوەکانی ڕادیکاڵەکان دیدیکی یۆتۆپییان هەیە و ڕابردووپەرست نین. بۆیە بەکارهێنانی «ڕادیکاڵیزەیش» وەک پرۆسەیەک بۆ گرووپە توندوتیژە تیرۆرستەکان، لە گوتاری سیاسیدا شێواندنی چەمکەکەیە. سەبارەت بە جیاوازی و لێکچوونی ئەو چەمکانەی سەرەوە، دەکرێت ڕەهەندی «بیر» و هەڵوێست و کردەوە وەک خاڵی جیاوازی دابنێین. بناژۆخواز -یان دەمارگیر- پتر لایەنی چوارچێوەی هزر و بیری مرۆڤە، لە کاتێکدا پەرگیری جۆرێکە لە هەڵوێست و کاردانەوەی نائاسا، بەڵام کاتێک کاردانەوەکە یان بیرکردنەوەکە بەرەو کردار ڕۆیشت، دەبێتە تیرۆر و زۆرلێکردن، فشارهێنان و قایلکردن

و ناچارکردنی کەسێک بە باوەڕ و بیرکردنەوەیەک بە تۆپز. وەک لەم خشتەیەدا ڕوونتر جیاوازییەکە دەردەکەوێت[٥١]:

| بناژۆخواز-توندڕەو | پەڕگیری | تۆقاندن/تیرۆر |
|---|---|---|
| پرۆسەی بیرکردنەوەیە | هەڵویستنواندنە بەرامبەر دیاردەیەک، شتێک | کردەوە و ئەنجام و ئامانجی سیاسییە |

بە پێناسەکردن و لێکدانەوەی ئەو سێ چەمکە، خاڵێکی نێوکۆیی دەستگیر دەبێت: بەزاندن یان تێپەڕاندنی سنوورەکانی لۆژیک، ئەقڵ و یاسا و نەریتە باوەکانە. یاخود بە واتای وەرگرتنی هەڵوێست و پەرچەکرداری توندئاژۆ و توندوتیژانە لە بەرامبەر:

- ڕاوبۆچووندا (سەبارەت بە هەر بابەتێکی ژیانی ڕۆژانە، بۆ نموونە لایەنگری بەرشەلۆنە یان ڕیاڵمەدرید بێت).
- یان ڕێبازێکی سیاسی و ئایدۆلۆژی (چەپ، ڕاسترەو و شۆڕشگێڕەکان و چاکسازەکان).
- یان مەزهەبی و ئایینی (شیعە و سوننە، یان ئایینێکی دیاریکراو).
- یان بۆچوونێکی نەژادپەرستانە (شۆڤینیزم، نازیزم، ڕاسیزم و نەتەوەپەرستی و تایفەگەری، خێڵایەتی و تیرەگەری، عەشیرەتگەری و ناوچەگەری).

## ٢. ئەناتۆمیی هزری توندوتیژی

پێویستە شرۆڤەیەکی توێکارییانەی هزر و بیری توندوتیژی بکرێت، چونکە ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە توندوتیژیی کردەیی وەک بژاردەیەکی بیرلێکراوە بۆ گەیاندن و سەپاندنی بیروباوەڕەکەی دەکات. توندوتیژی لە قۆناغێکدا ئامرازە، بەڵام دواتر وەک ئامانجێک بەکار دێت و دەبێتە بەشێکی دانەبڕاوی بیرکردنەوە و جیهانبینیی بەکاربەرەکەی. لێرەوە، ڕەهەندە هزرییەکانی توندوتیژی شرۆڤە دەکەین.

### ٢-١. پاساودانی توندوتیژی و «تیرۆری هزری»[٥٢]

چەمکی «تۆقاندنی تیرۆر-هزری»، ئەو ڕەفتار و بیرکردنەوەیە کە باوەڕی بە جیاوازیی بیروڕای ئەوی تر نییە. بنەماکانی ڕێزگرتن و مافی دەربڕین و باوەڕی جیاواز بە «توند» (زبر) ی ڕەت دەکاتەوە. بەمەش دەوێ سنووری بۆ ئەقڵ/بیر ی تاک دابنێت و ئازادی دەربڕینیان لێ زەوت بکات، بەپاساوی ئەوەی کە باوەڕ و ڕا جیاوازەکان پێچەوانەی پیرۆزییەکانی

یان بەپاساوی ئەوەی پێچەوانە کولتوور و نەریتیی کۆمەڵگایە و هێرشی دەکاتەسەر. بۆیە، خەسڵەت و نیشانەکانی تۆقاندنی هزری، پڕیەتی لە پەرگیریی توندوتیژانە-کرداری یان سیمبولی، و ڕەتدانەوە- ڕێزنەگرتن و هەڵکووتانەسەر بە کردەوە یان لە ڕێی تیرۆری کەسایەتییەوە(گروپە سیاسیەکان) یان وەک لای گروپەئایینیەکان باوە، دیاردەی ‹تەکفیرکردن›.

کەواتە، تۆقاندنی هزریی؛ هەوڵێکە بۆ کارتێکردنی هۆشی خەڵک بەجۆرێک ئایدۆلۆجیای زاڵ پەسەند بکەن و بەدگومان و دڕدۆنگ بن لە هەر ئایدۆلۆجیا و باوەڕێکی ڕکابەری جیاواز . هەروەها، سانسۆر خستنەسەر بیروڕای جیاواز و ڕێگرییکردن لە دەربڕین یان پروپاگەندەکردن دژ بە کەسێتییەکی ڕکابەر یان بیروڕایەکی جیاواز، ستایلێکی باوە لە ڕژێمە سەرتاپاگیرەکان-تۆتالیتارەکانی وەک ‹ستالینیزم› کە پرۆگرامی خوێندن لە سۆڤیەتدا، بریتی بوو لە ‹مێشکشۆردنەوە› و هاوکات، ڕێگریکردن لە دەستڕاگەیشتن بە بیری جیاواز (٥٣)، یان بۆ نموونە ‹تورکیای کەمالی› پرۆگرامی خوێندنی بە جۆرێک پێناسەی مێژوو و ناسنامەی ‹تورکبوون›ی دەکرد کە لە خۆیدا سڕینەوەی ناسنامەی گەلانی تری وەک کورد و ئەرمەن و ئایینەکانی تر.

هەروەها، لە بزاڤ و ڕێکخراوە ئایینیەکاندا دۆگمای باوەڕ وادەکات دژ بەهەر بیروبۆچوونێکی ناکۆک تەنانەت جیاواز لەوەی خۆیان بووەستنەوە. گوتاری ′خاوەنداریێتی خودا′ و ڕەهایەتی باوەڕ بە گوتاری ′داکۆکی لە پیرۆزییەکان′ باوەڕدار یان ئاییندار لە تاکێکەوە بۆ جەنگاوەر گۆڕیوە. لەبەرئەوەی. خۆیان بەنوێنەرو خاوەنی پیرۆزی و پەیام ئایین دەزانن، نەک هەر باوەڕدارێک کە مافی تاکەکسی خۆیەتی. بەمەش قۆرخکاری ″هەقیقەت″ و سەپاندنی بەسەر جودابیرەکاندا سەرهەڵدەدات. ئیدی، بەدگۆڕانەکە لەوێوە ڕوودەدات کە باوەڕدار و ئاییندار خۆی لێببێتە پارێزەر و پاسەوانی پیرۆزیەکان. بۆ نموونە ‹فرانز فانۆن› ڕەوایەتی بەتوندوندژی دەدات و شکۆداری ئەکات (٥٤) . لای ئەو توندوتیژیی ناچارەکییە. چونکە هەر ئەو ڕێگەیە سوودی هەیە. هانا لە کتێبە فەلسەفەییەکدا بەناوی ‹دەربارەی توندوتیژی›، شەنوکەوی ‹بیری چەپ› دەکات. چونکە، بە ئاشکرا و ڕاشکاوی جۆرێک لە پاساودان و ڕەوایەتیدان بە توندوتیژی وەک ئامرازێکی ناکۆکی سیاسی و ململنێی چینایەتی هەیە. وەکچۆن ‹کلاوزڤیچ› پێیوایە کە؛ ‹جەنگ بەردەوامی سیاسەتە بە ئامرزایتر. هەروەها، ئەنگڵز پێیوایە، توندوتیژی و زەبروزەنگ گەشەکردنی ئابوری خێرا دەکات (٥٥) .

ئەگەرچی، ‹ماوتسی تۆنگ›یش وەک مارکسییەک پێیوایە ‹دەسەڵات لە لولەی تفەنگەوە لە دایک دەبێ›. لەگەڵ ئەوەی ‹مارکس› رۆڵی کاریگەی توندوتیژیی لە مێژوودا نادیدەنەگرتووە، بەڵام لەدیدی ئەودا رۆڵێکی لاوەکی هەیە. چونکە، ئەوەی توندوتیژی نییە کە کۆمەڵگەی نەریتی بەرەونەمان دەبات، بەڵکو ‹دیالکتک –ناکۆکی› ناوەی کۆمەڵگەکە خۆیەتی. بەڵام، پێش سەرهەڵدانی کۆمەڵگەی نوێش، توندوژی بەرپادەبێت. ئەمەش وەک ‹ژانی پێش لەدایکبوونە› نەک بەواتای سەرهەڵدان و لەدایکبوونی کۆمەڵگەکە بەهۆیەوە (٥٦). جگەلەوەش، مارکس واسەیردی دەوڵەت دەکات وەک ئامرازی توندوتیژی و زەبوروزنگ لەدەستی چینی فەرمانڕەوادایە (٥٧). هەڵبەت ،›سارتەر› کە فەیلەسوفێکی ‹بوونخوازە› وەک مارکسییەک دژ بەبۆجوون مارکس کە ‹توندوتیژیی کۆنترۆڵ یان جڵەوناکرێت و جەوهەری مرۆڤێکە کە سەرلەنوێ خۆی دروستدەکاتەوە› (٥٨).

**٢-٢. توندوتیژی وەک گرفتێکی هزریی**

سەرەتا ئەبێ بووترێت کە گرفتی هزری لێرەدا، ئاماژەنییە بە کێشەیەک لە روانگەی سایکۆلۆجییەوە. بەڵکو، مەبەست لەو جیهانبینی و روانینەیە کە دەرئەنجامی بەرکەوتنی ژیری مرۆڤ لەگەڵ دەوروبەر و جیهاندا هەیەتی. هەڵەو کەموکورتیەکانی مرۆڤ، زۆرجار بۆ خودی رووداو و کێشەکان ناگەڕێنەوە ، بەڵکو چۆنیەتی تێگەیشتن و مامەڵەی لەگەڵیاندا سەرچاوەیەکی گرفتەکەیە. چونکە، هەمیشە جڵەوی کێشەکان لەخۆیاندا لەدەستی مرۆڤ خۆیدا نییە. جگەلەوەش، هەمیشە کێشەوگرفتەکانی ژیان هەن و لەوێن. بەڵام ئاستی تێگەیشتن و چۆنیەتی وەڵامدانەوە و هەوڵوێستەکردن، ئەنجامی نەرێنی لێدەکەوێتەوە. ئەوەندەی بیرکردنەوە و پەرچەکرداری ناخەکی مرۆڤەکان لە رووداوەبابەتی و گرفتەکان هۆکارە سەرەکیەکەیە، خودی بارودۆخ و سەختیەکانی ژیان، لە خەم و نیگەرانییەکانی بەرپرس نین.

هەروەها، بەشێکی رەفتار و هەڵوێستەکان بەرئەنجامی کەڵەکەبوونی ئەزموونگەلێکی مێژوویین. بۆنموونە، مرۆڤایەتی کۆمەڵە بیروبۆچوونێکی هەڵەباوی سەبارەت بەو راستیانەی کە لەگەڵ راوبۆچوون/حەزەکانی خۆیدا ناگونجێ، بەرهەمهێناوە. دواجار، هەر ئەو بۆچوون قەناعەتانە بوونەتە چوارچێوەکی داخراوی هزری و دەروونی کە لێوەی جیهان وێناکراوە. ئەم قایلبوونەش وەک سندوقێکی داخراوی تۆکمە، مێشک و هزری شوێنکەوتووەکانی تێدا قەتیسکراوە. لەم ڕووەوە فەیلەسوفی ئینگلیزی ‹فرەنسیس بەیکۆن›

( (١٥٦١-١٦٢٦ ئەو چوارچێوەی بە ‹بتەکانی هزر[٥٩]، وەسفکردووە. چونکە، دەبنەڕێگر لە زانینی ڕاستییەکان. لەو سۆنگەشەوە، ‹دیکارت› لە ‹فەلسەفە گومانگاری›یەکەیدا هەڵەکانی بیری مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە بۆ:

- ئەو بڕیارە کرچوکاڵانەی کە لە سەرەتای تەمەنیدا داویەتی.
- بەهۆی ئەوەی کە ناشتوانین ئەو بڕیارەکرچوکاڵانە لەبیربکەین.
- بەهۆی ماندووبوونی هزر لە سەرنجدان و ووردبوونەوەی لەوەی کە بڕیاریان لێدەدات.
- بیرکردنەوەکانمان بە وشەگەلێکەوە دەبەستینەوە کە بەووردی گوزارشتی لێناکەین-ناڕوونن(٦٠).

ئەگەر گروپە پەڕگیرە توندوتیژەکان ئایینیەکان بەنموونە وەرگرین کە چۆن دەکەونە هەڵەیەکی لۆجیکییەوە بەتایبەت لە ڕاڤەکردنی ‹دەقی ئایین› دا. پەڕگیرەکان ڕاستەوخۆ بەجۆرێ دەق تێدەگەن، وەکئەوەی ڕاستەوخۆ لەئاسمانەوە قسەیان لەگەڵ دەکرێ و ئەرکێکی کتوپڕیان خراوەتەسەر. بەمەش لە کرۆکی دەقەکە ناگەن و پەیامە گشتیەکەش لەدەستدەدەن. چونکە، مەرج نییە ووتراوی ناو دەقەکە، یەکسەر بێ ڕاڤە و جێکردنەوەی لەسەردەمێکی جیاوازدا جێبەجێبکرێت. هەڵە لۆجیکیەکەش لەوەدا کە وەرگر لێکچوونی ڕواڵەتی لە نێوان سەردەم و ناوەرۆک و پەیامی دەق و ئەو ڕووداو پرسانەی کە ئەمڕۆ ڕوودەدەن، بکات. چونکە، لیکدانەوە و خواستی باوەڕدار وابەستەی شوێن و سروشتی ڕووداو سەردەمێکی جیایە لە مێژووی دەقەکە.

### ٢-٣. ئایا پەرگیرەکان نائەقلانین؟

زۆرجار لەپشت گوتاری دژایەتیکردنی تیرۆرەوە جۆرێ لە›نەزانی و نادانی› هەیە یان بە ‹بەدڕەفتاری و هەژاری مەعریفی› ناودەبرێت. بەڵام، ئایا پەڕگیرەکان ناکامڵن یان ئەقڵانی؟ شاراوەنییە کە بەزۆری-نەک هەموو- پەرگیرەکان زانینێکی ئیفلیج/شەل[٦١]. واتە، زانینیکی ناتەواو یان ئەوەی دەیزانانن تەنها ئەوەندەیە کدەوویاتی بۆچوونەکانیان و باوەریان دەکاتەوە. واتە، ئەوەی کە سەلمێنەری باوەڕەکانیانە و هەرچییەک لەدەرەوەی بازنەی هزرو باوەڕی خۆیان بێت، ئەگەر ڕەتیشنەکرێتەوە، بەدگومانن لێی. چونکە، دابران لە کۆمەڵگا و تەنها هەڵسوڕان لەجوغزی گروپ و پێڕێکدا، جۆرێک لە زانینی پارانۆیی لێدەکەوێتەوە. دواجار، هەرچییەک لە دەرەوەی بازنە تەسکەکەی خۆیان بێ، زیانیان پێدەگەیەنێت. بەڵام ئەوە ناگەیەنێ کە پەڕگیرەکان نەخۆشی مێشکیان هەیە[٦٢].

لەم سۆنگەوە کردەوەکانیان لە نائەقلانیەتەوە دوورە. چونکە، زۆرینەی کردە خۆکوژیەکان، کارێکی دابڕاو یان ڕەمەکی نیین لەلایەن دەمارگیرەکانەوە بکرێ، بەڵکو بەشێکن لە زنجیرە هەڵمەتێکی گشتگیر کە ڕێخکراوێک سیاسی لەپێناو ئامانجێکدا ئەنجامی ئەدات[٦٣]. بەبروای ‹سینشتاین› بۆئەوەی بزانین کردەوەی تیرۆریست ئەقلانیە یان نا، دەبێ ئامانجەکانیان دیاریبکەین تا بزانین ئامرازی بەدیهێنانیان بەشێوەیەکی ئەقلانی و شیاو بە ئامانجەکەوە گرێدراوە یان نا؟[٦٤]. بەڵام، بەدیوێکتریدا دەکرێ بکەونە هەڵەی گەورە و کاری بێئەنجام بکەن. پێوەرەکە لەوەدایە چۆن وەبەرهێان لە ئامانج ەکانیان بەچ ئامارازێکی گونجاو کاریگەر دەکەن.

### ٢-٤. کاریگەری گێڕانەوە و چیرۆکەکان لە چەکەرەکردنی هزری پەڕگیر انەدا

خاڵێکییتری کاریگەر لە راکێشانی گەنجولاواندا بەدیدەکرێ، ئەو گێڕانەوانەن-چیرۆکانە-ی کە واتا و بەژیان کەسانی توندڕە و تیرۆرست دەدەن. لە زۆربەی ڕێکخراو و گروپەتیرۆریستییەکاندا، گێڕانەوە ئەرکی داشۆرینی مێشکی شوێنکەوتووان و هەوادارانی هەیە. گێڕانەوەکان چیرۆک و بەسەرهاتێکی مێژوویی یان ڕووداوێکن کە لە مێشک و دەروونی وەرگردا جێدەکەون و دواتر وەک راستییەکی گومانهەڵنەگر و زانیاری درووست بۆ بڕیار و هەڵوێست دەگۆڕێن. گۆڕانێ کە بە جۆرێک کەسەکە لەئەنجامی کەوتنەژێر کاریگەری گێڕانەوەکەوە، بۆ هەر ڕوودا و پرسێکی ئەمڕۆیی، لە گۆشەنیگای نموونەیەکی مێژوویەوە، سەیردەکات و دەیگۆڕێ بۆ هەڵوێست .واتە، هەوڵی دووبارەکردنەوەی هەڵوێستی رابووردوودا بەرامبەر کێشەیەک کتومت بکاتەوە. مەبەستیش لە گێڕانەوە، ئەو جۆرە چیرۆکەیە کە ‹واتا› بەزنجیرە ڕوودا و بەسەرهاتێک دەبەخشێت[٦٥] بنەمای دارشتنی گێڕانەوە: گیرانەوە= واتا + ناسنامە + ناوەڕۆک + بونیاد[٦٦]. بۆنموونە، هۆکاری پاشکەوتنی گەلان و ژێردەستەیی، یەکسەر چیرۆکێکی بۆ دەهۆنرێتەوە و راستەوخۆش هۆکارەکە بۆ پلانگێڕی دەرەکی دەگێڕدرێتەوە.

گێڕانەوەکان هەڵگری بەها و پاڵنەر و هاندان و پەیامن. لای ‹پاول ریکۆر› گێڕانەوە، لە چیرۆک زیاترە. چونکە، ئاماژەیە بەو ڕێگە و شێوازەی کە مرۆڤ ‹کات› ئەزموون دەکات. چۆنیەتی تێگەیشتن لە ئەگەرەکانی داهاتوو و چۆنیەتی ڕێکخستنی واتای رابووردووش لە مێشک و هزردا دەگرێتەوە. لێرەوە، ڕووداوەکانی پێشووتر و واتاکانیان، دەخرێنە نێو ‹دیدێک›ەوە. لۆجیکی گێڕانەوە وایە؛ جۆرە پەیوەندییەکی هۆیەکی و ئامانجەکی لەخۆگرێت

[٦٧] . لەڕێی ڕاڤەکردن و چالاکیەکی خۆییەوە، وەگەر دەتوانێ هەبووە باوەکان لە گێڕانەوەدا بکاتە بەشێک لەخۆی. جگە لەوەش، دووجۆر لە گێڕانەوە هەن: چیرۆکی هەڵبەستراو و مێژوو. چیرۆک خۆی لە واقیع دووردەخاتەوە و سەربەخۆ لێی وەک ئەندێشەیەک ناچێتە ژێر باری پرۆسەی هەڵسەنگاندنی میتۆدۆلۆجییەوە. لەلایەکی ترەوە، گێڕانەوە مێژووییەکان، لەسەر بنەمای بەڵگەی پشتڕاستکراوەوە کە کەرەسەیەکی بابەتییە، دەردەکەوێت[٦٨]. لەجیهانبینی ‹ریکۆر›دا، کات و گێڕانەوە فەوزای ‹گۆڕانگکاری› و ‹نەگۆڕیی› لەڕێی دژیەکییەوە ڕیک دەخەنەوە. دژیەکییەکان، بەجۆریک واقع دەهۆننەوە کە یەکانگیر و یەکتر تەواوکەرن [٦٩] .

بەڵام، گرفتێکی تر ئەوەیە کە بە ‹هەڵەی گێڕانەوە› [٧٠] ناو دەبرێت. واتە، کەوتنە هەڵەیەکەوە کە کاتێك لە گێڕانەوەدا، گێڕەرەوە هۆکار و ئەنجام تێکەڵ دەکات. دواجار، لێکدانەوەکانی و گێڕانەوەکانی ناتەواو دەبن. چونکە بەباشی لە پەیوەندی هۆکار و ئەنجام تێنەگەیشتووە[٧١]. هەمیشە لەنێو چیرۆک و گێڕانەوەکاندا، پاڵەوان هەیە. هەر لێرەوە، زۆربەی چیرۆک و گێڕانەوەی توندڕەوەکان، دڵی مرۆڤەکان دەبەن و دواتر بەرەو جیهانی خەیاڵی ئەندێشە پەلکێشیان دەکەن.

## ٢-٥. جیهان/ڕووداوەکان لە چوارچێوەیەکی چەسپیودا

بیرۆکەی چەسپیو[٧٢]، داڕێژراوێکە[٧٣]یان سیستمێکە لەلایەن چەند دیاردەی سایکۆلۆجی پێکەوەپەیوەستەوە، هۆنراوەتەوە. لەوانەیە پێکهاتە و پێکهێنەرێکی، وێنەیەکی بینراوەکی یان وێنەیەکی کێشراو لەلایەن چەند هەستێکی جیاوازەوە و چەند ڕستە و وشەیەکەوە بێت[٧٤]. بەدەربڕینێکی تر؛ ‹بیرۆکەی چەسپیو› چەند فاکتێکی سایکۆلۆجین-نەک واقیعی-کە ‹خۆبەشخانە [٧٥] (خۆ-ویستانە لە ئاگاییدا) بەرهەم نەهاتوون، بەڵکو لەنەستدا سەربەستانە پەرەیان سەندووە [٧٦].

لێرەوە، ‹بیرۆکە لەمێشکدا چەسپیو› دەبێتە چوارچێوە و چاویلکەیەک بۆ بینین جیهان و بڕیاردان لەسەر ڕووداوەکان. لە سایکۆلۆجیادا ئەم دۆخە بەجۆرە نەخۆشییەکی دەروونی دادەنرێت. چونکە، تاک لە ئەنجامی ترس و تووڕەیی، یان دڵتەنگی و هەستکردن بە ناتەواویی، پرۆسەی زانین –لێکدانەوەی لا دەشێوێت. دواجار، ئەوە جۆرێك لە نارێکی و بێسەرووبەری ئەزموونکردن دەخاتەوە. لێرەدا، چەمکی ‹بیرۆکە بەواتای بیرۆکەی پەتی نایەت، بەڵکو بەرامبەر بیرەوەری، ئەندێشە یان هەڵسەنگاندنی ڕووداوێکی تراماوییە-کارەساتاوییە. کەواتە، بیرۆکەی چەسپیو؛ بریتیە لەو هەستوسۆزەی کە هاوشانە لەگەڵ

پێدراوە هەستپێکراوەکانەدا و ڕۆڵی کاریگەری لە بەرجەستەبوون و شێوەگرتنی بیرۆکە چەسپیوەکاندا دەگێڕێ. لەهەندێک باری دەروونیدا، دەکرێ تاکە بیرۆکەیەک لە سیستمە بونیادییەکەی بیر/هزر دابڕێ و ‹بەستێنە گشتی› [٧٧] وەکەش بەتەواوەتی بگۆڕیت [٧٨].

کەواتە، بیرکردنەوە وە جیهانبینی یەکڕەهەند و چەسپیو، بەدیوێکدا ڕێخۆشکەر(نەک هۆکار)ی بیری توندوتیژی و تیرۆرن. واتە، لایەنی خۆیی- خودی کەسەکان- دەگرێتەوە. بۆنموونە ئەگەر گروپە ئایینیەکان وەرگیرن دەبینی، هۆکارەکان:

- **خراپ تێگەیشتن لەئایین:** ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی دەقەکانی بەجۆرێ کە لە بەستێنی(کۆنتێکست) مێژوویی و کولتوریی و سیاسی دەهێنێتەدەرەوە. لەپێناو بەئامرازکردنی دەقەکانی ئایین لەململانێی سیاسی و هەوڵی دەسەلاتگرتنەدەستدا دەکرێ. بۆنموونە پێوانە-قیاس-ی هەڵە» لەراڤەکردندا. لای رادیکاڵەتوندڕەوەکان، ئەم پێودانگە زۆرباوە. گرفتکەش ئەوەیە؛ ئێستا بەکێشەو ئاسۆکانیەوە- بەپێوەرەکانی رابووردوو دەپێودرێن. پێودانگە هەڵەکە لەئەنجامی هەڵەیەکی لۆجیکییەوەیە: پێوانەکردنی ئێستە- بەهەموو جیاوازی سەردەم و کات و ڕووداوەکانەوە- بەڕابووردوویەکی بەسەرچوو بەهەموو جیاوازییەکانەوە! واتە، رابووردوو نموونەی ڕاست و بێخەوشەو دەبێ بکرێتە مۆدێلی ئەم سەردەمە. ئاکامی ئەم هەڵە لۆجیکییەش، بەکارهێنانی توندوتیژی و رەوایەتی زەبروزەنگە لەپێناو گۆڕینی واقیع و کۆمەڵگەدا.

- **قایلبوونی ڕەها و جیهانبینیەکی بەرتەسک:** دابەشکردنی پرسەکان و کێشەکان بۆ ڕەش و سپی، ڕاست و ناڕاست، هەق و ناهەق، هتد... کە هیچ بوارێک بە ڕا و بۆچوونی سێهەم یان ئەگەری تێگەیشتنی تر ناهێڵێتەوە. ئەمەش ئەنجامی نەبوونی بیرکردنەوەی ڕەخنەییە. لەبەر ئەوە، ‹قایلبوونی ڕەها› بە بیروباوەڕێک لەوانەیە ئاکامی زۆر کوشندەی هەبێت (٧٩). کەواتە؛ سیفەتی ئەو گوتار و گێڕانەوەیە، سێ توخم لەخۆدەگرێت: خۆبەقوربانیزانین، سەرزەنشت و لۆمەکردنی ئەوانی تر. هەروەها، ئەرکی ئایینی چیمان لێ دەخوازێت. بەرەنگاربوونەوە و جەنگ و جیهاد.

لێرەوە، هەمیشە ڕەچەتەیەکی ئامادەکراو بۆ هەموو سەردەم و کۆمەڵگە و بارودۆخێک پێشنیار ئەکرێت. لەکاتێکدا، ئەم لێکدانەوەیە جگە لە وەهمێک و دیدێکی نالۆجیکی هیچی تر نییە. لەبەر ئەوەی بەرئەنجامی خراپ تێگەیشتنە لە باردۆخەکان و بەچاویلکە و پێودانگی ڕابوردووە بڕیار یان هەڵوەستەی لەسەر دەکرێت. جگە لەوەش، ئەم دۆخە نالۆجیکییە دەبێتە دەمارگیری، توندوتیژی و توڕەبوونێک، چونکە، ئەو جۆرە کەسانە

دەزانن کە ناتوانن هەموو شتەکان بەدڵی خۆیان بگۆڕن بەپێی ئەو ‹وێنە زەینییە› باڵایەی کە لە مێشکیاندا ڕەگی داکووتاوە. بۆیە، پەنادەبەنە بەر توندوتیژی لەلایەک بۆ ئاڕاستەکردنی ڕووداوەکان و دۆخەکە، لەلایەکی تریشەوە سەپاندنی ئەو وێنەیە بەسەر بیر و هزر و سیستەمەکاندا. لێرەوە، ڕێچارەی ئەم چێوە هزرییە چەقبەستووە یان هەڵوێستنوادنە پەرگیر و تووندوتیژانە، هەر کاری هێزی ڕەق-پۆلیس و ئاسایش- نییە، بەڵکو فەلسەفە و بیرکردنەوەی ڕەخنەییش وەک هێزی نەرم کار لەسەر دۆگما هزریی و تێگەیشتنە نالۆجیکەیان دەکات.

**- گوتاری «کوشتن لەپێناوی باوەڕ»دا، کوشتنی بەهای راستی باوەڕەکەیە**

لە جیهانبینی ‹پەرگیری توندوتیژ›دا، وەهمێک کە لە باوەڕی دۆگماوە سەرچاوە دەگرێت ئەوەش باوەڕکردنە بە ڕاستی ڕەها و باڵایی باوەڕەکە تا ئەو ڕادەی کە کوشتن لەپێناوی باوەڕەکەیدا بە ئەرک و فەرمان دەزانێت. لەکاتێکدا، ئەگەر باوەڕێک پێویستی بە زەبروزەنگ و خوێنڕشتن بێت، ئەوا بەهای ڕاستی ئەو باوەڕ و ئایدۆلۆجیایە دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە. ڕاستییەکی سادەی ژیان ئەوەیە، دید و روانینی مرۆڤەکان بۆ کێشەکان جیاوازە. بۆیە، باوەڕی کەسێ هەرچییەک بێت بەڕای تۆ، دەرخەری ئەوەیە کە ئەو وەک تۆ بیر لە بابەت و پرسەکان تێناگات و لە ‹تۆ›ش ناچێت. لەبەرئەوە، ناکرێت لەسەر بنەمای باوەڕی خۆت، بڕیار و هەڵسەنگاندنی بۆ بکەیت. لە رووی لۆجیکیەوە ناکرێ بیر و باوەڕەکەت بکەیتە پێوەرێ بۆ ئەو. ئەگەر، وەک تۆ بوایە، هەمان راوبۆچوونی دەبوو و بە جیاوازی نەدەمایەوە.

ئەم راستییە فێرمان دەکات کەسمان نابینە ‹وێنە›ی دەقاودەقی ئەویتر. ئەگەر لە هەندێ لایەنیشەوە لەیەک بچین، مەرج نییە کتومت وەک یەکبین. وەکچۆن خاڵی هاوبەش لەنێوان مرۆڤەکاندا هەبووە، هەمیشە خاڵی جیاوازیش راستییە نەگۆڕەکەبووە. بۆیە، هەوڵی لەناوبردنی کەسێ کە هەمان راوبۆچوونی ‹تۆ›ی نییە، پاساوی ژیرانەی نییە با لە روانگەی باوەڕەکەشتەوە بە هەڵە و ناتەواو ە دابنرێت. ‹باوەڕ ‹توانایەکی خۆیی و مافێکی سروشتی مرۆڤە. بەڵام، مەترسییەکە لەوەدایە، کەسێک باوەڕەکەی خۆی بکاتە ‹پێوەرێکی رەها›ی بڕیاردان لە شێوازی ژیان و چارەنووسی کەسانیتر. هەرگیز ئەوە کێشەی ژیانی ‹تۆ› نییە ئەگەر ‹ئەوی تر› هەمان بیرکردنەوەی نەبێت. دەکرێت هەوڵی قایلکردنی بدرێت، بەڵام ناکرێت ناچار بکرێت.

لەبەکارهێنانی توندوتیژییدا (وەک لە مێژووی جەنگەکاندا دەبینین) سەرکەوتنی رەها نییە.

چونکە، زاڵبوون بەسەر ڕکابەرێکدا نیشانەی سەرکەوتن نییە، بەڵکو ناچارکردنە. بۆیە، توندوتیژیی بەهێزترین و کاراترین ئامرازی قایلکردن نییە. کوشتن و توقاندن و ڕەتکردنەوەی ئەوی ترێکی جیاواز، نەک هەر نیشانەی هێز و دەسەڵاتە، بەڵکو هەژاری زانستی و لاوازی دەروونی خاوەنباوەڕەکەیە. هاوکات، متمانەنەبوونە بە ڕاست و دروستی باوەڕەکە لە خۆیدا. جگە لەوەش، دەکرێت مرۆڤ چەندە بیروباوەڕەکەی لا پیرۆز و ڕاست بێت، هیچ گەرەنتی ئەوە نییە کە هەڵە بیت و ڕۆژێک ڕای بگۆڕێت. وەک بیرتراند ڕەسڵ دەڵێت: ‹ئامادە نیم لەپێناو بۆچوونەکانم بکوژم، چونکە دەکرێت لەسەر هەڵە بم›. کەواتە، وتووێژکردن و ئاخاوتن، باشترین و کاراترین ئامرازی قایلکردن یان ڕاگۆڕینەوە و سەلماندنی بۆچوون و باوەڕێکە.

### ٣. بەرگری هزریی و ڕۆڵی فەلسەفە و بیرکردنەوەی ڕەخنەیی

لەم بەشەدا باسی ئەوە دەکرێت کە چۆن فەلسەفە دەتوانێت هەم پێشگیری لەبیری توندوتیژ و پەرگیر بکات، هەم چۆن دەبێتە بیرکردنەوەیەکی دروست و ئەلتەرنەتیڤ بۆی. واتە، بیرکردنەوەی فەلسەفیانە دەبێتە ڕێگەیەکی خۆپارێزی هزری و دەروونی. چونکە، پێزوهێزی فەلسەفە لە ئاوەز-ژیریدایە. بەڵام، بەکارهێنانێکی دروست و شیاوی ژیر لە پێناو ئامانجە باڵاکانی مرۆڤدا کە بەرهەمێکی گەشی لە ڕەفتاری ئەرێنیدا هەبێت.

#### ٣-١. فەلسەفە وەک بەرهەڵستییەکی هزریی بەرامبەر توندڕەویی

بەرگری هزری ئەرک و ڕۆڵی فەلسەفەیە لە بەرامبەر کێشەیەکی وەک توندوتژییدا. ئەگەر لە پێناسە کلاسیکیەکەوە لە ئەرکی فەلسەفە بڕوانین؛ فێرکردنی جیاکردنەوە ڕاستییە لە هەڵە. ئەمەش نەک هەر لەسەر ئاستی بیرکردنەوەی پەتی، بەڵکو لە بواری ئاکار و ڕەوشت و کۆی کێشە پراکتییکیەکاندا. زانینی دروست و پشتبەستوو بەبنەمایەکی لۆجیکی و جیاکردنەوەی لە هەڵبەستراو و ڕوانگەیەکی ساختە، پشتبەستووە بەزانینێکی بابەتیانە. لەسەر ئاستی زانین-ئیپستیمۆلۆجی و ئاکار و ئێستاتیکیاش، فێری لۆجیکی جیاکردنەوە و دۆزینەوەی پەیوەندی هۆکار و ئەنجام و دواجار چۆنیەتی وەگرتنی بڕیاردانی دروستمان پێدەدات.

هەڵبەت، لە ‹ئەرستۆ›وە، فەلسەفە توێژینەوەیە لە بنەما گەردوونییە هەمەکییەکان، دواجار ئەم ڕوانگەیە بۆ ئەرک و ڕۆڵی فەلسەفە، وای کرد کەلێن و مەودایەک لەنێوان فەلسەفە و مێژوو-ڕووداوەکانی کۆمەڵ- بکەوێتەوە. بەڵام، لە ‹کانت و هیگڵ› ئەو مەودایە تەسک بووە و وردە وردە ‹مێژوو› کەوتە بەر بەیاخ و سەرنجی فەیلەسوفەکان.

لێرەوە، بەرکەوتی فەلسەفە لەگەڵ ڕووداو و پرسەکانی ڕۆژگاردا، بووە چالاکی سیاسی یان ڕەخنەی کۆمەڵایەتی(٨٠). بە دیوێکی تریشدا دەتوانین بڵێین، فەلسەفە خۆی لە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەدا باشتر بەرجەستە دەکات. لێرەوە، بەهێزکردن و تۆکمەکەکردنی بەرگریی هزریی واتە، کارامەیی و شارەزاییەکی پێویست کە تاک و کۆمەڵگاکان توانای جیاکردنەوە و ناسینەوەی کێشەکان وەک خۆیان و نەکەوتنە تەڵەزگەی هزری پەڕگیرانەوە. بە دەربڕینێکی تر، بەرگری هزری؛ واتە پەرەدان بەتوانا هزریی و ڕەخنەییەکان تاک و کۆمەڵگا و دامەزراوەکانیش لە درککردن بەم:

a. گەیشتن بەراستیەکان، لە ڕێی جیاکردنەوەی ستەم و هەڵە لەوەی ڕاست و دروستە.
b. گەیشتن بە چاکە و درکردن بەمەترسییەکانی تیرۆر و هەڕەشەی ئایدۆلۆجیای پەرگیرانە.
c. گەیاندنی بیر و هزری بەمرۆڤ بەهاوسەنگی لە ڕەفتار و بڕیار و هەڵوەستکردندا.

جگە لەوەش، بۆ ئەوەی مرۆڤ بیرکردنەوەی دروست-ئەگەر ویستی بۆ فەلسەفە خۆی تەرخان بکات- دەبێت:

i.خۆمان لە پێشداوەریەکان-بڕیارە پێشووەکان- رزگار بکەین.
ii.پێداچوونەوە و بەهەڵەزانینی ئەو وێنانە/بۆچوونانەی کە بە درێژایی ژیانمان بەدەستمان هێناون.
iii.پشکنینی ئەوەی کە دەیزانین و جیاکردنەوەشی لەوەی زانیومانە. واتە، ئەوەی پاش پشکنین و فێربوون لەوەی پێش پشکین جیابکرێتەوە، ئەوسا زانیێنکی روون نایابمان دەستدەکەوێتنت (٨١).

لێرەوە، ئەو ئەرک و ڕۆڵەی دەکەوێتە سەر فەلسەفە لە ڕووبەڕوونەوەی توندوتیژی پەڕگیرانە، ئیتر پێناسە و تێگەیشتنێکی تر بەپێی سەردەمەکە دەکەوێتە سەر واتای فەلسەفە ئەوەش، لەڕێی:

A. پرسیارکردنی بەردەوام لە بابەت و بۆچوونە چەسپیووەکان.
B. سەلماندنی ڕاستی ڕووداوەکان بە بەڵگەی ژیرەکی نەسۆز و لایەنگیری بەهۆی خزمایەتی/ خێڵ و ناوچەگەری و هتد...
C. هاندان لاوان بۆ ئەوەی خۆیان لەسەر بابەتەکان بڕیار بدەن. بەڵام، لەسەر بنەمای بەڵگەی ساغ و دروست و پشتڕاستکراوە.
D. ڕاهێنان لەسەر پرسیار و بیرکردنەوە لەوەی کە واقیع لەسەرچی بەندە و چی واقیع دادەمەزرێنێت؟ بۆ ئەوەی گەنجان بتوانن بە ڕوونی جیاوازی لەنێوان واقیعی ئەندێشەیی و بینراو(ڤیرتواڵ ریاڵیتی، ئەوەی لەنێو گەمەکان و یارییەکاندا یان تۆڕە

کۆمەڵایەتیەکان) جیا بکەنەوە. جیاکردنەوەی خەیاڵ لە واقیع.

E. لەبەر ئەوەی فەلسەفە خاوەن مێژوویەکی دەوڵەمەندە لە بەڵگە و سەلماندن و بیروبۆچوون، وا دەکات لاوان و نەوەی نوێی ئەمڕۆ، ڕامان و هەڵوەستە دروست لەسەر ڕووداو و پێشهاتەکان دروست بکەن.

F. فێرکردنی فەلسەفە، وا دەکات لاوان بۆ خۆیان سەربەخۆ لە بیرکردنەوەدا بن و خاوەندارێتیی کێشە و گرفتەاکن بکەن.

G. فێری ئەوە بکرێن چۆن بەرەوڕووی زانیاری و هەواڵی نادروست کە لەتۆڕەکاندا کاریگەرە ببنەوە.

H. لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە؛ توانای بەرگریان دژ بە هەر هەوڵێکی پەلکێشکردن و ڕاپێچکردنی باوەڕە توندڕەوەکان پێدەدات (٨٢).

### ٣-٢. بیرکردنەوەی ڕەخنەیی: ئامرازی تێکشکاندنی بتەکان-باوەڕەدگۆماکان

بەسادەیی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی؛ بریتییە لە پرۆسەی بڕیارسازی سەبارەت بە ڕاستی یان لێهاتوویی/چاکی بیرۆکەیەک بێت. دەشکرێت ناوبەناو و بەبێ ئاگایی لە پێوەرە بنەڕەتییەکانی (واتە، کەسێك بێئەوەی پاشخانی تیۆریی بزانێ) پیادە بکات یان فەرمیانە و ئاگاییانە هەندێک سیستمی لۆجیکی بیرکردنەوە پیادەب کات(٨٣). بیرکردنەوەی ڕەخنەیی پێش ئەوەی بڕیاردان و ڕەفتارنواندن بێت، دووجار بیرکردنەوەیە. واتە، کەسی بیر ڕەخنەیی لەیەک کاتدا بەدوو ئاڕاستەدا لەخۆی دەپرسێت: ئایا ئەوەی دەیەوێت بیڵێت یان بیکات لە دڵنیایی زانیاری دروست و سەرچاوەی باوەڕپێکراوەیە؟ هەروەها، بیر لە ئەنجامی کردوەکەی لە ڕووی ئاکارییەوە دەکاتەوە. لەوەش زیاتر، بیر لە هزر و ناوەڕۆکی بیرکردنەوەکەشی دەکاتەوە و بەردەوام هەڵسەنگاندنی بۆ دەکات. لە خۆی دەپرسێت: ئایا تا چەند بیر و هزری لەبارەی ئەو بابەتەوە و پرسەوە لۆجیکییپ و لەجێی خۆیدایە. جیاکردنەوەی وەهم و خەیاڵ لە واقیع، یان هەست و نەستە ڕەمەکییەکان، پێشمەرجێتی. ئەوەی ژیری و لۆجیکە لە پڕوپاگەندە و بیرشۆردنەوە و هەواڵی ساختە و زانیاری شێوندراو و پروپاگەندە و هتد.. لێک جیادەکاتەوە (٨٤).

یەکێکە لەو فەیلەسوفانەی بایەخ بە بیر و میتۆدی زانستی داوە لە مێژوودا ‹بەیکن›ە (١٥٦١–١٦٢٦) کە باوەڕی وایەل بنەما بنەڕەتییەکان و ‹میتۆدی زانستی›ی دەستەبەری زانینێکی باوەڕپێکراو دەکەن. لە کتێبە ناسراوەکەشیدا ‹ئۆرگانۆنی نوێ›، پێی وایە هۆکاری بنەڕەتی هەموو هەڵەیەک لە زانستەکاندا، بابەتێکە کە ئێمە پێی سەرسامین، بەڵام

بەرێگەی ژێری بەدوای بنەمای ڕاستییەکەدا ناگەڕێین. هەر لەو سۆنگەشەوە هۆشداری لە هەڵەباوەکانی بیرکردنەوەی مرۆڤی دا کە چۆن دەبنە هۆی ئەوەی توێژینەوەی زانستی لەبار دەبەن و دەبنە هۆی لایەنگیری (بێلایەنی مەرجێکی زانستییە) لە تێگەیشتن و لێکدانەوە زانستییەکاندا و هەڵەی مەترسیداریان لێ دەکەوێتەوە. لەبەر ئەوەی پێی وا بووە دەکرێت پێشگیری لەو هەڵە باوانە لە ڕێی بیرکردنەوەی زانستییەوە بکرێت کە لەم سەردەمەدا بە بیرکردنەوەی ڕەخنەیی ناودەنرێت[٨٥]. بیرکردنەوەی ڕەخنەیی ئامرازێکی پێویست و بەهێزی گەڕانە بەدوای ڕاستییەکاندا. لەبەر ئەوە، هەڵەباوەکانی بیری مرۆڤی بە ‹بتەکانی هزر [٨٦]› ناو بردووە و بە واتای مرۆڤ تەنها ناکەوێتەوە هەڵەیەکەوە، بەڵکو هەڵەکانیشی وەک ‹خواوەندێکی ساختە› لە هزرییدا بەرز ڕادەگرێ.

دیارە، بەیکن ئاماژەی بە(٤) بت کردووە [٨٧]؛ یەکەمیان بتی ‹خێڵ[٨٨]› ئەو کێشانەی بیرکردنەوەیە کە لە سروشتی گشتی مرۆڤ خۆی دەکەونەوە. چونکە لەوەوە مرۆڤ خۆی قایل کردووە کە هەرچی ئەو لایەنگیری و باوەڕی پێیەتی، دەرئەنجامێکی ڕاستی لێکدانەوەی ‹جیهانی بابەتییە›[٨٩]. هەروەها ئەو زانیاریەی لەبارەی جیهانیشەوە هەمانە، لە خۆماندایە بێ ئەوەی بۆ جیهانی واقیع بگەڕێینەوە. بتی دووەمیش، ئەشکەوتە، کە ناسراوترین و کاریگەریترینیانە و لە ئەزموونکردنی مرۆڤدا یان فێرکردن و کەسێتیدا ئەشکەوت-بۆشایی/تارکیکی- هەیە و هەموومان بەجۆری لەو ئەشکەوتەی خۆماندا-ناوهزرماندا-ین. هەروەها، بتی بازاڕ، کە دەرئەنجامی هەڵبژاردنی نادروست و ناتەواوی وشەکان کە دەبنە ڕێگر و بەربەست لەتێگەیشتنی تەواو. دواتر، بتی شانۆ، کە ئاماژەیە بە ئایدۆلۆجیا/بیروباوەڕەکان یان سیستەمەکانی بیرکردنەوە کە بەجۆریک جیهانمان بۆ وێنا دەکەن کە لەگەڵ داڕشتنی جوان و ڕازاوە و ناواقیعیدا بگونجێت.

هەڵبەت، بیرکردنەوە بەشێوەیەکی رەخنەییانە، واتە مرۆڤ هزر و بیری خۆی ناخاتە ژێر ڕکێفی کەسانی ترەوە. چونکە، کارتێکەرە دەرەکییەکان لە دەوروبەرمان هێندە زۆرن بەتایبەت میدیای نوێ و تۆڕەکان کە ڕۆژانە لە تەنیشت ڕاستییەکانەوە، چەندان درۆودەلەسە دەبینین و دەبیستیین. لێرەوە، ئەگەر مرۆڤ ڕەخنەییانە بیر لە ڕووداو و بابەتەکان نەکاتەوە، ناتوانێت بیروڕایەکی ئازادی هەبێت و خۆی بێت. لێرەوە، بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە جەخت لە بیرکردنەوەی داهێنەرانە/کارامەییانە دەکاتەوە[٩٠]چونکە، بیرکردنەوەی ڕەخنەیی لە خۆیدا دیاردەیەکی ڕۆژانەیی و چالاکی ژیانە.

کەواتە، بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە وەک چالاکی و کارامەییەک ڕێ خۆش دەکات بۆ

ئەوەی بەرگری هزریی لە بەرامبەر کێشەکان تۆکمە بێت. کاتێک مرۆڤ دەهزرێت، خۆی دەبێتە خاوەنی پرسیار و دەستنیشانکەری بابەتەکان. بەوەش بەرگری هزریی لە بەرامبەر دەستوەردانە پرسە ویژدانی و زانستی و ڕەوشتییەکان پەیدا دەکات، ئاسان لە ‹خشتە نابرێت› یان ئەوەی کە لە سایکۆلۆجیادا بە ‹داشۆردنی مێشک› ناودەبرێت، کاریگەری لەسەر نابێت.

## دەرئەنجام

توندڕەویی و پەڕگیری و تیرۆر یان دەمارگیری خەسڵەتێکی هاوبەشیان هەیە: زیادەڕۆیی و سنووربەزاندن و دەمارگیرییە. لەکاتێکدا، هەموو بابەت یان دیاردەیەک لە زیادەڕەویی و زۆربوونیدا یان کەم دەکات یان بێبایەخ دەبێت. ئەمە ڕاستییەکە ژیان و ئەزموونەکانی ڕۆژگار فێرمان دەکات. بیری توندڕەوی پەڕگیر، دژ بە دیالۆگە. بژاردەی پێکدادان و سڕینەوەی ئەوی تری جیاواز دەخاتە کار. هەر کاتێك زمانی وتووێژ نامێنێ، لە یەکتر حاڵیبوونیش نابێت. ئەگەرچی فەلسەفە بیرکردنەوەیە لە ئاستێکی باڵای هزریی تیۆریدا، بەڵام لە سەرهەڵدانییەوە بە وتووێژ و پرسیار و وەڵامدانەوە پەرەی سەندووە. دەرگای پرسیار و وتووێژی خستووەتە سەر پشت و گرێی داخراوێتی هزری توندوتیژانەی کردۆتەوە. هاوکات، بانگهێشتی ئاخاوتن و گوێ لەیەکگرتنی هێناوەتە ئاراوە.

بۆیە، ئامانجێکی توێژینەوەکە شرۆڤەکردنی دیاردەی تیرۆر و پەڕگیریی و ڕادیکاڵیزم و هەروەها پێشکەشکردنی بیرکردنەوەی فەلسەفیی وەک پێشگیری و ڕێگرتن یان بەلانی کەمەوە، سنووردارکردنی مەوداکانی توندوتیژیی بووە. بۆیە، توێژینەوەکە لافی ئەوە لێنادات ‹فەلسەفە› ڕەچەتەیەکی دەرمانئاسا بێت، بەڵکو پێشنیازێکە بۆ ئەوەی لاوان لەسەر پەروەردەی فەلسەفیانە ڕابهێنرێن. وەک چۆن بەکردەیی جووڵە و چالاکی و وەرزشی و هونەر و میوزیک و نواندن پەرە بە تواناکانیان دەدرێت، دەکرێ لەسەر بیرکردنەوەی فەلسەفیانە گۆش بکرێن و بەهۆیەوە وزەی نەرێنی دەروونیان خاوبکرێتەوە.

فەلسەفە لەبنەڕەتدا ناتوندوتیژە؛ چونکە دەرگەی پرسیار دەخاتە سەر پشت و وتووێژ دادەمەزرێنێت. هەروەها، گومان لە بەرامبەر دۆگمای ‹یەقینی ڕەها›ی بێ پرسیار دەکات. سروشتێکی تری بیرکردنەوەی فەلسەفیی، ‹هەمەکییە› کە دژ بە سنووردارکردن و لەقاڵبدانی هزرە. جگە لەوەش، کرانەوەیە نەک داخستنی ئاسۆی بیر یان سنووردارێشتن و پۆلێنکردنی مرۆڤەکانە بە ڕەش و سپی. هەروەها، ڕێز و شکۆی مرۆڤ و ژیان و بوونەوەرەکان

دەکاتە تەوەری سەرەکین نەک باوەڕی سنووردار بە»پیرۆزییەکان» لەسەر حسابی مرۆڤ و ژیان و فاکتەکان.

لەمەوە، بیرکردنەوەی ڕەخنەیی وەک ئامرازێکی کارا، دەبێتە ‹کارامەیی› پێوست لە ژیاندا. ئەگەر بە پێناسەیەک فەلسەفە هونەری ژیانکردن بێت، کارامەیی و بیردروستی دەبێتە بنەمای ڕەفتاری شیاو و بڕیاری گونجاو. هەروەها، ئامانجێکی تری توێژینەوەکە دەربازبوونە لەو تەڵەزگە تیۆریی و گوتارەباوانەی دەرهەق بە پرسی تیرۆر و رادیکاڵیزم هەیە. بەتایبەت، کە وەک مۆرکێک بۆ هەر رێکخراو و بیرکردنەوەیەک کە بەدڵی سیاسەتی دەوڵەتە –خۆسەپێنەکان و رژێمە سەرکەوتکەرەکان نەبێت، دادەنرێت. جگە لەوەش، دوورکەوتنەوەیە لەو وتارە سەرپێیانەی کە ‹تیرۆریست› بە مرۆڤی نەفام و نەزان یان نەخۆشی دەروونی دەداتە قەڵەم، یان هۆکارەکانی سەرهەڵدانی کە لە هەندێ ‹گوتاری چەپ›دا کە بە هەڵوێستی ‹راستکردنەوە› ناسراوە، لە ستەمکاری و هەژارییدا کورت دەکەنەوە. ئەوەش جۆرە پاساوێکە بۆ ڕەوایەتیدانی بەکارهێنانی تیرۆر وەک تاکە چەکی بەرهەڵستیی -ئەگەرچی نابێت فاکتەری ئابوری نادیدە بگیرێت-. لەگەڵ ئەوەشی ڕێگەچارەکانی کێشەکە جیاوازن، بەڵام، دەکرێت پێشنیار بە خوێندنی فەلسەفە لە قۆناخەکانی خوێندنی و هەروەها ڕاهێنان فێرخوازەکان لەسەر بیرکردنەوەی ڕەخنەیی بکرێت. فێرکردنی شێوازی وتووێژ و هونەری پرسیارکردن، هاندەری گیانی پشتبەخۆبەستنە لە گەڕان بەدوای وەڵام و چارەسەری کێشەکانی ژیاندا.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

1. Narrative

١- بەشوێنکەوتنی فەیلەسوفی ئەڵمانی ‹کانت› کە لە شاکارەکەی «رەخنەی ژیری پەتی»یدا، رەخنەکردنی ژیری تیۆری بە ‹ئەناتۆمی ژیر› ناودەبات. واتە، شرۆڤەی توانا و سروشتی چالاکیەکەنای دەکات.

2- The truth is that there is no terror untampered by some great moral idea." — Jean-Luc Godard, Godard on Godard: Critical Writings

٣-مەبەست لەبەکارهێنانی توندوتیژی لەلایەن دەوڵەت و دامەزراوەکانیەوەیەتی کەبەپێی هەندێ رێکاری قانون وەک راگەیاندنی باری نائاسایی و دۆخی ناکاودا دەکرێت.

4- Violence
5- Extremism
6- Radicalism
7- Fundamentalism
8- Fanaticism

9- Dictionary, The Free. 2015. "Definition of Extremism . December 4. Accessed 11 19, 2019.
10-Dictionary, The Free. 2015. *"Definition of Extremism* . December 4. Accessed 11 19, 2019.
11-Wehmeier, Sally. 2007. Oxford Advanced Learning Dictionary. Oxford University Press, p 541
12-Bötticher, Astrid. August 2017, Vol. 11, No. 4. "Towards Academic Consensus Definitions of Radicalism and Extremism." *Terrorism Research Initiative Stable* 73-77.
13-Bötticher, Astrid. August 2017, Vol. 11, No. 4. "Towards Academic Consensus Definitions of Radicalism and Extremism." *Terrorism Research Initiative Stable* , p 11.
14-Zero-sume game
15-Bötticher, Astrid. August 2017, Vol. 11, No. 4. "Towards Academic Consensus Definitions of Radicalism and Extremism." *Terrorism Research Initiative Stable*.
16-Mathais Bak, Kristoffer Nilaus Trap and Dr. Christina Schori Lang. August 2019. *Defining the Concept of 'Violent Extremism'.* Geneva: Geneva Center fo Security Policy.
17-Group, Collaborative Research. 2022. *Collaborative Research Group.* 10 27. Accessed 10 28, 2022. https://crgsoft.com/radicalism-origin-classification-examples-and-characteristics/.
18-Schmid, A. 2013. *Radicalisation, De-Radicalisation, Counter-Radicalisation: A Conceptual Discussion and Literature Review* . International Centre for Counter-terrorism Hague.
19-Scruton, Roger. 2007. *Radicalisation.* The Palgrave McMillan dictionary of political thought.
20-Neumann, P. 2013. *The Trouble With Radicalisation, I.* nternational Affairs 89(4).
21-Tansey, Stephen D. 1995(2000). *Politics: The Basics.* Routledge , p 83.
22-Tansey, Stephen D. 1995(2000). *Politics: The Basics.* Routledge , p 83.

23-Wehmeier, Sally. 2007. *Oxford Advanced Learning Dictionary.* Oxford University Press, p 631.
24-Borradori, Giovanna. 2003. Philosophy in a Time of Terror. The University of Chicago Press, p31.
٢٥-ايجلتون, تيرى. ٢٠٠٧. الارهاب المقدس. بدايات للطباعة و النشر، ص٥.
26-Schwenkenbecher, Anne. 2012. *Terrorim: A Philosophical Enquiry.* Palgrave macmillan.
27-Schwenkenbecher, Anne. 2012. *Terrorim: A Philosophical Enquiry.* Palgrave macmillan, p 12.
28-Wehmeier, Sally. 2007. *Oxford Advanced Learning Dictionary.* Oxford University Press, p 1508.
29-Kilp, Alar. 2011. "The Ontology and Epistemology of Extremism." *ENDC Proceedings, Volume 14-http://www.ksk.edu.ee/toimetised* pp. 9–25.
30-Kodsi, Daniel. 2017. *http://the-orb.org.* 12 7. Accessed 11 19, 2019. http://the-orb.org/2017/12/07/epistemic-vice-an-interview-with-quassim-cassam/.
31-Kodsi, Daniel. 2017. *http://the-orb.org.* 12 7. Accessed 11 19, 2019. http://the-orb.org/2017/12/07/epistemic-vice-an-interview-with-quassim-cassam/.
32-Spencer, S. 2015. *The meaning of "terrorism", Oxford University blogs. Available at:.* 11. Accessed 11 19, 2019. https://blog.oup.
33-Schwenkenbecher, Anne. 2012. *Terrorim: A Philosophical Enquiry.* Palgrave macmillan, p 9-12.
34-Robin, Corey. 2004. *Fear; The History of a Political Idea.* Oxford, p61.
35-Robin, Corey. 2004. *Fear; The History of a Political Idea.* Oxford, p52 .
٣٦-لالاند, اندرى. ٢٠٠٨. موسوعة لالاند الفلسفية. عويدات، ج٣، ص١٥٥٥.
37-Borradori, Giovanna. 2003. *Philosophy in a Time of Terror.* The University of Chicago Press, p 19.
38-Autoimmune
39-Borradori, Giovanna. 2003. *Philosophy in a Time of Terror.* The University of Chicago Press, p 20.
40-Borradori, Giovanna. 2003. *Philosophy in a Time of Terror.* The University of Chicago Press, p 22.
٤١-آرندت, هانا. ٢٠١٥. في العنف. دار الساقي، ص٥.
٤٢-آرندت, هانا. ٢٠١٥. في العنف. دار الساقي، ص٥.
٤٣-آرندت, هانا. ٢٠١٥. في العنف. دار الساقي، ص٤٥.
٤٤-آرندت, هانا. ٢٠١٥. في العنف. دار الساقي، ص٥٠.
45-Borradori, Giovanna. 2003. *Philosophy in a Time of Terror.* The University of Chicago Press, p 63.
46-Schwenkenbecher, Anne. 2012. *Terrorim: A Philosophical Enquiry.* Palgrave macmillan, p 13.
47-Schwenkenbecher, Anne. 2012. *Terrorim: A Philosophical Enquiry.* Palgrave macmillan, p 14.

48-Bötticher, Astrid. August 2017, Vol. 11, No. 4. “Towards Academic Consensus Definitions of Radicalism and Extremism.” *Terrorism Research Initiative Stable* 73-77.
49-Bötticher, Astrid. August 2017, Vol. 11, No. 4. “Towards Academic Consensus Definitions of Radicalism and Extremism.” *Terrorism Research Initiative Stable* 73-77.
٥٠-هەڵبەت، ئەم جیاوازیکردن و خشتەیە مەرج نییە بە رەهایی و بڕەتکردنەوە پەسەندکرێت، بەڵکو ئەنجامی خوێندنەوە و لێکدانەوەی توێژەر وەک بەرچاورونی بۆ خوێنەر تا واتای چەمکەکانی لێتێکەڵ نەبێ.
51-Ideological repression
52-Stepaniants, Marietta. 1996. *“Teaching Philosophy: Reflections on the Soviet Experience”. Philosophy East and West.* July. Accessed 11 16, 2022. doi:10.2307/1399530. JSTOR 1399530.
٥٣-آرندت, هانا. ٢٠١٥. في العنف. دار الساقي، ص١٤.
٥٤-آرندت, هانا. ٢٠١٥. في العنف. دار الساقي، ص١٠.
٥٥-آرندت, هانا. ٢٠١٥. في العنف. دار الساقي، ص١٢.
٥٦-آرندت, هانا. ٢٠١٥. في العنف. دار الساقي، ص١٣.
٥٧-آرندت, هانا. ٢٠١٥. في العنف. دار الساقي، ص١٤.
58-the idols of the mind
٥٩-دیکارت, رینێ. ٢٠١٥. باس میتۆد. سلێمانی: ناوەندی رۆشنگەر، ل١٦٧-١٧٣.
60-Hardin, Russell. 2002. “The Crippled Epistemology of Extremism.” In *Political Extremism and Rationality*, by Gianluigi Galeotti, Pierre Salmon, and Ronald Wintrobe Albert Breton, 3-22. Cambridge University Press.
٦١-سينشتاين, كاس.ر. ٢٠١٤. الطريق الى التطرف: اتحاد العقول وإنقسامها. المركز القومي للترجمة، ص١٨٤.
٦٢-سينشتاين, كاس.ر. ٢٠١٤. الطريق الى التطرف: اتحاد العقول وإنقسامها. المركز القومي للترجمة، ص١٨٤.
٦٣-سينشتاين, كاس.ر. ٢٠١٤. الطريق الى التطرف: اتحاد العقول وإنقسامها. المركز القومي للترجمة، ص185.
64-Cobaugh, Paul. 2019. *Medium.* 21 Jan. Accessed April 4, 2020. http://medium.com@paulcobaugh.
65-Cobaugh, Paul. 2019. *Medium.* 21 Jan. Accessed April 4, 2020. http://medium.com@paulcobaugh.
66-Villela-Petit, Maria. 2006. “Narrative Identity and Ipseity by Ricoeur.” The Human Experience of Time and Narrative. August 31. Accessed 7 20, 2021. http://www.onlineorginals.com/showitem.asp?itemID=287&articleID=11 .
67-Villela-Petit, Maria. 2006. “Narrative Identity and Ipseity by Ricoeur.” The Human Experience of Time and Narrative. August 31. Accessed 7 20, 2021. http://www.onlineorginals.com/showitem.asp?itemID=287&articleID=11 .
68-Crowley, Patrick. 2003. “Paul Ricœur: the Concept of Narrative Identity, the Trace

of Autobiography." jstor. November 3. Accessed 4 12, 2020. Paul Ricœur: the Concept of Narrative Identity, the Trace of Autobiography Author(s): PATRICK CROWLEY Source: Paragraph, Vol. 26, No. 3 (N https://www.jstor.org/stable/43263868 Ac.
69-The Narrative Fallacy
70-Taleb, Nassim Nicholas. 2007. The Black Swan: the Impact of the highly improbable. Random House, p71.
71-fixed ideas
72-construction
73-Janet. 2000. AMERICAN JOURNAL OF PSYCHOTHERAPY 278-279.
74-Voluntary
75-Janet. 2000. AMERICAN JOURNAL OF PSYCHOTHERAPY 278-279.
76-global context
77-Janet. 2000. *AMERICAN JOURNAL OF PSYCHOTHERAPY* 278-279.

٧٨-وەکباسدەکرێت کە فرێزەر-ساردکەرەوەیەکی گەورەی کۆمپانیایەکی خۆراک هەبوو کە بریتیبوو لەژورێکی گەورە. رۆژێک کرێکارێک چووەناو فرێزەکە وە تا سندوقەکانی ناوی بەتاڵکات. لەناکاودا و بەهەڵە دەرگەکە لەسەر ئەو کرێکارەداخرا چەندان جار لەدەرگەی داو کەس لێینەکردەوە. کاتی کۆتایی دەوام و کۆتایی هەفتەش بوو! واتە، دوورۆژ پشووە! پیاوەکە زانی کەئیتر تێدادەچێت و تەواو. چونکە کەس گوێی لەدەرگەدانەکەی نییە. بۆیە، دانیشت چاوەڕیی چارەنووسی خۆی دەکرد. پاش دوورۆژ فەرمانبەران دەرگەکەیان کردەوەو بینیان پیاوەکە رەقبۆتەوە. لەتەنیشتیەوە کاخەزێکی نوسراو بەجێهێڵراوەو تێدا باسی دواساتەکانی ژیانی دەکات لەو ژورەساردەدا. نووسیبوی: ‹لەم ساردکەرەوەدا کە گیرمخواردووە. هەستدەکەم ئەندام وپەلوپۆم هەمووی وردەوردە دەیبەستێت و سڕ دەبێت. هەستدەکەم ناتوانم بجوڵێم. هەستدەکەم لەسەرمادا رەقدەبمەوە ودەمرم..... › ئیدی، ووردە وردە دەستوخەتی نووسینەکەی لاوازو کزدەبوو تا بچڕا...

79-Borradori, Giovanna. 2003. *Philosophy in a Time of Terror.* The University of Chicago Press, p4.

٨٠-رینێ دیکارت. ٢٠١٥، بنەماکانی فەلسەفە. سلێمانی: ناوەندی رۆشنگەری، ل١٧٤-١٧٥.

81-Hobbs, Angie. 2017. "How teaching philosophy could help combat extremism." *http://schoolsweek.co.uk/what-would-be-the-benefit-of-a-philosophy-gese/*, March 11.
82-Hanna, James W. Gibson & Michael S. 2001. *Introduction to Human Communication.* Wm. C. Brown Publishers, P204.
83-Infodemic
84-Vaughn, Lewis. 2016. *The Power of Critical Thinking; Effective Reasoning About Ordinary and Extraordinary Claims.* Oxford University Press.
85-the idols of the mind
86-Bacon, Fancis. 2000. *The New Organon.* Cambridge University Press , P 40.

٨٧-لێرەدا چەمکی خێڵ ئاماژە بە باوەڕێکی خۆیی-خود- نابەتییە.

88-the objective world
89-Hanna, James W. Gibson & Michael S. 2001. *Introduction to Human Communication.* Wm. C. Brown Publishers, P204.

# کارلێکی میلیشیا و دەوڵەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

## میلیشیا شیعەکانی عێراق وەك نموونە



کاردۆ ڕەشید کەریم/ مامۆستای زانکۆ و توێژەر لە بواری میلیشیاکاندا

### بەرایی

داهاتووی سیستمی سیاسیی عێراق لە بەردەم گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی و مێژوویدایە بە هۆی کاریگەری و ژمارە زۆرەکانی هێزە میلیشیا شیعەکان کە بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا دابەش دەکرێن بۆ هێزەکانی سەر بە خودی ڕابەری ئێرانی کە بە ولائییەکان ناسراون، و هێزەکانی سەر بە مەرجەعییەتی ئایەتوڵا سیستانی کە بە هێزەکانی عەتەبات ناسراون. ڕۆچوونی ئەم هێزانە لە ناو سیاسەت، ئابووری، بازرگانی و کایەکانی کۆمەڵایەتی، وای کردووە کە ئەم هێزانە جووڵە و چالاکی و داهاتووی کۆی سیستمی سیاسی و حکومەتەکانی داهاتووی عێراق دیاری دەکەن. قووڵایی و قورسایی ئەم میلیشیایانە ئەو کاتە دەرکەوت کە حکومەتەکەی مالیکی توانای سەربازیی لەدەست دا بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی داعش لە ساڵی (٢٠١٤)دا. دەکرێت لەم مێژووە بە دواوە، قۆناغی بەمیلیشیاکردنی عێراق و بە تایبەتی دامودەزگاکانی دەوڵەتی عێراق هەژمار بکرێت.

## پێشەکی

عێراقی دوای ٢٠٠٣ بوو بە وڵاتێکی فرەحیزبی، فرەئایدۆلۆژیایی، فرەئیتنیکی و مەزهەبی، و بنەمای سیستەمە سیاسییەکە لە سەر چەمکی «Ethnic Power Sharing» دروست کرایەوە: «دروستکردنی سیستمێکی حوکمڕانی کە گرووپە جیاوازە نەتەوەیی و ئایینییەکانی عێراق لەخۆ بگرێت...[١]»

ئەو سیستەمە نوێیەی عێراق نەیتوانی هەموو نەتەوە و مەزهەبە جیاوازەکان لە یەک کاتدا کۆ بکاتەوە و بیانگونجێنێت لەگەڵ یەکدا، ئەویش بە هۆی ویستی پاوانخوازیی شیعەکان و سووربوونی سوننەکان لە سەر بایکۆتکردنی پرۆسەکە. دەرئەنجامەکەی ئەوە بوو ئاڵۆزی و نائارامیی سیاسی باڵی کێشا بەسەر هەموو عێراقدا و شەڕ و پێکدادان لە نێوان سوننە و شیعەکان دروست بوو. لە ٢٠٠٦ بە دواوە، نووری مالیکیی سەرۆکوەزیرانی ئەو کاتە توانیی بە یارمەتیی ئەمەریکییەکان تا ڕادەیەک ئارامی و ئاسایش بۆ شارێکی گەورەی وەک بەغداد بگێڕێتەوە. لە هەمان کاتدا توانیی چەند لایەنێکی جیاوازی ناو سوننەکان ڕازی بکات بە بەشداریکردن لە پرۆسەی سیاسیدا. دەرەنجامی ئەم کارەی مالیکی بریتی بوو لە ئارامییەکی کاتی لە ناوچە سوننەنشینەکان. بەڵام سیستمی سیاسیی عێراق بە قۆناغێکی وەرچەرخاندا تێپەڕی کاتێک هێزە ئەمەریکییەکان کشانەوە لە ٢٠١١دا، لەم کاتە بە دواوە ئامانجی سیاسیی شیعەکان گۆڕانکارییەکی ڕادیکاڵی بەسەردا هات. نووری مالیکی کە سەرۆکوەزیرانی عێراق بوو، لە ٢٠١١ بە دواوە سیاسەتێکی ڕەگەزپەرەستانەی دژ بە سوننەکان و نەیارە سیاسییەکانی لە شیعەکان وەک سەدرییەکان و هەروەها کوردەکان بەرپا کرد. بە ناوی جەنگی تیرۆرەوە کەسە دیارەکانی سوننەکانی لە پۆستەکانیان دەرکرد و کار گەیشتە ئەوەی مالیکی و حیزبەکەی بەشەبودجەی کوردستانیشیان بڕی. تۆتالیتاری مالیکی و ویستی پاوانخوازیی شیعەکان لە عێراقدا ئەوەی هێنایە ئاراوە کە هەریەک لە کوردەکان و سوننەکان بەدوای ڕێگەچارەیەک بگەڕێن بۆ دەربازبوون لە هێزی شیعە و مالیکی. سوننەکان لە لایەن خۆیانەوە هێزەکانی سوپای عێراقیان بەردباران کرد کاتێک داعش لە ٢٠١٤دا هاتە ناو موسڵەوە. لە پاش ڕاکردنی هێزە عێراقییەکان لە موسڵ و لە بەشێکی تری ناوچە سنوورییەکان، دەزگای سوپای عێراقی مۆراڵی جەنگکردنی لەدەست دا، تا کار گەیشتە ئەوەی مەترسی لە سەر شاری بەغداد دروست ببێت و مەترسیی ئەوە هەبوو داعش بتوانێت بگاتە ناو ناوجەرگەی بەغداد. بەڵام بە فتوایەکەی باڵای مەرجەعی

شیعەکان لە عێراقدا کە داوای کرد لە عێراقییە شیعەمەزهەبەکان دەست بدەنە چەک و پارێزگاری لە شەرەف و ناموسی خۆیان بکەن، سیستمی سیاسی لە عێراقدا تووشی بوومەلەرزەیەکی سیاسی بوو، لە بەر ئەوەی دامودەزگاکانی سوپای دەوڵەت شوێنیان پڕ کرایەوە بە کۆمەڵێک ڕێکخراوی تر کە لە سەر بنەماکەی سیستانی دروست کران، ئەو ڕێکخراوانەش بریتی بوون لە هێزە چەکدارە شیعەکان. فتواکەی سیستانی بە بنەمای سیاسیی دروستکردنی ئەو هێزە چەکدارە شیعانە دادەنرێت و بەشداریکردن لەو هێزانەدا وەک بەجێگەیاندنی ئەرکێکی ئایینی سەیر کرا لە لایەن زۆرینەی شیعەوە. لەم قۆناغە بەدواوە دەزگای سوپای عێراقی کەوتە ژێر کۆنترۆڵی هێزە چەکدارە شیعەکانەوە و هەموو خزمەتگوزارییەکانی سوپا تەرخان کرا بۆ میلیشیا شیعەکان لە ژێر ناوی «حەشدی شەعبی»دا.

### تێڕوانینی ئەمەریکییەکان بۆ میلیشیا شیعەکان

١. **لە سەردەمی باراک ئۆبامادا:** تێڕوانینی (ئۆباما، جۆن کیری) بۆ میلیشیا شیعەکان

وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا (جۆن کیری) پرۆپۆزاڵی خۆی پێشکەش بە عێراقییەکان کرد بەوەی هێزێکی سەربازی دروست بکرێت لە ژێر ناوی «ناشیۆناڵ گاد». لە ڕوانگەی ئەمەریکییەکانەوە، بەرەنگاربوونەوەی داعش پێویست بەوە دەکات کە هێزە سوننەکانیش بەشداری پێ بکەن. پلانەکەی جۆن کیری ئەوەندە فراوان بوو تەنانەت داوای هێزەکانی پێشمەرگەشی دەکرد کە بێنە ناو گاردی نیشتمانییەوە.

سەرەتاکانی بیرۆکەی گاردی نیشتمانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گرنگیپێدانەی ئەمەریکییەکان هەیانە بەرامبەر بە عێراق، بۆ نموونە ئەگەر چاوێک بخشێنین بە بەرنامەی «ستراتیژی ئاسایشی ئەمەریکا لە ٢٠١٥» کە لە لایەن ئیدارەی ئۆباماوە لە مانگی (٢)ی (٢٠١٥) ڕاگەیەنرا، گرنگیی سەرکەوتن و لەناوبردنی داعش لە عێراقدا بە شێوەیەکی زۆر بەرچاو جەختی لە سەر کراوەتەوە، بۆ نموونە ناوی عێراق زۆرترین جار دووبارە بووەتەوە بەرامبەر بە وڵاتانی وەک سووریا و ئێران و ئەفغانستان و لیبیا و سۆماڵ، بە هەمان شێوەش ناوی دەوڵەتی ئیسلامی زۆر جار دووبارە بووەتەوە بە بەراورد بە ڕێکخراوی قاعیدە. لەم خشتانەی خوارەوەدا زیاتر ڕوونم کردووەتەوە[٢].

**خشتەی (١)**

| National Security Strategy 2015[3]<br>ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی ٢٠١٥ | |
|---|---|
| ناوی وڵات | چەند جار ناوی هاتووە |
| عێراق | ١٣ |
| سووریا | ٧ |
| ئێران | ١١ |
| ئەفغانستان | ١٠ |
| لیبیا | ٢ |
| سۆماڵ | ٣ |

**خشتەی (٢)**

| National Security Strategy 2015[4]<br>ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی ٢٠١٥ | |
|---|---|
| ناوی ڕێکخراوی تیرۆریستی | چەند جار ناوی هاتووە |
| دەوڵەتی ئیسلامی - داعش | ١١ |
| قاعیدە | ٧ |

گرنگیی ڕزگارکردنی عێراق بۆ ئەمەریکییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەستکردنە مۆراڵییەی کە لای ئەمەریکییەکان هەیە بەرامبەر بە عێراق، لە بەر ئەوەی ئەوان بوون کە ڕژێمی پێشوویان لا برد و بەڵێنی دەوڵەتێکی مۆدێرن و دیموکراسییان بە عێراقییەکان دا، وە ئێستا ئەو گەلە تووشی مەترسیی داعش بوونەتەوە.

تێڕوانینی ئەمەریکییەکان بۆ میلیشیا شیعەکان لەو بیروبۆچوونە ڕیالیستیانەوە دەبینرێت کە «ستیڤان ولت» لە نووسینێکدا لە «فۆرن بولسی» ئاماژەی بۆ کردووە. لە ڕوانگەی واڵت؛ بەشی هەرە زۆری وڵاتانی ڕۆژهەڵات لە جەنگێکی ناوخۆییدان و دەوڵەتەکان دەبنە چەند دەوڵەتێک (عێراق، سووریا، لوبنان، فەڵەستین، میسر، لیبیا)، ئیتر ئێمە (واتە ئەمەریکییەکان) ناتوانین

یارمەتیتان بدەین، خۆتان چارەسەری کێشەی خۆتان بکەن. هەر کاتێک دەستێوەردانێکی ئەمەریکی ڕوو دەدات، ئەوا جەنگی ناوخۆیی زیاتر دەبێت (لێدانی شیعەکان واتە بەهێزبوونی میلیشیا شیعەکان)، ئەمەش چارەسەر نییە، بەڵکوو دەبێت ئێمە ئامانجدارانە (خاوەن پەیام) کار بکەین و نەکەوینە ژێر کاریگەریی بۆچوونی کام هێزیان دیموکراتخوازە (حەشدی شەعبی یان داعش)، بەڵکوو کامیان کەمتر دەتوانن زیان بە بەرژەوەندیی ئەمەریکییەکان بگەیەنن[٥]. ئەم بۆچوونەی واڵت تا ڕادەیەکی زۆر ڕەنگدانەوەی لە سیاسەتی ئۆباما لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق بە تایبەتی هەیە. هەر چەندە حەشدی شەعبی هێزێکن کە وەلائیان بۆ ئێران هەیە، بەڵام تاکە ئۆپشنی ئەمەریکییەکانە لە دوای هێزەکانی پێشمەرگەوە کە پشتیان پێ ببەستن. خاڵێکی تر ئەوەیە کە هەر لە سەرەتای گرتنەدەستی دەسەڵات (باراک ئۆباما)؛ سیاسەتی کەمکردنەوەی سوپاس لە ناوچە کۆنفلیتەکانی وەک عێراق و ئەفغانستان ڕاگەیاند، ئەمەش وای کرد کە جەنگکردن بەرامبەر بە داعش بسپێرێت بە میلیشیا شیعەکان نەک ئەوەی سوپای ئەمەریکا بێتەوە سەر خاکی عێراق و بجەنگن.

**٢. لە سەردەمی دۆناڵد ترەمپدا**

سیاسەتی ئەمەریکا بەرامبەر عێراق لە سەردەمی ترەمپ تا ڕادەیەکی زۆر گۆڕانکاریی بەسەردا هات، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆکارەی کە ترەمپ سیاسەتێکی ڕیالیستانەی هێرشیکاری هەبوو بەرامبەر بە ئێران، لە بڕوای دابوو نەرمەهێز و دیبلۆماسییەکانی لەگەڵ ئێرانییەکان کات بەفیڕۆدانە و ئێرانییەکان خۆیان دەدزنەوە لە بەرپرسیارێتییەکان. لەم تێڕوانینەوە بوو کە ترەمپ میلیشیا شیعەکانی لە عێراقدا وەک درێژکراوەی هێزی هەژموونی ئێرانی سەیر دەکرد و پاڵەپەستۆی خستە سەر کابینەکانی عێراق بە تایبەتی لە سەردەمی کازمیدا، بۆ ئەوەی کەمترین کاریگەری و ئاکتەری میلیشیاکان لە ناو حوکومەتی عێراقدا هەبێت و کار گەیشتە ئەوەی ترەمپ تا دوا خاڵی ئەم کێشمەکێشمە لەگەڵ میلشیاکاندا ئەنجام بدات و موهەندیس و سولەیمانی لە ناو فڕۆکەخانەی بەغداد بکوژێت و ئەمە بووە خاڵی وەرچەرخانی دوژمنایەتیی ئەمەریکا بۆ میلیشیا شیعە عێراقییەکان و هێرشکردنە سەر یەکتری هەم لە ناو عێراق و هەروەها لە ناو خاکی سووریاشدا.

**٣. لە سەردەمی «جۆ بایدن»دا**

ئەم قۆناغە زیاتر بە قۆناغی هێورکردنەوە و ئارامکردنەوە و خاوکردنەوەی ئەو گرژییانە دادەنرێت لە نێوان ئیدارەی «جۆ بایدن» و ئێران لە لایەک، هەروەها لە نێوان ئەمەریکا و میلیشیا شیعەکان لە لایەکی دییەوە. تێڕوانینی بایدن بۆ خودی کێشەی ئەتۆمیی ئێران جیاوازە و بڕوای بە کۆنترۆڵکردنی ئێرانی هەیە لە ڕێگەی سیاسەتی «گۆچان و گێزەر»ەوە.

دەرەنجامی ئەو تێڕوانینە جیاوازەی بایدن بۆ ئێران، ڕەنگی داوەتەوە لە سەر پەیوەندی و تێڕوانینی ئەمەریکا بۆ میلیشیا شیعەکان بە شێوەیەکی گشتی و تا ڕادەیەکی زۆر ئەمەریکییەکان لە ڕێگەی کونسوڵەکەیان لە بەغدا هەوڵ دەدەن پەیوەندی لەگەڵ هێزە چەکدارە شیعەکانی کە سەر بە باڵی سیستانین (وەک هێزەکانی عەتەباتی موقەدەس)، فراوانتر بکەن و پرۆسەی تێهەڵکێشکردنیان لەگەڵ سوپای عێراق و دامەزراوەی سوپادا فراوانتر و پتەوتر بکەن.

**فاکتەرە هاندەرەکانی پشت دروستبوون و بەکارهێنانی میلیشیا**

لەم بەشەی توێژینەوەکەماندا هەوڵ دەدەین تیشک بخەینە سەر ئەو فاکتەرانەی کە هاندەرن بۆ دروستبوون و بەکارهێنانی میلیشیا لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست:

### ١. تیۆرییەکانی پشت دروستبوونی میلیشیا

نووسەری بواری زانستە ڕامیارییەکان (ئاریال ئەهرام) بە تیۆری «میلیتەری سێنترالیزەیشن[٦]» کە سوودی وەرگرتووە لە «چارلس تیلی»، تیشک دەخاتە سەر هۆکارەکانی دروستبوونی میلیشیا. ئاریال، بڕوای وایە کە پرۆسەی میلیتەری سینترالیزەیشن لە ئەورووپادا سەرکەوتوو بووە، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تا ڕادەیەکی زۆر شکستی هێناوە. لە دوای هاوپەیمانیی «ویستیڤیلیا» لە ساڵی ١٦٤٨، وڵاتانی نەتەوەیی لە ئەورووپا هاتنە ئاراوە و ژینگەی ئەو کاتەی ئەورووپا هاندەر بووە بۆ ئەوەی لە یەک کاتدا گەشەکردنی سەربازی و دروستکردنی دەوڵەت تێک هەڵکێشی یەکتر بن. بە واتایەکی تر: دۆخی دروستبوونی دەوڵەت و بەسینترالیزەیشنی سوپا، پرۆسەیەکی سروشتی بوو بەوەی ئەرکی سوپا دیاری کرا لە پارێزگاریکردنی دوژمنەکانی دەرەوەی سنووری دەوڵەتی نەتەوەیی. بەڵام ئەم قۆناغەی دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە دۆخێکی ناسروشتیدا تێپەڕی. لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە، وڵاتانی کۆلۆنیالیزم سنووری وڵاتە ژێردەستەکانی خۆیان دیاری کرد و هەر خۆیشیان پارێزگارییان لێ دەکردن، بۆ نموونە: عێراق و سووریا، هەریەک لە بەریتانییەکان و فەڕەنسییەکان ڕێک کەوتن لە سەر دیاریکردنی سنووری ئەم دوو وڵاتە. هەر چۆن سنووری عێراقیان دیاری کرد لە سەرەتای بیستەکاندا، بە هەمان شێوە بەریتانییەکان سوپای عێراقیشیان دامەزراند و ئامانجیش لەم سوپایە بریتی بوو لە کەمکردنەوەی ئەرکی بەریتانییەکان لە بەرامبەر ئەو هۆز و تیرانەی کە لە عێراقدا دەکەوتنە دژایەتیکردنی بەریتانییەکان و دەسەڵاتی پاشایەتی لە عێراقدا[٧]. بەم شێوەیە ئەرکی سوپا لە پارێزگاریی دەوڵەتی نەتەوەییەوە گۆڕا بۆ داپڵۆسین و

سەرکوتکردنی نەیارەکانی سیستمە سیاسییەکە. لە هەمان کاتدا شوناس و سایکۆلۆژیای سوپا لە عێراق و وڵاتانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە سەر ئەو تێگەیشتنانە دروست بوو کە نەیارەکانی دەسەڵاتی سیستمی سیاسی وەک دوژمنە دەرەکییەکانی دەرەوەی سنوور وڵاتەکەیان تەماشا بکرێن و بەرەنگاریان ببنەوە. لە بنچینەدا زەمینەی سازکراوی هەبووە بۆ ئەوەی سوپا وەک میلیشیایەک کار بکات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، نەک وەک هێزی نیشتمانی و پارێزەری دەوڵەتی نەتەوەیی.

## ٢. فاکتەرەکانی دروستبوونی میلیشیا لە عێراقدا

ئەوەی کە تایبەت بێت بە عێراقەوە ئەوەیە سیستمی سیاسی لە سەردەمی نووری مالیکیدا دۆخێکی زۆر ئاڵۆزی لەخۆ گرت، لە بەر ئەوەی مالیکی هەموو تواناکانی بۆ قۆرخکردنی هەرسێ دەسەڵاتەکە (یاسادانان و دادوەری و جێبەجێکردن) خستبووە گەڕ و پۆستە ئیداری و ئەمنییەکانی ناو شارەکانی وەک بەغدای بە شێوەیەکی زور تایفی و مەزهەبی دابەش کردبوو. هەتا کار گەیشتە ئەوەی شارێکی گەورەی وەک بەغدا زۆرێک لە دانیشتووانە سوننەکانی ڕاپێچی دەرەوەی سنووری بەغدا بکرێن: «پرۆسەی بەتایفەکردنی لە لایەن مالیکییەوە بووە هۆکاری گۆڕینی شاری بەغداد بۆ شارێکی گەورەی شیعەنشین[٨]».

مالیکی توانیی متمانەی ئەمەریکییەکان بەدەست بهێنێت بەوەی کە هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونیەوە لە (٢٠٠٦)ەوە دەستی کرد بە دژایەتیکردنی چەکدارە شیعە و سوننەکانی ناو بەغداد و تا ڕادەیەکی زۆر توانیی هێزە ئەمنییە عێراقییەکان ڕێک بخاتەوە، بەمەش وای کرد کە ئەمەریکییەکان ئەرێنیانە سەیری مالیکی بکەن. لە هەمان کاتدا توانیی بە هاوکاریی هێزەکانی «سەحوە» کە لە سوننەکان پێک هاتبوون، قاعیدە لە عێراقدا لەناو بەرێت. ئەوەی مالیکی دەیویست پیشانی ئەمەریکییەکانی بدات ئەوە بوو کە ئەم دەوڵەتێکی بەهێزی دەوێت و ڕێگە نادات هیچ هێزێکی تر لە دەرەوەی دامودەزگا شەرعییەکانی دەوڵەت بوونیان هەبێت. بۆیە مامەڵەکردنی لەگەڵ میلیشیاکانی سەدر زۆر توند بوو و کەوتە پێکدادان لەگەڵیاندا. بە ناوی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرەوە، هێزە چەکدارە سوننەکانی ناو شاری بەغدادی لە چەک داماڵی، بەڵام میلیشیا شیعەکان ئەم هەلەیان قۆستەوە: «وەک دەرەنجامێک، میلیشیا شیعەکان توانییان سوننەکان لە چەك دابماڵن و پاکسازیی نەژادی ئەنجام بدەن بەرامبەریان لە کاتی شەودا ئەو کاتانەی ئەمەریکییەکان نەیاندەبینی. بەغداد لە دەرئەنجامدا لە ٤٥٪ سوونەنشینەوە لە (٢٠٠٣)

دوە گۆڕا بۆ ٢٥٪ هەتا کۆتایی ٢٠٠٧[٩].»

سیاسەتە نەژادپەرستەکانی نووری مالیکی بووە هۆی ڕق و کینەی زۆر لای سوننەکان کۆ ببێتەوە. لە دوای دەرکردنی قاعیدە و هێزە توندڕەوەکانی تر لە ناوچە سنووریەکان لە لایەن هێزەکانی سەحوەوە، مالیکی ڕێگای نەدا ئەو هێزانە تێک هەڵکێش بکرێنەوە لەگەڵ هێزەکانی ئاسایش و سوپا، ئەمەش بووە سەرەتایەک بۆ توندکردنەوە و خەستکردنەوەی ڕقوکینە بەرامبەر حوکمەتەکەی مالیکی.

بڵاوبوونەوەی گەندەڵی و گەشەکردنی بە شێوەی شاقووڵی (لە ئاست پلە بەرزەکانی دەوڵەتدا وەک وەزارەتەکان) و بە شێوەیەکی ئاسۆیی (لە سەر ئاستی تاکەکانی کۆمەڵگا)، فاکتەرێکی تر بوو بۆ لێکترازانی کۆمەڵگای عێراقی. «لە توێژینەوەیەکی دەزگای ئابووری و ئاشتەوایی، ئەو دەرئەنجامە دەرکەوتووە، کە کەلێنێکی بەهێز هەیە لە نێوان بوونی گەندەڵی لە ناو پۆلیس و سوپا و دادگا و ئاستی ئاشتەوایی لە ناو کۆمەڵگەدا[١٠].»

ئەو سێکتەرانەی کە زۆرترین گەندەڵییان تێدا بڵاو بووەوە، بریتی بوون لە سێکتەرەکانی سوپا و پۆلیس و دادگاکان. دەرەنجامی گەندەڵی لە ناو ئەم سێکتەرە گرنگانە، بریتی بوو لە قۆرخکردنیان بۆ مەزهەبێکی دیاریکراو و بەکارهێنانی ئەو سێکتەرانە بۆ لاوازکردنی مەزهەبێک یان کەمینەیەکی تری دیاریکراو. چەندین بەڵگەی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ پێداگرییان لە سەر ئەو ڕاستییە دەکردەوە کە سوننەکان زۆرترین قوربانیی دەستی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر بوون و ڕەشبەگیری لە بەرامبەریان کراوە.

بە بەراوردێکی عێراق لەگەڵ وڵاتانی ئەمەریکای لاتینی، دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە چۆن لە هەندێک وڵاتی وەک (بەرازیل، کۆڵۆمبیا، مەکسیک) دۆخێک لە بەمافیاکردنی کۆمەڵگا دروست ببوو لە دەرەنجامی ئەو گەندەڵییانەی کە لە ناو پۆلیس و دادگاکان بڵاو بووەوە[١١]، بەڵام بە پێچەوانەی وڵاتانی لاتینی ئەمەریکا، لە عێراقدا زیاتر هەستی کەمینەکان بەرەو جۆرێک لە پێکهێنانی هێزی چەکداری ڕۆشتووە. بۆ نموونە؛ سوننەکان لە پارێزگا سوننییەکان لە پاش بێهیوابوونیان لەوەی بتوانن ببنە بەشێکی چالاک و کاریگەر لەگەڵ حکومەتەکەی مالیکی، بیرۆکەی گەڕانەوە بۆ دەستدانە چەک و بەرەنگاربوونەوەی حکومەتی مەرکەزی بە شێوەی چەکداری دروست بووەوە، ئەمەش وای کرد کە ناوچە سوننەکان پێشوازی بکەن لە هێزێکی توندڕەوی وەک داعش.

کەمەنەتەوەکان بۆ پارێزگاریکردن لە خۆیان لە دەستگیرکردنیان بە تۆمەتی تیرۆر،

هانایان بردەوە بەر بیروبۆچوونە مەزهەبی و تایفەکانیان. پاکتاوی مەزهەبی و لاوازیی هەستی بەشدارپێکردن لە حکومەتەکەی مالیکدا؛ عێراقی گەیاند بەم دۆخەی ئێستا کە دووەمین شاری کە شاری موسڵە لە ماوەیەکی زۆر کورتدا بکەوێتە ژێر دەستی ڕێکخراوێکی تیرۆریستی وەک داعش، لە کاتێکدا ئەو سوپایەی کە بە بودجەیەکی خەیاڵی پڕچەک دەکرا؛ هەڵهات و نەیتوانی بەرگری بکات.

## جۆرەکانی میلیشیا

بۆ پۆلێنکردنی ئەم میلیشیایانە کە هەن لە عێراقدا، دەتوانین سوود وەربگرین لەم پۆلێنەی ئاریال ئەهرام و سابین کاری، نیل میچڵ و ویل لۆی[١٢]:

| جۆرەکانی میلیشیا |
|---|
| میلیشیای نیمچەفەرمی (Quasi-Official Militias) |
| میلیشا بە سپۆنسەری دەوڵەت (State-Sponsored Militias) |
| هێزی نیمچەسوپایی (Paramilitaries) |
| سەرکردەکانی جەنگ (Warlords) |
| میلیشیای سەر بە حوکمەت (Pro-Government Militias) |

وە هەریەک لە سەبینا کاری و نیل میچێل و ول لوی لە دەرەنجامی توێژینەوەکەیان لە سەر پەیوەندیی نێوان دەوڵەت و سێکتەری ئاسایش و مۆنۆپۆلی توندوتیژی لە لایەن دەوڵەتەوە باسیان کردووە، بەم خاڵانەی خوارەوە پێناسەی میلیشیا و بە تایبەتی «پرۆگەڤرمانت میلیشیا»یان کردووە.

ا. نەناسرێنەوە بەوەی سەر بە حکومەتن، یان سپۆنسەر دەکرێن لە لایەن حکومەتەوە (ناوەندی یان هەرێمی).

ب. ناناسرێنەوە وەک ئەوەی کە بەشێک نەبن لە هێزەکانی ئاسایشی دەوڵەت.

ج. چەکدارن (پڕچەک کراون).

د. تا ڕادەیەک خەسڵەتی ڕێکخراوەییان پێوە دیارە[١٣].

ئەم میلیشیایانەی کە لە عێراقدا هەن، زیاتر لە جۆری پێنجەم ( میلیشیای سەر بە حوکمەت Pro-Government Militias)  دەچن بەوەی کە زۆریان ئینتیمایان بۆ

حکومەتی زۆرینەی شیعە هەیە لە بەغدا و ڕاستەوخۆ هاوکاری دەکرێن لە ڕووی دارایی و سەربازییەوە. لە ڕوانگەی (یوکیم ئیکمان، جان فرانسیس گاگنە، لیوناردۆ مورلین)، ئەم وڵاتانەی کە وەک عێراقن، فۆڕمی «هایبرید» وەردەگرن کە بەم شێوە دەناسرێنەوە:

دیاردەی دەوڵەتی هایبرید بریتییە لەو دۆخەی کە دەوڵەت لە نێوان دوو ستراکچەردایە: یەکێکیان دیموکراسی، ئەوی تریان نادیموکراسی. دامودەزگاکانی دەوڵەت تووشی شکست و ئەستەم دەبن بە هۆی باکگراوندە Authoritarianismکاتێک دەیانەوێت بەرەو دیموکراسی بڕۆن[١٤].

لە خەسڵەتەکانی سیستمی «هایبرید» ئەوەیە کە هەڵبژاردن دەکرێت و گۆڕانکاری ڕوو دەدات، بەڵام وەك دەرەنجام ئەم دەرهاویشتەنی ئەبیت:

١. ڕێژەیەکی زۆر لە گەندەڵی دەکرێت لە هەڵبژاردنەکاندا.

٢. نەبوونی بنەما گرنگەکانی دیموکراسی وەک لێپرسینەوە لە حکومەت.

٣. نەبوونی مەودایەکی ئازاد بۆ میدیا و کۆنترۆڵکردنی لە لایەن دەسەڵاتەوە.

٤. کۆنترۆڵکردنی ڕێکخراوە پیشەیی و خوێندکارییەکان، هەروەها ڕێکخراوەکانی تری کۆمەڵگای مەدەنی (سیڤل سوسایەتی).

هەروەها نووسەری تونسی ئەمین مەسعوود بەم شێوەیە پێناسەی وڵاتانی هایبرید دەکات لە جیهانی عەرەبی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی[١٥]:

١. میلیشیا شوێنی سوپای سیستماتیک دەگرێتەوە.

٢. حکومەتی سێنتراڵ پێک دێت لە کۆمەڵێک هەرێمی ئایینی/نەتەوەیی.

٣. سیستمی یاسادانان زیاتر وابەستەی کۆمەڵێکی کۆمەڵایەتییە و بنەما دەستوورییەکان پێشێل دەکرێن.

٤. چینی فەرمانڕەوا (ئەو پارتانەی لە ناو دەسەڵاتدان یان ئۆپۆزسیۆنن) هەڵگری بیرۆکەیەکی نوێ نین بۆ دەڵەتێکی مۆدێرن و سەرکەوتوو.

دروستبوونی هێزێکی میلیشیای وەک حەشدی شەعبی و بوونی ئەم هێزە بەشێکی سەرەکی لە جەنگی دژ بە داعش لە عێراقدا وەک کاردانەوەیەکی سروشتی سەیر دەکرێت، لە بەر ئەوەی بوونی دەسەڵاتێکی دانپێدانراو لە مۆنۆپۆلی بەکارهێنانی هێزی هەبێت لە ڕوانگەی ماکس ڤیبەرەوە بریتییە لە دەوڵەت: «تێڕوانینی ڤیبەر بۆ دەوڵەت ئەوەیە کە

دەوڵەت مۆنۆپۆلی بێت و تاکە سەرچاوە بێت کە مۆنۆپۆلی توندوتیژیشی کردبێت[١٦]». بەڵام ئەو دەووڵەتە لە عێراقدا مۆنۆپۆلی بەکارهێنانی هێزی لەدەست داوە: «ڤیبەر وێنەی میلیشیا دەکات بەوەی کە لە فەشەلی دەوڵەتەوە دروست دەبێت[١٧]».

بۆ سەلماندنی ئەم قسەیەی ڤیبەر، دەتوانین بۆ نموونە سەیری وڵاتێکی وەک لوبنان بکەین کە چۆن لە نەبوونی دەوڵەتدا هێزە میلیشیاکانی حیزبوڵڵا بەشێکی زۆری ئەو ئەرکانەیان پڕ کردووەتەوە کە دەڵەتی لوبنان ناتوانێت پڕیان بکاتەوە:

### مەترسیی ئەم میلیشیایانە بۆ سەرهەرێم

مەترسیی هەرە گەورەی ئەم میلیشیایانە ئەوەیە کە هێزە ناوچەییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەتوانن بیانکەنە ئامرازێک بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتەکانیان. بۆ نموونە: حیزبوڵڵای لوبنانی لە ژێر کاریگەریی سیاسەتی ئێراندا چەندین جار پرۆسەی سیاسیی لە لوبنان وەستاندووە و شکستی پێ هێناوە، ئێستاش زۆر بە ئاشکرا لە سەر داوای ئێرانییەکان بەشداری دەکات لە جەنگی سووریا. ئەم میلیشیایانە وەک هێزی «مێرسینەری» (بەکرێگیراو) بەکار دەهێنرێنەوە. بە پێی ڕاپۆرتێکی هەواڵگری کە ڕۆژنامەی «دەیلی مەیل»ی بەریتانی لە سەر کارەکانی ئێران لە ناو خاکی سووریا بڵاوی کردووەتەوە، ئێران توانیویەتی سوود وەربگرێت لە شیعەکانی ناو ئەفغانستان و پاکستان و عێراق و لوبنان[١٨] و ئامادەکردنیان بۆ جەنگکردن بە ناوی پاراستنی شوێنە پیرۆزەکانی شیعەوە. ئەمە ئەو زەنگە مەترسییەیە کە هەرێمی کوردستان دەبێت بەئاگا بێتەوە لێی. هەر کاتێک هەرێم نەچووە ژێر داواکاریی ئێرانییەکان، ئەوە زۆر بە ئاسانی ئێرانییەکان دەتوانن هێزە میلیشیا شیعەکان بجووڵێنن بەرەو هەرێم و مەترسی دروست بکەن لە سەر هەرێمی کوردستان، هەروەک لە ١٦ی ئۆکتۆبەر هێزەکانی حەشدی شەعبی کەرکووکیان داگیر کردەوە. لە هەرێمی کوردستاندا مەزهەبی شیعە کەمینەن کە بە ڕەگەز کوردن، بۆ ئەوەی وەلائی ئەم کەمینەیە نیشتمان و خاک بێت نەک مەزهەب، ئەوە دەبێت هەرێم سوود وەربگرێت لەو هەڵانەی کە هەریەک لە وڵاتەکانی بەحرێن و سعودیە ئەنجامیان داوە دەرهەق بەو هاونیشتمانییانەی کە شیعەمەزهەبن. سیاسەتی پەیڕەکراوی ناوخۆی بەحرێن و سعودیە تا ڕادەیەکی زۆر بێبەشکردنی شیعەمەزهەبەکانی تێدا بووە، بۆ نموونە پۆستە ئیدارییەکانی ناو دامودەزگاکانی دەوڵەت تەرخان کراوە بۆ ئەو هاوڵاتییانەی کە سوننەمەزهەبن، هەر ئەمەش بوو وای کرد کە شیعەمەزهەبەکانی ئەو وڵاتانە هانا ببەن بۆ ئێران و ڕێخۆشکەر بن بۆ دەستێوەردانی ئێران و حیزبوڵڵا لە وڵاتەکەیان. دەبێت ئێمە لە هەرێم ئاگاداری ئەو

خاڵە بزوێنەرە بین کە ڕێگە نەدەین بیری سوننی زاڵ ببێت بەسەرماندا و بمانخاتە ئەو دۆخەی کە هەڵگرانی مەزهەبەکانی تر بخەینە ناو خانەی هاوڵاتییانی گومانلێکراوەوە، هەتا ڕێخۆشکەر نەبین ئەم کوردە شیعانە بەرەو میلیشیا شیعەکان بڕۆن و سۆزی نەتەوایەتییان نەمێنێت.

هەر چەندە ئێستا هێزەکانی پێشمەرگە لە زۆر ناوچە هاوبەشن لەگەڵ میلیشیا شیعەکاندا، بەڵام ئێمە و ئەوان زۆر جیاوازین، نەک لە ڕوانگەی مەزهەبییەوە، بەڵکوو تەنانەت لە ڕووی تێڕوانینیشمانەوە بۆ جەنگی دژی داعش. بۆ نموونە؛ ئەم هێزە چەکدارە شیعانە وەک بزووتنەوەیەکی ڕزگاری نەتەوەیی ناجەنگن، بەڵکوو زیاتر لە چوارچێوەی کۆمەڵێک دەقی ئایینەوە شیکاری و بەهانە بۆ کارەکانیان دەهێننەوە و هەر ئەمەشە کە وایان لێ بکات گوێ نەدەنە یاساکانی جەنگ و یاسا نێودەوڵەتییەکان. بە پێچەوانەی ئەم هێزە شیعانەوە، تێگەیشتن و شیکاریی هەرێمی کوردستان بۆ جەنگی دژ بە داعش لە بەرژەوەندیی نەتەوەییەوە بینا دەکرێت نەک لە سەر پرنسیپی ئایینی یان مەزهەبی.[19]

## دەرەنجام

دەکرێت کات درەنگ بێت باس لە ڕیشەکێشکردنی ئەم هێزە چەکدارانە بکرێت لە عێراقدا، تەنانەت پرۆسەی چەک لێوەرگرتنەوە و تێهەڵکێشکردنەوەی ئەم هێزانە بۆ ناو دامەزراوە سەربازی و ئاسایشی و هەواڵگرییەکانی دەوڵەتی عێراق، ئەویش بە یەکێک لە ئالەنگارییە گەورەکان و مەترسییەکان دابنرێت، ئەم هێزانە وەلائیان بۆ وڵاتی ئێرانە و بەشی زۆریان ڕاستەوخۆ و بە ئاشکرا و بەستراونەتەوە بە خودی ڕابەری ئێرانەوە و لە ژێر فەرمانی جەرەناڵی ئێرانی (قائانی) و کۆنسوڵی ئێران لە بەغداد ڕێنمایی و چاودێری دەکرێن و چالاکییەکانیان لە ژێر فەرمانی ئەواندایە. نەک هەر جووڵەی سەربازییان، بەڵکوو ئێستا جومگەکانی ئابووریی عێراق و خاڵە گومرگییەکانیان کۆنترۆڵ کردووە و هەموو مامەڵەیەکی بازرگانی و دارایی لە ناو عێراقدا لە ژێر هەژموونی ئەماندایە و بلاک لیست کردنی بانکە بازرگانییەکان لە لایەن ئەمەریکییەکانەوە باشترین بەڵگەیە لە سەر ئەوەی کە ئەم هێزانە چۆن بە شێوەی فەرمی و لە بەر چاو حکومەتی عێراقی دەیەها ملیۆن دۆلار دەخەنە خزمەتی هەژموونی سیاسەتی فراوانخوازیی ئێرانی و قووڵکردنەوە هەژموونی ئێران و شیعەگەری لە عێراقدا.

## سەرچاوەکان و پەراوێزەکان

1 Brancati, Dawn. (2005). “Can Federalism Stabilize Iraq?” Washington Quarterly, Vol. 28, Issue 2. P:7
2 Wehrey, Frederic and Ahram, Ariel (2014). “The National Guard in Iraq: A Risky Strategy to Combat the Islamic State”. Carnegie Endowment for International Peace.
3 National Security Strategy 2015
https://obamawhitehouse.archives.gov/sites/default/files/docs/2015_national_security_strategy_2.pdf
4 Ibid.
5 Walt, Stephen. (2014) “Do No (More) Harm” http://foreignpolicy.com/2014/08/07/do-no-more-harm/
6 Ahram, Ariel. (2011). “Proxy Warriors: The Rise and Fall of State-Sponsored Militias”. Stanford University Press. P: 3-4
7 Tripp, Charles. (2007). “A History of Iraq”. Cambridge University Press; 3rd Edition. P: 30-91
8 Juan, Cole. (2014) “Top 10 Mistakes of former Iraq PM Nouri al-Maliki (That Ruined his Country)” http://www.juancole.com/2014/08/mistakes-maliki-country.html
9 Ibid.
10 Institute for Economics and Peace, (2013). P: 5-8
11 Domínguez, Jorge I. & Shifter, Michael. (2013). “Constructing Democratic Governance in Latin America”. Johns Hopkins University Press; fourth edition. P: 341-345
12 Carey, Sabine C., Mitchell, Neil J. & Lowe, Will. (2013). “States, the Security Sector, and the Monopoly of Violence: A New Database on Pro-Government Militias. Journal of Peace Research. P: 4-6
13 Ibid.
14 Morlino, Leonardo. (2008). ” Hybrid Regimes or Regimes in Transition?”. Working Paper, FRIDE publication. P: 3
١٥ أمين، بن مسعود (٢٠١٥)، عن «الدول الهجينة» في العالم العربي، العرب، السنة ٣٧ العدد ٩٩٢٩.
http://www.alarab.co.uk/m/?id=53177
16 Balcells, Laia. (2012). Book Review ” Ariel Ahram: Proxy Warriors: The Rise and Fall of State-Sponsored Militias (Stanford, CA: Stanford University Press, 2011); Timothy D. Sisk: International Mediation in Civil Wars: Bargaining with Bullets (Abingdon: Routledge, 2009); Amalendu Misra: Politics of Civil Wars: Conflict, Intervention, and Resolution (Abingdon: Routledge, 2008). P: 405-411.
17 Carey, Sabine C., Mitchell, Neil J. & Lowe, Will. (2013). “States, the Security Sector, and the Monopoly of Violence: A New Database on Pro-Government Militias. Journal of Peace Research. P: 4-5
18 Simons, Jake. (2016) “EXCLUSIVE: Leaked intelligence reveals that Iran is running a covert war in Syria from top secret HQ near Damascus airport codenamed ‘The Glasshouse’
http://www.dailymail.co.uk/news/article-3718583/Leaked-intelligence-dossier-reveals-location-secret-Iranian-spymasters-HQ-Syria-codenamed-GLASSHOUSE-Iran-fighters-ground-Assad.html
19 Vatanka, Alex and Shamsulddin, Sarkawt. (2015) “Forget ISIS: Shia Militias Are the Real Threat to Kurdistan” https://nationalinterest.org/feature/forget-isis-shia-militias-are-the-real-threat-kurdistan-11982?nopaging=1

# ئایندەی «بکەرە نادەوڵەتە چەکدارەکان» لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا



زانا کەریم/ خوێندکاری دکتۆرا لە زانکۆی سلێمانی

**بەرایی**

ڕەوتی ئەو ڕووداوە جیهانی و هەرێمییانەی لە کۆتا دەیەی سەدەی ڕابردووەوە پێش هاتن و لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکیشدا خێراتر بوون، هاوکات لەگەڵ فشەڵی و شکستخواردوویی دەوڵەتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا کەشێکی لەباریان ڕەخساند بۆ دەرکەوتن و ئامادەگی زیاتر و هەڵکشانی ڕۆڵی «بکەرە نادەوڵەتەکان» بە گشتی و «بکەرە نادەوڵەتە چەکدارەکان» (Armed Non-state Actors) بە تایبەتی، دواتریش سەرهەڵدانەکانی بەهاری عەرەبی و لێکەوتە ناوخۆیی و ناوچەییەکانی؛ کارایی و ئامادەگیی ئەم جۆرە بکەرانەی لە ناوچەکەدا زیاتر کرد و بوون بە ژمارەیەکی لەبەرچاوگیراو لە هاوکێشە سیاسی و ئاسایشییەکانی ناوچەکەدا.

لە ئێستادا ئەم جۆرە بکەرانە ئامادەییان هەیە و خاوەنی ڕۆڵ و کاریگەرین، بەڵام قەبارە و قەوارەیان جێبەخۆگرتوو نییە و لە هەڵکشان و داکشانێکی بەردەوامدان، هەروەها ئاشکرا نییە کە چارەنووسیان بە چ ئاقارێکدا گوزەر دەکات و ئایندەیان بە کوێ دەگات. لە سای ئەم ڕاستینەیەدا، پرسیارکردن لە ئایندەی ئەم جۆرە بکەرانە ڕەوایەتی وەردەگرێت، بۆیە تاوتوێکردنی ئایندەیان دەبێتە گیروگاز (Problem)ی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە کە نیشانەی پرسیاری لە سەر دادەنێین. بۆ ئەم مەبەستەش، هەوڵ دەدەین میتۆدی سیناریۆ وەک دەستاوێژێکی بیردۆزی بەکار بهێنین و گریمانەی سێ سیناریۆ بۆ ئایندەی ئەم جۆرە بکەرانە بکەین. لە لایەکی ترەوە هەندێک جۆری «بکەری نادەوڵەتیی چەکدار» ئامادەییەکی جیهانییان هەیە و مەودای کاریشیان، وەک ڕێکخراوی قاعیدە، مەودایەکی جیهانییە، بەڵام ئێمە جوغزی شوێنەکیی (الإطار المكاني) توێژینەوەکەمان لە چوارچێوەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا کورت دەکەینەوە. ئەمەش وێڕای ئەو ڕاستییەی کە وەک کورد بەشێکین لە داینامیکیی هاوکێشە و کارلێکەکانی ناوچەکە. لەو پێشگریمانەیەشەوە سەرچاوە دەگرێت کە پێمان وایە پەیوەندییەکی ڕاستەوانە لە نێوان فشەڵی و شکستخواردوویی دەوڵەتی نەتەوەیی و هەڵکشانی ڕۆڵی ئەم جۆرە بکەرانەدا هەیە. بە واتایەکی تر: هەتا ڕادەی فشەڵی و شکستی دەوڵەت زیاتر بێت، ئەگەری هەڵکشان و ئامادەگیی ئەم جۆرە بکەرانە زیاتر دەبێت و بە پێچەوانەشەوە هەتا ڕادەی فشەڵی و شکستی دەوڵەت کەمتر بێت، ئەگەری ئامادەگیی ئەم جۆرە بکەرانەش لاوازتر دەبێت. کاتێک چاو بە ڕیزبەندی و نیشاندەرەکانی دەوڵەتی فشەڵ و شکستخواردوودا دەخشێنین، دەوڵەتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست پشکی شێریان لەم ڕووەوە بەر دەکەوێت. کەواتە سنووری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لەم وتارەدا هەموو ئەو پانتاییە جوگرافییە لەخۆ دەگرێت کە لە وڵاتی مەغریبی عەرەبییەوە دەست پێ دەکات و تا سنووری ئەفغانستان و پاکستان درێژ دەبێتەوە.

### ١. بکەرە نادەوڵەتە چەکدارەکان

لە ئەدەبیاتی سیاسیدا چەندین زاراوە بۆ ناولێنانی ئەم جۆرە «بکەرە نادەوڵەتانە» بەکار دەهێنرێت، وەک: بکەرە نادەوڵەتە توندوتیژەکان (Violent Non-State Actors)، بکەرە نادەوڵەتە سەربازییەکان (Military Non-State Actors)، ڕێکخراوە چەکدارە نامەشروعەکان (التنظيمات المسلحة غير المشروعة)، کۆمەڵە تیرۆرستییەکان (Terrorist Groups)، بکەرە ئایینییەکان، بکەرە خاوەن شوناسە

جیاوازەکان (Identity Actors)، میلیشیا چەکدارەکان (Armed Militants)، ڕێکخراوە نانیزامییە چەکدارەکان (التنظیمات المسلحة غیر النظامیة)، ڕێکخراوە نادەوڵەتە چەکدارەکان (التنظیمات المسلحة من غیر الدول)... هتد. هەریەکێک لەم زاراوانەش، وەک هەر زاراوەیەکی تری کایەی سیاسەت، گیروگازی خۆی هەیە، چونکە ڕەنگدانەوەی بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانن و گوزارشت لەو گۆشەنیگایە دەکەن کە توێژەران لێیەوە لە پرسەکە دەڕوانن. لە ناو ئەم زاراوە و ناولێنانانەدا، ئێمە زاراوەی «بکەرە نادەوڵەتە چەکدارەکان» (Armed Non-State Actors) بەکار دەهێنین، چونکە پێمان وایە هەم ناولێنانێکی بابەتیانەترە و هەمیش سەراپاگیرانەتر و گشتگیرترە بەراورد بە زاراوەکانی تر.

### ٢-١. پێناسە

سەبارەت بە پێناسەی چەمکی بکەرە نادەوڵەتە چەکدارەکان، بە هۆی جۆراوجۆری و فرەیی و هەبوونی جیاوازیی زۆر لە نێوانیاندا، هەروەها بەکارهێنانی میتۆد و گۆشەنیگای جیاواز بۆ نزیکبوونەوە و ڕوانین لە بابەتەکە، ناتوانین تاقانە پێناسەیەکی گشتگیر و بیانووبڕ بۆ چەمکەکە بدۆزینەوە، بەڵام دەرهەق بەم دەرفەتە و بە خوێندنەوەی ئەو ئەدەبیاتەی لەم ڕووەوە لە بەر دەستدایە، دەکرێت بە سادەیی و بەم شێوەیەی خوارەوە پێناسەی «بکەرە نادەوڵەتە چەکدارەکان» بکەین:

هەموو ئەو قەوارە چەکدارییانە لەخۆ دەگرێت کە لە دەرەوەی دەزگا فەرمییەکانی دەوڵەت، توندوتیژی وەک ئامرازێک بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان بەکار دەهێنن[١].

### ٢-٢. تایبەتمەندی

لە سۆنگەی ئەو پێناسەیەوە کە لە سەرەوە خستمانە ڕوو، دەکرێت گرنگترین تایبەتمەندییەکانی بکەرە نادەوڵەتە چەکدارەکان بەم شێوەیە دەستنیشان بکەین[٢]:

یەک: ڕێکخستن: خاوەنی بونیاد یاخود پەیکەرێکی ڕێکخستنن، ئەم پەیکەرەش هەندێک جار شێوازی پلەبەندی (Hierarchic) یاخود تۆڕاسایە (الشبكي)، یاخود تێکەڵەیەکە لە هەردووکیان، ئەم ڕێکخستنە سەرکردایەتی و ناوێکی دیاریکراویشی هەیە.

دوو: کارکردن لە دەرەوەی دەزگا فەرمییەکانی دەوڵەت: ئەم جۆرە بکەرانە بەشێک نین لە دەزگا فەرمییەکانی دەوڵەت کە پەیوەندیدارن بە ئاسایش و بەرگری، وەک: پۆلیس و سوپا.

سێ: بەکارهێنانی توندوتیژی بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان: ئەم بکەرانە توندوتیژی و هێزی چەکدار وەک دەستاوێژێک بەکار دەهێنن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان.

چوار: سەربەخۆیی (الإستقلالیة): ئەم جۆرە بکەرانە خاوەنی سەربەخۆییەکی ڕێژەیین، چ لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتیاندا، چ لە سەرچاوەی دارایی و خۆبژێوییاندا.

### ٢-٣. پۆلبەندی

دۆزینەوەی بنەمایەکی هاوبەش بۆ پۆلێنکردنی «بکەرە نادەوڵەتە چەکدارەکان»، بە جۆرێک هەموو پۆلە جیاوازەکانی ئەم جۆرە بکەرانە لەخۆ بگرێت، ئەستەمە و تا ڕادەیەکیش کارێکی نەکردەیە. توێژەران چەندین بنەمای جۆراوجۆر و بەیەکداچوویان لە پۆلێنکردنی ئەم جۆرە بکەرانەدا بەکار هێناوە: هەندێکیان لە سەر بنەمای ئایدۆلۆژیا و هەندێکی تریشیان لە سەر بنەمای ئامانج، یاخود سەرچاوەی دارایی، یاخود پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتدا، یاخود توانای سەربازی، یاخود ئەو ڕووبەرە جوگرافییەی بکەرە نادەوڵەتە چەکدارەکان دەستیان بەسەردا گرتووە، یاخود سنووری چالاکی، پۆلێنیان دەکەن. هەریەکێک لەم بنەما و پێوەرانە گرفت و کێماسیی خۆی هەیە، بۆیە زۆرێک لە توێژەران لە جیاتیی ئەمە، پەنا دەبەنە بەر جۆرێک لە دەستەبەندی (Grouping) و چەند جۆرێکی «بکەرە نادەوڵەتە چەکدارەکان» لە یەکتری جیا دەکەنەوە و لەم ڕووەوە هەریەک لەم بکەرانە وەک بکەری نادەوڵەتیی چەکدار لەقەڵەم دەدەن: بزووتنەوە چەکدارییە ڕزگاریخوازەکان، میرەکانی جەنگ، میلیشیاکان، یاخیبووان، کۆمەڵەکانی تاوانی ڕێکخراو، بزووتنەوە جیهادییەکان، کۆمەڵە تیرۆرستییەکان، کۆمپانیا تایبەتەکانی بواری ئاسایش و پارێزگاری... هتد. بە ڕەچاوکردنی ئەم ڕاستییانەی سەرەوە، دەکرێت چەند جۆرێکی پۆلبەندییەکان، وەک نموونە، لە یەکدی جیا بکەینەوە، وەک لە خشتەی ژمارە (١)ی خوارەوەدا ڕوون کراوەتەوە:

## خشتەی ژمارە (١)

### پۆلێنکردنی بکەرە نادەوڵەتە چەکدارەکان بە گوێرەی چەند توێژەرێکی جیاواز

| توێژەر | ئەرسەل ئایدنلی (Ersel Aydinli) | ئولریش شنێکنەر (Ulrich Schneckener) | فیل ویلیامز (Phil Williams) | کلێژا مولاژ (Klejda Mulaj) | تاتیانا ژیدکۆڤا (Tatiana Zhidkova) | ئەران زۆهار (Eran Zohar) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| پۆلبەندی بکەرە نادەوڵەتە چەکدارەکان | یاخیبووان (Insurgents) | یاخیبووان یان شەڕڤانە پارتیزانەکان (Rebels or Guerrilla Fighters) | میرەکانی جەنگ (Warlords) | بزووتنەوە ئازادیخوازە نەتەوەییەکان (National Liberations Movements) | بزووتنەوە ئازادیخوازە نەتەوەییەکان (National Liberations Movements) | بکەرە نادەوڵەتە جوداخوازەکان (Secessionist NSAs) |
| | کۆمەڵە خۆجێییە چەکدارەکانی تر (Other Domestic Militant Groups) | میلیشیاکان، یان دامەزراوە سەربازییە تەریبەکان (Militias or Paramilitaries) | میلیشیاکان (Militias) | کۆمەڵە پارتیزانە یاخییەکان (Insurgent Guerilla Groups) | کۆمەڵە پارتیزانە یاخییەکان (Insurgent Guerilla Groups) | بکەرە نادەوڵەتە شۆڕشگێڕە کۆمەڵایەتییەکان (Social Revolutionary NSAs) |
| | میرەکانی جەنگ/دەستە و تاقمەکانی شار (Warlords/Urban Gangs) | کەسە دەسترۆشتووەکان، یان سەرۆکهۆزەکان (Clan Chiefs or Big Men) | هێزە سەربازییە تەریبەکان (Paramilitary Forces) | کۆمەڵە تیرۆرستییەکان (Terrorist Groups) | میرەکانی جەنگ (Warlords) | بکەرە نادەوڵەتە رەگەز-بنەماکان (Ethnic-based NSAs) |
| | میلیشیا/تایبەتەکان/کۆمپانیا سەربازییەکان (Private Militias/) | میرەکانی جەنگ (Warlords) | یاخیبووان (Insurgencies) | ئەو میلیشیایانەی هێزی چەکداریی نانیزامی پێک دەهێنن (Militants) | کۆمەڵە تیرۆرستییەکان (Terrorist Groups) | بکەرە نادەوڵەتە شۆڕشگێڕە جیهانییەکان (Global Revolutionary NSAs) |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | Military (Companies | | | Made Up of Irregular Armed (Forces | | |
| | تیرۆرستان (Terrorists) | تیرۆرستان (Terrorists) | ڕێکخراوە تیرۆرستییەکان Terrorist ) (Organizations | میلیشیا بەکرێگیراوەکان Mercenary ) (Militias | هێزە چەکدارە نانیزامییەکان Irregular ) (Armed Forces | |
| | ڕێکخراوە تاوانکارەکان Criminal ) Organizations ( | تاوانکاران (Criminals) | ڕێکخراوە تاوانکارەکان و دەستەوتاقمی گەنجان Criminal ) Organization s and Youth Gangs( | | ڕێکخراوە تاوانکارە سنووربڕەکان Transnational) Criminal (organizations | |
| | | بەکرێگیراوان و کۆمپانیا تایبەتە ئاسایشییەکان Mercenaries ) and Private Security (Companies | | | کۆمەڵە پارتیزانە یاخییەکان Insurgent ) Guerilla (Groups | |
| | | تاڵانچییان (Marauders) | | | | |

سەرچاوە: حسنين توفيق إبراهيم، «الفاعلون المسلحون من غير الدول في العالم العربي: تحديات راهنة وآفاق مستقبلية»، كراسات إستراتيجية ٢٩٩ (أبريل/٢٠١٩)، ص١٣.

## ٢-٤. پۆلێنی بکەرە نادەوڵەتە چەکدارەکان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا

سەبارەت بە جۆر و پۆلی ئەو «بکەرە نادەوڵەتە چەکدار»انەی کە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا ئامادەییان هەیە و چالاکی دەنوێنن، دەکرێت بە چەندین شێواز پۆلێنیان بکەین. ئەگەر پەنا ببەینە بەر دەستنیشانکردنی جۆرە جیاوازەکانی «بکەرە نادەوڵەتە چەکدارەکان»، وەک ئەوەی هەندێک توێژەر ئەنجامی دەدەن، دەکرێت هەریەکە لەم بکەرانەی خوارەوە وەک دیارترین بکەری نادەوڵەتیی چەکدار بناسێنین: یەکینەکانی پاراستنی گەل، باسکی چەکداریی کۆما جڤاکێن کوردستانێ (KCK)، بزووتنەوەی حەماسی فەڵەستینی، حیزبوڵای لوبنانی، حوسییەکانی یەمەن، حەشدی شەعبی، چەتە دەریاییەکانی سۆماڵ، کۆمەڵە چەکدارییەکان لە سووریا و لیبیا (وەک: هيئة تحرير الشام... هتد)، ڕێکخراوی قاعیدە، دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)، کۆمپانیا تایبەتەکانی بواری ئاسایش (وەک: ڤاگنەر، بلاک ووتەر)... هتد.

لە لایەکی ترەوە، ئەگەر هەوڵ بدەین لە سەر بنەما یاخود پێوەرێک پۆلبەندیی ئەم جۆرە بکەرانە بکەین، دەکرێت چەندین پۆلبەندیی جۆراوجۆر ئەنجام بدەین و ئەم جۆراوجۆرییەش شان لە سەر ئەو پێوەر یاخود بنەمایە دادەدات کە لە پۆلێنکردنەکەدا ڕەچاو دەکرێت. بۆ نموونە؛ ئەگەر سنووری چالاکی بکەین بە بنەمای پۆلێنکردن، ئەوا دەتوانین دوو جۆر لە یەکتری جیا بکەینەوە: «بکەری خۆجێیی» و «بکەری سنووربڕ». بکەری خۆجێیی واتە ئەو بکەرانەی سنووری چالاکییان لە ناوخۆی یەک دەوڵەتدا قەتیس ماوە، وەک یەکینەکانی پاراستنی گەل لە ڕۆژئاوای کوردستان. بکەری سنووربڕیش ئەو بکەرانەی کە مەودای چالاکییان سنووری چەند دەوڵەتێک دەبڕێت، وەک ڕێکخراوی قاعیدە و داعش. هەروەها لە سەر بنەمای ئامانجی بکەرەکە، دەکرێت باس لە دوو پۆلی ئەم جۆرە بکەرانە بکەین: ئەو بکەرانەی ئامانجیان گۆڕینی باری ئارایە، وەک بزووتنەوە چەکدارییە ڕزگاریخوازییەکانی کورد و بزووتنەوەی حەماسی فەڵەستینی و ئەو بکەرانەی ئامانجیان هێشتنەوەی باری ئارایە، وەک ئەو دەستە میلیشیاییانەی بەرگری لە پاراستنی ڕژێمی سووریا دەکەن. ئەگەر ڕەوایەتییش (الشرعية) بکەین بە بنەمای پۆلێنکردن، دیسان دەتوانین دوو جۆر دەستنیشان بکەین: بکەرە خاوەن ڕەوایەتییەکان، واتە ئەو بکەرانەی بەرگری لە پرسێکی ڕەوا دەکەن و لە پێناویدا دەجەنگن، وەک باڵی سەربازیی کۆما جڤاکێن کوردستانێ (کەجەکە) و ئەو بکەرانەی کە خاوەنی ڕەوایەتی نین، وەک دەستەوتاقمەکانی تاوانی ڕێکخراو و کۆمەڵە تیرۆرستییەکان.

### ٣. ئاینده‌ی بکه‌ره ناده‌وڵه‌ته چه‌کداره‌کان

دوای ئه‌وه‌ی زانیمان مه‌به‌ست له «بکه‌ره ناده‌وڵه‌ته چه‌کداره‌کان» چییه و جۆر و پۆله‌کانی کامانه‌ن، له‌م ته‌وه‌ره‌یه‌دا هه‌وڵ ده‌ده‌ین به به‌کارهێنانی میتۆدی سیناریۆ خوێندنه‌وه‌یه‌ک بۆ ئاینده‌ی ئه‌م جۆره بکه‌رانه له ناوچه‌که‌دا بکه‌ین.

میتۆدی سیناریۆ له بنه‌ڕه‌تدا سه‌ر به کایه‌ی هونه‌ره و دواتر په‌ڕیوه‌ته‌وه ناو کایه جیاوازه‌کانی زانست و له ئێستاشدا یه‌کێکه له میتۆده‌کانی کایه‌ی ئاینده‌ناسی. ئه‌رکی ئه‌م میتۆده دۆزینه‌وه‌ی ئه‌و ئه‌گه‌ره ئاینده‌ییانه‌یه که له هه‌ناوی ڕووداوه‌کاندا خۆیان مه‌ڵاس داوه، هه‌روه‌ها پێشبینیکردنی ئاڕاسته‌ی ڕووداوه‌کان و ده‌ره‌نجامی کارلێکه‌کانه. ئه‌م میتۆده به سوودوه‌رگرتن له پێدراوه‌کانی ئێستا و پاڵپشت به ئه‌نجامگیرییه‌کی عه‌قڵانی، وێنای ئه‌و ڕه‌وشه‌مان بۆ ده‌کات که ڕه‌نگه له ئاینده‌دا چێ ببێت، هه‌روه‌ها ڕواڵه‌تی ئه‌و ڕێڕه‌و یاخود ڕێڕه‌وانه‌مان بۆ ڕوون ده‌کاته‌وه که سه‌ر ده‌کێشن بۆ ڕه‌وشێکی دیاریکراوی ئاینده‌یی[٣].

هه‌ر له‌م ڕووه‌وه و په‌یوه‌ست به خوێندنه‌وه‌ی ئاینده‌ییانه، سێره‌گرتن له سه‌ر ئه‌و هۆکارانه‌ی که بوونه‌ته هۆکاری هه‌ڵکشان و ئاماده‌گی زیاتری ئه‌م جۆره بکه‌رانه، یارمه‌تیده‌رێکی باش ده‌بێت بۆ پێشبینیکردنی ئاینده‌یان. به بۆچوونی ئێمه، سێ هۆکاری سه‌ره‌کی ڕۆڵیان هه‌یه له ئاماده‌گیی ئه‌م جۆره بکه‌رانه‌دا:

**یه‌ک**: پێشکه‌وتنه‌کانی بواری گه‌یاندن و ته‌کنه‌لۆژیای زانیاری بووه‌ته هۆی پژانی هێز، به جۆرێک ئه‌م جۆره بکه‌رانه‌ش پشکی خۆیان له هێز بچڕیوه و بایی ئه‌وه‌نده هێزیان وه‌ده‌ست خستووه که له چه‌ند به‌ستێن و پرسێکدا ئاماده‌گیی و کاریگه‌رییان هه‌بێت.

**دوو**: فشه‌ڵی و شکستخواردوویی ده‌وڵه‌تانی ناوچه‌که، بواری ڕه‌خساندووه ئه‌م جۆره بکه‌رانه هه‌م ده‌ستیان به سه‌رچاوه‌ی بژێوی (وه‌ک چه‌ک و پاره) بگات، هه‌میش ڕه‌وایه‌تییه‌کی خۆجێیی به‌ده‌ست بهێنن.

**سێ**: سیستمی نێوده‌وڵه‌تی سروشتێکی پاشاگه‌ردانییانه (Anarchic)ی هه‌یه. پاشاگه‌ردانی له‌م به‌ستێنه‌دا به واتای نه‌بوونی ده‌سه‌ڵات یاخود حکومه‌تێکی باڵای جیهانی دێت، که په‌نای بۆ ببرێت بۆ یه‌کلاییکردنه‌وه‌ی ناکۆکی و ململانێکان. ئه‌مه وا ده‌کات ئه‌م جۆره بکه‌رانه ده‌رفه‌تی لڤین و جموجووڵیان فراوانتر بێت و ده‌وڵه‌تانی تریش له پێناو به‌رژه‌وه‌ندی و ململانێی خۆیاندا مامه‌ڵه‌یان له‌گه‌ڵدا بکه‌ن و هه‌ندێک جار وه‌ک ده‌ستکه‌لا به‌کاریان بهێنن.

له‌یه‌کدانی ئه‌م سێ هۆکاره و یه‌کتربڕینیان له خاڵێکدا، که ده‌توانین ناوی بنێین خاڵی «ڕه‌وایه‌تی»، زه‌مینه‌ی ئاماده‌گی و هه‌ڵکشانی بکه‌ره ناده‌وڵه‌ته چه‌کداره‌کانی ڕه‌خساندووه.

ڕەوایەتی (الشرعیة)، جا چ ڕەوایەتیی خۆجێیی بێت یان ڕەوایەتیی نێودەوڵەتی، ڕۆڵێکی گەورە و گرنگی هەیە لە ڕەنگڕێژکردنی ئایندەی بکەرە نادەوڵەتە چەکدارەکاندا[٤]. شکستی دەوڵەتانی ناوچەکە لە دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان و کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی توندوتیژیدا، دەرفەتی ڕەخساندووە ئەم جۆرە «بکەرە نادەوڵەتە چەکدارانە» بۆشاییەکە پڕ بکەنەوە و چیرۆکی ڕەوایەتیی خۆیان بهۆننەوە. هەروەها دیوێکی تری شکستی دەوڵەتان، پارچەپارچەبوونی سەروەریی دەرەکی و نەبوونی توانای نوێنەرایەتیکردنێکی تۆکمەیە لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی، ئەمەش جۆگەلەی دووەمە کە ئاو بە ئاشی ڕەوایەتی و هەڵسووڕانی ئەم جۆرە بکەرانەدا دەکات.

دیوێکی تری ڕەوایەتیوەرگرتنی ئەم جۆرە بکەرانە، پەیوەندیی بە لەقبوونی ئەو بەها جیهانییانەوە هەیە، بەتایبەتییش دوای داگیرکردنی ئەفغانستان و عێراق لە سەرەتاکانی ئەم سەدەیەدا کە سیستمی نێودەوڵەتی و هێزە هەڵسووڕێنەرە کاریگەرەکانی ناوی هەڵیانگرتووەتەوە و بەرگریی لێ دەکەن، هەروەها لەقبوونی ئەو بەهایانە، وەک بەرەنجامی مامەڵەی هەڵاوێردکارانەی هێزە نێودەوڵەتییەکان، لەگەڵ لێکەوتەکانی بەهاری عەرەبیدا.

لێرەوە و بە ڕەچاوکردنی ئەو هۆکارانەی کە لە سەرەوە پەیوەست بە هەڵکشانی ڕۆڵ و ئامادەگیی «بکەرە نادەوڵەتە چەکدارەکان» خستمانە ڕوو، هەروەها بە سوودوەرگرتن لە پێدراوەکانی ڕەوشی هەنووکە، لەم تەوەرەیەدا هەوڵ دەدەین ئەو سیناریۆ ئایندەییانە بخەینە ڕوو کە ڕەنگە داهاتووی «بکەرە نادەوڵەتە چەکدارەکان» لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا وێنا بکات. لەم ڕووەوە و پاڵپشت بە بەڵگەهێنانەوەیەکی عەقڵی (Reasoning)، دەکرێت وێنای سێ سیناریۆی ئایندەیی بۆ پاشەڕۆژی ئەم جۆرە بکەرانە بکێشین:

### ٣-١. پووکانەوە

بە سەرنجدان لە ڕەوتی گەشە و هەڵکشانی هەندێک لە «بکەرە نادەوڵەتە چەکدارەکان»، دەکرێت پێشبینیی ئەوە بکرێت کە وا ئایندەیان ڕوو لە پووکانەوەیە و سووڕی ژیانیان بەرەو کۆتایی دەڕوات. نیشتنەوەی شەپۆلی نائارامی و ئاڵۆزییە ناوخۆیی و هەرێمییەکان، خەریکە وردە وردە سەر دەکێشێت بۆ ژیانەوەی دەوڵەتانی ناوچەکە و لە سەر پێی خۆ وەستانەوەیان، ئەم «گەڕانەوەیەی دەوڵەتان[٥]» لە لایەکەوە تەرازووی هێز لە بەرژەوەندیی دەوڵەتان و بە زیانی نادەوڵەتان لاسەنگ دەکات، لە لایەکی تریشەوە ژینگەی خۆجێیی و زەمینەی لەباری ناوخۆیی بۆ مانەوە و بەردەوامیی ئەم بکەرانە ناهێڵێت، چونکە ئەم بەهێزبوونەوەیەی دەوڵەت هەم سەرچاوەکانی هێز و بەردەوامییان وشک دەکات، هەم پایەکانی ڕەوایەتییان لەق دەکات. خاڵێکی تر، نەبوونی ڕەوایەتیی نێودەوڵەتییە بە هۆی

دانەدواوە و دژایەتیکردنی ئەو بەهایانەی کە سیستمی نێودەوڵەتی هەڵگریەتی لە لایەن پۆلێک لە بکەرە نادەوڵەتە چەکدارەکانەوە، ئەمەش وا دەکات لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی نیمچەکۆدەنگییەک بۆ دژایەتیکردن و کۆتاییپێهێنانیان دروست ببێت.

کەواتە دەکرێت بڵێین: ئایندەی پۆلێک لە بکەرە نادەوڵەتە چەکدارەکان پووکانەوە و سەرەولێژبوونەوەیە، یان ڕەنگە ڕۆڵ و ئامادەگییان تا نزیک لە سفر بڕوات. دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) و ڕێکخراوی قاعیدە بە لقوپۆپەکانیەوە و کۆمپانیا تایبەتەکانی بواری ئاسایش و سەربازی و میلیشیا تایفییەکان و دەستکەلاکان (الوکلاء) و کۆمەڵەکانی تاوانی ڕێکخراو و هاوپۆلەکانیان بەرەو ئەم ئایندەیە هەنگاو دەنێن.

### ٣-٢. مانەوە

پۆلێکی تر لە «بکەرە نادەوڵەتە چەکدارەکان» دەکرێت پێشبینیی ئەوە بکرێت لە ئایندەشدا بمێننەوە و بەردەوامی بە لقین و ئامادەگییان بدەن لە هاوکێشە و کارلێکە ناوچەیی و ناوخۆییەکاندا. ئەم جۆرە بکەرانە ئەو جۆرەن کە ڕیشەیەکی مێژوویی دوورودرێژیان هەیە و نوێنەرایەتیی پرسێک دەکەن کە هێشتاش ڕەوایەتیی هەیە. ئەم دوو هۆکارە وای کردووە ئەم جۆرە بکەرانە ببن بە ئەمری واقیع و وەک دیفاکتۆیەک مامەڵەشیان لەگەڵدا بکرێت.

پەیوەست بەم سیناریۆیە، پێویستە ئەوەش بڵێین کە مانەوە و ئامادەگیی ئەم پۆلەی «بکەرە نادەوڵەتە چەکدارەکان»یش دەکەوێتە بن کاریگەریی گەڕانەوەی دەوڵەت و بەهێزبوونەوەی، بۆیە لە ئایندەدا کاریگەری و ئامادەگییان ڕوو لە کزی دەکات و وەک ئێستا و پێشووتر نامێنێتەوە. دەکرێت بزووتنەوە چەکدارییە ڕزگاریخوازەکانی کورد و فەڵەستینییەکان و هاوشێوەکانیان لەم جۆرە بکەرانە هەژمار بکرێن.

هۆکارێکی تر کە باندۆری لە سەر ئەم پۆلەی بکەرە نادەوڵەتە چەکدارەکان هەیە، گۆڕانکارییە لە جەمسەربەندی و دابەشبوونی هێز لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی. هەموو گۆڕانکارییەک لەم ڕووەوە ئەو بەها و بەرژەوەندییانەش دەگۆڕێت کە زلهێزەکان بەرگریی لێ دەکەن، لەگەڵیشیدا مامەڵە و کارلێکیان لەگەڵ ئەم بکەرانەدا دەگۆڕێت، چونکە ئەم پۆلەی بکەرە نادەوڵەتە چەکدارەکان بە پێی ئەو بەها جیهانییانەی کە لە ئێستادا بەرکارن، خاوەنی ڕەوایەتییەکی سنووردار و دیفاکتۆن، هەر گۆڕانکارییەک لەم ڕووەوە کاریگەریی لە سەر ڕەوایەتیی ئەم بکەرانە و هەڵکشان و داکشانی ئامادەگییان هەیە.

## ٣-٣. ئامێزانبوون

پۆلێکی تر لە «بکەرە نادەوڵەتە چەکدارەکان» بەرەو ئەوە هەنگاو دەنێن کە ئامێزانی دەزگا سەربازییەکانی دەوڵەتان ببن و ببنە بەشێک لە پێکهاتە و پەیکەری هێزە چەکدارە فەرمییەکانی دەوڵەت. ئەزموونی سازدانی میللی (الحشد الشعبي) لە عێراق، لەم ڕووەوە دەکرێت مۆدێلێک بێت و چارەنووسی هەندێک بکەری تریشی لە سایەدا بخوێنرێتەوە.

هەروەها هەندێک جۆری تری بکەری نادەوڵەتیی چەکدار بەرەو ئەوە هەنگاو دەنێن کە وا ببنە بکەری دوو -پەژم، یاخود دوو- توخم (هجين - Hybrid). «بکەری دووپەژم» بکەرێکە کە چەندین ناسنامە و ڕۆڵی هەیە، نە بە تەواوی دەبێت بە دەوڵەت و نە بکەرێکی نادەوڵەتی تەواویش دەمێنێتەوە، ئەم بکەرانە لە ناوچەیەکی «خۆڵەمێشی»دان لە نێوان هەردوو جۆرە بکەرەکەدا (دەوڵەت و نادەوڵەت). «بکەری دووپەژم» خاوەنی سەربەخۆییەکی ڕێژەییە، بەشێکە لە دامودەزگا فەرمییەکانی دەوڵەت و هاوکات تەریبیشە لەگەڵیاندا، لە کاتێکدا نوێنەری لە ناو دامەزراوە سیاسی و ئاسایشییەکانی دەوڵەتدا هەیە، کەچی وەک بکەرێکی نادەوڵەت دەستبەرداری سەربەخۆیی پەیکەر و سەرچاوە و سیاسەتەکانی خۆی نابێت و زۆر جاریش هەوڵی گۆڕینی سیاسەتەکانی دەوڵەت دەدات، بە جۆرێک لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیدا بگونجێت.

ئەوەی وا دەکات ئەم سیناریۆیە سیناریۆیەکی شیمانەکراو بێت و ئەگەری دووبارەبوونەوەشی وەک مۆدێلێک لە دەوڵەتانی تری ناوچەکەدا هەبێت، ئەو لێکەوتە ئەرێنییانەیە کە بۆ هەردوو لا، واتە هەم بۆ دەوڵەتەکە و هەم بۆ نادەوڵەتەکە هەیەتی. سەبارەت بە دەوڵەت، لە بەر ئەوەی هەندێک دەوڵەت بەدەست قەیران و تەنگژەی درێژخایەنەوە دەناڵێنن و تووشی لاوازییەکی بونیادی هاتوون، ئەم ڕەوشە بژاردەیەکی کەم تێچووە (أقل تكلفة). سەبارەت بە نادەوڵەتیش، ئەم ڕەوشە ئازادییەکی زیاتری لڤین و سەرکێشی بۆ فەراهەم دەکات، سوود لە سەرچاوە و داهاتەکانی دەوڵەت وەردەگرێت و لە هەمان کاتدا وەک قەوارەیەکی نیمچەسەربەخۆ و تەریب بە دەوڵەتیش دەمێنێتەوە. حیزبوڵا لە لوبنان، بزووتنەوەی خۆڕاگری ئیسلامی (حەماس) لە ناوچەکانی فەڵەستین و بزووتنەوەی ئەنسارولڵا (گرووپی حوسییەکان) لە یەمەن، حاڵەتی تایبەتی ئەم ڕێکخراوانەن[٦].

## دەرئەنجام

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا و وەک ئەنجامگیرییەک، کاتێک باس لە ئاییندەی بکەرە نادەوڵەتە چەکدارەکان دەکەین، چەند ڕاستییەک هەیە پێویستە لە پێش چاومان بێت، ئەوانیش:

بوون و قەوارەی «نادەوڵەت» بەراورد بە بوون و قەوارەی «دەوڵەت» ناسەقامگیرتر و فشەڵترە، بۆیە ئەگەری کۆتاییپێهاتن و ئاوابوونی هەمیشە ئەگەرێکی لە سەر ڕێ وەستاو و شیمانەکراوە.

پەیوەندیی نێوان دەوڵەت و نادەوڵەت پەیوەندییەکی پێچەوانەیە، واتە هەتا دەوڵەت بەهێزتر بێت، نادەوڵەت لاوازتر و کاریگەرییەکانیشی کەمتینتر دەبێت.

سیستمی نێودەوڵەتی سیستمێکی داینامیکییە، واتە پڕ لە لڤین و کارلێک و بەریەککەوتنی جۆراوجۆر و دەرهاویشتەی چاوەڕواننەکراوی هەیە. بۆیە هەم دەرکەوتنی بکەری نوێ و هەمیش نەمانی ئەم بکەرانەی ئێستا، ئەگەرێکی چاوەڕوانکراوە.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

١ ئەم پێناسەیە دەرەنجامی کارکردنی خۆمانە لە سەر بابەتی بکەرە نادەوڵەتەکان، هەروەها بە سوودوەرگرتن لە خوێندنەوەی ئەو ئەدەبیاتەی کە لەم بارەیەوە بەردەستە.

٢ د. حسنين توفيق إبراهيم، «الفاعلون المسلحون من غير الدول في العالم العربي: تحديات راهنة وآفاق مستقبلية»، كراسات إستراتيجية ٢٩٩ (أبريل، ٢٠١٩)، ص٨.

٣ بۆ زانیاریی زیاتر لە بارەی چەمک و میتۆدی سیناریۆوە، سەیری ئەم سەرچاوەیە بکە:

نوار جليل هاشم، «تحليل الصراع العربي- الإسرائيلي على المياه بإستخدام منهجية السيناريوهات في الدراسات المستقبلية»، دراسات سياسية، العدد ٢٤ (٢٠١٣)، ص ص٩٠-٩٨.

٤ هەر چەندە هەندێک توێژەر ڕەخنە لە «ڕەوایەتی» دەگرن وەک بنەمایەک بۆ پۆلێنکردن و ڕوانین لە بکەرە نادەوڵەتەکان بە گشتی، بەو بیانووەی کە «ڕەوایەتی» پێوەرێکی بەهاییە نەک زانستی. بەڵام ڕەخنەکان هەر چییەک بن، ناکرێت سەنگ و گرنگیی ئەم پێوەرە لە ئامادەگیی بکەرە نادەوڵەتەکاندا، جا چ چەکدار بن یاخود بێچەک، نادیدە بگرین. لەم ڕووەوە و وەک نموونە دەکرێت باس لە پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) بکەین: تۆمارکردنی پەکەکە لە نێو لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکاندا لە لایەن یەکێتیی ئەورووپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و تورکیاوە، ڕێکخراوەکەی ڕووبەڕووی بارودۆخێکی سەخت کردەوە و یەکێک بوو لەو پاڵنەرە گرنگانەی کە بوو بە هۆکاری گۆڕینی ستراتیژی پەکەکە و بیرکردنەوە لە ڕێگەی نوێ بۆ بەرخۆدان. هەر لە سەر ئەم بنەمایە، ناوی خۆی گۆڕی بۆ کۆنگرەی ئازادی و دیمۆکراسیی کوردستان (کادەک) و ناوی سوپاکەی لە سوپای ئازادی خەڵکی کوردستان (ئەرگەکە)ەوە گۆڕی بۆ هێزەکانی پاراستنی گەل (هەپەگە)، دواتر قەوارەیەکی فراوانتری دروست کرد بە ناوی کۆما کۆمەلێن کوردستانێ (ک. ک. ک.) کە دواجار بوو بە کۆما جڤاکێن کوردستان (کەجەکە). بۆ زانیاریی زیاتر لە بارەی ئەم وەرچەرخانە و هۆکارەکانیەوە، سەیری ئەم سەرچاوەیە بکە:

سیڤان سەعید، وەرچەرخانی بزاوتی ڕزگاریخوازی کوردستان لە پەکەکەوە بۆ کەجەکە، وەرگێڕانی: دارا سوبحان (سلێمانی: ناوەندی غەزەلنووس، ٢٠١٨).

٥ گەڕانەوەی دەوڵەت چەمکێکی ناو ئەدەبیاتی پەیوەست بە بکەرە نادەوڵەتەکانە و مەبەستیش لێی بەهێزبوونەوە و هەڵکشانەوەی ڕۆڵی دەوڵەت و گرتنەدەستی جڵەوی دەستپێشخەرییە لە لایەن دەوڵەتەوە بەرانبەر بە سەرەولێژبوونەوەی ڕۆڵ و ئامادەگیی بکەرە نادەوڵەتەکان.

٦ بۆ زانیاریی زیاتر لە بارەی «بکەرە دووپەژمەکان»ەوە، سەیری ئەم دوو سەرچاوەیە بکە:

زانا كريم نجم، الفاعلون من غير الدول ودورهم في السياسة العالمية: إقليم كوردستان-العراق إنموذجاً (سليمانية: مطبعة كارو، ٢٠٢١)، ص١٤٩.

حسنين توفيق إبراهيم، مصدر سبق ذكره، ص ص١٤-١٦.

# ئایندەی عێراق لە سایەی بەحەشدکردنی ئابوورییەکەیدا



بەڵێن عیزەت میکە

## بەرایی

ئابووریی عێراق بە هۆی ئەوەی ئابوورییەکی پشتبەستووە بە نەوت، زۆرترین هەژموونی سیاسەتی لە سەرە و بەردەوام ئابووری و سیاسەت تێیدا وەکوو دوو تەواوکەری یەکدی خۆیان دەنوێنن و لە زۆر بواردا یەک دەگرنەوە و بەیەکەوە دەبنە وێنەیەکی ڕاستەقینەی جەستەی سیاسیی عێراق. هاوشێوەی وڵاتانی دیکەی مۆڵکانەسێن (ریعی)، لە عێراقیش هێزە چەکدارەکان ڕۆڵێکی گەورەی فرەجۆر دەبینن و لەوە زیاتر پەلیان هاویشتووەتە ناو کایە گشتییەکان کە گرووپێکی چەکدار پێویستی پێیەتی. لە دوای سەرهەڵدانی گرووپی تیرۆرستیی داعش و دەستپێکردنی شەڕی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر، چەندین گرووپی چەکداری دامەزران کە زۆرینەیان لە ڕووی مەزهەبییەوە سەر بە مەزهەبی شیعە و لە ڕووی سیاسییەوە سەر بە ئاراستەی سیاسیی ئەو حزبانە بوون کە بە بەرەی ئێران لەقەڵەم دەدرێن.

زۆربەی ئەم گرووپانە دواجار لە ژێر ناوی حەشدی شەعبیدا کۆ بوونەوە و دواتر بەرگێکی یاساییان بەبەردا کرا و لە ئەنجامدا دەستەی حەشدی شەعبی لێ هاتە ئاراوە کە لە لایەن فالح فەیازەوە سەرۆکایەتی دەکرێت. ئێستا حەشدی شەعبی بێجگە لە چالاکییە سیاسی و سەربازییەکانی، دەستی بە چەندین چالاکیی هەمەجۆری ئابووری و دارایی کردووە و لە ژێر ناوی کۆمپانیای «موهەندیس»دا دەیەوێت پەرە بە چالاکییە ئابوورییەکانی بدات، کە ئەمە پێدەچێت ببێتە یەکێک لە مەترسییە گەورەکانی سەر داهاتووی ئابووریی عێراق و هەندێکیش بە پرۆسەی «بەحەشدکردن»ی ئابووریی عێراق ناوی دەبەن.

**داهاتی نەوت؛ پایە بۆمبڕێژکراوەکەی ئابووریی عێراق**

ساڵانێکە بە بەردەوامی بەرپرسانی عێراق باس لەوە دەکەن ئابووریی وڵاتەکە بێکێشەیە و تەنها کاریگەریی سیاسەتی لە سەرە، ئەمەش بە هۆکاری سەرەکیی ناسەقامگیرییە ئابووری و داراییەکان لەقەڵەم دەدەن، بەڵام تەنها بە سەرنجدانێکی ورد لە دەیتا و ژمارەکان تێدەگەیت ئابووریی عێراق نەک هەر لە کەنارە ئارامەکەدا نەماوە، بەڵکوو کشاوە بۆ قووڵایی شەپۆلە بەهێزەکان و دیاریش نییە ئەو شەپۆلانە بەرەو کوێی دەبەن.

عێراق ڕۆژانە ٤,٣ ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەم دەهێنێت، لەو بڕە ٣,٤ ملیۆن بەرمیلی هەناردە دەکات[١]، بەو شێوەیەش لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٣دا بە تێکڕا مانگانە ٧,٣ ملیار دۆلار داهاتی فرۆشتنی نەوتی هەیە[٢]. حکومەتی عێراق لە ڕێگەی فرۆشتنی نەوتەوە دۆلاری دەست دەکەوێت، بانکی ناوەندی دۆلارەکە دەخاتە بازاڕەوە و لە ڕێگەیەوە کاڵا و پێداویستییەکان لە وڵاتانی دیکەوە هاوردەی عێراق دەکرێن. دەیتا فەرمییەکان دەریدەخەن کە عێراق ساڵانە بە بەهای زیاتر لە ٦٠ ملیار دۆلار کاڵا هاوردە دەکات، ئەمەش بەو واتایە دێت بۆ ئەوەی بەهای دۆلار لە بازاڕەکانی عێراقدا بە جێگیری بمێنێتەوە؛ پێویستە بانکی ناوەندی زیاتر لە ٦٠ ملیار دۆلار بخاتە بازاڕەکانەوە. ئەمە لە کاتێکدا کە دڵنیا بین لەوەی دۆلار بە ڕێگەی دیکە لە عێراق ناچێتە دەرەوە.


بە پێی ئەو دەیتا فەرمییانەی حکومەتی عێراق بڵاوی کردوونەتەوە، لە ساڵی ٢٠٢٢دا قەبارەی کاڵای هاوردەکراو لە ئێرانەوە نزیکەی ١٠ ملیار دۆلار بووە[٣]، ئەوە لە کاتێکدایە بانکی ناوەندیی عێراق هیچ مامەڵەیەکی بازرگانیی دەرەکی لەگەڵ ئێراندا پەسەند ناکات و کۆی ئەو دۆلارەی بۆ هاوردەکردنەکە بەکار هاتووە؛ لەو دۆلارە بووە کە لە بازاڕەکاندایە و لە ڕێگەی خستنەڕووی کاشی دۆلارەوە بەدەست هێنراوە. ئەمەش پێمان دەڵێت کە دەبێت بانکی ناوەندی ساڵانە ٧٠ ملیار دۆلار بخاتە بازاڕەکانەوە تەنها بە مەبەستی پڕکردنەوەی

پێداویستیی هاوردەکارانی کاڵاکان. بەو واتایەی کە تێکڕای خستنەڕووی ڕۆژانە لە ساڵەکەدا نابێت لە ١٩١ ملیۆن دۆلار کەمتر بێت، بەڵام لە نیوەی یەکەمی ئەمساڵدا تێکڕای خستنەڕووی ڕۆژانەی دۆلار ١٥٥ ملیۆن دۆلار بووە، لە کاتێکدا کە داهاتی نەوتی عێراق بە ئاستێک بووە کە دەتوانرا لانی کەم ڕۆژانە ٢٠٠ ملیۆن دۆلاری تێکڕا بخرێتە ڕوو.

لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە: بۆچی بانکی ناوەندی نەیتوانیوە ئەو بڕە بخاتە ڕوو لە کاتێکدا داهاتی نەوت بەشی ئەوەندەی دەکرد و بازاڕیش پێویستی بەو خستنەڕووە بووە؟

بە پێی دەیتا فەرمییەکانی وەزارەتی نەوتی عێراق، لە مانگی تەممووزدا عێراق بە بەهای هەشت ملیار و ٢٩٣ ملیۆن دۆلار نەوتی فرۆشتووە و داهاتەکەی گەڕاوەتەوە بۆ هەژمارە بانکییەکەی عێراق لە ئەمەریکا، بەڵام تەنها نیوەی ئەو پارەیە گەڕاوەتەوە ناو بازاڕەکانی عێراق، چونکە بانکی ناوەندی لە مانگی تەممووزدا تەنها چوار ملیار و ٢٤١ ملیۆن دۆلاری خستووەتە بازاڕەوە[٤].

دەیتا نافەرمییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەو خەرجییانەی حکومەتی عێراق پێویستە بە دۆلار جێبەجێیان بکات (وەکوو خەرجیی کۆمپانیا بیانییەکانی بواری نەوت و خەرجیی باڵوێزخانە و کونسوڵخانەکان)، لە مانگێکدا یەک تا ١,٢ ملیار دۆلارە[٥]، واتە ئەگەر قەبارەی خستنەڕووی دۆلار لە لایەن بانکی ناوەندییەوە لەگەڵ ئەو بڕە خەرجییەدا کۆ بکەینەوە؛ دەکاتە نزیکەی ٥,٥ ملیار دۆلار، بەو شێوەیەش زیاتر لە ٢,٥ ملیار دۆلار دەمێنێتەوە کە عێراق نەیتوانیوە بیگەڕێنێتەوە بۆ وڵاتەکەی و بیخاتە بازاڕەوە، لە کاتێکدا کە بەهای دۆلار لە بازاڕەکاندا هەندێک جار ٢٥ هەزار دینار بەرزتر بووە لە بەهای فەرمی.




لە ئابووریدا دۆخێکی دەگمەنە حکومەتێک نەتوانێت خواستی ناوخۆی وڵاتەکەی بۆ دراوی بیانی پڕ بکاتەوە، کەچی بەردەوام یەدەگەکەی لە دراوی بیانی زیاد بکات. ئەم دۆخە دەگمەنە زیاتر لە ساڵێکە لە عێراقدا بەردەوامیی هەیە، هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هاوکێشەیەی سەرەوە کە بەردەوام زیاتر لە ٣٠٪ی داهاتی نەوت کە بە دۆلارە؛ لە ئەمەریکا ماوەتەوە و حکومەتی عێراق نەیتوانیوە بیگەڕێنێتەوە، ئەوەش بە هۆی ئەو کۆتوبەندەی ئەمەریکا لە سەرەتای مانگی نۆڤەمبەری (٢٠٢٢)ەوە بەسەر پرۆسەی حەواڵەدا سەپاندوویەتی.

دەیتاکانی وەزارەتی گەنجینەی ئەمەریکا ئەوە دەردەخەن کە لە ماوەی شەش مانگی سەرەتای ئەمساڵدا حکومەتی عێراق بە بەهای ٧,٢٩ ملیار دۆلار قەواڵەی گەنجینە (سندات الخزانة)ی کڕیوە[٦]، ئەوەش ڕێک لەو کاتەدا بووە کە ڕۆژی وا هەبووە بانکی ناوەندی توانیویەتی تەنها ٣٠ ملیۆن دۆلار بخاتە ڕوو کە بە هۆیەوە بەهای ١٠٠ دۆلار گەیشتە ١٧٦ هەزار دیناری عێراقی.

ئەو کۆتوبەندەی وەزارەتی گەنجینەی ئەمەریکا سەپاندوویەتی بەسەر پرۆسەی حەواڵەی دۆلاردا، بە تەواوەتی لێکەوتەی نەرێنیی لە سەر ئابووریی عێراق هەبووە و سەرجەم دەیتاکان ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن کە سەرەڕای ئەوەی لە ٢٠٢٣/٤/٢١دا ئەمەریکا پاکێجێکی چاوپۆشیی پێشکەش بە عێراق کرد و لە ٢٠٢٣/٧/٢١دا پاکێجی تایبەت بە دانەوەی قەرزەکانی ئێرانی بەخشییە عێراق، بەڵام ئابووریی عێراق ئاڕاستەیەکی مەترسیداری گرتووەتە بەر.

لەو شەش مانگەدا عێراق بە بەهای زیاتر لە ٤٤ ملیار دۆلار نەوتی فرۆشتووە[٧]، بەڵام بانکی ناوەندی تەنها توانیویەتی کەمتر لە ٣٠ ملیار دۆلار بخاتە ڕوو، واتە ١٤ ملیاری ماوەتەوە، لەو بڕەش نزیکەی حەوت ملیاری بۆ ئەو خەرجییانەی حکومەت تەرخان کراوە کە بە دۆلارە، ئەوەی دیکەی کە دەمێنێتەوە نزیکەی حەوت ملیار دۆلارە و حکومەت بە ناچاری قەواڵەکانی گەنجینەی ئەمەریکای پێ کڕیوە.

ڕێک لەم دۆخەدا بانکی جیهانی هۆشداری دەداتە عێراق و لە ڕاپۆرتێکی وردا ئەوەی خستووەتە ڕوو بەرهەمی ناوخۆی عێراق لە سەر بنەمای ساڵانە لە چارەکی یەکەمی ئەمساڵدا بە ڕێژەی ٢,٦٪ پاشەکشێی کردووە[٨]، هاوکات بانکەکە هۆشدارییش دەدات بە عێراق لەوەی وازی لە بەرنامە چاکسازییەکەی هێناوە و هێشتا داهاتە نانەوتییەکانی ڕوویان لە پاشەکشێی خێرایە و پشتبەستن بە داهاتی نەوت بەردەوام زیاتر دەبێت.




## کۆمپانیای موهەندیس و بەحەشدکردنی ئابووریی عێراق

عێراق بەردەوام وەکوو ناوچەیەکی جێهەژموونی ئێران لەقەڵەم دەدرێت، لەو چوارچێوەیەشدا هەژموونی سیاسی و سەربازیی ئێران بەسەر عێراقەوە بە ڕوونی بەدی دەکرێت، ئێستا ئەوەی نوێیە سەپاندنی هەژموونە ئێرانییەکەیە بەسەر ئابووریی عێراقدا، ئەویش لە ڕێگەی کۆمپانیای موهەندیسەوە کە هەندێک وەکوو ئامرازی بەحەشدکردنی ئابووریی عێراق ناوی دەبەن.

کۆمپانیای موهەندیس لە لایەن حەشدی شەعبییەوە خاوەندارێتی دەکرێت، وەکوو وەفایەک بۆ ئەبومەهدی موهەندیس ئەو ناوەی لێ نراوە، ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١١/٢٠ بڕیاری دامەزراندنی کۆمپانیاکەی پەسەند کرد و لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٢/٢٦دا کۆمپانیاکە بە فەرمی دەستبەکار بوو[٩]. لە ماوەی شەش مانگدا، نزیکەی ٧٠ پڕۆژەی جۆراوجۆری وەرگرتووە. سەرمایەکەی ١٠٠ ملیار دینارە، ٩٠ ملیار دیناری لە تاپۆی موڵکەکانی حکومەتە و ١٠ ملیار دیناریشی بە شێوەی نەختینەییە کە ئەویش لە لایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دابین کراوە. بە بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران (وەکوو هەر کۆمپانیایەکی دیکەی حکومی)، لە باج و کرێی ئاو و کرێی کارەبا و خزمەتگوزارییە حکومییەکان بەخشراوە.

لە ڕووی یاساییەوە دامەزراندنی کۆمپانیاکە لە سەر بنەمای یاسای ژمارە ٢١ی ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو دامەزراوە، کە تایبەتە بە دامەزراندن و کارکردنی کۆمپانیا گشتییەکانی عێراق. یاساکە چەندین ڕێکار و پێودانگی دەستنیشان کردووە بۆ دامەزراندنی کۆمپانیا گشتییەکان، بەڵام کۆمپانیای موهەندیس تێبینی ئەوەی لە سەرە کە بەدەرە لە یاساکە، چونکە بە شێوەیەکی گشتی تا ئێستا بە پێی یاساکە هیچ کۆمپانیایەک دانەمەزراوە کە سەر بە دەستەیەک بووبێت، بەڵکوو کۆمپانیاکان کە بەم یاسایە دامەزراون؛ سەر بە

وەزارەتەکان بوون، وەکوو وەزارەتی نەوت و وەزارەتی بازرگانی و وەزارەتەکانی دیکە.

بە پێی ئەو پێدراوە سیاسییانەی کە لە بەر دەستدان، کۆمپانیاکە بێجگە لە ڕۆڵە ئابوورییەکەی؛ ڕۆڵێکی گەورەی سیاسی دەبینێت. ڕۆڵە سیاسییەکەی ئەم کۆمپانیایە لە داهاتوودا زیاتر دەردەکەوێت، بە شێوەیەک کە لە ئێستاوە نیشانەکانی دەرکەوتوون. کۆمپانیاکە لە ناو حەشدی شەعبیشدا سەر بە ڕەوتێکە. ئەوانەی دەستیان لە ناو کۆمپانیاکەدا دەڕوات؛ بریتین لە سەرکردەی گرووپەکانی: حزبوڵڵا، نوجەبا، عەسائیبی ئەهلی حەق، ئیمام عەلی و سەید شوهەدا.

حەشدی شەعبی دەیەوێت لە ڕێگەی کۆمپانیای موهەندیسەوە دەستی بگات بە بودجەی گشتیی حکومەت و لە شێوەی تەندەر دەیان پڕۆژە وەربگرێت و بە هۆیانەوە سەدان ملیۆن دۆلاری دەست بکەوێت، ئەوەش لە چوارچێوەی ئەو بودجە سێ ساڵییەی کە ٢٠٢٣/٦/١٢ لە لایەن پەرلەمانی عێراقەوە پەسەند کرا و قەبارەکەی ١٩٨ ترلیۆن دینارە.

بودجە سێ ساڵییەکەی عێراق نزیکەی ٥٠ ترلیۆن دیناری وەکوو بودجەی وەبەرهێنان بۆ سەرتاسەری عێراق جێگیر کردووە[١٠]، بەو بودجەیە پڕۆژەی خزمەتگوزاری و ژێرخانی ئەنجام دەدرێت، بەشێکی زۆری پڕۆژەکان لە پارێزگا شیعەنشینەکانن و دەبێت لە لایەن کۆمپانیاکانەوە بە شێوەی تەندەرین جێبەجێ بکرێن، کۆمپانیای موهەندیس بە پێی ئەو ئەزموونە چەند مانگییەی هەیەتی، ئامادە کراوە بۆ ئەوەی زۆرێک لەو پڕۆژانەی حکومەت وەربگرێت کە ئەوە دەبێتە هۆی کۆکردنەوەی قازانجێکی گەورە لە ماوەی چەند مانگێکدا.

ئەم هەوڵەی حەشدی شەعبی بۆ دامەزراندنی کۆمپانیای موهەندیس، لە پێناو بەدەستهێنانی ئابووریی سەربەخۆدایە. بە سەرکەوتنی هەوڵەکەش، حەشد دەبێتە خاوەنی سیستمێکی بەهێز کە سێ پایەی بەهێزی دەبێت، ئەوانیش بریتین لە: پشتیوانیی سیاسی، هێزی چەکداری و توانای ئابووری. بەمەش حەشد بە تەواوی دەتوانێت ڕۆڵی دەوڵەتی قووڵ لە ناو دەوڵەتی عێراقدا ببینێت. هەر چەندە بەرپرسانی حەشد خۆیان لەو ڕاستییە دەدزنەوە و باس لەوە دەکەن کە کۆمپانیای موهەندیس وەکوو هەر کۆمپانیایەکی دیکەی حکومی کۆی قازانجەکەی دەداتەوە بە حکومەت، بەڵام ئەمە بانگەشەیەکە کە باوەڕپێهێنانی وا ئاسان نییە، چونکە دامەزراندنی کۆمپانیاکە بریتییە لە دووبارەکردنەوەی ئەزموونی سوپای پاسداران کە لە ڕێگەی دامەزراندنی کۆمپانیای هاوشێوەوە توانیی ببێتە خاوەنی ئابووریی سەربەخۆ و ئێستا هیچ گرێدراوێییەکی لەگەڵ سیستمی وڵاتەکەدا نەماوە و وەکوو کیانێکی سەربەخۆ توانای بڕیاردان و هەنگاونانی هەیە.

**لێکەوتەکانی دامەزراندنی کۆمپانیای موهەندیس لە سەر ئابووریی عێراق**

دامەزراندنی کۆمپانیای موهەندیس و جێبەجێکردنی ئەو پلانەی کە لە پشت دامەزراندنی کۆمپانیاکەیە؛ چەندین لێکەوتەی جیاوازی لە سەر عێراق دەبێت، لێکەوتەکانیش لە بوارەکانی ئابووری، سیاسی و سەربازیدا دەبن. هاوکات بە دوور نابینرێت کاردانەوەی نێودەوڵەتی و نیگەرانیی وڵاتانی ڕۆژئاوا بەدوای خۆیدا بهێنێت.

لە پرۆسەی ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسدا، ئەمەریکا لە عێراق نزیکەی چوار هەزار قوربانیی دا، چەندین ملیار دۆلاری خەرج کردووە بۆ ئەوەی هەژموونی خۆی لە وڵاتەکەدا بسەپێنێت، بۆیە پێناچێت هەر وا بێدەنگ بێت لە هەنگاوێکی وا هەستیار کە بە پرۆسەیەکی قووڵی «بەحەشدکردنی ئابووریی عیراق» دادەنرێت، ئەمەش وا دەکات ئەگەرێکی کراوە بێت ئەمەریکا کاردانەوەی توندی دژی دامەزراندنی کۆمپانیای موهندیس هەبێت.

کاردانەوەکانی ئەمەریکا بەرامبەر ڕووداوە جیاوازەکانی عێراق و بە تایبەتی ئەوانەی کە پەیوەندییان بە ئابووریی وڵاتەکە و هەوڵی خۆلادان لەو سیاسەتە فەرمییە هەیە کە واشنتۆن دژی ئێران دەیگرێتە بەر؛ توند و خێران، لە نموونەی ئەوانەش: سزادانی ١٤ بانکی عێراقییە لە لایەن ئەمەریکاوە، بە بیانووی ئەوەی لە ساڵی ٢٠٢٢دا بەشدار بوون لە پرۆسەی گواستنەوەی دۆلار لە عێراقەوە بۆ ئێران. سزاکە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٧/٢٠دا بە فەرمی لە لایەن بانکی ناوەندییەوە ڕاگەیەنرا، واتە تەنها چەند ڕۆژێک تێپەڕیبوو بەسەر ئەو ڕێککەوتنەی کە لە نێوان عێراق و ئێراندا بە مەبەستی ئاڵوگۆڕی غاز و نەوت لە نێوان هەردوو وڵاتدا لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٧/١٠دا واژوو کرابوو.

ئەمەریکا هێشتا دوودڵە و گومانی لە دامەزراندنی کۆمپانیاکە هەیە، بە هۆی ئەوەی چەند مانگێکە کۆمپانیاکە دەستی بە کارەکانی کردووە، تا ئێستا واشنتن نەیتوانیوە بڕیاری یەکلاییکەرەوە لە بارەیەوە بدات[11]، بەڵام ئەمە بەو واتایە نایەت کە تا کۆتایی هەر وا وەکوو سەیرکەر دەمێنێتەوە، ئەمەریکییەکان دەیانەوێت بە وردی چاودێریی کاری کۆمپانیاکە بکەن، تا ئەو کاتەی بۆیان دەردەکەوێت کە بەشدار دەبێت لەو پرۆسەیەی کە ئەوان بە هێڵی سووری دەزانن و بریتییە لە گواستنەوەی دۆلار بۆ ئێران. هەر کات ئەوە دەرکەوت، ئیتر هەموو بژاردەکان لە بەردەم واشنتندا کراوە دەبن.

بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی کۆمپانیای موهەندیس، دەتوانێت دەستی بە زەوی و هەر کەرەستەیەکی دیکەی وەبەرهێنان بگات کە بەبێ بەرامبەر لە لایەن حکومەتەوە بۆی تەرخان بکرێت، دەتوانێت گرێبەست لە هەر بوارێکی پەیوەست بە کارەکەی ئەنجام بدات

و پرۆژەکان جێبەجێ بکات، ئەمە کۆپییەکی جیاوازی کۆمەڵێک ئەزموونی ڕابردووە، لەوانە ئەزموونی ساڵانی دەیەی حەوتەمی سەدەی ڕابردووی ڕووسیا کە لە ڕێگەی دامەزراوەی هاوشێوەوە دۆستەکانی دەسەڵات پارەدار دەکران و بە هۆیەوە دەبوونە خاوەن هەژموونی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، ئەزموونی سوپای پاسدارانیش لەو ڕووەوە لە بەر چاوی ئەمەریکادایە و بە تەواوەتی نیگەرانییەکەی لەوەوە سەرچاوەی گرتووە.

پێداگریی حەشدی شەعبی لە سەر دامەزراندنی کۆمپانیاکە و دەستوەردانی ئێران لەو پرسەدا، ئەوەی لێ دەخوێنرێتەوە کە بە تەواوەتی پلانێکی تۆکمە بۆ ئەوە هەبێت کۆمپانیاکە بکرێتە میکانیزمێکی بەهێزی سەپاندنی هەژموونی حەشد بە سەر ئابووریی عێراقدا. محەمەد شیاع سوودانی تەنها مانگێک بوو وەکوو سەرۆکوەزیران دەستبەکار بووبوو کە واژووی لە سەر دامەزراندنی کۆمپانیای موهەندیس کرد، دواتریش پاش تەنها نۆ ڕۆژ لەو هەنگاوەی سەردانی ئێرانی کرد و لەگەڵ خامینەیی کۆ بووەوە[١٢]. کاتێک هەموو ئەم پێدراوانە لێک دەدەیتەوە، ئەوە دەردەکەوێت کە هەنگاوەکەی سوودانی لە ژێر فشاری ئێراندا بووە و ئێرانیش لەو هەنگاوەدا ئامانجی گەورەی ئابووریی هەیە کە پێچەوانەی سیاسەتی ئەمەریکایە. ئەم پلانەش ئەگەر وەکوو خۆی بکەوێتە کار، لێکەوتەی گەورەی لە سەر سیستمی ئابووری، سیستمی سیاسی و زۆر بواری دیکەی عێراق دەبێت و لێکەوتەکانیش بە شێوەیەک دەبن کە دۆخی گشتیی عێراق و بە تایبەتی دۆخە داراییەکەی بگەیەننە قۆناغێکی نوێی هەستیارتر.

### سیاسەتی ئابووریی ئەمەریکا بەرامبەر بە ئێران

بە شێوەیەکی بەردەوام سەرۆکەکانی ئەمەریکا زیاتر لە بژاردەیەکیان لە بەر دەستدایە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هەڕەشانەی کە لە دەرەوەی سنوورەکانیان دێنە ئاراوە. بژاردە ئابوورییەکانی ئەمەریکا لە تەنیشت بژاردە سەربازی و سیاسی و هەواڵگرییەکان بە بەردەوامی ئامادەییان هەبووە و زۆر جار هەبووە ئەمەریکییەکان بە میکانزیمی ئابووری و دارایی توانیویانە ستراتیژەکەی خۆیان بەدەست بهێنن، ئەوەش لە پرسی ڕووبەڕووبوونەوەی هەژموونی ئێراندا ڕۆڵێکی گەورەی گێڕاوە. لە دوای کشانەوەی ئەمەریکا لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی، ئەو وڵاتە بە سەدان سزای جۆراوجۆری بەسەر ئێراندا سەپاندووە، زۆربەی سزاکانیش سروشتی ئابووری، دارایی و بازرگانییان هەیە، ئەمە ئەو ڕاستییە دەردەخات کە حکومەتەکەی واشنتن هاوشانی پلانە سیاسی و سەربازی و هەواڵگرییەکانی، پلانێکی تۆکمەی ئابووری و داراییشی هەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی نەیارەکەی. بە شێوەیەکی گشتی

ئەمەریکا بە سێ میکانیزمی جیاواز سیاسەتی ئابووریی خۆی دژی نەیارەکانی دادەڕێژێت، ئەوەش بە لەبەرچاوگرتنی هێز و سروشت و پێگەی وڵاتە نەیارەکە[١٣].

**__ئاستی یەکەم:__** ئەگەر ئەمەریکا لەگەڵ وڵاتێکی خاوەن هەژموونی بازرگانی بچێتە کێبڕکێوە و بیەوێت لاوازی بکات، ئەوا پەیوەندییە بازرگانییەکانی لەگەڵ ئەو وڵاتە دادەڕێژێتەوە، سنوورداریان دەکات و کۆتیان بۆ دادەنێت. لە قۆناغی یەکەمدا بە شێوەیەکی نافەرمی ئەم هەنگاوە دەنێت، هەنگاوەکەش لە دەستکاریکردنی باج و گومرگی سەر هەندێک کاڵاوە دەست پێ دەکات و چاوەڕوانی کاردانەوەکەی دەکات، دواتر بە فەرمی بە یاسا و بڕیاری ڕاگەیەنراو هەنگاوەکە دەگرێتە بەر و بەشێکی گەورەی بازرگانییەکەیان قەدەغە دەکات. مامەڵەی ئەمەریکا لەگەڵ دۆسێی چین لە بواری ئابووری و بازرگانی لەم ئاستەدایە.

**__ئاستی دووەم:__** ئەگەر ئەمەریکا لەگەڵ یەکێک لەو وڵاتانە بچێتە ململانێوە کە دراوەکەیان بەهێزە و یەکێکە لەو دراوانەی کاریگەرییان لە سەر بەهای دۆلار دەبێت، ئەوا شەڕێکی ڕانەگەیەنراوی ئامادەی هەیە، ئەویش پێی دەوترێت «شەڕی دراوەکان». ئەمەریکا بۆ بردنەوەی ئەم شەڕە کارتی بەهێزی پێیە، دەتوانێت تەنها بە زیادکردنی چەند خاڵێکی بنەڕەتی بۆ ڕێژەی سوودی بانکی، ئاڕاستەی شەڕەکە لە بەرژەوەندیی خۆی بگۆڕێت. لە نموونەی ئەم ئاستە، بریتییە لە شەڕی دراو لەگەڵ ڕووسیا، بە شێوەیەک کە لە دوای دەستپێکی شەڕی نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیا، ئەمەریکا ڕێژەی سوودی بانکیی لە (٠,٧٥٪)ەوە گەیاندووەتە ٥,٢٥٪، بەو هۆیەشەوە تەنها لە ماوەی شەش مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٣دا ڕۆبڵی ڕووسی ٢٣٪ی بەهاکەی لەدەست داوە.

**__ئاستی سێیەم:__** ئەمەریکا کاتێک لەگەڵ وڵاتێکدا پەیوەندییەکانی بە تەواوەتی تێک دەچن، سیاسەتێکی قورسی ئابووری دەگرێتە بەر، پاکێج لە دوای پاکێج بە (کۆمەڵەسزا) ئابووریی وڵاتە ڕکابەرەکەی وێران دەکات، مامەڵەی بازرگانیی لەگەڵ قەدەغە دەکات، ڕێگە بە دەستگەیشتنی بە دۆلار نادات، گەمارۆی توندی دەخاتە سەر و سێکتەری پیشەسازییەکەی دادەڕمێنێت، نزیکترین نموونەش بۆ ئەم ئاستە، بریتییە لە مامەڵەی ئەمەریکا لەگەڵ ئێران لە ماوەی دوای کشانەوەی ئەمەریکا لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی، بە شێوەیەک کە لە ماوەی چەند مانگێکدا ئابووریی ئێرانی دووچاری گەورەترین کێشە کردەوە و دراوی وڵاتەکەی تا ئاستێکی زۆر بێبەها کرد، لەگەڵ ئەوەشدا کۆتوبەند دەخاتە سەر هەر وڵاتێک کە یارمەتیی ئێران بدات بۆ خۆدەربازکردن لەو سیاسەتەی ئەمەریکا.

**بەهێزترین سیناریۆکان بۆ داهاتووی عێراق لە سایەی بەحەشدکردنی ئابوورییەکەیدا**

**سیناریۆی یەکەم:** لەگەڵ ئەوەی ئەمەریکا بەردەوامە لە سزادانی ئێران و سەپاندنی کۆتوبەند بەسەر عێراقدا بۆ ئەوەی مامەڵە بازرگانییەکانی لەگەڵ ئێران سفر بکاتەوە، بەڵام هێشتاش ئەو پلانەی بە تەواوەتی سەری نەگرتووە و قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێوان ئەو دوو وڵاتە بەردەوامە لە گەورەبوون، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمەریکا کاردانەوەیەکی وا یەکلاییکەرەوەی نەنواندووە کە ببێتە هۆی ئەنجامدانی گۆڕانکاریی گەورە لە دۆخەکەدا، هاوکات بەردەوام بژاردەی فشاری ئابووری وەکوو بژاردەیەکی ناوەندی بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا سەیر دەکرێت[١٤]، بە شێوەیەک کە بژاردەیەکە لە نێوان بژاردەی سەربازی و بژاردەی دیپلۆماسیدا. بەڵام ئەگەر ئەو بژاردە ئابوورییە هێندە بەهێز بکرێت کە ململانێکان یەکلایی بکاتەوە، ئەوا جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ براژدە سەربازییەکەدا نامێنێت، بۆیە چاوپۆشیکردن لە بەهێزبوونی هەژموونی ئێران و بەحەشدکردنی ئابوورییەکەی بە کاریگەریی کۆمپانیای موهەندیسەوە یەکێکە لە سیناریۆکان و دەکرێت ئەمەریکا لەم قۆناغەدا لە پێناو سەقامگیرکردنی دۆخی سیاسی و ئەمنیی عێراق و دروستکردنی دەرفەتێک بۆ حکومەتەکەی؛ سوودانی چاوپۆشی لەو هەنگاوە بکات.

ئەم چاوپۆشییە ئەگەرچی کاتییش بێت، بەڵام گرێ دراوە بە چەند پێدراوێکی دیکەوە کە ئەمەریکا بە باشی بەریان کەوتووە، ئەوانیش: هەژموونی سیاسیی لایەنە شیعەکانی سەر بە ئێران، توانای سەربازیی لایەنەکانی ناو حەشدی شەعبی، توانای جووڵاندنی شەقام و ئەنجامدانی چالاکیی جۆراوجۆر و لە هەمووشیان گرنگتر شەڕی درۆن و کاتوشاکان لە ئاسمانی بەغدای پایتەخت. کاتێک ئەمەریکا ئەم هەموو پێدراوەی لەبەرچاو بێت، کارێکی وا سادە نییە هەر وا بە بێباکی دەست بخاتە قورگی ئابووریی حەشد.

**سیناریۆی دووەم:** ئەمەریکا ئامرازێکی سەرنجراکێشی هەیە بۆ خنکاندنی ئابووریی نەیارەکانی، ئەویش ئامرازی لیستی ڕەشە. لە ڕابردوودا چەندین جار ڕووی داوە کە کەس و دامەزراوە و کۆمپانیا عێراقییەکان بکەونە لیستە ڕەشەکەی ئەمەریکاوە، بۆ نموونە: پێدانی دۆلار بە ١٨ بانکی عێراقی قەدەغە کراوە بە هۆی ئەوەی لە لیستی ڕەشی گەنجینەی ئەمەریکادا بوون لە بەر ئەو مامەڵەیەی لەگەڵ ئێران هەیانبووە. سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی فالح فەیاز، لە لیستی ڕەشی پێشێلکارانی مافەکانی مرۆڤدایە. کۆمپانیای «مەنابع» کە پێشتر هەمان ڕۆڵی کۆمپانیای موهەندیسی دەگێڕا، خرایە لیستی ڕەشی ئەمەریکاوە و کۆتایی بە ڕۆڵەکەی هات[١٥].

ئەم ئامرازەی ئەمەریکا کاریگەرییەکی گەورەی هەیە، بۆیە ئەگەرێکی بەهێزە کە کۆمپانیای موهەندیسیش لە ماوەکانی داهاتوودا خۆی لە ناو ئەو لیستە ڕەشەدا ببینێتەوە و بەو هۆیەشەوە ئابووریی عێراق دووچاری کێشەی گەورەتر ببێتەوە. ئەوەی ئەم سیناریۆیەش بەهێز دەکات، ئەوەیە کە کۆمپانیاکە بە فەرمی لە لایەن حەشدی شەعبییەوە خاوەندارێتی دەکرێت و سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی و چەندین بەرپرسی ئەو دەستەیەش لە لیستی ڕەشی ئەمەریکادان.

سیناریۆی سێیەم: تەمەنی حکومەتەکەی سوودانی هێشتا ساڵێکی پڕ نەکردووەتەوە، جۆرێک لە ئاگربەستی ڕانەگەیەنراو لە نێوان ئەمەریکا و ئێراندا هەست پێ دەکرێت، بە شێوەیەک کە ماوەی نزیکەی ساڵێکە هێرشی درۆن و کاتیوشاکان بۆ سەر ناوچەی سەوز ڕاگیراون، حکومەتێکی نوێ پێک هێنراوە کە بە ڕووکەش وا دەردەکەوێت لە بەرەی ئێرانەوە نزیکتر بێت، ئەمەریکاش بە وردی کاری خۆی دەکات و لە هەر شوێنێکدا بیەوێت گورزەکە دەوەشێنێت، لە کۆشکی سپیدا سەرۆکێک دەوام دەکات کە لە دیموکراتەکانە و بەوە ناسراوە کە بە نەرمەهێز ئامانجەکانی بەدی دەهێنێت.

پێشتر هەم ئەمەریکا و هەم ئێران ئەو ئەزموونەیان تاقی کردووەتەوە کە ئەو حکومەتانە هەڵبوەشێننەوە کە لە بەرەکەی ئەواندا نین، بەڵام ئێران لەو بوارەدا کاریگەرترە، بۆیە پێناچێت ئەمەریکا ئەم جارە بیەوێت ئەزموونەکە دووبارە بکاتەوە و بچێتە شەڕێکەوە کە ئەنجامەکەی بەدڵی خۆی دەرنەچێت، بۆیە ئەگەرێکی ناوەندییە کە ئەمەریکا ڕۆڵ بدات بە حکومەتەکەی سوودانی بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵەیەی لە دامەزراندنی کۆمپانیای موهەندیسدا ئەنجام دراوە، بە شێوەیەک کە وا ئاڕاستەی بکات بەردەوامیی کاری کۆمپانیاکە بەدی بهێنێرێت، بەڵام بە ڕێکار و کۆتی ناڕاستەوخۆ ڕێگری بکرێت لەوەی پلانەکەی ئێران و حەشدی شەعبی وەکوو خۆی جێبەجێ بکرێت. ڕوودانی ئەم ئەگەرە ئاڵۆزە و ئیدارەدانی کەیسەکەش هێندەی تر قورس دەکات، بەڵام باشترین ئەگەرە بۆ ئەوەی بەبێ «ڕاگەیاندنی شەڕ»؛ ئەمەریکا ڕێگری لە نەیارەکەی بکات بگاتە ئامانجەکەی و پرۆسەیەکی گونجاویشە بۆ «بەعێراقیکردن»ی کێشەکە.

## دەرئەنجام

عێراق لە ژێر هەژموونێکی قووڵی سیاسی و سەربازی و ئابووریی ئێراندایە، ئەمەریکا بە تەواوەتی لەمە نیگەرانە. هەنگاوی نوێی ئێران بۆ سەپاندنی هەژموونی زیاتر بریتییە لە دامەزراندنی کۆمپانیای موهەندیس، ئەمە بێگومان دەبێتە هۆی نیگەرانکردنی ئەمەریکا، پێناچێت ئەم هەنگاوەی ئێران بەسەر کۆشکی سپیدا تێبپەڕێت، لەگەڵ ئەوەی کە حساب بۆ کاردانەوەی ئێران و گرووپە چەکدارە عێراقییەکان دەکات، بەڵام هەرگیز سڵیش لەوە ناکاتەوە پلانەکەی خۆی جێبەجێ بکات. گەورەترین گورز کە ئەمەریکا بە ئێرانی گەیاندبێت، بریتییە لە کوشتنی قاسم سولەیمانی، بەڵام لەو ڕووداوەشدا کاردانەوەی ئێران وەکوو ئەوە نەبوو کە چاوەڕوان دەکرا. ڕاستە بە هۆی گۆڕانی سەرۆکی ئەمەریکاوە هەندێک وردەکاری لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەدا گۆڕاوە، بەڵام ئەوەی گۆڕاوە تەنها میکانیزمەکانە نەک بوێری و خواستی گەیشتن بە ستراتیژەکە.

بۆیە ئەگەری بەهێز ئەوەیە ناوی کۆمپانیای موهەندیس بۆ لیستە ڕەشەکەی ئەمەریکا زیاد بکرێت، ئەو لیستەی کە ١٨ بانک و چەندین کۆمپانیا و چەندین بەرپرسی حەشدی تێدایە. بەڵام زیادکردنی ناوی کۆمپانیاکە بۆ ئەو لیستە، زیانی گەورە بە ئابووریی عێراق دەگەیەنێت، دەبێتە هۆی دروستبوونی کێشەی گەورە بۆ جێبەجێکردنی بەشێک لەو پڕۆژانەی کە لە یاسای بودجەدا جێگیر کراون، ئەوەش بە واتای شکستهێنانی ئەو لانە ئابووری و داراییە دێت کە حکومەت کاری لە سەر دەکات. هیچ گومانیش لەوەدا نییە کە ناڕەزایەتیی کۆمەڵایەتییش بەدوای خۆیدا دەهێنێت، چونکە هەزاران کەس هەلی کارەکانیان لەدەست دەدەن و چەندین ناوچەی جیاواز ئەگەر بۆ ماوەیەکیش بێت بێبەش دەبن لەو پڕۆژانەی کە بە شایستەی خۆیانی دەزانن. هەموو ئەمانەش دەبنە فاکتەری لاوازبوونی ئابووریی عێراق، بە واتایەکی دیکە: ئەو خواستەی کە بۆ بەهەدەرکردنی ئابووریی عێراق لەئارادایە، ئابووریی وڵاتەکە بەرەو قۆناغێکی مەترسیدار دەبات.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

١  ماڵپەڕی وەزارەتی نەوتی عێراق: https://www.oil.gov.iq/
٢  ڕاپۆرتی کۆمپانیای سۆمۆ کە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٨/١ بڵاو کراوەتەوە: https://www.alaraby.co.uk/economy/
٣  محەمەد ڕەزوانی فەر؛ بەڕێوەبەری گومرگی ئێران، ماڵپەڕی ڕووداوی عەرەبی لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١/٢٨ بڵاو کراوەتەوە: https://www.rudawarabia.net/arabic/business/٢٨٠١٢٠٢٣
٤  ماڵپەڕی بانکی ناوەندیی عێراق: https://www.cbi.iq/
٥  د. فازڵ نەبی؛ بریکاری پێشووتری وەزیری دارایی عێراق، چاوپێکەوتن لە کەناڵی ڕووداو لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٦/١٠.
٦  ماڵپەڕی وەزارەتی گەنجینەی ئەمەریکا: https://home.treasury.gov/
٧  ماڵپەڕی وەزارەتی نەوتی عێراق: https://www.oil.gov.iq/
٨  ڕاپۆرتی بانکی جیهانی کە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٧/٣١ بڵاو کراوەتەوە.
٩  ڕاپۆرتی ماڵپەڕی ئەلعەرەبییە بە ناونیشانی «شركة ‹المهندس›... تكريس ‹الدولة الموازية› لـ‹الحشد› في العراق»، لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٦/٤ بڵاو کراوەتەوە: https://www.alaraby.co.uk/politics
١٠  یاسای بودجەی ٢٠٢٣ی عێراق کە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٦/٢٦ لە ڕۆژنامەی وەقائیعی عێراقی بڵاو کرایەوە.
١١  مایکڵ نایتس؛ توێژەر لە پەیمانگای واشنتن، چاوپێکەوتن لەگەڵ کەناڵی «ئەلحورەی عێراقی»، لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٧/١٣.
١٢  ڕاپۆرتی ماڵپەڕی «ئێران ئینتەرناشیۆناڵ» بە ناونیشانی «إيران ضغطت لإنشاء شركة ‹المهندس› لدعم الحشد الشعبي والسيطرة على الاقتصاد العراقي»، لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٥/٢٤دا بڵاو کراوەتەوە.
١٣  زیاد عید غەتاس، (٢٠٢١) العقوبات الأقتصادية كإحدى أدوات السياسة الخارجية الأمريكية، چاپی یەکەم، ل٢٩.
١٤  زیاد عید غەتاس، (٢٠٢١) العقوبات الأقتصادية كإحدى أدوات السياسة الخارجية الأمريكية، چاپی یەکەم، ل٣٥.
١٥  ڕاپۆرتی ماڵپەڕی ئەلعەرەبییە بە ناونیشانی «شركة ‹المهندس› في العراق... استنساخ لتجربة الحرس الثوري؟»، لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١٢/٢٨دا بڵاو کراوەتەوە: https://www.alaraby.co.uk/politics

# سیاسەتی دەرەکی و هەڵوێستی تورکیا
# لە بارەی گرووپە چەکدارییە نافەرمییەکانی عێراق

ڕەنجە عەبدوڵا



## بەرایی

سەقامگیری و ئاسایشی خاکی عێراق بە درێژایی مێژووی نوێ بۆ تورکیا گرنگییەکی تایبەتی هەبووە، بۆیە ئەم گوزارەیە کاریگەریی لە سەر داڕشتنی سیاسەتی دەرەکی و تەنانەت ناوخۆیی تورکیاش هەبووە. بابەتی بوونی گرووپە میلیشیاییەکان و ئەو هێزە نافەرمییانەی لە خاکی عێراقدان، کاریگەریی لە سەر ئاسایشی ناوچەیی و نێودەوڵەتی هەیە. هەر بۆیە بوونی ئەم گرووپ و هێزە چەکدارییانە لە ئەنجامدا کاریگەرییان لە سەر هاوسەنگی و پارسەنگی هێز لە ناوچەکەدا هەیە. جووڵە و بزاوتی ئەم گرووپ و هێزە چەکدارییە نافەرمییانە کاریگەری لە سەر سیاسەتی دەرەوەی تورکیا و بزاوتی ئەمنی و ئاسایش لە ناوچەکەدا جێ دەهێڵێت. بوونی هێز و گرووپە چەکدارییەکانی وەک میلیشیا شیعەکان، تورکمانەکان و عەرەبە سوننەکان و پەکەکە لە عێراق و هەرێمی کوردستان؛ کاریگەرییەکی گەورەی لە سەر سیاسەتی دەرەکیی تورکیا بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکە هەیە.

لە بەر ئەوەی تورکیا بەدوای بەرژەوەندییە ئابووری، ئەمنی و سیاسییەکانیەوەیەتی، میتۆد و ڕێگای جیاواز بۆ بەدیهێنان و پارێزگاریکردن لەو بەرژەوەندییانە لە چوارچێوەی ستراتیژەکانیدا دەگرێتە بەر. هەڵوێستی تورکیا لەم ناوچەیەدا تا ڕادەیەکی زۆر بەندە لە سەر دینامیک و گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە، بەڵام تورکیا لە ڕووی ستراتیژییەوە بەدوای ئاسایشی خاکی وڵاتەکەی لە دەرەوەی وڵاتەکەی خۆیدا دەگەڕێت. لەم ڕووەوە پەیوەندییەکانی عێراق و تورکیا پڕاوپڕە لە بەرزی و نزمی، گرژبوون و خاوبوونەوە، توندی و دۆستایەتی.

### ئامانج و ستر اتیژەکانی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا

پێشکەوتن و پێشهاتەکانی سیاسەتە دەرەکییەکانی، کاریگەریی تورکیای لە سەر ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی زیاتر کردووە، ئەمەش یارمەتیی تورکیای داوە وەک ئەکتەرێکی گرنگی گۆڕەپانەکە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. تورکیا بە هۆی هاوسنووریی لەگەڵ وڵاتانی وەک سووریا و عێراق؛ ڕۆڵێکی گرنگی لە ململانێکاندا وەرگرتووە، جارێک وەک بێلایەن و جارێک وەک لایەنگر دەردەکەوێت. لە چەندین لایەنی وەک هاوکاری و لەخۆگرتنی پەنابەران، ئۆپەراسیۆن بۆ سەر سنوورەکانی خۆی و تەنانەت لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆیدا، فراوانکردنی پەیوەندیی بازرگانی و گرنگیدانی بە کەرتی وزە؛ لەم ساڵانەی دواییدا تورکیا ئامادەییەکی بەرچاوی هەبووە[١]. هەروەها تورکیا ئەوەی نەشاردووەتەوە هەموو کات بە تەواوی پشتگیریی یەکپارچەیی خاکی عێراق دەکات، لەمەشدا ڕێز لە سەروەریی خاکی عێراق دەگرێت.

ئامانج و ستراتیژەکانی دەرەوەی تورکیا بابەتێکە بە گوێرەی کات و بە هۆکاری فاکتەرە جیاوازەکان دەکرێت گۆڕانی بەسەردا بێت. ئەم ئامانجانە خۆی لە ئاسایشی نێودەوڵەتی، بەرژەوەندیی ئابووری، ئاسایشی هەرێمی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و کارلێکە هەرێمییەکاندا دەبینێتەوە. بە شێوەیەکی گشتی ئامانج و ستراتیژەکانی تورکیا دەکرێت لەم خاڵانەی خوارەوەدا بخرێتە ڕوو:

١. ئاسایش و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر: یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا، دەستەبەرکردنی ئاسایشی وڵاتەکەی و بەرەنگاربوونەوەی ئەو هێزانەیە کە لە ستراتیژی خۆیدا وەک تیرۆر پێناسەیان دەکات. بە تایبەت شەڕی گرووپ و هێزە چەکدارییەکانی وەک پەکەکە، پەیەدە و یەپەگە لە ناوەندی سیاسەتە ئەمنییەکانی تورکیادایە.

٢. سەقامگیری و ئارامیی ناوچەیی: تورکیا گرنگی بە پاراستنی سەقامگیری و ئارامی لە ناوچەکانی دراوسێی دەدات، بە تایبەت ئەم هەوڵانەی لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باڵکان و قەوقاز دەبینرێت.

٣. هاوکاریی ئابووری و بازرگانی: تورکیا لە پێناو پاراستن و پەرەپێدانی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیدا گرنگی بە بازرگانیی نێودەوڵەتی و هاوکاریی ئابووری دەدات، بە تایبەتی پەیوەندییەکان و ڕێککەوتنەکانی بازرگانیی ئازاد لەگەڵ یەکێتیی ئەورووپا (یەکێتیی ئەورووپا) و بازرگانی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێیدا.

٤. دیپلۆماسیەت و هێزی نەرم: تورکیا ئامانجیەتی نفووزی خۆی لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا بە بەکارهێنانی هێزی نەرمی وەک کارلێکی کولتووری، خوێندن، هاوکاریی مرۆیی و دیپلۆماسی زیاتر بکات. لەم بوارەشدا تورکیا چەندین پڕۆژەی کولتووریی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، باڵکان و ئەفەریقادا خستووەتە بواری جێبەجێکردنەوە، سەرجەم ئەم هۆکارانەش یارمەتیدەری زیادکردنی نفووزی تورکیا لە سەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا بوون.

ڕەنگە ستراتیژەکانی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بە تێپەڕبوونی کات بگۆڕێن، ئەمەش بە پێی گۆڕانی داینامیکیی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، هۆکارە سیاسییە ناوخۆییەکان و پێشهاتەکانی ناوچەکە دەبێت. لەوانەیە لە هەر قۆناغێکدا ئەولەویەت و ئامانجی جیاواز دابنێت، بەڵام ئەو ئامانجانەی سەرەوە خاڵە سەرەکییەکانن کە چوارچێوەی گشتیی سیاسەتی تورکیا پێک دەهێنن[٢].

### سیاسەتی دەرەوەی تورکیا لە بەرامبەر عێراقدا

وەزارەتی دەرەوەی تورکیا ساڵانە ڕاپۆرتی خۆی لە بارەی پەیوەندییە دەرەکییەکان و سیاسەتی دەرەوە بڵاو دەکاتەوە، لەم ڕاپۆرتەدا لە بارەی عێراقەوە دەڵێت: «ئێمە پەیوەندیی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و کولتووریمان لەگەڵ عێراقدا هەیە، پاراستنی یەکگرتوویی سیاسی و یەکپارچەیی خاکی عێراق دراوسێمان بۆ گرنگە. لە هەموو بوارەکاندا هاوکارییەکی چڕ و نزیکمان لەگەڵیدا هەیە، کۆتاییهێنان بە دەستتێوەردان و فشارە دەرەکییەکان بۆ سەر عێراق، زیادکردنی خۆشگوزەرانیی گەلی عێراق، کۆتاییهێنان بە بوون و چالاکیی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان و پتەوکردنی پەیوەندییەکانی عێراق لەگەڵ دراوسێکانی، بەشداریکردن لە ئاشتیی ناوچەکەدا؛ بنەمای بنەڕەتیی سیاسەتی دەرەوەی ئێمەیە بەرامبەر بەم وڵاتە[٣].»

بە شێوەیەکی گشتی ئەم دەقە هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بەرامبەر عێراق دەکێشێت، بە شێوەیەک لە سەرەتادا ئاماژە بە نزیکایەتیی تورکیا و عێراق لە ڕووی کۆمەڵایەتی، مێژوویی و کولتوورییەوە دەکات و جەخت لە سەر قووڵی و دێرینیی پەیوەندییەکانی نێوانیان دەکاتەوە، جەخت لە سەر هاریکاری و بنەماکانی دراوسێیەتی لەگەڵ عێراق دەکاتەوە و ئاماژە بە کاری پێکەوەیی چڕوپڕ لە نێوان هەردوو وڵاتەکەدا دەکات، لە هەمان کاتدا ئەم پەیوەندییانە لە هەموو بوارەکاندا بەدی هاتووە و جەخت لە سەر گرنگیی دراوسێیەتییان لە سنووردا لەگەڵ عێراقدا دەکاتەوە. ستراتیژی تورکیا لە پەیوەندیدا بە یەکپارچەیی خاکی عێراقەوە ڕوونە و هەوڵە سیاسییەکانی لەم پێناوەدا بەردەوام دووپات کردووەتەوە، چونکە لە ڕوانگەی تورکیاوە ئەمە بابەتی سەقامگیریی ناوخۆیی عێراقە و ئەم بابەتەش بە هەر ئاڕاستەیەکی پێچەوانەدا کاریگەری لە سەر تورکیا بەجێ دەهێڵێت. یەکێکی دیکە لەو ستراتیژانەی تورکیا جەختی لێ دەکاتەوە، پەیوەندیدارە بە دەستتێوەردان و فشارە دەرەکییەکان. لێرەدا ئاماژە بە کۆتایهێنان بە دەستتێوەردانە دەرەکییەکان دەکات، چونکە پێی وایە ئەمە کاریگەریی لە سەر هەژموون و سەروەریی عێراق بەسەر خاک و دەسەڵاتەکەیەوە هەیە. بابەتی خۆشگوزەرانیی خەڵکی عێراق لە ڕاپۆرتی ساڵانەی تورکیادا شوێنی پێ دراوە، وەک ئاماژەیەک بۆ نزمیی ستانداردەکانی ژیانی خەڵکی عێراق؛ ئاماژە بە بەرزکردنەوەی کواڵتیی ژیانی خەڵکی عێراق دەدات. خاڵێکی هەستیار و گرنگ لە پەیوەندیدا بە سیاسەتی دەرەوەی تورکیا، بوونی هێزە چەکدارەکانی وەک پەکەکەیە لە عێراق کە تورکیا وەک گرووپێکی تیرۆرستی دەیناسێنێت. لە پەیوەندیدا بەمەوە، تورکیا جەخت لە سەر سڕینەوەی ئامادەیی ئەو هێزە لە عێراق دەکاتەوە و وەک ئامانجێکی ستراتیژی کاری بۆ دەکات، چونکە پێی وایە بوونی پەکەکە هەم کاریگەری لە سەر سەقامگیری و ئاسایشی ناوخۆی عێراق و هەم کاریگەریی لە سەر ئاسایشی هەرێمایەتییش دەبێت. لە کۆتاییدا پێی وایە بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی عێراق لەگەڵ دراوسێکانیدا، هۆکارێکی گرنگی دەستەبەرکردنی سەرکەوتنە. هەر بۆیە ئەم خاڵەش دەکاتە چەقێک بۆ بەرقەراربوونی ئاشتی و ئاسایش لە نەریتی دیپلۆماسیی ناوچەکەدا.

**تورکیا لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ (پرۆسەی ئازادیی عێراق)ەوە سێ سیاسەتی جیاوازی گرتووەتە بەر:**

١. تورکیا لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٣ بۆ ٢٠٠٨، سیاسەتی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری پەیڕەو دەکرد کە ئامانجەکەی دابینکردنی ئاسایشی وڵاتەکەی بوو، هەر لەم چوارچێوەیەدا حکومەتی هەرێمی کوردستانی وەک هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر خۆی دەبینی.

٢. تورکیا لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٨ تاوەکوو ٢٠١١ و سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی، پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەموو توخمە نەتەوەیی و تائیفییەکانی عێراق پتەوتر کرد و سیاسەتێکی هاوسەنگی لەگەڵ حکومەتی بەغدا و تەنانەت هەولێریشدا پەیڕەو کرد. لەم پرۆسە هاوسەنگەدا، ٤٨ ڕێککەوتن لە چوارچێوەی ئەنجوومەنی هاریکاریی ستراتیژیی ئاستی باڵای نێوان ئەنقەرە و بەغدا واژوو کراوە.

٣. پەیوەندییەکانی ئەنقەرە و بەغدا گرژیی تێ کەوت، کاتێک لەگەڵ هاتنی بەهاری عەرەبی و سەرهەڵدانی داعشدا هەریەک لە وڵاتانی وەک تورکیا و ئێران لە لای خۆیانەوە و بە گوێرەی بەرژەوەندییەکانی خۆیان بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی دەسەڵات دەکۆشان. لە لایەکی دیکەوە ڕێککەوتن و واژووکردنی گرێبەستی نەوتی تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستانی عێراق و پەرەپێدانی پەیوەندییە دووقۆڵییەکان، نارەزایی حکومەتی ناوەندی بەرامبەر بە تورکیا لێ کەوتەوە. دوای ئەو ڕاپەڕینە جەماوەرییانەی کە لە کانوونی دووەمی ٢٠١٠ لە جیهانی عەرەبیدا دەستی پێ کرد و لە ١٠ی حوزەیرانی ٢٠١٤دا لە لایەن ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعشەوە شاری موسڵ داگیر کرا، قەیرانی زۆر لە پەیوەندییەکانی تورکیا و عێراقدا ڕووی دا[٤].

## گرنگیی تورکمانەکانی عێراق لە دیدگای ستراتیژی تورکیاوە

تورکمانەکانی عێراق لە ڕووی ئیتنیکی و کولتوورییەوە دەگەڕێنەوە سەر ڕەگەزی تورک. لە بەر ئەوەی ئەم وابەستە کولتووری و ڕیشەییە لە نێوان تورکیا و تورکمانەکانی عێراقدا هەیە، درێژەپێدان و بەرگریکردن لەم ستراتیژە لە ڕوانگەی تورکیاوە گرنگیی تایبەتی هەیە. تورکیا لەم ناوچەیەدا و لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانیدا، قسە لە سەر ئایندەی هاوڕەگەز و هاوئیتنیکەکانی خۆی دەکات، چونکە لە ڕوانگەی تورکیاوە بابەتەکە پەیوەندیی بە متمانە و سەقامگیرییەوە هەیە[٥]. تورکیا لە سیاسەتی دەرەوە و تێڕوانینی ستراتیژی خۆیدا لە بەرامبەر تورکمانەکانی عێراق بە ئاشکرا بۆچوونی خۆی خستووەتە ڕوو: «لە ساڵی ٢٠٢٢دا پەیوەندیی چڕوپڕمان لەگەڵ عێراقدا بۆ باشترکردنی پەیوەندییە دووقۆڵییەکانمان لە هەموو بوارێکدا هەبووە. لە پەیوەندییەکانماندا، دەستەبەرکردنی ماف و بەرژەوەندییەکانی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا لە عێراق، جێبەجێکردنی سیاسەتی گشتگیری دوور لە تایفەگەری و پەراوێزخستن، هەروەها گرنگیدان بە ‹ناسنامەی عێراقی›بوون جەختی لە سەر کراوەتەوە، هەروەها جەخت

لە سەر دەستەبەرکردنی نوێنەرایەتیی دادپەروەرانەی هاونیشتیمانە تورکمانییەکانمان کە توخمێکی سەرەکیی عێراقن؛ دەکەینەوە[٦].» لە لایەکی دیکەوە تورکمانەکان بە هۆی نزیکایەتییان لە تورکیاوە، بە گرووپێکی جێبەجێکار و یارمەتیدەری پلان و ستراتیژەکانی تورکیا لە پەیوەندیدا بە عێراقەوە هەژمار دەکرێن. گرنگیی تورکمانەکانی عێراق بۆ تورکیا بۆ چەند هۆکارێکی مێژوویی، کولتووری و ئیتنیکی دەگەڕێتەوە. تورکمانەکانی عێراق کۆمەڵە خەڵکێکن بە درێژایی مێژوو هەڵگری کولتوور و ڕیشەی تورکی بوون، ئەم بنەچەیە بۆ سەردەمی عەباسی و دواتریش عوسمانییەکان دەگەڕێتەوە[٧]. هەر لە بەر ئەم هۆکارەیە پەیوەندییەکی پتەوی مێژوویی لە نێوانیاندا هەیە. لە هەمان کاتدا لە ڕووی کولتوورییەوە نزیکایەتی و لێکچوون لە نێوان تورکمانەکانی عێراق و تورکیادا هەیە، بە شێوەیەک بە درێژەپێدەری دابونەریتەکانی تورکیا دەبینرێت. هەر لە بەر ئەمەش، ڕەگەزەکانی وەک زمانی هاوبەش، نەریت و بەهاکان و شێوازی ژیان ئاماژە بە قووڵیی پەیوەندییەکانی ئەم دوو گرووپە دەدات، بە شێوەیەک لە ئێستادا پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و خزمایەتییەکانی نێوان هاوڵاتییانی تورکیا و تورکمانەکانی عێراق لە برەوسەندندایە[٨].

تورکیا لە ڕووی سیاسییەوە هەمیشە جەختی لە سەر یەکگرتوویی هێز و پارتە تورکمانەکانی عێراق کردووەتەوە، هەوڵی داوە لە ڕێگەی بونیادنانەوەی جەبهەی تورکمانییەوە کێشە ناوخۆییەکانی تورکمانەکانی عێراق چارەسەر بکات، تاوەکوو لە هەڵبژاردنەکاندا بە سوودوەرگرتن لەو پێشهاتانەی لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراقدا دەگوزەرێت، زۆرترین ڕێژەی کورسی لە پەرلەمان و پۆستە کارگێڕییەکان لە پارێزگا جێنفووزەکانی وەک کەرکووک و موسڵدا بەدەست بهێنن. لەگەڵ ئەوەشدا تورکیا لە هەوڵی بونیادنانی دیدگایەکی ستراتیژی بۆ تورکمانەکانی عێراق بووە، بۆ ئەوەی نەکەونە ژێر کاریگەریی گرووپ و لایەنەکانی دیکەوە لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراقدا، بۆ ئەمەش هەوڵی دروستکردنی پەیوەندیی لە نێوان تورکمانەکان و لایەنە سیاسییەکانی دیکەدا داوە، بۆ ئەوەی لە سەر بنەمای براوە-براوە پێکەوە کار بکەن. لەم ڕێگەیەوە تورکیاش بەردەوام هاوکاریی تورکمانەکانی عێراق دەکات بۆ زیادکردن هەژموون و نفووزیان لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراقدا[٩]. لە ژێر کاریگەریی ئەم سیاسەتەدا، تورکمانەکانی عێراق داوای پارێزگایەکی سەربەخۆیان لە نەینەوا دەکرد: «تورکمانەکانی عێراق کە هاوڵاتیی عێراقن و بە ڕەچەڵەک تورکن، ماوەیەکە داوای پارێزگایەکی سەربەخۆ خۆیان دەکەن لە قەزای تەلعەفەری ڕۆژئاوای موسڵ کە دەکەوێتە ناوەندی پارێزگای نەینەوا. داواکارییەکانی


تورکمانەکان هاوکاتە لەگەڵ داوای دامەزراندنی پارێزگا نوێیەکانی دیکە لە نەینەوا، وەک پارێزگای دەشتی نەینەوا بۆ مەسیحییەکان و پارێزگای شنگال بۆ ئێزیدییەکان[١٠]».

لە هەمان کاتدا تورکیا بە چەندین پرۆژەی جیاوازی مرۆیی و کۆمەڵایەتی هاوکاری و یارمەتی پێشکەشی تورکمانەکانی عێراق دەکات، بەردەوام بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ژیاتی تورکمانەکانی عێراق لە هەوڵدان. لە لایەکی دیکەوە تورکیا بەردەوام لە هەوڵی پاراستن و پاڵپشتیکردنی بەرژەوەندی و مافەکانی تورکمانەکانی عێراقە و بە شێوە و ستراتیژی جیاواز کار بۆ ئەم پرۆسەیە دەکات، واتە تورکیا گرنگی بە مافە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی تورکمانەکانی عێراق دەدات. لە ڕوانگەی تورکیاوە، ڕێزگرتن لە مافەکانی تورکمانەکانی عێراق و بەرزکردنەوەی ستانداردەکانی خۆشگوزەرانیی تورکمانەکان، ئاسایش و سەقامگیریی هەرێمی لە عێراقدا زیاد دەکات. بۆیە تورکیا وای دەبینێت ئەگەر ئاسایش و سەقامگیری لە عێراقدا هەبێت، ئەوا کاریگەریی لە سەر ئاسایش و سەقامگیریی تورکیاش دەبێت. بە پێچەوانەوە، ناجێگیریی دۆخی عێراق کاریگەریی نەرێنییانە لە سەر دۆخی تورکیا بەجێ دەهێڵێت. بۆیە پاراستنی بەرژەوەندی و مافی تورکمانەکانی عێراق کاریگەریی لە سەر پەیوەندییە دیپلۆماسی و سیاسییەکانی عێراق و تورکیا دەبێت و لە هەندێک دۆخدا جۆری پەیوەندییەکەش ڕەنگڕێژ دەکات. لە دۆخێکدا کە مافی تورکمانەکان پارێزراو بێت، مانای بەهێزیی پەیوەندییەکان و بە پێچەوانەشەوە کاریگەریی لە سەر لاوازکردنی پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە دەبێت.

تێڕوانینی تورکیا لە بەرامبەر تورکمانەکانی عێراقدا ئەرێنییانەیە و لە ڕووی مێژووییەوە وەک بەشێک لە ویلایەتی موسڵ دەیانبینێت و لە ڕووی ئیتنیکییەوە بە درێژکراوەی خۆیانی دەناسێت. لە بەر ئەم هۆکارانە، تورکیا تورکمانەکان وەک نوێنەر و جێبەجێکاری پلانەکانی تورکیایە لە عێراقدا. ئەو گرووپانەی سەر بە تورکمانەکانی عێراقن، ئەگەر لە چوارچێوەیەکی فەرمیدا بن، یاخود بە پێچەوانەوە گرووپگەلی نافەرمیی چەکداریش بن، بە شێوەیەک لە شێوەکان لە لایەن تورکیاوە هاوکاریی مەعنەوی و لۆجستی دەکرێن. بە هۆی پاراستنی سنوورەکان و سەروەریی وڵاتانەوە، دەوڵەتێک ناتوانێت بە شێوەیەکی کرداری بوونی خۆی لە خاکی دەوڵەتێکی دیکەدا ببینێتەوە، بەڵام ئامادەیە لە ڕێگای هاوکاریکردنی ئەو هێزانەی لە خاکی وڵاتەکەدان؛ ئەجێندا و ستراتیژەکانی خۆی درێژە پێ بدات. لە بەر ئەمە، تورکمانەکانی عێراق گرنگییەکی ئەمنی، ئابووری، سیاسی و ئیتنیکییان بۆ تورکیا هەیە.

## تورکیا و پەکەکە

تورکیا و پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) بۆ ماوەی زیاتر لە سی ساڵە لە شەڕدان. پەکەکە خۆی وەک هێزێکی خەباتکار بۆ بەدیهێنانی مافەکانی گەلی کورد لە تورکیا و تەواوی گەلانی دیکەی تورکیا دەناسێنێت، تورکیاش بە تەواوی پەکەکە وەک گرووپێکی تیرۆرستی دەناسێنێت[١١]. تورکیا لە پەیوەندیدا بە پەکەکەوە لە بەیاننامەکانی وەزارەتی دەرەوەیدا بۆچوونی خۆی خستووەتە ڕوو، دەڵێت: پەکەکە ڕێکخراوێکی تیرۆرستییە و ئەم بۆچوونەش لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا پاڵپشتیی لێ دەکرێت. هێرش و پەلامارەکانی پەکەکە بۆ سەر تورکیا بە کێشەیەکی جددی دادەنرێت کە هەڕەشەیە لە سەر ئاسایشی ناوخۆی وڵاتی تورکیا. هێرشەکانی پەکەکە بۆ سەر ژێرخان، دامەزراوە ئابووری و پەروەردەیی و گشتییەکان، سەقامگیری و ئابووریی وڵاتەکە بە ئامانج دەگرێت. تورکیا جگە لە جەختکردنەوە لە سەر کردەوەکانی پەکەکە، ئاماژە بۆ سەرچاوەی دارایی پەکەکە دەکات و لەمەشدا جەخت لە سەر هاریکاری و پێویستیی هاوکاری لەگەڵ وڵاتانی ئەورووپا دەکاتەوە. پێی وایە پەکەکە هەوڵی بەکارهێنانی مافی دیموکراسی لە ئەورووپا دەدات و هەوڵی پەلکێشکردنی گەنجان بۆ ناو ڕێکخراوەکەی دەدات. لەم ڕووەوە تورکیا دەستپێشخەریی جۆراوجۆری دیپلۆماسی بۆ ناساندنی پەکەکە وەک ڕێکخراوێکی تیرۆرستی لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا کردووە. هەر لە بەر ئەمەش درێژکراوەی پەکەکە لە وڵاتانی وەک سووریا و عێراق لە دیدگای تورکیادا بە هەمان شێوە لەگەڵ پەکەکەدا جیاواز نین[١٢].




**گرافیک ژ (١)**

**ئەو ناوچانەی کە پێکدادانی نێوانی هێزەکانی پەکەکە و سوپای تورکیا ڕووی داوە**

**سەرچاوە:** https://www.crisisgroup.org/tr/content/grafik-ve-haritalarla-turkiyedeki-pkk-catismasi, Site Erişimi: 23,08,2023.

یەکێک لەو ئامانجانەی دەستوەردانی بەردەوامی تورکیا بۆ سەر عێراق فەراهەم دەکات، بوونی پەکەکەیە لە سەر سنوورەکانی عێراق و تورکیا، واتە لە هەرێمی کوردستانی عێراق. بۆیە تورکیا بەردەوام پەلامارەکانی بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان بە بیانووی بوونی پەکەکەوە ئەنجام دەدات. یایجی (نووسەر و برەوپێدەری نیشتمانی شینە (دەریاوانی)، هەروەها دامەزرێنەری دامەزراوەی دەریاوانی تورکی و ناوەندی لێکۆڵینەوەی جیهانییە) لە توێژینەوەیەکدا باس لە گرنگیی ئۆپەراسیۆنەکانی تورکیا بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستانی عێراق بە هۆکاری بوونی پەکەکە ڕوون دەکاتەوە، چونکە تورکیا نزیکەی ٣٥ ساڵە بەدەست پەکەکەوە دەناڵێنێت. پاڵنەری پشت ئەم پرۆسەیەش بە گرنگ دادەنێت، چونکە بابەتەکە پەیوەندیی بە یەکپارچەیی خاکی تورکیاوە هەیە و پەکەکە وەک هێزێکی جوداخواز دەناسێنێت[١٣].

تورکیا پێی وایە هەموو ئەو پرۆژانەی لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی لە پێناو ئارامی و ئاسایشی وڵاتەکەیدا بۆ پاراستنی وڵاتەکەی پەیڕەوی دەکات، بە هۆی بوونی پاشخانێکی مێژوویی و ڕێککەوتننامەکانەوەیە. بەم هۆیەوە تەواوی ئۆپەراسیۆنەکان و پەلاماردانە سەربازییەکانی تورکیا بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستانی عێراق و بە دیاریکراوی بۆ سەر ناوچەکانی زاخۆ، دهۆک، ئاکرێ، بارزان، زێبار، خواکورک، قەندیل و سۆران و ئامێدی؛ خاوەنی گرنگییەکی ستراتیژییە. هەر بۆیە کردنەوەی بارەگا و بنکەی سەربازی لە دەرەوەی سنووری تورکیا وەک بابەتێکی هەستیاری ستراتیژی کە پەیوەندیی بە سەقامگیریی خاکی تورکیاوە هەیە، سەیر دەکرێت[١٤].

نیگەرانییەکانی تورکیا بەرامبەر بوونی پەکەکە لە خاکی عێراقدا بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە، ئاسایشی سنوورەکان بەلای تورکیاوە بابەتێکی هەستیارە، چونکە بوونی پەکەکە لە ناوچە شاخاوییەکانی هەرێمی کوردستان و لە سەر سنوورەکانی تورکیا و عێراقن، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی پەکەکە بە ئاسانی هێرش و پەلامارەکانی بۆ سەر تورکیا ئەنجام بدات، لە بەر ئەم هۆکارە تورکیا پەکەکە وەک مەترسی بۆ سەر ئاسایشی سنوورەکانی دەبینێت. لە هەمان کاتدا بوونی پەکەکە لە ناو عێراقدا توانای جووڵە و چالاکییەکانی فراوانتر دەکات، ئەمەش مایەی نیگەرانییە بۆ تورکیا، چونکە هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایشی ناوخۆی وڵاتی تورکیا. هەر لە پەیوەندیدا بەم بابەتەوە، بوونی پەکەکە لە خاکی عێراقدا لە ڕوانگەی تورکیاوە زیانە بۆ یەکپارچەیی خاکی عێراق و کاریگەریی لە سەر هەژموون و سەروەریی خاکی عێراق هەیە، سەروەری و یەکپارچەیی خاکی عێراقیش بۆ

سەقامگیریی ناوچەکە لە دیدگای تورکیاوە کاریگەرییەکی گرنگی هەیە. بەم هۆیەوە تورکیا لە ساڵی (١٩٨٤)ەوە تاوەکوو ئێستا، زیاتر لە بیست ئۆپەراسیۆنی لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی و لە ناو خاکی عێراقدا لە ژێر ناوی جیاجیادا و بە هەمان مەبەست و ستراتیژ ئەنجام داوە، کە بە ئۆپەراسیۆنی (ڕاوەدوونانی گەرم - Sıcak Takip Operasyonu) دەستی پێ کردووە و دواین ئۆپەراسیۆنی بەناوی ئۆپەراسیۆنی چنگ (Pençe Harekâtı) بووە[١٥].

لەم ساڵانەی دواییشدا تورکیا لە ناو شارەکانی هەرێمی کوردستان و هەندێک لە شارەکانی دیکەی عێراقدا لە ڕێگەی هەواڵگرییەوە هەوڵی لەناوبردن و سڕینەوەی ئەندامانی باڵا و لێپرسراوانی پەکەکەی داوە[١٦]. هەروەها لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیادا چالاکییەکانی تورکیا نەک تەنها لە سەر سنوورەکان، بەڵکوو لە شاری سلێمانی و ناوچەکانی شارباژێڕ و پێنجوێنیش لە دژی ئەندامانی پەکەکە زیادی کردووە[١٧].

لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە لە کاتێکدا پەکەکە سنووری چالاکییەکانی خۆی لە عێراقدا و بە تایبەت لە خاکی هەرێمی کوردستاندا بەرفراوانتر بکات، هێرش و پەلاماری سەربازی و کردەی هەواڵگریی تورکیا بۆ سەر پەکەکە و ناوچەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق بەرفراوانتر دەبێت. لە بەیاننامەکانی وەزارەتی دەرەوەی تورکیادا جەخت لە سەر دەرکردن و داماڵینی پەکەکە لە خاکی عێراقدا کراوەتەوە و تورکیا بۆ ئەم مەبەستەش داوای کاری پێکەوەیی و هاوبەش لە بەرپرسانی عێراقی دەکات: «ئەو ڕێکخراوانە هەڕەشەن بۆ سەر وڵاتەکەمان، جەخت لە چاوەڕوانییەکانمان بۆ نەهێشتنی هەموو ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان، بە تایبەتی پەکەکە و پەرەپێدانی پەیوەندییەکانمان لە بوارەکانی بازرگانی، پیشەسازیی بەرگری، هاوکاریی سەربازی و وەبەرهێنانی ژێرخانی ئابووری لەگەڵ عێراق دەکەینەوە[١٨]».

### تورکیا و میلیشیا شیعەکان

هەڵوێست و ڕوانینی تورکیا بەرامبەر گرووپە شیعە چەکدارەکان بە گوێرەی گۆڕانکاریی هەرێمی، نیگەرانیی ئاسایش و بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی دەگۆڕێت. لە دۆخێکدا ئەگەر ئەم گرووپانە بەرگری لە یەکپارچەیی خاکی عێراق و ئاسایشی ناوچەیی بکەن، تورکیا مامەڵەی دۆستیان لەگەڵدا دەکات و سیاسەتێکی جیاوازیان لەگەڵدا پەیڕەو دەکات. لە دۆخێکدا ئەگەر یەکپارچەیی خاکی عێراق بکەوێتە بەر مەترسی، تورکیا کاری پێکەوەیی لەگەڵ ئەم گرووپانەدا دەکات و داوای هاوکارییان لێ دەکات.

ئەم گرووپانە لە ژێر هەژموون و سیاسەتی ئێراندان، ئەمەش مانای وایە پێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی ئێران لە عێراقدا کار ناکەن. لەم دۆخەدا تورکیا نیگەرانە لە گەشە و بەرفراوانبوونی دەسەڵاتی ئەم گرووپانە لە خاکی عێراقدا، چونکە داخوازیی مەزهەبی و هێزیان بەردەوام لە زیادبووندا دەبێت. تورکیا لە مامەڵەی لەگەڵ ئەم گرووپە شیعە چەکدارییانەدا، تەماشای ئەوە دەکات کە ئاخۆ ئەم گرووپانە دژی بەرژەوەندییەکانی تورکیان و بەرامبەری دەوەستنەوە، یاخود کارئاسانی بۆ بەرژەوەندییەکانی تورکیا لە ناوچەکەدا دەکەن، بۆیە هەڵسەنگاندنی پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ ئەم گرووپانەدا بابەتێکی ئاڵۆزە و بە گوێرەی دۆخ و پێشهاتەکان لە گۆڕاندا دەبێت.

بەریەککەوتن و نزیکبوونەوەی تورکیا و گرووپە شیعە چەکدارەکان لە پێشووتردا بە گوێرەی دۆخە جیاوازەکان ڕووی داوە و ئێستاش بەردەوام تێبینی دەکرێت. ڕێباز و ستراتیژی تورکیا بەرامبەر بە گرووپە میلیشیا شیعەکان لە عێراق تا ڕادەیەک ئاڵۆزە. ئەم گرووپانە زۆر جار دەکەونە ژێر کاریگەریی ئێران و ئەگەری مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندییە ئاسایشییەکانی تورکیا لە ناوچەکە دروست دەکەن. لەم ڕووەوە سیاسەتی دەرەوەی تورکیا ئەوەیە کە ئایا ئەو گرووپانە زیان بە ئاسایش و بەرژەوەندییەکانی تورکیا دەگەیەنن یان نا. تورکیا بە ئامانجی پشتیوانی لە یەکپارچەیی خاک، سەقامگیری و دەستوەردان لە عێراق، نیگەرانە لەوەی کە ئەم گرووپانە ڕەنگە هاوسەنگیی هێز لە ناوچەکەدا تێک بدەن و ئاسایشی تورکیا بخەنە مەترسییەوە. بە تایبەتی گرووپەکانی وەک بزووتنەوەی نوجەبا، لەو ڕێکخراوانەن کە وا بیر دەکرێتەوە کاریگەریی ئێرانیان لە سەرە و ڕەنگدانەوەی سیاسەتەکانی ئێرانن لە عێراق. هەڕەشە و گوتاری ئەم گرووپانە بەرامبەر بە تورکیا لەگەڵ سیاسەتەکانی ئێران بەرامبەر بە تورکیا یەک دەگرێتەوە. لە لایەکی دیکەوە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی تورکیا لە عێراق ڕەنگە کاریگەریی لە سەر هاوسەنگیی هێز لە ناوچەکەدا هەبێت، ئەمەش ڕەنگە هەڕەشەکانی گرووپە میلیشیا شیعەکان لە دژی تورکیا زیاتر بکات. بۆ نموونە لە هەندێک ناوچەی عێراقدا وەك شەنگال، پەکەکە و میلیشیا شیعەکان پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان هەیە، ئەمەش سیاسەتەکانی تورکیا لە ناوچەکەدا زیاتر ئاڵۆزتر دەکات[١٩]. لە ڕابردوودا ئەو هێزە سوننییانەی بۆ پاراستنی نەینەوا دروست کرابوون و لە لایەن تورکیاوە مەشق و ڕاهێنانی تەکنیکی و سەربازییان پێ کرابوو، چوونە ناو هێزەکانی حەشدی شەعبییەوە و بوونە بەشێک لە ئەجێنداکانی حەشد لەو ناوچانە. یەکێک لە سەرکردەکانی بە ناوی نوجەیفی لە لێدوانێکدا دەڵێت: «هێزەکانمان پەیوەست بوون بە ئەنجوومەنی باڵای

حەشدی شەعبییەوە، ئەمەش دوای تێپەڕاندنی یاسای حەشدی شەعبی لە پەرلەمانی عێراق ڕووی دا. بەو یاسایە هەموو گرووپە سەربازییەکانی دەرەوەی بازنەی وەزارەتی بەرگریی عێراق لە ژێر یەک سەقفدا کۆ کرانەوە. بۆیە ڕایدەگەیەنم کە دڵسۆزانە کار بۆ ئەم یاسایانە دەکەین و دڵسۆزین بۆ حەشدی شەعبی. هەروەها مووچەمان بە پێی ئەم یاسایە دەدرێت[٢٠].»

ڕۆژنامەی «الصباح»ی تورکی لە بابەتێکدا لە ژێر ناونیشانی «حەشدی شەعبی و تیرۆرستان لە دژی تورکیا یەکیان گرت[٢١]» ئاماژەی بە هێزەکانی پەکەکەی وەك تیرۆریست داوە، بۆیە شێوازی کارکردن و پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ ئەم گرووپانە بە گوێرەی دۆخ و دینامیکە ناوچەییەکان دەگۆڕێت[٢٢]. بە شێوەیەکی گشتی ئەم گرووپانە لە ژێر کاریگەریی ئەجێندای ئێراندان، بۆیە نزیکبوونەوەی ئەم گرووپانە لە تورکیا وابەستەیە بە یەکانگیربوونەوەی سیاسەتەکانی ئێران لە عێراق لەگەڵ تورکیادا، کە ئەوەش حاڵەتێکی ئەستەمە و تەنها لە ساتی هاتنەناوەی هەرێمی کوردستاندا و بە تایبەت کاتێک مەترسی لە سەر یەکپارچەیی خاکی عێراق دروست ببێت، ئەم پەیوەندی و نزیکبوونەوەی گرووپە شیعەکان و تورکیا چاوەڕوان دەکرێت، بە پێچەوانەوە ئەم گرووپانە بۆ لێدان لە بەرژەوەندییەکانی تورکیا لە عێراقدا بەردەوام پەیوەندی لەگەڵ پەکەکەدا دروست دەکەن، تورکیاش ئەمە بە هەڕەشەیەکی بەردەوام دەبینێت[٢٣].

نزیکبوونەوەی تورکیا لەگەڵ گرووپە میلیشیا شیعەکان لە عێراق، بە پێی دینامیکی ناوچەیی و بەرژەوەندییە ئاسایشییەکان لەقاڵب دراوە. ئەم گرووپانە وەک یەکێک لە هۆکارە گرنگەکان دەردەکەون کە کاریگەرییان لە سەر سیاسەتەکانی تورکیا لە عێراق هەیە، بەڵام لە واقیعدا پێدەچێت نزیکبوونەوەی گرووپە میلیشیا شیعەکانی سەر بە ئێران لەگەڵ تورکیادا سیناریۆیەکی سەخت بێت. ئەم دوو لایەنە بەرژەوەندیی ناوچەیی و ئایدیۆلۆژیی جیاوازیان هەیە. ئەگەر دۆخێکی گریمانەیی بۆ نزیکبوونەوەی ئەم دوو هێزە لە عێراقدا هەبێت، دەکرێت بە هۆی تێڕوانینی هەڕەشەی هاوبەشی نێوان ئەم دوو هێزەوە بێت. ئەگەر هەڕەشەیەکی هاوبەش وەک تیرۆر یان ناسەقامگیری لە ناوچەکەدا سەر هەڵبدات، ڕەنگە گرووپە شیعە چەکدارەکان و تورکیا و مەیلیان بۆ هاوکاریکردن لە دژی ئەم هەڕەشەیە هەبێت. بەڵام لەو کاتەشدا ناکۆکیی ئایدۆلۆژی و ناکۆکیی ڕابردوو دەتوانێت پرۆسەی هاوکاری و هاوبەندیی نێوانیان سنووردار بکات، یاخود ڕەنگە هەوڵی دیپلۆماسیی نێودەوڵەتی یان نێوەندگیری ببێتە بنەمایەک بۆ لێکنزیکبوونەوەی ئەم دوو

لایەنە. لەوانەیە هاوکاریی سنووردار لە هەندێک بابەتدا هەبێت، وەک هاوکاریی مرۆیی یان ئاسایش، بەڵام ئەم جۆرە هاوکارییە بە مانای نزیکبوونەوەی ستراتیژی درێژخایەن نییە. بۆیە بە شێوەیەکی گشتی نزیکبوونەوە لە نێوان تورکیا و گرووپە میلیشیا شیعەکانی سەر بە ئێران (بۆ نموونە حەشدی شەعبی)، دۆخێکی سەخت و ئاڵۆزە. جیاوازیی ئایدۆلۆژی و ستراتیژی و مێژوویی؛ لە هۆکارەکانی سنووردارکردنی ئەو جۆرە لێکنزیکبوونەوانەن.

لەم ڕووەوە تورکیا هەمیشە دەسەڵاتێکی ناوەندیی بەهێزی دەوێت کە نوێنەرایەتیی خەڵک و حکومەت بێت لە عێراقدا. وەک لە بەیاننامەکەیاندا هاتووە: «عێراق لە ساڵی ٢٠٢٢دا ڕووبەڕووی ئاستەنگی سەخت بووەوە لە ڕووی پێشهاتەکانی سیاسەت و ئاسایشەوە. دوای ئەوەی لە ١٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١دا هەڵبژاردن لەو وڵاتە ئەنجام درا، لە مانگی یەکی ساڵی ٢٠٢٢دا سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق هەڵبژێردرا، بەڵام دوای ئەم هەڵبژاردنەش دیسانەوە نەتوانرا بەسەر ناکۆکیی نێوان گرووپە سیاسییەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی هێزە میلیشیاکاندا زاڵ ببن و بۆیە ڕووداوەکان توندوتیژییان لێ کەوتەوە. لەو ماوەیەدا تورکیا پاڵپشتیی لە هەژموونی دیالۆگ لە عێراق و پێکهێنانی حکومەتێکی کارا و گشتگیر و پاراستنی تێگەیشتنێکی هاوسەنگ لە سیاسەتی دەرەوەی عێراق دەکرد. ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی وەک داعش و پەکەکە لە ساڵی ٢٠٢٢دا بەردەوام بوون لە سوودوەرگرتن لە کەموکوڕییەکانی پێکهاتەی ئەمنیی عێراق و بۆشایی گۆڕەپانی سیاسی. تورکیا ئیرادەی پێشخستنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەت و سەرۆککۆماری نوێی عێراق لە سەر بنەمای دراوسێیەتیی باش و ڕێزگرتنی یەکتری هەیە[٢٤].»

## پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و گرووپە عەرەبە سوننییە نافەرمییەکان

پەیوەندیی نێوان عەرەبە سوننەکانی عێراق و تورکیا کاریگەرە بە چەند فاکتەرێکی جیاواز، بۆیە دەکرێت بوترێت ئەم پەیوەندییانە ئاڵۆزن. ئەم پەیوەندییانە دەکەونە ژێر کاریگەریی فاکتەرەکانی وەک گۆڕانکارییە سیاسی، هەرێمی، ئایینی و مەزهەبییەکانەوە. لە ڕووی مێژووییەوە پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوان عەرەبە سوننەکان و تورکیادا هەیە، چونکە دەسەڵات و حکومڕانیی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بە شێوەیەکی بەرفراوان و بۆ چەند سەدەیەک لەم ناوچەیەدا بوونی هەبووە، بۆیە ئەو خاڵی پەیوەندییە هەتاوەکوو ئەم سەردەمەش درێژ بووەتەوە[٢٥].

لە ڕووی سیاسییەوە تورکیا پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ سەرکردە سیاسییەکانی عەرەبە

سوننەکان هەیە، بە تایبەت لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە و سەرهەڵدانی ململانێی مەزهەبی، لەم دۆخەدا تورکیا چەندین سەرکردەی هەڵهاتووی عەرەبە سوننەکانی دەستی حکومەتی عێراقی لەخۆ گرت. لە لایەکی دیکەوە لە ساتی سەرهەڵدانی ڕێکخراوی تیرۆرستیی داعش و بە تایبەت دەسەڵاتی بەرفراوانی داعش لەو ناوچانەی بە چڕی عەرەبە سوننەکانی تێدایە، هۆکاری بەهێزبوونی پەیوەندیی نێوان تورکیا و گرووپە سوننییەکانی عێراق بوو. لە هەمان کاتدا ئەم ناوچانە پەیوەندییەکی توندوتۆڵی ئابووریان لەگەڵ تورکیادا هەیە، چ لە ڕووی وزە و چ لە ڕووی بازرگانییەوە. بەڵام لە هەندێک ڕووەوە پەیوەندییەکانی عەرەبە سوننەکان و تورکیا دووچاری سەختی دەبنەوە، بە تایبەت کاتێک ناوبەناو عەرەبە سوننەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا بابەتی دابەشکردنی عێراق بۆ سێ هەرێمی جیاواز دەکەنەوە. لێرەدا پەیوەندییەکانی تورکیا و عەرەبە سوننەکان دووچاری گرژی دەبێتەوە.

## سیناریۆ ئایندەییەکان

بە هۆی گۆڕانی دینامیکیەتی پەیوەندی و بەرژەوەندییەکان تورکیا و ناوچەکە، پێشبینیکردنێکی ورد بۆ ئەم دۆخانە ئەستەمە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە نەتوانرێت تێگەیشتنێکی گشتی لە پەیوەندیدا بەم دۆخەوە گەڵاڵە بکرێت. سیناریۆ و داهاتووی ئەم پەیوەندییانە لە سێ ئاستدا دەخرێتە ڕوو:

### ١. سیناریۆی کورتخایەن

لە کورتخایەندا تورکیا بەردەوام دەبێت لە هاوکاریکردن و پاڵپشتیکردنی تورکمانەکانی عێراق، هەروەها هەوڵەکانی تورکیا بۆ دەستەبەرکردنی ماف و زیادکردنی نوێنەرایەتیی سیاسیی تورکمانەکان زیاتر دەبێت، بە تایبەت لەم نزیکانەدا هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق بەڕێوە دەچێت. بۆیە پێشبینی دەکرێت لە هەوڵە دیپلۆماسییەکانی بۆ پاڵپشتیی تورکمانەکان بەردەوام بێت. شەڕی تورکیا دژی پەکەکە لە عێراق و ئەو ناوچانەی پەکەکەی لێیە بەردەوام دەبێت، جا لە ڕێگەی ئۆپەراسیۆنی سەربازی بۆ سەر خاکی دەرەوەی تورکیا، یاخود بۆردوومان بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و هەوڵە هەواڵگرییەکانی بۆ سڕینەوەی سەرکردە و لایەنگرانی پەکەکە لە شار و ناوچە جیاوازەکانی عێراق و کوردستان بەردەوام دەبێت. کارکردنی تورکیا بەرامبەر گرووپە میلیشیا شیعەکان هەستیار دەبێت، لە بەر ئەوەی ئەم گرووپانە لە ژێر هەژموونی ئێراندان و لە لایەن ئێرانەوە پاڵپشتییان دەکرێت. لە حاڵەتی بەرکەوتنی بەرژەوەندییەکانی ئەم دوو وڵاتەدا، ئەم گرووپانە

دەکرێت زیان و مەترسی بە تورکیا و بەرژەوەندییەکانی بگەیەنن، یاخود پەیوەندی و دۆستایەتی لەگەڵ پەکەکەدا ببەستن و لەو ڕێگەیەوە لە بەرژەوەندییە ئەمنی، ئابووری و سیاسییەکانی تورکیا بدەن. ڕەنگە تورکیا بۆ هاوسەنگکردنەوەی هێز بیەوێت پاڵپشتیی عەرەبە سوننەکان بکات و سوود لە ململانێی مەزهەبیی نێوان عەرەبی شیعە و سوننە وەربگرێت، بەڵام هۆکارەکانی وەک سیاسیەتی ناوخۆیی عێراق و وڵاتانی ناوچەکە و گرژیی لایەنی ئەمنی؛ لەو هۆکارانە دەبن کاریگەریان لە سەر ئەم پەیوەندییانە دەبێت.

### ٢. سیناریۆی ماوە مامناوەند

پێشبینی دەکرێت تورکیا لە پاڵپشتییەکانی بۆ تورکمانەکان بەردەوام بێت، چونکە ئەم پاڵپشتییە سەرچاوەیەکی گرنگی ئیتنیکی لە پشتەوەیە، بۆ ئەمەش تورکیا دەکرێت پرۆژەی هاوکاریی ئابوری و مرۆیی پێشکەشی تورکمانەکان بکات، لە هەمان کاتدا هەوڵەکانی بۆ زیادکردنی نوێنەرایەتیی سیاسیی تورکمانەکان لە عێراق چڕتر بکاتەوە. بە هەمان شێوە تورکیا هێرش و ئۆپەراسیۆنەکانی لە دژی پەکەکە بەردەوام دەبێت. لە پەیوەندیدا بە گرووپە شیعەکانەوە، پێشبینی دەکرێت لە حاڵەتی ئاساییبوونی پەیوەندییەکاندا هەڵوێستێکی نەرمتر لەگەڵ ئەم گرووپانەدا بگرێتە بەر و زیاتر جەخت لە سەر ڕێوشوێنی دیپلۆماسی بکاتەوە، بەڵام بە پێچەوانەوە پێشبینی دەکرێت تورکیا ڕێوشوێنی ئەمنی و دیپلۆماسی لە دژی گرووپەکانی ژێر کاریگەریی سیاسەتی ئێران بگرێتە بەر. هەڵوێستی تورکیا بەرامبەر عەرەبە سوننەکان تا ڕادەیەک پەیوەندیی بە هەڵوێستی بەرامبەر بە گرووپی میلیشیا شیعەکانەوە هەیە، بۆیە پێشبینی دەکرێت لە پاڵپشتیکردنی عەرەبە سوننەکان بەردەوام بێت، دیسانەوە ئەم پاڵپشتییە بە گوێرەی گۆڕانکارییە هەرێمی و ناوچەییەکان دەگۆڕێت.

### ٣. سیناریۆی درێژخایەن

پاڵپشتیی تورکیا لە تورکمانەکان ستراتیژییە، بۆیە هاوکاری و پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ تورکمانەکاندا بەردەوام دەبێت، بەڵام فۆڕمی ئەم پەیوەندی و پاڵپشتییانە بە گوێرەی دۆخی سەقامگیری و کارتێکەرە هەرێمی و ناوچەییەکان دەگۆڕێت. لە درێژمەودادا شەڕ لەگەڵ پەکەکەدا بەردەوام دەبێت، گۆڕانکارییە ناوچەییەکان و بەرەوپێشچوون یاخود تێکچوونی پەیوەندییەکان کاریگەریان لە سەر ئەم پرسە دەبێت. هێزێکی وەک پەکەکە بەردەوامیی دەبێت، چونکە خاڵی باڵانسی هێزە لە ناوچەکەدا و ئێران مانەوەی پەکەکە بە گرنگ دەبینێت. بە هەمان شێوە گرووپە شیعەکان ئەگەر بەردەوامییان هەبێت؛ لە زیانی تورکیان، بۆیە تورکیا هەوڵی خۆی بۆ لەقاڵبدان و بچووککردنەوەی دەسەڵات و

نفووزی ئەم هێزانە دەدات، ئەمەش لە ڕێگەی پرسی عەرەبە سوننەکانەوە، چونکە تورکیا هاوسەنگیی بەرژەوەندییەکانی خۆی لە ڕێگەی عەرەبی سوننە و تورکمانەکانی عێراقەوە ڕادەگرێت، بەڵام دۆستایەتیی عەرەبی سوننە و تورکیا ستراتیژی نابێت.

سیاسەتی دەرەوە و تێڕوانینی تورکیا بەرامبەر بە هەریەک لەو گرووپانە بە هۆی گۆڕانکارییە ناوخۆیی و دەرەکییەکانەوە لە ماوەکورتدا دەگۆڕێت و لە درێژخایەندا تورکیا بەدوای بەرژەوەندییە ئابووری، سیاسی و ئەمنییەکانیەوە دەبێت.

## دەرئەنجام

تێڕوانین و سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بەرامبەر گرووپە چەکداری و سیاسییە فەرمی و نافەرمییەکان، بە گوێرەی دینامیکیەت و بەرژەوەندییە ئابووری، سیاسی، کولتووری و ئەمنییەکان گۆڕانی بەسەردا دێت. تورکیا لە سیاسەتی دەرەوەیدا بە گوێرەی بەرژەوەندییەکانی ستراتیژی تایبەت بە خۆی هەیە و لەو چوارچێوەیەدا پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراقدا بونیاد ناوە. تێڕوانینی تورکیا بەرامبەر تورکمانەکانی عێراق بە تایبەت تورکمانە سوننییەکان، دۆستایەتییەکی ستراتیژییە، چونکە لە ڕووی ئیتنیکی، سیاسی و کولتوورییەوە بە درێژکراوەی خۆی لە خاکی عێراقدا دەیانبینێت، بۆیە ئەم گرووپانە وەک هێزێکی پڕۆتورکی لە عێراقدا دەبینرێن، بەڵام ئەم ستراتیژە لە پەیوەندیدا بە تورکمانە شیعەمەزهەبەکانەوە کە هەندێک جار دەکەونە ژێر کاریگەریی فاکتەرە مەزهەبییەکەوە و لایەنی ئیتنیکیی خۆیان لە پەراوێزدا دادەنێن، گۆڕانی بەسەردا دێت.

سیاسەتی دەرەوەی تورکیا و تێڕوانینیان بەرامبەر پەکەکە، پەیوەندیدارە بە سەقامگیری و ئەمنیەتی تورکیاوە، چونکە تورکیا پەکەکە وەک هێزێکی تیرۆرستی دەبینێت و بە مەترسی بۆ سەر ئاسایش و سەقامگیریی خاک و ناوخۆی وڵاتەکەی دەبینێت، هەر بۆیە چاوەڕوانکراوە تورکیا لە ڕێگەی جیاواز و لە پێناو ئەم ستراتیژەدا بەردەوام ئۆپەراسیۆنی سەربازی بۆ سڕینەوە و لەناوبردنی ئەندامانی پەکەکە لە ڕێگەی هەواڵگرییەوە لە عێراق و هەرێمی کوردستان ئەنجام بدات، ئەمەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و زمانی دیپلۆماسییەوە دەکرێت ڕوو بدات.

تێڕوانینی تورکیا بەرامبەر میلیشیا شیعەکان ئاڵۆزە، لە دۆخێکدا ئەگەر بەرژوەندییەکانی ئەم دوو لایەنە یەکانگیر ببێتەوە، ئەوا ئەگەری پێکەوە کارکرنیان بەهێزتر

دەبێت. یەکانگیربوونەوەی بەرژەوەندییەکان لە دۆخێکدا بە ئەگەری زۆر ڕوو دەدات، کاتێک بابەتی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستانی عێراق بێتە پێشەوە، یاخود هەردووکیان هەست بە مەترسییەکی هاوبەشی وەک بوونی داعش و مەترسییەکانی بۆ سەر هەردوو لا بکەن. بەڵام لە واقیعدا هاریکاری و پەیوەندیی نێوان ئەم دوو هێزە ستراتیژی نییە، چونکە بەرژەوەندی و ئایدۆلۆژیایان جیاوازە و هێزە شیعییەکان وەک هێزێکی پرۆئێرانی بە جێبەجێکاری بەرژەوەندییەکانی ئێران لە عێراق دادەنرێن، لەمەدا ئێران بەردەوام دنەی ئەم هێزانە بۆ کەمکردنەوەی نفووزی تورکیا لە عێراق دەدات و تەنانەت کارئاسانی بۆ لێکتێگەیشتن لە نێوان پەکەکە و ئەم گرووپانەدا دەکات. بۆیە تورکیا وەک دۆست مامەڵە لەگەڵ ئەم گرووپانەدا ناکات و هەر لێکنزیکبوونەوەیەک لەگەڵ ئەم گرووپانەدا بە هەستیارییەوە جێبەجێ دەکات. بە هۆی ململانێی مەزهەبییەوە لە عێراق، گرووپە سوننییەکان تا ڕادەیەکی بەرچاو نزیکبوونەوەیان لە هێڵی تورکیا و کوردەکان بۆ گونجاوترە، بەڵام ئەم بابەتەش هێشتا وەکوو جێگەی متمانەی تەواو نییە بۆ تورکیا، ئەگەرچی پەیوەندیی مێژوویی لە نێوان عەرەبە سوننەکان و تورکیادا هەبێت، چونکە دیسانەوە دینامیکیەتی ئەم پەیوەندییانە بە گوێرەی بەرژەوەندییە ئابووری، بازرگانی، سیاسی و ئەمنییەکان دەگۆڕێت.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان:

1 Muhamed Işık, Sahipkıran Stratejik Araştırmalar Merkezi – Sasam, 17 Ocak, 2020.

2 Değer Akal, 2022'de Türkiye'yi dış politikada neler bekliyor?, 27. 12. 202127 Aralık 2021, GÜNDEM – DW Site Erişimi 19.08.2023.

3 2023 Yılında Girerken Girişimci Ve Insani Dış Politikalarımız, Dışişleri Bakanlığı'nın 2023 Yılı Mali Butçe Teklifinin TBMM Genel Kuruluna Sunulması Vesilesi İle Hazırlanan Kitapçık, S 21.

4 BURÇİN KABAKCI, TÜRKİYE'NİN IRAK VE SURİYE İLE GÜVENLİK İLİŞKİLERİ, Araştırma Raporu Ekonomik Araştırmalar ve Proje Müdürlüğü KONYA Mart, 2018 www.kto.org.tr, S3.

5 Cihat YAYCI, Irak'ta Yaşanan Savaşlar ve Türkiye'ye Etkileri, Güvenlik Stratejileri, Cilt: 15 Sayı: 30, S 333, 809363 (dergipark.org.tr).

6 2023 Yılında Girerken Girişimci Ve Insani Dış Politikalarımız, Dışişleri Bakanlığı'nın 2023 Yılı Mali Butçe Teklifinin TBMM Genel Kuruluna Sunulması Vesilesi İle Hazırlanan Kitapçık, S 21.

7 Fazıl Demirci. The Iraqi Turks yesterday and today--. [Turkey]: Turkish Historical Society Printing Press. 1991ç.

8 David Kushner, Pan-Turkism Today: Contemporary Turkey and the "Outside Turks", Asian and African Studies: Journal of the Israel Oriental Society, (1987), 21 (2): 202.

9 Ali SEMİN, Irak'taki siyasi çıkmaz Türkümenler ve Türkiye, 23 Ağustos 2012, Irak'taki Siyasi Çıkmaz, Türkmenler ve Türkiye | TUİÇ Akademi (tuicakademi.org), Site Erişimi 21. 08. 2021.

10 al-monitor, Iraq's Turkmens call for independent province, October 14, 2016, Date of Visit: 22,08,2023. Iraq's Turkmens call for independent province - Al-Monitor: The Pulse of the Middle East (archive.org).

١١ بەکارهێنانی وشەی تیرۆر بەرامبەر پەکەکە لە ڕوانگەی تورکیاوەیە و گوزارشت لە ڕای نووسەر ناکات.

12 PKK/T.C. Dışişleri Bakanlığı (mfa.gov.tr) Site Erişimi: 21. 08. 2023.

13 Cihat YAYCI, Irak'ta Yaşanan Savaşlar ve Türkiye'ye Etkileri, Güvenlik Stratejileri, Cilt: 15 Sayı: 30, S 333, 809363 (dergipark.org.tr).

14 Enes Demir, Türkiye'nin Irak'ın Kuzeyine Yönelik Askerî Harekât ve Stratejisinin Tarihsel Arka Planı, TÜRKİYE CUMHURİYETİ TARİHİ (İçinde), XVIII. TÜRK TARİH KONGRESİ IX. CİLT, ATATÜRK KÜLTÜR, DİL VE TARİH YÜKSEK KURUMU TÜRK TAR İ H KURUMU YAYINLARI VIII. Dizi - Sayı: 35, Ankara: 1-5 Eylül 2018, ANKARA, 2022, S 206.

١٥ بۆ وردەکاریی ئۆپەراسیۆنەکان، بڕوانە ئەم سەرچاوەیە: Ku- nin'Kuvvetleri Silahlı Türk .(org.wikipedia) Vikipedi - listesi operasyonlar yaptığı ta'Irak zey

١٦ ڕووداونێت، «ئەندامێکی کۆمیتەی شەهیدانی پەکەکە لە سلێمانی کوژرا»، ٢٠٢١\٩\١٧، ئەندامێکی کۆمیتەی شەهیدانی پەکەکە لە سلێمانی کوژرا | ڕووداو.نێت (rudaw.net)، ڕێکەوتی سەردانی سایت: ٢٠٢٣\٨\٢٢؛ کورستان ٢٤، «پەکەکە کوژرانی ئەندامێکی لە سلێمانی پشتڕاست دەکاتەوە»، ٢٠٢٢\١٠\٢٤، پەکەکە کوژرانی ئەندامێکی لە سلێمانی پشتڕاست دەکاتەوە (net.kurdistan٢٤)، ڕێکەوتی سەردانی سایت: ٢٠٢٣\٨\٢٢.

١٧ نووچەنێت، «تورکیا بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان شارەدێیەکی باشووری کوردستان بۆردوومان دەکات»، ٢٠٢١\١٠\١٥؛ نووچە نێت تورکیا بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان شارەدێیەکی باشووری کوردستان بۆردوومان دەکات (nuche.net)، ڕێکەوتی سەردانی سایت: ٢٠٢٣\٨\٢٢؛ کورستان٢٤، «تورکیا سنووری پێنجوێن بۆردوومان دەکات»، ٢٠٢٢\١٠\٦، تورکیا سنووری پێنجوێن بۆردوومان دەکات (net.kurdistan٢٤)، ڕێکەوتی سەردانی سایت: ٢٠٢٣\٨\٢٢؛ پۆلەتیک پرێس، «تورکیا بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان ئۆتۆمبێلێکی لە ڕانیە کردە ئامانج»، ٢٠٢٢\٨\١، تورکیا بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان ئۆتۆمبێلێکی لە ڕانیە کردە ئامانج (Politic Press) ، ڕێکەوتی سەردانی سایت: ٢٠٢٣\٨\٢٢.

18 2023 Yılında Girerken Girişimci Ve Insani Dış Politikalarımız, Dışişleri Bakanlığı'nın 2023 Yılı Mali Butçe Teklifinin TBMM Genel Kuruluna Sunulması Vesilesi İle Hazırlanan Kitapçık, S 21.

19 Haşdi Şabi'ye bağlı grup, Türkçe video ile Türkiye'yi tehdit etti: Türkiye ile İran arasındaki rekabet hali Irak'ta çok daha sert karşılık bulacak | Independent Türkçe (indyturk.com) Site erişimi: 25. 08. 2023.

20 Türkiye'nin eğittiği güçler Haşdi Şabi'ye bağlandı (kurdistan24.net) Site erişimi: 25. 08. 2023.

21 Terör kardeşliği! PKK ve Haşdi Şabi Türkiye'ye karşı birleşti - Son Dakika Haberler (sabah.com.tr) Site erişimi: 25. 08. 2023.

22 PKK ile Haşdi Şabi Türkiye'ye karşı anlaştı! Alçak birliktelik (ahaber.com.tr) Site erişimi: 25. 08. 2023.

23 Cemile Bayraktar, PKK, Haşdi Şabi ilişkisinin olası tehlikeleri (aawsat.com), Site erişimi: 25. 08. 2023.

24 2023 Yılında Girerken Girişimci Ve Insani Dış Politikalarımız, Dışişleri Bakanlığı'nın 2023 Yılı Mali Butçe Teklifinin TBMM Genel Kuruluna Sunulması Vesilesi İle Hazırlanan Kitapçık, S21.

25 Haydar ÇAKMAK, Atatürk Ansiklopedisi , Türkiye-Irak İlişkileri - Atatürk Ansiklopedisi (ataturkansiklopedisi.gov.tr), Site Erişimi: 26. 08. 2023.

# کاریگەریی سوارچاکەکانی پەرستگا لە سەر ڕۆژئاوای هاوچەرخ

## لایەنی کولتوور و دارایی



د. سەلام عەبدولقادر عەبدولڕەحمان

### بەرایی

سوارچاکەکانی پەرستگا (The Knights Templar، یان بە کورتی: The Templars (تێمپڵەر))ی سەدەکانی ناوەڕاست، پاراستنی زیارەتکارە کریستیانە ئەورووپییەکانیان لەئەستۆ گرتبوو کە سەردانی شوێنە پیرۆزەکانیان لە قودس دەکرد. سەرەتا، بەرپرسیارێتیی پاراستنی گیانی زیارەتکارەکانیان لەئەستۆ گرت، پاشان پارە و سامانیان. کاری تێمپڵەرەکان بە تەنها لە سەدەکانی ڕابردوودا قەتیس نەبووە، بەڵکوو کاریگەرییەکانی درێژ بووەتەوە بۆ سەردەمی ئێستای ڕۆژئاوا. کاپیتاڵیزم و سیستمی بانکیی نێودەوڵەتی، هەروەها کولتوورپارێزی (هاوشێوەی پاراستنی ئایینی مەسیحی) لە بەرانبەر کولتوور و ئایینی بێگانە، دوو لە دەرەنجامەکانی کاری تێمپڵەرەکانە. هەردوو دیاردەکە بەبێ سنووردارکردن سەر دەکێشێت بۆ تێکدانی ئاشتیی کۆمەڵایەتی و پێکەوەژیان: کاپیتاڵیزم بەبێ دەستتێوەردانی دەوڵەت لە بەرژەوەندیی هەژاران و زیادەڕۆیی لە پاراستنی کولتوور لە بەرانبەر کەسانی بیانی، مەترسیی ڕاستەقینە لە سەر ئاسایشی تاک و کۆمەڵ و متمانە لە نێوانیاندا و هەروەها خۆشگوزەرانی و هاریکاری لە ناو کۆمەڵگادا دروست دەکات.

## مێژووی تێمپڵەرەکان

سوارچاکەکانی پەرستگا، تێمپڵەرەکان، وەکوو هێزێکی چەکداری کریستیان، مەسیحی، لە ساڵی ١١١٩دا لە خاکی پیرۆز لە قودس دامەزرا لە لایەن ئەشرافێکی فەڕەنسییەوە بە ناوی هیوگ دو پایەنس (Hugues de Payens). ئەندامانی ئەم گرووپە لە شوێنێک دەمانەوە لە نزیک پەرستگای سولەیمان لە بەرزاییەکدایە، وەکوو بارەگای سەرکردایەتی بەکاریان دەهێنا، هەر لە بەر ئەوەش بوو ناسران بە «سوارچاکەکانی پەرستگا» (The Knights of the Temple، یان The Knights Templar، یان بە کورتی: The Templars). دوای چەند دەیەیەک ئەم گرووپە بوون بە «یەکەم دامەزراوەی نێودەوڵەوتی»[١].

لە ڕووداوێکدا لە مانگی ئازار یان مایسی ساڵی ١١١٩، گرووپێکی نزیک ٧٠٠ کەس لە زیارەتکارانی مەسیحی بۆ خاکی پیرۆز (قودس) کەوتنە کەمینەوە، ٣٠٠ کەسیان کوژران و ئەوانی دیکەش کران بە کۆیلە و فرۆشران. لەو سەردەمەدا بۆڵدوین دوو (Baldwin II) لە سەر تەختی شاهانە بوو وەکوو پادشای قودس. هیوگ دو پایەنس پێشنیاری بۆ پادشا کرد کە هێزێکی نیزامیی سوارچاکی جەنگاوەر دروست بکات بۆ پاراستنی ڕێڕەوەکانی خاکی پیرۆز بە زەبری هێز و هەروەها ئەو سوارچاکانە لە هەمان کاتدا وەکوو ڕاهیب بژین. بۆڵدوین پشتگیریی لە بیرۆکەکە کرد و هێزەکە دامەزرا[٢]. ئەندامانی ئەم گرووپە زیادی کرد و هەروەها هێز و توانایان. دەستیان دەگەیشتە جێگای وەها دوور کە ڤاتیکانیش نەیدەتوانی دەستی پێیان بگات، وەکوو پرتوگال و ئینگلاند[٣]. زۆرێک لە شار و شارۆچکەکانی شانشینی لاتین وەکوو تەرابلووس و ئەنتاکیا چالاکییەکی زۆری تێمپڵەرەکانیان بەخۆوە دەبینی[٤].

تێمپڵەرەکان وەکوو هێزێکی سەربازیی پێویست بوو، لە ڕووی ئایینیشەوە بیانوو (پاساو) بۆ بوون و چالاکییەکانیان دروست بکەن، چونکە لە بیروباوەڕی ئایینی مەسیحیدا ڕاهیبەکان نەدەبووایە بجەنگانایە. تێمپڵەرەکان هەوڵیان دا کریستیانەکان قایل بکەن کە «بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی مەسیح تەنها بەوە نابێت کە لە پێناویدا بمریت، بەڵکوو ڕەزامەندیی مەسیح هەروەها دەکرێت بەدەست بێت بەوەی خەڵکیشی لە پێناودا بکوژیت»[٥]. لە کۆتاییدا، وردە وردە بیرۆکەی هەڵگرتنی چەک بە مەبەستی بەرگری لە خود لە لایەن زانایان و پیاوانی ئایینی مەسیحییەوە لە قودس و ناوچەکانی تر قبووڵ کرا. تێمپڵەرەکان سوودمەند بوون لەو گۆڕانکارییە فیکرییەی کە لە کۆمەڵگای کریستیانەکاندا ڕووی دا بە ئاڕاستەی بەکارهێنانی چەک بۆ خۆپاراستن.

تێمپڵەرەکان بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار لاواز بوون، بەڵام بیروڕاکانیان لە ساڵانی دواتردا

سەری هەڵدایەوە. لە ساڵی ١٣٠٧دا لە فەرەنسا هەڵمەتی گرتنی بەکۆمەڵی تێمپڵەرەکان دەستی پێ کرد و گرووپەکەش بە فەرمی لە لایەن پاپاوە لە ساڵی ١٣١٤دا هەڵوەشایەوە. ئەمەش لە ئەنجامی قسە و پڕوپاگەندەیەکی زۆر کە لە دژیان بڵاو کرابووەوە، هەروەها گەورەبوونی گرووپەکە و گومانی لادانیان لە ئایینی مەسیحی هۆکارێکی دیکە بوو بۆ لەناوبردنیان. ژمارەیەکیان لەسێدارە دران، لە ناویاندا سەردەستەی گرووپەکە جاک دی مۆڵی (Jacques de Molay) بە فەرمانی فلیپ، پادشای فەرەنسا، بەڵام هەندێکیان توانییان هەڵبێن.

## چالاکییە دارایییەکان و سیستمی بانکیی نێودەوڵەتی

یەکێک لە شتە گرنگەکان کە پەیوەندیی بە تێمپڵەرەکانەوە هەیە، چالاکییە لە بواری داراییدا لە بانکیندا. تێمپڵەرەکان ئاماژەیان پێ دەکرێت وەکوو داهێنەری سیستمی بانکینی نێودەوڵەتی. هەندێک لە ئەدای سیستمی بانکینی هاوچەرخ لە بنکە و خانووی تێمپڵەرەکاندا دروست بووە و ئەنجام دراوە. پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی بانک، پێگەی تێمپڵەرەکانی بەرز کردەوە و گەیاندنیە ئاستێکی نێودەوڵەتی و ئەمەش یەکێکە لەو فاکتەرانەی کە تێمپڵەرەکان دەبەستێتەوە بە سەردەمی ئێستاوە.

تێمپڵەرەکان «ئەندازیارێکی باش» و «جەنگاوەرێکی ئازا»ی سەردەمی خۆیان بوون. ئەوان بنکەی بەهێزیان دروست دەکرد و ئاسایشێکی بەهێزیان بۆ پاراستنی بنکەکانیان دابین دەکرد. ئەو خەسڵەتانە دڵنیایی بە خەڵکی دەدا دەربارەی سەلامەتیی پارەکانیان لە دەستی تێمپڵەرەکاندا[٦].

تێمپڵەرەکان پارەیان حەواڵە دەکرد لە ئەورووپاوە بۆ مەملەکەتی لاتین، نەک تەنها بۆ ئەندامەکانی خۆیان، بەڵکوو بۆ زیارەتکارە کریستیانەکانیش، هەروەها دەیانتوانی پارە بە قەرز بدەنە پادشا و بەرپرسەکان لە ئەورووپا. بەم کارانەیان، بناغەی سیستمی بانکییان دانا و خۆشیان بوون بە بانکەر لە ئەورووپا[٧].

لە کەشێکی ناجەنگیدا، لە ژوورەکانی ژمێریاریدا سەربازانی پەرستگا بۆ زیاد لە سەدەیەک ئیدارەی زۆربەی سەرمایەی ئەورووپای ڕۆژئاوایان دەکرد، بوون بە شارەزایەکی باش لە ژمێریاریدا، بە ئیدارەیەکی ژیر، سەرمەشق لە پێشخستنی دابینانە (بیمە) و ئامرازەکانی، ئەمانە شۆڕشیان لە میتۆدەکانی بازرگانی و داراییدا کرد٨.

ئەو سیستمە بانکییە ئاڵۆزەی تێمپڵەرەکان پەرەیان پێ دا، ئاڵوگۆڕی دارایی و پێدانی قەرز و پێدانی پێشینە و خزمەتگوزاریی زۆری دیکەی لەخۆ گرتبوو. سەرقاڵبوونی تێمپڵەرەکان بە کاری بازرگانییەوە وای کرد وەکوو «پێشینانی کۆمەڵگای بازرگانە ئیتاڵییەکان» ببینرێن[٩].

لە ڕۆژنامەی «American Banker» سەبارەت بە لایەنی پیشەیی جەنگاوەرەکانی پەرستگا و کاریگەرییان لە سەر سیستمی مۆدێرنی بانک، هاتووە کە نموونەیەکی بەهێزمان هەیە کە تێمپڵەرەکان بە دروستکەر و پێشەنگی سیستمی بانکی و چێک و دیپۆزیت و لایەنەکانی دیکەی کاری بانکی ببینین. تێمپڵەرەکان زۆر دەوڵەمەند و بەهێز بوون لە ئەنجامی داهێنانی ئەو سیستمە. ئەوان توانییان لقیان لە فەرەنسا، ئینگلاند، ئیسپانیا، هەنگاریا و زۆرێک لە پایتەختەکانی وڵاتانی دەوروبەر بکەنەوە[١٠].

تێمپڵەرەکان هەنگاوبەهەنگاو بوون بە بانکەرێکی پرۆفێشناڵ لە ئەورووپا. ئەوان ڕێگای جیاوازیان هەبوو بۆ ئەوەی خۆیان لە کۆتوبەندی کەنیسە لا بدەن لە سەر قەرز، بۆ نموونە پارەی سوودیان وەرنەدەگرت لە سەر پێدانی قەرز، ئەو پارەیەی وەریاندەگرت ناویان لێ نابوو «سوودی خاچپەرستی». زۆربەی کات قەرزیان دەدا بە پادشاکانی ئینگلاند و فەرەنسا بۆ جەنگەکانیان[١١].

سەرمایە و توانای بانکینی تێمپڵەرەکان زیاتر لەو موڵک و سامانەوە سەرچاوەی گرت و دروست بوو کە لە ئەورووپا وەکوو دیاری و هاوکاری پێدان دەبەخشرا. لە دەیەی یەکەمی دامەزراندنیاندا، تێمپڵەرەکان پارە و موڵکێکی زۆریان پێ بەخشرا: خۆراک، جلوبەرگ، چەک، ئەسپ... هتد (وەکوو هاوکاری بۆیان، چونکە ئەوان خۆیان ناساندبوو وەکوو سەربازی خۆبەخش لە خاکی پیرۆز بۆ پاراستنی زیارەتکارانی کریستیان بۆ پەرستگاکان لە ناوچەکە). تێمپڵەرەکان بوون بە خاوەنی قەڵایەکی زۆر لە ئەورووپا و ناوچەکانی دیکە، ئەمەش توانای ئەوەی پێ بەخشین کە سیستمێکی بانکی لە سەرتاسەری ئەورووپا بنیاد بنێن[١٢].

تێمپڵەرەکان سیستمێکی دەستاودەستکردن و حەواڵەکردنی پارەیان پەرە پێ دا. ئەوەی کە کارئاسانیی بۆ کردبوون، بریتی بوو لە بنکە و بارەگا و ژمارەیەک لە کەشتی کە لە دەریای ناوەڕاست کاریان دەکرد. ئەم گرووپە متمانەی نوخبەی ئەورووپایان بەدەست هێنابوو کە بتوانن ماڵ و پارەیان بپارێزن. تێمپڵەرەکان قازانجێکیان لە هەر بڕە پارەیەک دەکرد کە پێیان دەسپێردرا[١٣]. توانای داراییان گەیشتە ئاستێک کە «هەڕەشە بۆ سەر هەموو جیهان دروست بکات». تا ئەو ڕادەیەی کە ئەم گرووپە لەناو نەبرانایە، کاپیتاڵیزم بە هەموو خراپەکانیەوە لە سەدەی چواردەدا دەستی پێ دەکرد[١٤].

تێمپڵەرەکان زۆربەی کات لە ئەورووپا وەکوو بانکەر (ئەوانەی لە کاروباری بانک شارەزان و پێوەی سەرقاڵن) ئاماژەیان پێ دەکرا. ئەوان سیستمێکیان داهێنا کە کەسێک دەیتوانی پارە لە بنکەیەک یان خانوویەکی ئەوان دابنێت و لە بنکەیەکی دیکە بیکشێنێتەوە بە هۆی نووسراوێکی فەرمییەوە کە پێی دەدرا. پارە لە دەستی ئەوان پارێزراو بوو. قەڵا پارێزراو و بەهێزەکانیان ئەو شوێنانە بوون کە خەڵکی بە دڵێکی ئاسوودەوە دەیتوانی پارە و ماڵی تێدا دابنێت. هەردوو بینای پاریس تێمپڵ و لەندەن تێمپڵی ئێستا، بنکە و بارەگای تێمپڵەرەکان بوون لە کۆندا[١٥].

دەبێت ئەوەمان بەبیر بێتەوە کە تێمپڵەرەکان لە سەرەتادا پلانیان نەبوو کە ببن بە بانکەر، بەڵام بوون بە بانکەر دوای ئەوەی پارە و سامانێکی زۆریان پێ بەخشرا و ئەوانیش دەستیان کرد بە وەبەرهێنان و پارە بە قەرزدان[١٦]. بە هۆی ئەم پەرەسەندنەوە، بازرگانان و خەڵکانی دیکە چیدیکە پێویستی نەدەکرد پارەیەکی زۆر لەگەڵ خۆیان هەڵبگرن کاتێک لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە سەفەریان دەکرد. ئەوان پارەکەیان لە وڵاتێک لای تێمپڵەرەکان دادەنا و لە بەرانبەردا نووسراوێکی فەرمییان پێ دەدرا کە کۆدێکی لە سەر بوو، هەروەها بڕی ئەو پارەیەی کە دەیانتوانی لە وڵاتێکی دیکە بیکشێننەوە. تێمپڵەرەکان کرێیەکیان لە بەرانبەر ئەم خزمەتگوزارییەدا وەردەگرت. لە سەدەی ١٢دا گەشتکردن زۆر مەترسیدار بوو، گەشتیاران لە بەردەم مەترسیی ئەوەدا بوون کە پەلامار بدرێن و ڕووت بکرێنەوە لە لایەن چەتەی سەر ڕێگاوە، هەر لە بەر ئەمە بوو پەنایان دەبردە بەر تێمپڵەرەکان بۆ سەلامەتیی پارەکانیان. تێمپڵەرەکان هەمان خزمەتگوزارییان لە قودس و مەملەکەتی لاتین دابین کردبوو. زیارەتکارانی شوێنە ئایینییەکان پارەکانیان لە ئەورووپا دەدایە دەستی تێمپڵەرەکان و لە قودس وەریاندەگرتەوە، بەڵام بۆ ئەم خزمەتگوزارییە کرێیەکی زیاتر وەردەگیرا.

هارون یەحیا، ئاماژە بە کتێبێک دەکات بە ناوی «The Temple and the Lodge» کە هاونووسەری کراوە لە لایەن «Michael Baigent and Richard Leigh» و دەڵێت کە: «سەرەتاکانی بانکینی سەردەم دەگەڕێتەوە بۆ ئەوان [تێمپڵەرەکان][١٧]».

تێمپڵەرەکان هەروەها بەشدار بوون لە ڕێکخستنی لایەنی دارایی سەربازە خاچپەرستەکان. پارەکە دابین دەکرا لە لایەن دامەزراوەی پاپاوە، بەڵام گواستنەوەی بۆ ڕۆژهەڵاتی نزیک لە لایەن تێمپڵەرەکانەوە ئەنجام دەدرا[١٨].

تێمپڵەرەکان خاوەنی کەشتیگەلی خۆیان بوون بۆ گواستنەوەی شمەک بۆ ڕۆژهەڵاتی

ناوەڕاست و بە پێچەوانەشەوە. ئەوان باشترین ئاسایشیان بۆ بنکە و بارەگا و خانوو و پەرستگا و شوێنی کار و مانەوە دابین دەکرد کە هەندێک لەمانە وەکوو ژووری بانکی بەکار دەهێنران. لە ئەنجامدا زۆرێک لە فەرمانڕەواکان و پیاوانی خانەدان «کەلوپەلە بەهادارەکانیان لەو ژوورە بانکیانە دادەنا بۆ ئەوەی پارێزراو بن و هەروەها بتوانن بیانکشێننەوە هەر کات بیانەوێت»، هەروەکوو پارەدانان و ڕاکێشان لە بانکەکانی ئەم سەردەمە. لە بەر ئەم هۆکارانەیە دەتوانین بڵێین سیستمی بانکینی هاوچەرخ لە تێمپڵەرەکانەوە دەستی پێ کرد[١٩].

### پاراستنی کولتووری

تێمپڵەرەکان یەکەم جار پارێزەری ڕێگاکانی چوون بۆ قودس بوون بۆ زیارەتکارە کریستیانەکان کە سەردانی شوێنە پیرۆزەکانیان دەکرد، پاشان بوون بە پارێزەری ئایینی مەسیحی و ڕێبازی مەسحی بۆ ژیان لە دژی عەرەب و تورک و موسوڵمانان بە شێوەیەکی گشتی. ئەم جووڵەیە ئێستا گۆڕاوە بۆ وێنەیەکی گەورەتر کە بریتییە لە پاراستنی ژیانی ڕۆژئاوا لە بەرانبەر کۆچبەران بە تایبەت ئەوانەی لە وڵاتانی ئیسلامییەوە دەڕۆن. ئێستا گرووپ و کەسانێک لە وڵاتانی ڕۆژئاوا یادی تێمپڵەرەکان دەکەنەوە و کردوونیان بە سیمبولی ناسنامەی مەسیحی و ئەورووپی، پاشان بەرەنگاریی هەر گۆڕانکارییەک دەکەن کە کۆچبەران لەو وڵاتانە دروستی بکەن. ئەو ئەنجامەی ئەم جۆرە بیر و جووڵەیە دروستی دەکات بریتییە لە وێناکرنی کۆچبەران، بە تایبەت پەنابەر و کۆچبەرە موسوڵمانەکان وەکوو مەترسیی ڕاستەقینە بۆ سەر شارستانیەتی ئەورووپی و کولتوور و ئایین و شێوەی ژیانیان. ئەم جۆرە وێناکردن و تێڕوانینە هەندێک جار سەری کێشاوە بۆ توندوتیژی.

لە ساڵی ٢٠١١، گەنجێکی نەرویجی بە ناوی ئاندەرس بریڤیک (Anders Breivik) هێرشێکی خوێناویی لە کامپێکی هاوینەی گەنجان لە دوورگەی ئوتۆیا (Utoya) لە نەرویج ئەنجام دا. ٦٩ کەسی کوشت کە زۆربەیان هەرزەکار بوون و زۆرێکی دیکەشی برینداار کرد. چەند کاتژمێرێک پێش هێرشەکەی، بریڤیک مانیفێستۆیەکی ١٥٠٠ لاپەڕەیی ئیمێل کرد بۆ هەزاران خەڵکی، تێیدا بانگەشەی ئەوەی کردبوو کە ئەو سەر بە گرووپێکە پێی دەوترێت «سوارچاکانی پەرستگا» (Knights Templar). لە مانیفێستۆکەدا ئەو باسی ئەوە دەکات کە هاندەری کارەکەی بریتی بووە لە ڕزگارکردنی ئایینی مەسیحی و خودی خۆیشی بە «ڕزگارکەری مەسیحیەت» وەسف دەکات. بە لای بریڤیکەوە، تێمپڵەرەکان

پارێزەری مەسیحیەت بوون لە دژی بێگانە و بوون بە هاندەری خۆی و «گرووپەکەی» بۆ ئەنجامدانی ئەو کۆمەڵکوژییە[٢٠].

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا گرووپ و ڕێکخراوگەلێک هەن کە خۆیان ناوزەند کردووە بە تێمپڵەرەکان، هەندێکیان لۆکاڵین و هەندێکی تریشیان نێودەوڵەتی و کار و کارنامە و ئامانجی دیاریکراویان هەیە. ئەوەی کە ئەم ڕێکخراو و گرووپانە کۆ دەکاتەوە، بریتییە لەوەی کە بانگەشە دەکەن کە ئەوان میراتگری تێمپڵەرەکانی سەدەکانی ناوەڕاستن و ڕۆحی هاندانیان بۆ کارەکانیان لەوانەوە وەرگرتووە و ئامانجەکانیشیان هاوشێوەی ئامانجەکانی ئەوانە، بەڵام تەنها لە میتۆدی کارەکەیاندا جیاوازن کە ئەمان بە ڕێگەی ئاشتی ئەو ئامانجانە بەدی دەهێنن.

سوارچاکانی پەرستگا لە بەریتانیا (Knights Templar UK) نموونەیەکە. لە پەیامی ڕێکخراوەکەیاندا دەڵێن کە ئەرکیان هاوشێوەی ئەرکی تێمپڵەرەکانی پێشووە کە بریتییە لە پاراستنی مەسیحیەت لە مەترسیی موسوڵمانەکان. بە کورتی: تێمپڵەرەکانی سەدەکانی ناوەڕاست لە قودس بوون بۆ «پاراستن لە دژی هێرش لە سەر هەڵگرانی بیروباوەڕی مەسیحی»، یان بۆ «پاراستنی مافی مەسیحییەکان و شێوەی ژیانیان». ئەمڕۆ تێمپڵەرەکانی بەریتانیا لە دژی کۆچکردنن بۆ ئەو وڵاتە و کار دەکەن بۆ پاراستنی دابونەریت و شێوەی ژیانی بەریتانی[٢١].

«Ordo Supremus Militaris Templi Hierosolymitani»، نموونەیەکی تری ڕێکخراوە تێمپڵەرییەکانە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٨٠٤. ئەم ڕێکخراوە دەڵێت کە ئەوان لینکێکی ڕاستەوخۆیان بە تێمپڵەرەکانی سەدەکانی ناوەڕاستەوە نییە، بەڵکوو هێز و ڕۆحی کارکردنیان لەوانەوە وەرگرتووە، واتە لەوانەوە هاندانیان وەرگرتووە[٢٢]. نموونەکانی تر بریتین لە «U.S. Grand Priory of the Knights Templar and the Grand Priory of Templar in England and Wales the Knights». ئەم ڕێکخراوانە کاری خێرخوازی دەکەن و هەوڵ بۆ دروستکردنی یەکێتی و یەکگرتوویی دەدەن لە ناو کۆمەڵگای مەسیحیدا[٢٣]. ئەندامانی زۆرێک لەم ڕێکخراوانە لە بۆنەکانیاندا جلوبەرگی تێمپڵەرەکانی سەدەکانی ناوەڕاست لەبەر دەکەن و خۆیان بە میراتگریان دەزانن.

## دەرئەنجام

گرووپی سوارچاکەکان یان جەنگاوەرانی پەرستگای سەدەکانی ناوەڕاست گرووپێکی ناوازە بوون بۆ سەردەمی خۆیان. ئەمان بۆ یەکەم جار و سەرەتا بە ژمارەیەکی کەمەوە ئەرکی پاراستنی ڕێگاکانی شوێنە پیرۆزەکانیان لە قودس لەئەستۆ گرت بۆ کارئاسانی بۆ زیارەتکارە کریستیانەکانی ئەورووپا کە وەکوو ئەرکێکی ئایینی دەهاتن بۆ ئەو ناوچەیە. ئەمان هەردوو خەسڵەتی جەنگاوەری و ڕاهیبییان کۆ کردبووەوە و ڕەوایەتییان دا بە «کوشتن لە پێناوی مەسیحیدا». گەورەبوونی گرووپەکە و فراوانبوونی کار و چالاکییان لە وڵاتانی ناوچەکە و لە ئەورووپا، لە دوو لایەندا زیاتر خۆی بینییەوە: حەواڵەی پارە و کاری بانکی، هەروەها پاراستنی مەسحیەت و شێوەی ژیانی ئەورووپییەکان لە مەترسیی عەرەب و تورک و موسوڵمانان بە شێوەیەکی گشتی. ئەم دوو لایەنە پەرەسەندنی زیاتری بەخۆوە بینی و گەیشتە ئاستێک نووسەرانی سەردەم سەرەتای کاپیتاڵیزم و سیستمی بانکیی نێودەوڵەتی بگەڕێننەوە بۆ کاری تێمپڵەرەکان. هەروەها لە سەر ئاستی تاک و گرووپ لە وڵاتانی ڕۆژئاوا، بابەتی پاراستنی کولتوور، پاراستنی مەسیحیەت و پاراستنی ڕێڕەو و شێوەژیانی ڕۆژئاواییەکان لە مەترسیی کۆچبەران و پەنابەران و موسوڵمانان؛ وەکوو درێژکراوەیەکی ئەرك و بەرپرسیارێتی تێمپڵەرەکان ببینن. بەڵام سنووردارنەکردنی ئەم دوو لایەنە، مەترسیی گەورەی بۆ سەر ژیان و خۆشگوزەرانی و پێکەوەژیان دروست دەکات لە ئەورووپا و وڵاتانی دیکە.

کاپیتاڵیزم بەبێ دەستتێوەردانی دەوڵەت لە بەرژەوەندیی هەژاران، دەبێتە دروستبوونی چینایەتییەکی بەهێز و تێیدا نایەکسانییەکی گەورەی سەروەت و سامان خۆشگوزەرانی و ئاشتیی کۆمەڵایەتی لە زۆرینەی ئەندامانی کۆمەڵگا دەشێوێنێت، هەروەها زیادەڕۆیی لە کولتوورپارێزی و ترس لە بێگانە (ترس لە کۆچبەران و موسوڵمانان بە شێوەیەکی گشتی)؛ دەبێتە مایەی دوورکەوتنەوەی زیاتری پێکهاتەکانی کۆمەڵگا لە یەکتری و دروستبوونی ڕقوکینە و نەمانی متمانە و پێکەوەژیان و تێکچوونی پەیوەندییەکان و دروستبوونی داهاتوویەکی ناڕوون.

## سەرچاوەکان

1 Steven Sora, Secret societies of America's elite: from the Knights Templar to Skull and Bones (Rochester, Vt: Destiny Books, 2002), pp. 12-14.
2 Sean Martin, The Knights Templar, the History and Myths of the Legendary Military Order (Chichester: 2004), p. 135 and Jochen Burgtorf, The Central Convent of Hospitallers and Templars: History, Organization, and Personnel (Brill, 2008), pp. 2&48.
3 Jan Van Helsing, "Secret Societies and Their Power in the 20th Century." Available at: http://cdn.preterhuman.net/texts/conspiracy/Jan%20Van%20Helsing%20-%20Secret%20Societies%20and%20Their%20Power%20in%20the%2020th%20Century.PDF (accessed 23 January 2015), p. 16.
4 Burgtorf, pp. 2&48.
5 Ibid.
6 Eleanor Ferris, "The Financial Relations of the Knights Templars to the English Crown," The American Historical Review, Vol. 8, No. 1 (Oct. 1902), pp. 1-17.
7 Philippe L. De Coster, "Brief History of the Crusades and Knights Templar," Belgium (Non-Commercial), pp. 3&30.
8 Ferris, p. 2.
9 Ibid.
10 David Van Biema, "The Vatican and the Knights Templar." Available at: http://content.time.com/time/world/article/0,8599,1674980,00.html (accessed 8 January 2015).
11 Sora, p. 14.
12 Harun Yahya, The Knights Templar (M. Wajihuddin, 2003), p. 35.
13 Sora, pp. 14-17.
14 Nesta H. Webster, Secret Societies and Subversive Movements (Book Tree, 2000), p. 35.
15 Martin, pp. 47-48.
16 "Origins and History," Knights Templar UK. Available at: http://www.knightstemplar.org.uk/hist2.html (accessed 6 December 2014).
17 Yahya, p. 43.
18 Martin, p. 50.
19 Jefferson P Webb, "The Knights Templar: Fathers of Modern Banking." Available at: http://steelfighting.com/2011/08/15/the-knights-templar-fathers-of-modern-banking/ (accessed 12 March 2015) and Sharan Newman, The Real History Behind the Templars (New York: Penguin USA, Inc., 2009), p. 199.
20 Nizam al-Mulk. Available at: https://www.britannica.com/biography/Nizam-al-Mulk-Seljuq-vizier (accessed 3 July 2016).
21 Knights Templar UK, TK-UK.
22 Finlo Rohrer, "What are the Knights Templar up to now?" Available at: http://news.bbc.co.uk/2/hi/uk_news/magazine/7050713.stm (accessed 29 January 2015).
23 The Grand Priory of Knights Templar in England and Wales. Available at: http://www.knight-templar.org.uk/ (accessed 22 October 2016).

توێژینەوەی وەرگێڕدراو

# ئایندەناسی

# عێراق بە بێدەنگی لەت دەبێت

## پرۆکسییەکانی ئێران دەسەڵاتی بەغدایان گرتووەتە دەست و حکومەتیش تاڵان دەکەن


**نووسەر:** مایکڵ نایتس

**وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە:** پەرۆش محەمەد



**سەرچاوە:** Foreign Affairs

**لینک:** https://www.foreignaffairs.com/iran/iraq-quietly-falling-apart

**ڕێککەوت:** ٥ی حوزەیرانی ٢٠٢٣

لە ڕواڵەتدا وەها دیارە عێراق ئاستێکی سەقامگیریی پەیدا کردبێت. وڵات دوای ساڵێکی درێژ لە بۆشایی سیاسی، حکومەتێکی هەیە کارەکانی بەڕێوە دەبات. توندوتیژیی تیرۆرستی کەم بووەتەوە بۆ نزمترین ئاستی لە پاش داگیرکردنی وڵاتەکە لە لایەن ئەمەریکاوە لە ٢٠٠٣. تەنانەت میلیشیاکانی سەر بە ئێران -کە سەرچاوەی گرژییەکانن لەگەڵ ئەمەریکا- بە شێوەیەکی بەرچاو هێرشەکانیان بۆ شوێنە سەربازی و دیپلۆماسییەکانی ئەمەریکا کەم کردووەتەوە. جەیک سولیڤانی؛ ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی، لە وتارێکیدا بۆ پەیمانگای واشنتن بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، باسی لە ستراتیژیەتێکی ئەمەریکا کرد کە لە سەر «دووانەی دیپلۆماسیەت و پێشگیری» بونیاد نراوە بۆ کەمکردنەوەی هێرشەکان بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا.

وەکوو لە قسەکەی سولیڤاندا دیارە، تیمی ئاسایشی نیشتمانیی جۆ بایدن ڕۆژهەڵاتێکی ناوەڕاستی هێمن وەکوو ئامانجێک لە خۆیدا دەبینێت –لە ناویدا عێراق. هەر چەندە سولیڤان خێرا ئەوەشی بۆ زیاد کرد کە «ئەوان ئاڵای سەرکەوتن لە عێراق هەڵناکەن» و هێشتاش وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا «ئەجێندایەکی فراوان»ی هەیە بۆ ئەوەی سەربەخۆیی بەغداد بەدوور لە تاران بەهێزتر بکات و پێوەری ڕاستەقینەی ئەو بۆ سەرکەوتن بە ڕوونی کەمکردنەوەی توندوتیژییەکان بوو لە نێوان ئەمەریکا و میلیشیاکانی سەر بە ئێران کە زۆرینەن لە حکومەتی عێراقدا. کۆشکی سپی لەو باوەڕەدایە کە کەمکردنەوەی گرژییە هەرێمییەکان پێویستە بۆ ئەوەی ئەمەریکا سەرنج بخاتە سەر ڕکابەرییەکانی لەگەڵ چین، بەڵام لە عێراق ئەم ڕێگایە بە دڵنیایی لە دوورمەودادا زیانی هەیە: ویستی ئەمەریکا بۆ ئارامی لە لایەن هاوپەیمانەکانی ئێرانەوە سوودی لێ دەبینرێت بۆ ناسەقامگیرکردنی سیاسەتەکانی ئەمەریکا.

عێراق ڕەنگە هێمن دیار بێت، بەڵام ڕواڵەتەکان خەڵەتێنەرن. وڵاتەکە بۆ قۆناغێکی تەواو مەترسیدار دەچێت: هاوپەیمانەکانی ئێران جیاوازتر لە جاران کۆنترۆڵی پەرلەمان، دادگا و بەشی ئیداریی عێراقیان کردووە و بە خێرایی سیستەمە سیاسییەکە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان گەندەڵ دەکەن و سەروەتی حکومەتەکەش تاڵان دەکەن. هەڵوێستی ڕەزامەندانەی واشنتنیش بۆ ئەم ڕووداوانە تەنها دواخستنە و هاتنەوەی ئەمەریکا بە قوربانیی زیاترەوە لە داهاتوودا ناچارییە. عێراق سێیەم بەرهەمهێنەری گەورەی نەوتە و وڵاتێکە گەر بڕووخێت؛ ناوچەکە ناسەقامگیر دەکات بە هۆی ئاوارە و تیرۆرەوە. ڕکابەریی وڵاتە گەورەکان هەرگیز پاساوێک نەبووە بۆ لەبەرچاونەگرتنی ئەو مەترسییانەی ڕووبەڕووی وڵاتەکە بوونەتەوە -ئێستاش نابێ بکرێت بە پاساو.

## سەرکەوتنی میلیشیاکان

عێراق لە (٢٠٠٣)ەوە بە ناو چەندین قۆناغی تاریکدا تێپەڕیوە، بەڵام هیچیان هێندەی ئەوەی ئێستا مایەی نائومێدی نییە. بەڵێ عێراق حکومەتێکی هەیە لە محەمەد شیاع سوودانی و چوارچێوەی هەماهەنگی بەڕێوەی دەبات کە بلۆکێکی سیاسیی نزیکی ئێرانە، چونکە دۆخەکە بەم شێوەیەیە کە براوەی ڕاستەقینەی هەڵبژاردنەکانی ٢٠٢١ کە بزووتنەوەکەی موقتەدا سەدرە، لە پەرلەمان کشایەوە لە حوزەیرانی ٢٠٢٢. سەدرییەکان ئەم هەنگاوەیان نا دوای ئەوەی دادگای باڵا کە سەرکردەکانی میلیشیاکانی سەر بە ئێران کۆنترۆڵیان کردبوو، یاساکانی پێکهێنانی حکومەتیان گۆڕی بۆ بەرژەوەندیی گرووپەکانی سەر بە تاران. لە ئەنجامدا ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکە نادیدە گیران و دۆڕاوەکان بە سەرکەوتن پاداشت کران -هەتا دوای ئەوەی کە پشێوییەکیان دروست کرد بۆ هەڵگەڕاندنەوەی ئەنجامەکان و درۆنیان ئاڕاستەی ماڵی سەرۆکوەزیران کرد.

دەستبەسەراگرتنی هەموو بەشەکانی حکومەت لە لایەن چوارچێوەی هەماهەنگییەوە شتێکە لە مێژووی دوای (٢٠٠٣)ەوە وێنەی نەبووە. ئەم چوارچێوەیە بە دەسەڵاتێکەوە وڵاتەکە بەڕێوە دەبات کە لە سەردەمی سەددام حسێنەوە نەبینراوە. سوودانی بووکەڵەیەکە: لە کاتێکدا سەرۆکوەزیران بەڕێوەبەرێکی بەئەزموونە لە کەرتی گشتیدا و ئیشکەرێکی جددییە، بەڵام هەر بە ناو عێراق بەڕێوە دەبات و بە ئاشکرا لە لایەن هاوپەیمانەکانی ئێرانەوە سووکایەتیی پێ دەکرێت. دەسەڵاتدارە ڕاستەقینەکان سێ فەرماندەی سەربازین کە هەریەکەیان بە توندی بە تارانەوە بەستراوە لە ئاستی باڵای چوارچێوەی هەماهەنگی: قەیس خەزعەلی بە تیرۆرست ناسێنرا و لە لایەن ئەمەریکاوە کە سەرۆکی میلیشیای عەسایب ئەهلی هەق ڕاهێنراوی ئێرانە، نووری مالکیی سەرۆکوەزیرانی پێشووتر لەگەڵ سەرۆکی ڕێکخراوی بەدری دروستکراوی ئێران کە هادی ئەلعامرییە.

بۆ ساڵانێکی زۆر ئەم سێ کەسە لە لایەن کۆمەڵێ ڕکابەرەوە چاودێری دەکران. لە ماوەی داگیرکاریی ئەمەریکادا، لە ٢٠٠٣ بۆ ٢٠١١ و دواتر لە ماوەی جەنگی دژی داعش لە ٢٠١٤ بۆ ٢٠١٩، واشنتن شێلگیرانە کاری دەکرد بۆ ڕێگریکردن لەوەی میلیشیاکان زۆر جومگەی دەسەڵات کۆنترۆڵ بکەن. خۆپیشاندەرانی عێراقیش هەروەها وەکوو ڕێگرێک وا بوون لە دەسەڵاتی گرووپەکانی سەر بە ئێران و خۆپیشاندانە بەکۆمەڵەکانیان لە ٢٠١٩، عادل عەبدولمەهدیی سەرۆکوەزیرانیان هێنایە خوارەوە لە بەر ئەوەی میلیشیاکان کۆنترۆڵی حکومەتەکەیان کردبوو. هەروەها لە هەڵبژاردنەکانی دواییدا سەدر هەوڵی دا کە

زۆرینەیەکی فرەنەتەوەیی و فرەمەزهەبی کۆ بکاتەوە بۆ ئەوەی چوارچێوەی هەماهەنگی بە ململانێ دوور بخاتەوە.

لەمڕۆدا ئەم سەرچاوانەی دژایەتی لەناو چوون. هەوڵەکەی سەدر لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە بە هۆی دەستتێوەردانی دادوەرییەوە شکستی هێنا و لە ئێستادا بزووتنەوەکەشی لە دەسەڵاتدا نەماوە و برینەکانی سارێژ دەکات. میلیشیاکانی سەر بە ئێرانیش هیچ مەترسییەکیان لە سەر نەماوە لە لایەن خۆپیشاندەرانی گەنجی ترسێنراو و نائومێدەوە. لە هەمان کاتدا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش بە هۆی ململانێی جیۆپۆلەتیکییەوە لەگەڵ چین، سەرنجی لە سەر شتی ترە و ئامانجەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر بە سادەیی کەمکردنەوەی گرژی و بەرکەوتنەکانە -ئیدی کێشە نییە ئەمە دەرئەنجامە دوورمەوداکانی چی دەبن لە سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا.

## گەندەڵکردنی سیستمەکە

دەرئەنجامەکانی دەستگرتنی چوارچێوەی هەماهەنگی بەسەر حکومەتی عێراقیدا ڕوونە. ئەم چوارچێوە دەستی کراوەیە بۆ کۆنترۆڵکردنی وڵاتەکە، دزینی سەرچاوەکانی حکومەت و دامرکاندنەوەی دەنگە ناڕازییەکان. هەروەها سەرکەوتنەکانی هیچ ئاماژەیەکی خاوبوونەوە نیشان نادەن: چوارچێوەی هەماهەنگی لە ئێستادا زۆرینەیە لە کابینەی حکومەتدا و کۆنترۆڵی پەرلەمانی کردووە تاوەکوو هەڵبژاردنی داهاتوو کە بڕیارە لە ئۆکتۆبەری ٢٠٢٥دا بەڕێوە بچێت.

لە هەمووی گرنگتر، ئەم گرووپە بە شێوەیەک ئاڕاستەی ئیشوکارەکانی دادوەری دەکات کە لە ڕووخاندنی سەددامەوە وێنەی نەبووە. فایەق زێدانی دادوەری باڵا؛ هاوپەیمانێکی نزیکی فەرماندە سەربازییەکانە لە سەرکردایەتیی چوارچێوەی هەماهەنگی. لە ژێر ڕابەرایەتیی ئەمدا، دادگای باڵای عێراق دەستوەردانی گرنگی کردووە لە سیاسەتی وڵاتەکە، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی میلیشیاکان هەمیشەیی بکات. دروست لەو کاتەدا کە چوارچێوە پێویستی بەوە بوو کە سەرکەوتنەکانی سەدر لە هەڵبژاردندا ڕێی لێ بگیرێت، دادگاکە یاسای پێکهێنانی حکومەتی گۆڕی –بڕیاری دا کە سەدر پێویستی بە دوو لە سەر سێی زۆرینەی پەرلەمانە نەک زۆرینەی ئاسایی بۆ پێکهێنانی حکومەت.

چوارچێوەکە دەسەڵاتە بێچاودێرییەکەی بەکار دێنێت بۆ ئەوەی خۆی بخزێنێتە دەزگاکانی دیکەی عێراقەوە. دەزگای ئاسایشی نیشتمانیی عێراق، فڕۆکەخانەی بەغداد،

لیژنەکانی دژەگەندەڵی و پۆستەکانی گومرگ؛ هەموو کەوتوونەتە دەست گرووپی چوارچێوەوە لە ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢دا. ئەم دەزگایانەی عێراق خۆیان لەرزۆک بوون و ئەم کارانەش هەڕەشەن بۆ زیاتر ڕووخانیان.

گرووپەکانی سەر بە ئێران کاریگەریی فراوانبوویان لەم دەزگایانەدا بەکار دێنن بۆ زیادکردنی هەوڵەکان بۆ بێدەنگکردنی نەیارەکانیان. بۆ نموونە؛ دوای ئەوەی کۆنترۆڵی کۆمیتەی پەیوەندی و میدیای عێراقیان کرد، لە مانگی یەکدا کۆمەڵێ پلانیان داناوە بۆ خستنەکاری ڕێکخستنی بابەتی دیجیتاڵی کە پێدەچێت ئازادیی ڕادەربڕین لە عێراقدا بخنکێنێت. ئەم ڕێکخستنانە کە کەسانی بەناوبانگی سۆشیالمیدیا ناچار دەکات بڕۆنە ئەو مەیدانانەوە کە حکومەت خاوەنیانە، پێک هاتووە لە پێناسەی لاستیکی بۆ شتانی نەشیاو کە ماف دەدات بە سانسۆر، هەر زوو ڕێخراوە نێودەوڵەتییەکان ڕەخنەی ئەوەیان لێ گرت کە پێچەوانەی دەستووری عێراقە.

لە کۆتاییدا چوارچێوەی هەماهەنگی سەرقاڵی تاڵانکردنی سەرچاوەکانی حکومەتە بۆ بەرژەوەندیی سیاسیی خۆی. گرووپەکانی سەر بە ئێران کۆمپانیایەکی سەر بە حکومەتیان دروست کردووە کە داهات و سامانی حکومەت پێکەوە گرێ دەدات بە هەمان ڕێگای سوپای ڕزگاریی قودسی ئێران. لە سەروو ئەمەشەوە، ئەم گرووپە سەرقاڵی فراوانکردنێکی زەبەلاحی بودجەی وڵاتن، وەکوو هەوڵێك بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی خەڵک لە کاتێکدا دەسەڵاتەکانیان قایم دەکەن.

### تاڵانکردنی حکومەت

سیاسییە میلیشیاییەکانی سەر بە چوارچێوەی هەماهەنگی لە مێژە بۆ ئەوە دەگەڕێن کۆنترۆڵی کۆمپانیایەک بکەن کە بتوانێت زەویی حکومەت و سەروەتەکانی تری کۆ بکاتەوە. مۆدێلێك کە چاوی لێ دەکەن، گەورەکۆمپانیای خاتەم ئەلئەنبیای (خاتم الانبیاء) سوپای قودسی پاسدارانە کە لە ئێراندا کاریگەریی زۆری ئابووری و سیاسیی بەدەست هێناوە لە ڕێگای دەستکەوتنی ١٢٠٠ گرێبەستی بنیادنان کە نرخی نزیکەی ٥٠ بلیۆن دۆلار دەبێت لە دامەزراندنیەوە لە ١٩٩٠. خاتەم ئەلئەنبیا لە لایەن ئەمەریکا، نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتیی ئەورووپاوە سزا دراوە وەکوو درێژکراوەی بازرگانیی سوپای قودسی پاسداران.

لەم ساڵانەی دواییدا هەر جارێک کاتی ئەوە دێت سەرۆکوەزیرانێکی نوێ هەڵبژێردرێت، میلیشیاکانی سەر بە ئێران لە هەریەک لە کاندیدەکان دەپرسن کە ئایا پشتیوانیی

دروستکردنی کۆمپانیایەکی لەو جۆرە دەکات. لە ٢٠١٨دا، عادل عەبدولمەهدیی سەرۆکوەزیران وتی بەڵێ و پاڵپشتیی میلیشیای بەدەست هێنا بۆ بوون بە کەسی یەکەم، بەڵام ئەمەریکا ڕێگریی کرد لە دروستکردنی کۆمپانیاکە. کاتێک مستەفا کازمی شوێنی گرتەوە وەکوو سەرۆکوەزیرانێکی کاتی تاوەکوو ٢٠٢٠، پاڵپشتییەکی سیاسیی وەهای هەبوو کە ڕەتی بکاتەوە کۆمپانیاکە دروست بکرێت -پاشان لە ٢٠٢٢دا دیسانەوە ڕەتی کردەوە کاتێك هاوپەیمانەکانی تاران پێشنیاریان کرد بۆ ئەوەی پشتگیریی بکەن چوار ساڵی تر بمێنێتەوە لە سەرۆکوەزیران. میلیشیاکانی سەر بە ئێران لە کۆتاییدا لە سەردەمی محەمەد شیاع سوودانیدا ئیشی خۆیان کرد و لە نۆڤەمبەری ٢٠٢٢دا سوودانی دروستکردنی «کۆمپانیای گشتیی موهەندیس بۆ بنیادنان، ئەندازیاری و گرێبەستی میکانیکی، کشتوکاڵی و پیشەسازی»ی ڕاگەیاند. ئەم کۆمپانیایە بە ناوی ئەبومەهدی موهەندیسەوە ناو نراوە کە لە لیستی تیرۆری ئەمەریکادا هەبووە و لە ٢٠٢٠دا لە هێرشێکی فڕۆکەوانیی ئەمەریکادا کوژرا. ئەم جارە ئەمەریکا هیچی نەکرد.

لە عێراقدا هەرگیز هیچ ڕێکخراوێک لە چەشنی گرووپی کۆمپانیاکانی موهەندیس بوونی نەبووە. هەروەکوو لە بەندەکانی دامەزراندنیدا دەردەکەوێت کۆمپانیاکە بە فەرمی لە لایەن حەشدی شەعبییەوە خاوەندارێتی دەکرێت، کە سوپایەکی یەدەگی عێراقە و لە شەڕی دژی داعشدا سەری هەڵدا و لە لایەن چوارچێوەی هەماهەنگی و تیرۆرستەکانی تری سەر بە ئێرانەوە سەرۆکایەتی دەکرێت. پانتایی دەسەڵاتی کۆمپانیاکە دیاری نەکراوە: دەتوانێ لە هەر کەرتێکدا کار بکات وەکوو لە ناوەکەیدا دیارە و لە بنچینەدا قاپێکی بەتاڵە و لە ڕێگایەوە میلیشیاکانی سەر بە ئێران دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ئابووریی عێراقدا قایم دەکەن. شتێك کە تاقانەیە بۆ کۆمپانیایەکی سەر بە حکومەتی عێراق، ئەم کۆمپانیا زەوی و سامانی حکومەت و پڕۆژەی حکومەتی بە خۆڕایی پێ دەدرێت و دەتوانێ بنیادنان و ڕووخاندن ئەنجام بدات بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندیی کابینەی حکومەت یان پەرلەمان.

لە مانگی ١١ی ٢٠٢٢دا، دەستبەجێ پاش دروستبوونی، کۆمپانیای گشتیی موهەندیس نزیکەی پێنج ملیۆن دووجا مەتر زەویی سنووری عەرەبستانی سعودیی لە حکومەت بە خۆڕایی وەرگرت. وەرگرتنی زەوییەکە لە ڕاگەیاندنەکاندا باسی لێوە کرا، بەڵام هیچ ڕێوشوێنێکی ئاسایی و نووسراوی فەرمیی بۆ نەکرا کە ئەو جۆرە پڕۆژانە دەیەوێت. پڕۆژەکە لە ڕواڵەتدا بۆ چاندنی دار و کشتوکاڵە -بەڵام بۆ ئەوەی وێنەکە ڕوونتر بێت، پانتایی زەوییەکە نیوەی ڕووبەری لوبنانە و نزیکەی ٥٠ جار گەورەترە لە گەورەترین پڕۆژەی کشتوکاڵی لە

مێژووی عێراقدا ئەنجام درابێت. زەوییەکە لەو شوێنەشدایە کە میلیشیا عێراقییەکان چەندان جار درۆنیان ئاڕاستەی عەرەبستانی سعودی و ئیمارات کردووە لە (٢٠١٩)ەوە. هەروەها ئەمەیان ڕەنگە یەکەمین نموونەی لەو جۆرە بێت، ئەویش دەستبەسەرداگرتنی زەوییەکی ناوشارە کە هێزێکی حەشدی شەعبی بە نایاسایی پارچەیەک زەویی گەورەی لە ڕۆژئاوای بەغداد لە جێی کۆمپانیای گشتیی موهەندیس داگیر کردووە لە ٢٤ی نیسان. زۆر بە سادەیی: بردنی بەشێکی مێژوویی ناوەندی شارە کە هێندەی ٢٠ گەڕەکی نیویۆرک، هەموو زەوییەکانی کۆشکی بەکینهام، یان ناوچەی کۆنگرێس و پەرلەمانی ئەمەریکایە.

بەردەوامیی گەورەبوونی کۆمپانیای گشتیی موهەندیس؛ گورزێکی کوشندە دەبێت بۆ عێراق. ئەمە هەروەها ئومێدەکانی ئەمەریکا لە بارەی ئایندەی ئابووریی عێراقەوە لەگۆڕ دەنێت. لە ٣١ی ئایاردا، باربارا لیفی بەرپرس لە وەزارەتی دەرەوە، دەربارەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە کۆمیتەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی گوت: «زیندووێتیی ئابووری بۆ یەکەم جار بە ڕاستی دیارە» لە عێراقی ئەمڕۆدا. ئەم توانایە لە بێشکەدا دەکوژرێت ئەگەر میلیشیا دەسەڵاتدارەکان هێزی ئابووریی خۆیان بەکار بێنن بۆ دەستبەسەرداگرتنی هەر پیشەسازییەک و خۆسەپاندن بەسەر حکومەت و هەڕەشەکردن لە وەربەرهێنە بیانییەکان.

### شکاندنی بانکەکان

میلیشیاکانی سەر بە ئێران داهاتەکانی حکومەتیش بەکار دێنن بۆ بەهێزکردنی پێگەکەیان. یەکەم بودجەی حکومەتەکەی چوارچێوەی هەماهەنگی، گەورەترین بودجەیە لە مێژووی عێراقدا: حکومەت پێشنیاری ١٥٢ بلیۆن دەکات کە لە ٥٠٪ زیادی کردووە لەو بودجەیەی کە عێراق لە ساڵی ٢٠٢١دا هەیبوو. حکومەت داوای کردووە کە بۆ سێ ساڵی لە سەر یەک ئەم بڕە بهێڵرێتەوە -ئەمەش واتە ڕێک تاوەکوو هەڵبژاردنەکانی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٥.

ئەم خەرجییە نادەربەستانە گوێنەدانە بە وشیارییەکانی ئەمەریکا، سندووقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی جیهانی کە داوایان لە عێراق کردووە کەرتی گشتییە هەڵتۆقیوەکەی کەم بکاتەوە. چوارچێوەی هەماهەنگی هەوڵ دەدات وەلائی لایەنە سیاسییەکان و دانیشتووانی عێراق لە ڕێگەی خەرجیی زۆرەوە بکڕێت، کە دابینکردنی ٧٠١،٠٠٠ هەلی کاری حکومییە، کە ١٧٪ زیادکردنە لە فەرمانبەرانی حکومەتدا لە ساڵێکدا. بۆ نموونە؛

حەشدی شەعبی بڕیار وایە لە ١٢٢،٠٠٠ هەزارەوە زیاد بکرێت بۆ ٢٣٨،٠٠٠ ئەندام، کە زیادکردنێکی ٩٥٪ لە ژمارەی ئەو میلیشیایانەی حکومەت پارەیان پێ دەدات، ئەویش لە وڵاتێکدا کە لە ماوەی دوو دەیەدا هیچ کات هێندەی ئێستا توندوتیژییەکانی کەم نەبوون.

چوارچێوەی هەماهەنگی بە بارگرانییەکی زۆرەوە و پابەندکردنی دەوڵەت بە دابینکردنی مووچە، زەمینە بۆ ناسەقامگیریی داهاتوو دادەنێت. هەتا بە نرخی ئەمڕۆی نەوت لە بازاڕەکاندا کە نزیکەی ٧٥$ بۆ هەر بەرمیلێك، ئەم ئاستە لە خەرجی لە ماوەی ١٠ ساڵدا، ١١٥ بلیۆن پارەی یەدەگی عێراق لە بانکەکاندا تەواو دەکات. ئەگەر نرخی نەوت داببەزێت، ئەوە عێراق خێراتر دەکەوێت. کاتێک عێراق خۆی لە دۆخێکی ئابووریی خراپدا بینییەوە لە ٢٠١٤دا، هەموو جیهان ئامادە بوو یارمەتیی عێراق بدات، چونکە شەڕی دەوڵەتی ئیسلامی دەکرد. بەڵام حکومەتی عێراقی ناتوانێ بەم شێوە چاوەڕوانی لە وڵاتان بکات لە داهاتوودا. لە ئایاری ئەمساڵدا سندووقی دراوی نێودەوڵەتی ئاگاداریی ئەوەی دا کە عێراق ڕووبەڕووی «مەترسیی خراپیی سەقامگیریی ماکرۆ-ئابووری» دەبێتەوە لە ساڵانی داهاتوودا. زۆر بە سادەیی: ئەمە بەو مانای نەگەڕانەوەی پارەیە بۆ هاوڵاتی و وەبەرهێنەرەکان، هەڵئاوسان و خۆپیشاندان لەگەڵ ناسەقامگیری و لێشاوی ئاوارە بۆ ئەورووپا.

## دەستکەوتی زۆر و تێچووی کەم

بۆ ئەمەریکا ئەم بیدەنگییە ڕواڵەتییەی عێراق لەوانەیە شەماڵی پێش زریان بێت. ئەمە یەکەم جار نییە کە واشنتن پێی وا بووە کە عێراق کەوتووەتە سەر سکەی سەقامگیری: دوای هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٠ کە تێیدا مالیکی بۆ جاری دووەمی بە خراپی کرایەوە بە سەرۆک، ئەمەریکا هەوڵی دا واز لە عێراق بێنێت و هەڵبێت. لەو کاتەدا، وەکوو ئەوەی لە ئێستادا ڕوو دەدات، حیزبەکانی سەر بە ئێران توانییان حکومەتەکە لە بەرژەوەندیی خۆیان دروست بکەن و لە ئەنجامدا دەسەڵاتی بەغدادیان لە ڕێگای گەندەڵی، هێزی میلیشیا و خزمخزمێنەی سیاسییەوە لاواز کرد. دوای ئەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە مانگی دوازدەی ٢٠١١ لە عێراق کشانەوە، وڵاتەکە ئارام دیار بوو -بەڵام دامەزراوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی لە ناوەوە ئەپووکانەوە. دوو ساڵ و نیو دوای ئەوە، ئەمەریکا دیسانەوە هێنرایەوە عێراق بۆ شەڕی داعش کە یەک لە سەر سێی وڵاتەکەی داگیر کردبوو. واشنتن نابێت ڕێگە بدات مێژوو خۆی دووبارە بکاتەوە.

ئەوەی کە بە شێوەیەکی کاتی هێرش بۆ سەر پێگە دیپلۆماتە ئەمەریکییەکان کە بە

چەکی قورس پارێزراون کەمی کردووە، نابێ پێوەری سەرەکیی ئەمەریکا بێت بۆ سەرکەوتن لە عێراقدا. ئەم پێگانە کە بە تێچووی زۆر بنیاد نراون، بۆ ئەوەیە کە دیپلۆماتە ئەمەریکییەکان پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکان و بەهاکانی ئەمەریکا بکەن بەبێ ترس لە هەراسانکردنیان لە لایەن دوژمنانەوە.

ئەمەریکا پێویستی بە ناردنی سەرباز و بلیۆنان دۆلار نییە بۆ ئەوەی مۆدێلە ترسناکەکان لە عێراقدا پێچەوانە بکاتەوە. توانا ئابووری و هەواڵگرییەکانی ئەمەریکا هێشتا دەتوانێ کاریگەریی بەرچاوی هەبێت لە سەر بەرپرسەکانی عێراق -کە زۆریان بەرژەوەندی و تەماحی گەورەتریان لە بازرگانی و بانکە جیهانییەکاندا هەیە. بۆ نموونە: بە پێی سەرچاوە دیپلۆماتییەکانی ئەمەریکا، فایەق زێدان زۆری پێ ناخۆش بووە کە سێ ئەندامی کۆنگرێس کە نامەیان ناردووە بۆ جۆ بایدن و فایەقیان وەکوو ئامانجێک بۆ سزا پێشنیار کردووە. ئەمەریکا دەبێ شتی لەم جۆرە بەکار بهێنێت -سەرەتا بە نهێنی- بۆ گەیاندنی نیگەرانییەکانی دەربارەی دۆخی دادوەریی عێراق و سەرکردە گرنگەکانی.

مەترسیی ڕاستەقینە هەیە کە عێراق ببێت بە دیکتاتۆریەتێکی دادوەری کە تێیدا حکومەتەکان دێن و دەچن، بەڵام دادوەری بە شێوەیەکی هەمیشەیی بە دەستی میلیشیاکانەوەیە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان. بەرپرسانی ئەمەریکا زانیاریی زۆر گرنگیان لایە دەربارەی پەیوەندییەکان و بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی بەرپرسانی عێراق و دەبێ ئەم زانیارییانە زوو زوو بەکار بێنن بۆ پێدانی ئاگاداریی گرنگ بەو بەرپرسانەی بەغداد بۆ ئەوەی ڕەفتاریان باشتر بکەن.

ئەمەریکا دەبێ نیشانی بدات کە بەڵێنی پابەندبوون بە بەهاکانی دیموکراسیەت و مافەکانی مرۆڤ لە عێراقدا کاری لە سەر دەکرێت. لە وتارەکەی مانگی ئایاریدا، سولیڤان دەڵێت: پاڵپشتیکردنی بەهاکانی ئەمەریکا یەکێکە لە پایەکانی سیاسەتی ئیدارەکەی بایدن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لە عێراقدا ئەمە بە مانای دژایەتیکردنی ئەو یاسایە دێت کە سۆشیالمیدیا، ڕۆژنامەگەری و تەنزی سیاسیی سنووردار کردووە -هەموو ئەمانە ئاماژەکانی دروستکردنی دیکتاتۆریەتێکن.

واشنتن دەبێ پاڵپشتیی لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەگەری بکات و هەوڵی یارمەتیدانی بدات لە ڕێگەی نووسینگەکانیەوە. ئەمەریکا دەبێ زانیارییە ئابوورییەکانی بەکار بێنێت بۆ دۆزینەوەی ئەو پارانەی لە دەرەوەی عێراق لە لایەن بەرپرسە گەندەڵەکانیەوە شاردراونەتەوە و بیانگێڕێتەوە بۆ عێراق. بۆ نموونە؛ ئەمەریکا دەتوانێ یارمەتیی دەسەڵاتدارانی عێراق بدات

تاوانبارە ڕاستەقینەکانی پشت «دزی سەدە» بناسنەوە کە ٢.٥ بلیۆن دۆلاریان دزیوە، ئەوانە کەسانی سەر بە چوارچێوەی هەماهەنگی بوون کە دەفتەرێکی باجی حکومەتیان دزیبوو و سەدان چەکی پارەیان بۆ خۆیان نووسیوە. ئەگەر ئەمەریکا بە ڕاستی حکومەتێکی دەوێت لە عێراق بە ڕاستی سەربەخۆ و سەروەر بێت و لە ڕووی ئابوورییەوە کار بکات، دەبێت ڕێنیشاندەری لێکۆڵینەوە بێت لەو پارانەی دزراون و بیانگێڕێتەوە بۆ عێراق -نەک ئەوەی کاتێک لە هەواڵەکانەوە باس دەکرێت ئەویش بیبیستێت.

لە هەمووی گرنگتر، ئەمەریکا دەبێ کار بکات بۆ ئەوەی کۆمپانیای گشتیی موهەندیس پەراوێز بخرێت بەر لەوەی کۆمپانیاکە بواری وەبەرهێنان لە وڵاتەکەدا پیس بکات. ئەم کۆمپانیایە هەوڵ دەدات دەزگا و دامەزراوەکانی وڵاتێکی گەورە بخاتە دەستی کەسانێکەوە کە ئەمەریکا خستوونیەتە لیستی تیرۆرەوە و کەسانی پێشێلکەری مافی مرۆڤن. هەڵبەت لە ئێستادا کۆمپانیای گشتیی موهەندیس لە لێکۆڵینەوەدایە لە لایەن وەزارەتی خەزێنەی ئەمەریکا و ئۆفیسی هاریکاریی دژەگەندەڵیی جیهانی، بەڵام ئەمە دەبێ بکرێت بە سزا.

ئەمەریکا دەتوانێت خۆی بخاتە لایەنە ڕاستەکەی مێژوو لە عێراقدا ئەگەر بەردەوام بێ لە هەوڵەکانی بۆ دامرکاندنەوەی ئەو هەموو میلیشیایەی لە پشت ئەم حکومەتەی ئێستاوەن. هەتا لە کاتی ڕکابەریی چین و شەڕی ئۆکرانیاشدا واشنتن هەر دەتوانێت دەنگ و توانا بێهاوتا هەواڵگری و ئابوورییەکانی بەکار بێنێت بۆ لاوازکردنی هێزە دژەدیموکراتییەکان، دەرفەتێکیش بدات بە گەنجان، چاکسازان و لێکۆڵەرانی دژەگەندەڵی بەرگری لەو دیموکراسییە لاوازە بکەن -گەر بە ئاستەمیش بێت- کە هێشتا بوونی هەیە.

# دروستکردنەوەی دەوڵەتی عێراق؛
## چۆن میلیشیاکانی نزیک لە ئێران دەستیان بەسەر وڵاتدا گرت؟

**نووسەران:** کریسپین سمز و مایکڵ نایت
**وەرگێڕان:** بێوەی مەحمود ساحب

**سەرچاوە:** پەیمانگای واشنتۆن بۆ سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست
**لینک:** https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/re-making-iraq-how-iranian-backed-militias-captured-country

گۆڕینی لەسەرخۆی ڕژێمی عێراق بە جەختکردنەوە لە سەر دامەزراوە پشتیوانیکراوەکانی ئەمەریکا و گۆڕینیان بۆ دژی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا، هەڕەشەیەکە گرووپە خاوەن سەرچاوە داراییەکان دژی دیموکراسیی تازەپێگرتووەکان دەیگرنە بەر. گۆڕینی ڕژێمی عێراق لە لایەن هێزە میلیشیاکانەوە کار لە سەر دەستبەسەرداگرتنی جومگەکانی حکومەت دەکات، ئەم پرۆسەیە بە شێنەیی بەڕێوە دەچێت، لە لایەکەوە ئەمەریکا پشتیوانی دەکات لە کاری فەرمانگەکانی دەوڵەت کە میلیشیاکان لە ڕێگایانەوە دژی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا دەجووڵێنەوە. هەڕەشەی میلیشیاکان کە پارەدار و هاندراون، بۆ پرۆسەی تازەپێگرتووی دیموکراسی لە عێراقدا مایەی گرنگیپێدان و لێکۆڵینەوەیە. داگیرکردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣دا لە لایەن هاوپەیمانانەوە کۆتایی بە دیکتاتۆری سەددام هێنا و قۆناغی گواستنەوە بۆ سیستمێکی شێوە دیموکراسیی پەرلەمانی بە شێنەیی دەستی پێ کردووە. بەڵام دوای دوو دەیە، پرۆسەی گۆڕینی ڕژێمی عێراق لە ژێر کاریگەریی سیاسەتی حکومەتی ئێراندا لە قۆناغی جێبەجێکردندایە بە شێوازێکی ڕادیکاڵانەی جیاواز لە لایەن هەندێ هێزی عێراقیی لۆکاڵییەوە کە وەک بەرەی موقاوەمە (بەرەی خۆڕاگری) دەردەکەون. لە ئێستادا سەرەڕای پاشەکشەیەکی بەرچاو لە کۆنترۆڵکردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٢٠ و ٢٠٢١ لە لایەن ئەم بەرەیەوە، جارێکی تر لە ڕێگای نەرمەهێز و بەکارهێنانی دەسەڵاتی دادوەری لە قازانجی خۆی و بەبێ بەکارهێنانی هێزی چەکدار هەژموونێکی دیاری بەسەر دادگاکان و دامودەزگا مەدەنی و پۆلیس و تەنانەت ئەنجوومەنی نوێنەراندا هەیە. بۆیە ئەوانەی کە شکستیان هێنا لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٢١دا، تاجی پێکهێنانی حکومەتیان لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٢دا لە سەر کرا. ئەمە دوا هەنگاوی دیاری گۆڕینی ڕژێمی عێراقە.

### موقاوەمەی عێراقی: داڕێژەری گۆڕانکارییەکان

مێژووی عێراقی دوای ساڵی ٢٠٠٣ لە لایەن ئێرانەوە ئاڕاستە کراوە، هەروەها هێز و بەختی بەرەی موقاوەمە لە گۆڕانکاریی بەردەوامدا بووە. ئێران و هاوپەیمانەکانی لەگەڵ هاتنی هێزەکانی ئەمەریکادا ئامادەگییان هەبووە لە عێراق و هەر لە سەرەتاوە دژی بنیاتنانی عێراقێکی سیکۆلار و دیموکرات کاریان کردووە. لە بەرامبەر پرۆژەی ئەمەریکادا، «پرۆژەی شیعە»یان لە عێراق وەک یەکەم وڵاتی عەرەبی جێبەجێ کردووە کە ئامانج دوورخستنەوەی سوننەکان بووە لە ناوەندی هێز و دەسەڵات.

دەستەیەک لە گرووپی میلیشیا شیعەکان وەک موقاوەمە هەر لە سەرەتای

دەستبەکاربوونیانەوە لە لایەن سوپای قودسی شۆڕشی ئیسلامیی ئێرانەوە پشتگیری کراون. چالاکترینی نێو ئەم دەستەیە، کەتائیبی حیزبوڵڵا و عەسائیبی ئەهل ئەلحەق و حەرەکات حیزبوڵڵا ئەلنوجەبایە کە لە لیستی تیرۆردان و حکومەتی ئەمەریکا سزایان دەدات. ئەم ڕێکخراوانە و گرووپە میلیشیا بچووکەکانی دیکە لەناو خۆیان وەک موقاوەمە لە کێبڕکێدان. کەتائیبی حیزبوڵڵا و عەسائیبی ئەهل ئەلحەق بە ئاشکرا بەشداریی کیبڕکێی پارتە سیاسییەکان دەکەن لە ڕێگەی بزووتنەوەی حقوق و کوتلەی ئەلصادقون کە سەرجەمیان لە ژێر چەتری چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعەکاندا کۆ بوونەتەوە.

سەرجەمی گرووپە میلیشیاکان و ئەو سەرچاوەیەی لێیەوە دروست بوون، نەیاری سەرسەختی هاوپەیمانان بوون لە پرۆسەی داگیرکردنی عێراقدا. بەشداری چالاک بوون لە خۆشکردنی شەڕی تائیفیی پێکهاتەکانی عێراقدا. هەر چەندە بە گوێرەی مادەی ٩، بڕگەی دووەم لە دەستووری نوێی عێراق، هێزی چەکداریی نادەوڵەتی وەک میلیشیاکان یاساغ کراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە ماوەی ساڵەکانی ٢٠١١ بۆ ٢٠١٤ لە سەردەمی سەرۆکوەزیران نووری ئەلمالیکیدا کە گومانی لە دڵسۆزیی سوپای عێراق بوو، دەرفەت ڕەخسا کە میلیشیاکان ڕۆڵ ببین و بەناوبانگ ببن. لە ساڵی (٢٠١٤)ەوە و لەگەڵ هاتنی داعشدا، میلیشیاکان وەک هێزی پاڵپشتیکار و لە سەر ئەرزی واقیع هاوتەریب لەگەڵ هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ شکستپێهێنانی داعش بەشدار بوون. لە میانی ئەم پرۆسەیەدا، مالیکی لە فەرمانێکی جێبەجێکاریدا کە دواتر لە ساڵی ٢٠١٦ بووە یاسا، ڕێگەی دا بە میلیشیاکان چەک هەڵبگرن و لە بودجە و پاڵپشتیی حکومەتی عێراقی وەک لقێکی نوێی سوپای عێراق لە چوارچێوەی هێزەکانی حەشدی شەعبیدا سوودمەند ببن.

لەگەڵ لاوازبوونی داعش لە ساڵی (٢٠١٨)ەوە، بەرەی موقاوەمە ئاڕاستەی کارکردنی گۆڕی بەرەو دەرکردنی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق بە ئامانجی کۆنترۆڵی تەواوەتیی وڵاتەکە. فەرماندەی ئەوکاتی سوپای قودسی ئێرانی قاسم سلێمانی هاوکاریی تەواوی بۆ فەرماندەی دیفاکتۆی هێزەکانی حەشدی شەعبی ئەبو مەهدی موهەندیس کە فەرماندەیەکی دێرینی کەتائیبی حیزبوڵڵایە، نیشان دا بۆ جێبەجێکردنی پلانێک کە بریتی بوو لە بەکارهێنانی گشت دەرفەتەکان لە ڕووی سەربازی، سیاسی و یاسایی بۆ دەستبەسەرداگرتنی تەواوی دامودەزگاکانی دەوڵەتی عێراق. ئەم پیلانە ڕووبەڕووی ئاستەنگ بووەوە لە ساڵی ٢٠١٩ کە بزووتنەوەی تەشرین ڕابەرایەتیی نارەزایەتیی خۆڕسکانەی عێراقییەکانی کرد و پاشان کە ڕووبەڕوو بوونەوە و فشارەکان دژ بە هێزەکانی ئەمەریکا زیادی کرد، ئیدارەی سەرۆک

ترەمپ لە بڕیارێکی نایاساییدا و لە گورزێکی سەربازیی فڕۆکەی بێفڕۆکەواندا بۆ سەر فڕۆکەخانەی بەغداد، هەستان بە تیرۆرکردنی هەردوو فەرماندە قاسم سلێمانی و ئەبو مەهدی موهەندیس لە مانگی یەکی ساڵی ٢٠٢٠دا.

هاوسەنگیی بەرەی موقاوەمە لە جێبەجێکردنی پلانەکەیان بە هۆی خۆپیشاندانەکان و وەشانی گورزی سەربازی دژی سەرکردەکانیان تێک چوو، بە شێوەیەکی کاتی چالاکی و فشارەکانیان هێزی لەبەر برا. بۆیە سەرۆکوەزیرانی ئەوکات عادل عەبدولمەهدی کە لە ژێر هەژموونی میلیشیاکاندا بوو، دەستی لە کار کێشایەوە. لە مانگی پێنجی ٢٠٢٠، موستەفا ئەلکازمی بووە سەرۆکوەزیران و دەستی کرد بە زنجیرەیەک لێکۆڵینەوە کە لە ئەنجامدا ژمارەیەک لە ئەندامانی گرووپە میلیشیاییەکان دەستگیر کران بە تۆمەتی دەستدرێژیکردنە سەر چالاکوان و ڕۆژنامەنووس و هێرش بۆ سەر هێزەکانی ئەمەریکا و تێوەگلان لە گەندەڵی.

لە ساڵی ٢٠٢١دا، هەوڵی میلیشیاکان بێهوودە دەرچوو، چونکە هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق مانەوە، کاندیدەکانیان لە هەڵبژاردنی نیشتمانیدا دەنگی چاوەڕوانکراویان بەدەست نەهێنا کە ئەمە زیاتر ئەم بەرەیەی تووشی ئیحراجی کرد. چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعەکان و موقاوەمە زیاد لە جارێک هەوڵی پووچەڵکردنەوەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنیان دا، سەرەتا لە ڕێگای یاسایی و دادگاکانەوە، پاشان هێرشی میلیشیاکان بۆ سەر ناوچەی سەوز لە بەغداد کە دامودەزگا سەرەکییەکانی حکومەتی لێیە، هەروەها دواجار هەوڵی تیرۆرکردنی سەرۆکوەزیران موستەفا ئەلکازمی لە تشرینی دووەمی هەمان ساڵ دا درا. هەموو ئەم هەوڵانە شکستی هێنا و ئەم بەرەیە لە لێواری ڕووخان نزیک بووەوە، بەڵام لە پڕ هەموو شت گۆڕا.

### گۆڕینی ڕژێم لە ڕێگەی شەڕی یاساییەوە

لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠٢٢، بەرەی موقاوەمە وازی لە هەوڵە ڕاستەوخۆکانی هێنا بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و ستراتیژییەکی نوێ و سەرکەوتووی گرتە بەر کە ئەویش ڕێگای ئەنجوومەنی باڵای دادوەریی عێراق و سەرۆکەکەی کە دادوەر فایەق زێدان بوو. لە زنجیرەیەک بڕیاری دادیدا لە نێوان کانوونی دووەم و شوباتی هەمان ساڵدا، دادگا لە سەر بابەتی کوتلەی زۆرینە بۆ پێکهێنانی حکومەت و لە پێشهاتێکی نوێدا بڕیاری دا کە دەنگی زۆرینەی زۆری ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران پێویستە بۆ پێکهێنانی حکومەت، ئەمەش بەبێ دەنگی پارتە سیاسییەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە و

گرووپە میلیشیاییەکان ئەستەم بوو. لە یەکێک لە بڕیارە سەرەکییەکانی دادگادا، ڕێژەی یاسایی بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک یاخود پێکهێنانی حکومەت بە شێوەیەکی بەرچاو بەرز کرایەوە، ئەمەش لێکدانەوەیەکی نوێ بوو بۆ مادەی ٧٠ی دەستووری عێراق کە پێشتر ڕێژەی یاسایی وا لێک دەدرایەوە کە دوو لە سەر سێی ئەندامانی ئامادەبووی ئەنجوومەنی نوێنەران بێت (ڕێژەی یاسایی ئەنجوومەنی نوێنەران عادەتەن پەنجا زائید یەکی تەواوی ئەندامانی ئەنجوومەنە). لە ئەنجامدا چوارچێوەی هەماهەنگی و موقاوەمە کە خاوەنی تەنها ٦٢ ئەندام لە کۆی ٣٢٩ ئەندام بوون، ئەم ژمارەیە بە کەمینە هەژمار دەکرێت، توانییان هەر بابەتێک ڕەت بکەنەوە کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیاندا یەک ناگرێتەوە. سەرەنجام عێراق لە ڕووی سیاسییەوە پەکی کەوت. سیاسییەکانی بەرەی موقاوەمە پەسنی ئەم دەسەڵاتە نوێیەیان بە زاراوەی سێیەکی وەستێنەر کرد کە گورزێکی کوشندە بوو لە پرۆسەی دیموکراسی لە عێراق و گەڕانەوە بوو بۆ حوکمی کەمینە لە عێراق کە عێراقییەکان لە سەردەمی سەددامدا ئەزموونێکی تاڵیان لەگەڵی هەبوو.

لایەنەکانی موقاوەمە کەوتنە دژایەتی و پەرتکردنی ئەو هاوپەیمانییە زۆرینەیەی کە نەیاری سیاسییان بوون. سەرەتا هەڕەشە لە لایەنە کوردییەکان کرا بە زیندووکردنەوەی مەلەفێک لە دادگای باڵا دەربارەی هەناردەکردنی نەوت لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، لەم بارەیەوە دادگا بڕیاری دا گشت نەوتی هەرێم ڕادەستی بەغداد بکرێت. پاشان بۆردوومانی ئێران و گرووپەکانی میلیشیا بۆ سەر چەند پێگەیەکی ناو هەرێم ئەنجام درا. لە سەروو هەمووئەمانەوە، میلیشیاکان بەردەوام بوون لە بەکارهێنانی هێزی «سێیەکی وەستێنەر» و گەورەترین هێزی شیعە لە ئەنجوومەنی نوێنەران کە ئەندامانی سەر بە موقتەدا سەدر بوون لە پرۆسەی سیاسی کشانەوە. سەرەنجام، کورسییەکانیان بە گوێرەی براوەی بازنەکانی هەڵبژاردن دابەش کرایەوە و چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعەکان دەرفەتی بۆ ڕەخسا کە زۆرینەی زۆری ئەندامانی ئەنجوومەن لە خۆی کۆ بکاتەوە. دواجار محەمەد شیاع سوودانی دانرا بە سەرۆکوەزیران و ئەم ڕووداوە بووە سەرکەوتنی تەواوەتیی ئەم بەرەیە لە پێکهێنانی حکومەتدا.

یاسا و دادگاکان ڕۆڵی بەرچاویان لە بەهێزکردن و لاوازکردن و پاشان بەهێزبوونەوەی پێگەی بەرەی موقاوەمەدا بینی. بۆ تێگەیشتنی تەواوی ئەم لایەنەی کارکردنی میلیشیاکان، پێویستە لە گرنگیی بێئەندازەیان بۆ خستنەگەڕی نەرمەهێز و بەکارهێنانی یاساکانی وڵات بۆ خزمەتی ئەجێنداکانیان سەرنج بدەین. کاتێک هێرشە مووشەکییەکان و بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و دانانی بۆمبی «عبوە ناسفە» دژ بە هێزەکانی ئەمەریکا زۆرترین

سەرنجی ڕۆژئاواییەکانی بە لای خۆیدا ڕاکێشاوە، میلیشیاکان ستراتیژی بەکارهێنانی دامودەزگا دادوەرییەکانیان بۆ دەستگرتن بەسەر حکومەتی عێراقدا لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا وەک ئامرازێکی کاریگەر و یەکلاکەرەوە خستووەتە گەڕ.

لە نووسینێکدا لەگەڵ هاوپیشەمان حەمدی مالک، جەختمان لە سەر ئەم شەڕە یاساییە کردەوە دوو ساڵ لەمەوبەر. کات و هەوڵێکی زۆر لە لایەن میلیشیاکانەوە دراوە کە وەک پارێزەی یاسا خۆیان نمایش بکەن. میلیشیاکان لە ڕێگەی دامودەزگا دادوەرییەکانەوە، چ ناخۆیی بێت یاخود نێودەوڵەتی، هەموو ئەگەرێک تاقی دەکەنەوە بۆ سنووردارکردن و لێسەندنەوەی متمانە لە نەیارە بەهێزەکانیان. ئێمە تێبینیمان کرد کە:

«شەڕی یاسایی موقاوەمە تەنها لە ئاستی قسەدا نەماوەتەوە، بەڵکوو بووەتە بەشێکی دانەبڕاو لە ستراتیژیان بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان. کۆنفرانسی یاسایی بۆ گرنگی و پلەوپایەی موقاوەمە لە عێراقدا بەسترا. هەرەشەی ڕاپێچکردنی دادگا دژی نەیارەکانیان بەردەوام ئەنجام دراوە. هەروەها قسەوباسی یاسایی لە ئاستی پڕوپاگەندە و شەڕی میدیایی میلیشیاکان زیادی کردووە.»

نەرمەهێز زۆر زیاتر لە سەختەهێز لە گۆڕەپانی ململانێکاندا بە قازانجی میلیشیاکان شکاوەتەوە. لە ڕێگای دەستبەسەرداگرتنی دادگاکان و دەسەڵاتی یاسادانان و ئۆفیسی سەرۆکوەزیران وەک دەسەڵاتی جێبەجێکردن، بەرەی موقاوەمە چنگی گرتەوە بەسەر پایەکانی دەسەڵاتدا بەبێ ئەوەی زۆرینەی هەڵبژاردنی بەدەست هێنابێت. لە ئێستادا بۆ ئەوەی ئەم هەژموونە بەردەوام بێت، یاساکان لە پەرژوەندیی خۆیان دادەڕێژنەوە.

### کۆنترۆڵی تەواوەتیی دەوڵەت: خەبات لە پێناو شەرعیەتدا

موقاوەمە و پارتە سیاسییە هاوئاهەنگەکانیان بە ئاشکرا باس لە کاریگەرییان لە سەر کابینەی حکومەت و سەرۆکوەزیرانەکەی دەکەن. لە مانگی دوازدەی ٢٠٢٢دا، قەیس خەزعەلی فەرماندەی عەسائیب ئەهل ئەلحەق؛ سەرۆکوەزیرانی بە «بەڕێوەبەری گشتی» وەسف کرد. لە درێژەی لێدوانەکەیدا وتی: «بەڕێوەبردنی کاروباری ڕۆژانەی دەوڵەت لە بابەتی بڕیاردان و لایەنە هەستیارەکانی تر جیاوازە... سەرۆکوەزیران مافی هەموو بڕیاردانێکی نییە، بۆیە مەرجە بۆ بڕیارە ستراتیژییەکان، چ سیاسی و ئابووری و ئەمنی بێت، بگەڕێتەوە بۆ بەرەی چوارچێوەی هەماهەنگی.»

لە مانگی یەکی ساڵی ٢٠٢٣دا، عەلی ترکی پەرلەمانتاری عەسائیب ئەهل ئەلحەق وەسفی کابینەکەی دەوڵەتمەدار سوودانیی بە حکومەتی موقاوەمە کرد. وتیشی «کە موقاوەمە نوێنەرایەتیی فەرمیی عێراق دەکات و بەشێکی دانەبڕاوە لە ژیانی ڕۆژانەی عێراقییەکان». حکومەت ئەم لێدوانەی ڕەت نەکردەوە. هەروەها سەرۆکوەزیران سوودانی کەسێکی نزیک لە عەسائیب ئەهل ئەلحەق وەک بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی ئۆفیسەکەی دامەزراند. بۆیە لای هەموو لایەک ئاشکرایە لە کاتێکدا موقاوەمە ساڵێک پێش ئێستا لاواز بوو، بەڵام ئێستا قسەی یەکلاکەرەوەی لە پرۆسەی بڕیاردانی عێراقدا هەیە.

لە ئێستادا میلیشیاکان پێویستە دەستکەوتەکان بپارێزن، کێشەی نەبوونی شەرعیەتی دامەزراوەکانیان چارەسەر بکەن. ئەوان دوای خۆپیشاندانەکانی تشرینی ساڵی ٢٠١٩ و بەریەککەوتنەکانیان لەگەڵ لایەنگرەکانی موقتەدا سەدر ساڵی ٢٠٢٢، دەزانن کە لە ڕووی جەماوەرییەوە لاوازن، تەنانەت لە ناو پەیڕەوانی ئایینزای شیعەدا. بەدەستنەهێنانی دەنگی پێویست لە هەڵبژاردنەکاندا بووەتە لەکەدارکردنی شەرعیەتی ئەم هێزانە. هەروەها لە سەردەمی سەرۆکوەزیران ئەلکازمیدا، حکومەت لە ڕێگای یاساوە دژی پرۆژەکانیان وەستایەوە. بۆیە ئەوەی لە توانایاندا بۆ دەستکاریکردنی یاسکان و دانانی کەسانی نزیک لە خۆیان لە دامودەزگاکانی دەوڵەتدا دەیکەن بۆ بێدەنگکردنی ڕەخنەگرەکان، کەمکردنەوەی مەترسییەکانی پرۆسەی دیموکراسی، بەهێزکردنی دەزگا ئەمنییەکانی خۆیان و پێدانی ڕوویەکی تەواو شەرعی و یاسایی هاوشانی دەزگاکانی حکومەت.

### شەرعیەتی یاسایی هێزەکانی حەشدی شەعبی

پێگەی یاسایی حەشدی شەعبی هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە قسەوباسی لێوە کراوە. «ئایا دەستووری عێراقی ڕێگە بە هێزی چەکدار لە دەرەوەی پێکهاتە و کۆنترۆڵی سوپای عێراق دەدات؟»؛ یەکێک بووە لە پرسیارەکان. ئەم بابەتە تا ڕادەیەک بە دەرچوونی یاسای ژمارە ٤٠ ساڵی ٢٠١٦ کە یاسای پێکهێنانی کۆمیتەی حەشدی شەعبییە، چارەسەر کرا. ئەوەی بە دیاریکراوی جێی نیگەرانییە ئەوەیە کە ئایا ئەم هێزانە لە ژێر فەرمانی ڕاستەقینەی حکومەتی عێراقدان، یاخود لایەنی دیکە وەک فەرماندەی گرووپە میلیشیاکانی نزیک لە ئێران کە لە لیستی سزادراوانی نێودەوڵەتیدان. بۆیە دەنگۆی جیاواز دروست بوو تەنانەت لە نێو ئەندامانی میلیشیاکاندا کە حکومەت پلانی چەککردن یاخود چاکسازیی لە ڕیزی ئەم هێزانەدا هەیە.

لە ئێستادا پلانی حکومەت پێچەوانە بووەتەوە. هێزەکانی حەشدی شەعبی زیاتر لە هەموو کاتێک لە هێزەکانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران دەچن. حکومەتی نوێ بە سەرۆکایەتیی سوودانی دەسەڵاتی دروستکردنی کۆمپانیایەکی بە ناوی موهەندیس، وەک وەفایەک بۆ فەرماندەی تیرۆرکراو ئەبو مەهدی موهەندیس، داوە بە هێزەکانی حەشد. ئەمە هاوشێوەی کۆمپانیای خاتم ئەلئەنبیای هێزەکانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێرانە کە خراوەتە لیستی سزا نێودەوڵەتییەکانەوە. ئەم هەنگاوە لە سەردەمی هەردوو سەرۆکوەزیرانی پێشوودا ڕاگیرابوو. هەروەها یاسای ٢٠١٦ی تایبەت بە هێزەکانی حەشد نوێ دەکرێتەوە بە جۆرێک کە دەرفەت دەدات بەم هێزانە کە مەشقی پیشەیی و پەروەردەیی ڕێک بخەن و پلەی سەربازیی هاوشێوەی سوپا وەربگرن. لە ئەنجامدا، فەرماندەکانی حەشد وەک فەرماندەکانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران دەستکراوە دەبن لە بەڕێوەبردنی هێزی وشکانی، دەریایی و ئاسمانی وەک هێزێکی ئاسایی دەوڵەت.

لە ماوەی ڕابردوو کە زەمینلەرزە بەشێک لە خاکی سووریای هەژاند، هێزەکانی حەشد ڕەوانەی ئەوێ کران بۆ هاوکاریی لێقەوماوان. پێشتریش هێزەکانی حەشد ڕەوانەی سووریا کراون بۆ پاڵپشتیی میلیشیاکان و هەوڵەکانی ئێران لەو وڵاتە بەبێ گەڕانەوە بۆ فەرماندەی فەرمیی هێزە چەکدارەکانی عێراق. لە شوباتی ٢٠٢٣دا، هێزەکانی حەشد بە فەرمی چوونە سووریا بە یاوەریی دوو سەرکردەی باڵا ئەوانیش فالح ئەلفەیاز سەرۆکی دەستەی هێزەکانی حەشد کە تۆمەتبارە لە لایەن ئەمەریکاوە بە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و هەروەها سەرۆکئەرکانی هێزەکانی حەشد عەبدولعەزیز ئەلمحەمەداوی ناسراو بە ئەبو فدک کە ناوبراو لە لیستی تیرۆری ئەمەریکادایە. بەفەرمیکردنی جووڵە و پەیوەندییەکانی هێزەکانی حەشد لە دەرەوەی سنووری عێراق بە تایبەت بە ئاڕاستەی سووریا، بە دڵنیاییەوە هەماهەنگیی ئەم گرووپە لەگەڵ حکومەتی بەشار ئەسەد و حیزبوڵڵای لوبنان و تۆڕی هاوکاریی ئێرانییەکان بە هەردوو دیوی سنووردا بەهێز دەکات.

## بێدەنگکردنی دەنگی ناڕازی

دەستە و دامەزراوەکانی حکومەتی عێراق بەکار دێن بۆ بێدەنگکردنی دەنگی ناڕازی. لە ساڵی ٢٠٢٢دا، عەسائیب ئەهل ئەلحەق و میلیشیاکانی تر فشاریان لە کۆمسیۆنی میدیا و پەیوەندییەکانی عێراق کرد، بەو هۆیەوە کۆنترۆڵی هەر شەش ئەندامی بۆردی کۆمسیۆنەکەیان کرد. لەو کاتەوە ئەم کۆمسیۆنە بە مەبەستی بێدەنگکردنی نەیارەکانی موقاوەمە لە ڕێگەی سنووردارکردنی کاری میدیا و کەناڵ و پێشکەشکارەکانیانەوە هەوڵەکانی زیادی کردووە.

بەرەی موقاوەمە زیاتر لە جاران نەیارەکانی ڕووبەڕووی یاسا دەکاتەوە، بە تایبەتی تۆمەتی تەشهیر و ناوزڕاندن. لە مانگی دوازدەی ٢٠٢٢دا، پارێزەێکی نزیک لەم بەرەیە لە دادگا داوایەکی بەرز کردەوە دژی پێشکەشکارێکی ناسراوی تەلەڤزیۆن کە لە بەرنامەکانیدا جەخت دەکاتەوە لە سەر ئەو بابەتانەی لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە باسکردنیان زەحمەتە. ئەم پارێزەرە داوای لە دادگا کردبوو کە ڕێگە نەدرێت ئەم پێشکەشکارە داخڵی وڵات ببێت. هەمان پارێزەر لەگەڵ بەرپرسێکی موقاوەمە داوایان دژی ئەحمەد ئەلبەشیر، تەنزی سیاسی ئاڕاستەی بەرپرسە سیاسییە عێراقییەکان دەکات و بە جۆن ستیوارتی عێراق ناسراوە، تۆمار کرد.

هەوڵ و حەزەکانی بەرەی موقاوەمە بۆ بێدەنگکردنی دەنگی ناڕازی و نەیارە سیاسییەکانیان، کارکردنە بە ئاڕاستەی کەمکردنەوەی دەنگی هەڵبژاردنی ئەو لایەنانە، چونکە لە دوا هەڵبژاردندا دەنگی کاندیدەکانی عەسائیب ئەهل ئەلحەق و کەتائیبی حیزبوڵڵا لە ئاستێکی لاوازدا بوو. بە گشتی لایەنەکانی نزیک لە ئێران کەمینەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بوون، ئەگەر دەستتێوەردانەکانی دادگای باڵا نەبووایە، لە پێکهێنانی حکومەتدا لە لایەن کوتلە براوەکانەوە ئەگەری چوونە حکومەتیان لاواز بوو. بۆ داهاتوو، پلانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعەکان هەمواری یاسای هەڵبژاردنەکانی عێراقە. خوێندنەوەی یەکەمی ئەم بابەتە لە مانگی شوباتی ٢٠٢٣دا لە ئەنجوومەنی نوێنەران کرا، ئەگەر بە سەرکەوتوویی هەموو قۆناغەکان ببڕێت، ئەوا جارێکی تر سیستمی هەڵبژاردنی سانت لیگۆ بۆ هەژمارکردنی دەنگ و کورسیی پارتە سیاسییەکانی بەشدار لە هەڵبژاردن لە سەر بنەمای سیستمی نوێنەرایەتیکردنی بەشبەشێنەی لیستەکان کاری پێ دەکرێتەوە. ئەم شێوازە سوودی پارتە سیاسییە خاوەن دامەزراوەکانی تێدایە، وەک لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعەکان تاوەکوو کاندیدە سەربەخۆکان.

سیستمی کارپێکراوی ئێستای هەڵبژاردنەکان کە سیستمی سانت لیگۆ ڕەت دەکاتەوە و هەروەها وەک بەدەمەوەهاتنی داواکاریی خۆپیشاندانەکانی تشرینی ساڵی ٢٠١٩ هاتە کایەوە، هانی پارت و کەسانی سەربەخۆ دەدات وەک هەوڵێک بۆ فراوانکردنی مەودای ئازادیی ڕادەربڕین و بەشداریی سیاسی لە چوارچێوەی دەنگدانی هەڵبژاردنەکاندا. هەوڵەکان بۆ هەموارکردنەوەی ئەم یاسایە، بەهێزکردنی پێگەی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعەکانی لە دەسەڵاتدا لێ دەکەوێتەوە، چونکە سەرۆکوەزیران سوودانی بەڵێنی هەڵبژاردنی پێشوەختەی داوە ئەگەر پڕۆژەیاساکە لە ئەنجوومەنی نوێنەران بە سەرکەوتوویی تێپەڕێت.

## دەرکردنی داگیرکەران؟

بە درێژایی ئەو ماوەیەی کە موقاوەمە لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراقدا چالاکی دەکات، ئامانجی دیار و سەرەکییان دەرکردنی هێزەکانی ئەمەریکایە لە عێراق. لەگەڵ ئەوەی گەڕانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا بۆ عێراق لە ساڵی ٢٠١٤ بۆ پاڵپشتیی سوپای عێراق بووە لە ڕوبەڕووبوونەوەی داعشدا، بەڵام لە ساڵی (٢٠١٨)ەوە ڕووبەڕووی هێزە ئێرانییەکان و میلیشیاکانی موقاوەمە لە عێراق و سووریا بووەتەوە. مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا بەندە بە ڕازیبوونی حکومەتی عێراق لە ڕووی یاساییەوە. لە ساڵی ٢٠٢١دا ئیدارەی سەرۆکوەزیران ئەلکازمی لەگەڵ هێزەکانی ئەمەریکا ڕێک کەوتن کە ڕۆڵی ئەم هێزانە «مەشق و ڕاوێژکاری و گۆڕینەوەی زانیاریی هەواڵگری بێت و لە ساڵی نوێدا هیچ هێزێکی ئەمەریکی بەشداریی ڕاستەوخۆی نەبێت لە ڕوبەڕووبوونەوەی داعش لە عێراقدا».

ئێستا کە سەرۆکوەزیرانێکی تەبا لەگەڵ میلیشیاکاندا لە لوتکەی حکومەتدایە، دەسەڵاتی کشانەوە لەو ڕێککەوتنەی هەیە کە لە سەرەوە ئاماژەی پێ درا، ئەمە شەرعیەتی یاسایی هەر هێزێکی ئەمەریکی لە عێراقدا دەخاتە مەترسییەوە و هەروەها داواکاریی دوو ساڵی ڕابردووی میلیشیاکانە دوای ئەوەی هەردوو فەرماندە قاسم سلێمانی و ئەبو مەهدی موهەندیس تیرۆر کران. لەم بارەوە سەرۆکوەزیران سوودانی دەیەوێت وەزعەکە وەک خۆی بمێنێتەوە، ئەم هەڵوێستە بە ئاگاییەوە لە لایەن پارتە سیاسییەکانی نزیک لە میلیشیاکانەوە پشتیوانی دەکرێت. هەر چەندە هێزەکانی ئەمەریکا دەرنەکراون و لە عێراقدا ماونەتەوە، بەڵام بەراورد بە چەند ساڵی ڕابردوو جووڵە و هەوڵەکانیان سنووردار کراوە.

## چەند وانەیەک بۆ ئاینده

بیست ساڵ پێش ئێستا هێزەکانی هاوپەیمانان دەسەڵاتی عێراقیان لە چنگی حیزبی بەعس ڕزگار کرد، لەو کاتەوە ئێران و هێزە بەکرێگرتەکانی کاریان بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو دیموکراسییە ساوایەی عێراق کردووە کە لە دوای سەددام هاتە کایەوە. سەرەڕای چەندین ساڵ لە وەبەرهێنان و گرنگیپێدانی وڵاتانی ڕۆژئاوا، میلیشیا عێراقییەکان بە پاڵپشتیی ئێران دەستیان بەسەر وڵاتدا گرتووە.

ئەم پرۆسەی گۆڕینی ڕژێمە لە عێراق نیشانی دەدات کە دەکرێت ڕژێم و حکومەتەکان کۆنترۆڵ بکرێن لە ڕێگای خراپ بەکارهێنانی دامەزراوە سیاسی و یاساییەکان. دوای ساڵی ٢٠٠٣، ئەمەریکا یارمەتیی عێراقییەکانی دا لە سەرپێخستنی دادگا و دامەزراوە دادییەکان و

دەستەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی، بەڵام ئەمانە لە لایەن میلیشیاکانەوە دەستیان بەسەردا گیراوە و دژی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا بەکار دێن.

لە هەمان کاتدا ئەدای موقاوەمە و هێزە ئێرانییەکان لە بەرپاکردنی شەڕی یاسایی ناعادەتی، دەریدەخات کە چۆن هێزیان زیرەکانە کاریگەریی دروست کردووە. نیەتی موقاوەمە دەستبەسەرداگرتنی عێراقە لە ڕێگای ئامرازە سەربازی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانەوە. هەر چەندە ئەم هێزانە ڕووبەڕووی ئاستەنگ بوونەوە، بەڵام دواجار بە ئامانجەکەیان گەیشتن، بۆیە هەڕەشەی ئەم گرووپە دەسەڵاتخواز و واقیعی و هاندراوانە لە دیموکراسییە تازەپێگرتووەکەی عێراقدا فەرامۆش ناکرێت. لەمەودوا چونکە سەرکەوتنێکیان تۆمار کردووە، میلیشیاکان بەردەوام دەبن لە فشار خستنە سەر سیستمی دادی و سیاسی بۆ توندوتۆڵکردنی زیاتری دەسەڵاتەکەیان.

سەرکەوتنی میلیشیاکان وەک چۆن هەڕەشەیە بۆ عێراق، کێشەی گەورەشە بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکە. ئەمەریکا ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبێتەوە لە ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان ڕێگریکردن لە میلیشیاکان و ڕێزگرتنی سەروەریی عێراق. لەم بارەیەوە ئەمەریکا پێویستە ئەم هەنگاوانە بنێت:

**دەستڕاگەیشتن بە زانیاری و بڵاوکردنەوەی بۆ بەرچاوی لایەنە پەیوەندیدارەکان:**

عێراقییە دیموکراتخوازەکان یارمەتیی ئەمەریکایان پێویستە بۆ ئەوەی جارێکی تر بێنە پێشەوە. ئەمەریکا پێویستە زانیاریی ڕاست و دروستی لە سەر عێراق هەبێت. ئەزموونی ڕابردوو سەلماندوویەتی کە نەبوونی زانیاریی باوەڕپێکراو بڕیاری بێبنەمای لێ دەکەوێتەوە، بۆیە ئەمەریکا دەبێت فشار لە حکومەتی عێراق بکات کە دەرگای کراوە بێت بۆ ڕۆژنامەنووس و بەرپرسانی دەستەی نەزاهە لە دەستکەوتنی زانیاری. هەروەها ئەم کەسانە لە مەترسیی میلیشیا دەسەڵاتدارەکان بپارێزێت، چونکە لە ڕابردوودا ئەوانەی گەندەڵیی میلیشیاکانیان باس کردووە، بە ئامانج کراون. حکومەتی ئەمەریکا دەتوانێت مەشق و یارمەتیی دارایی ئەو ڕۆژنامەنووس و لێکۆڵەرانە بدات، چونکە ئەرکی گەیاندنی زانیاریی ڕاست و دروست ئەنجام دەدەن بە عێراقییەکان کە ئەمانیش دواجار دەتوانن حکومەتی عێراق بخەنە ژێر بەرپرسیارێتییەوە.

**ئاگاداری تەواوی هەوڵ و چالاکی میلیشیاکان:** ئەمەریکا دەتوانێت سوود لە سەرچاوە جیاوازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری وەربگرێت و باشتر لە هەوڵ و چالاکیی میلیشیاکان تێبگات. دەتوانێت بەدواداچوون بکات بۆ کاروباری هەندێ دامودەزگای حکومەت وەک: دادگاکان، هەمواری یاساکان لە ئەنجوومەنی نوێنەران، هەوڵی بەڕێوەبەرانی زیندانی و چاکسازییەکان لە مامەڵەکردنی گونجاو لەگەڵ گیراوەکان، هەروەها وەزارەتە پەیوەندیدارەکان لە مامەڵەیان لەگەڵ کەسانێک کە لە لیستی تیرۆر و سزا نێودەوڵەتییەکاندان.

**ڕێگەگرتن لە جووڵە و چالاکیی دەستدرێژیکاران:** گەڕانەوە و تێکەڵبوونەوەی ئەوانەی پێشینەی تاوانیان هەیە بە کۆمەڵگا؛ ڕێکاری خۆی هەیە، ئەویش پابەندبوونیانە بە حوکمی یاسا و بنەماکانی پرۆسەی دیموکراسی، بە پێچەوانەوە دەبێت ڕێگریيان لێ بکرێت کە ئازادانە بسووڕێنەوە. دەبێت سنوورێک هەبێت کە ئەمەریکا لەوە زیاتر قبووڵ نەکات، بە تایبەتی لە کەیسی ئەوانەی پێشێلکاری گەورەی مافەکانی مرۆڤ و بکوژی هێزەکانی ئەمەریکان. لێپێچینەوەی یاسایی بەرامبەر تاوانباران زۆر گرنگە، چونکە هەم ڕێگری لە زیادبوونی هێز و دەسەڵاتیان دەکات، هەم سارێژی برینی قوربانییەکان دەکات.

**بەدواداچوونی ورد بۆ شەڕی یاسایی میلیشیاکان:** لە کۆتاییدا تێهەڵچوونەوە و تانە لە بڕیارەکانی دادگا و پرۆژەیاسا پەسەندکراوەکان گرنگە. ئەمەریکا پێویستە پاڵپشتیی ئەو کەس و لایەنانە بکات کە چاودێریی دادگاکان دەکەن و ڕێگری لە گەندەڵیی سیستمی دادی عێراق دەکەن. هەوڵی شکستپێهێنانی پرۆسەی دیموکراسی لە لایەن میلیشیاکانەوە بە تایبەت کە لە ئێستادا کەمینەیەکن، بۆ ڕای گشتی بخرێتە ڕوو بۆ ئەوەی زیاتر دەست بەسەر ڕژێمی عێراق و ژیانی عێراقییەکاندا نەگرن.

# گرووپە چەکدارەکانی سەر بە ئێران لە سووریا؛

## ڕۆڵ و داهاتوویان


**نووسین:** مەحموود ئەلبازی

**وەرگێڕان لە عەرەبییەوە:** ژیلوان لەتیف یارئەحمەد



**سەرچاوە:** مركز الجزيرة للدراسات

**لینک:** https://studies.aljazeera.net/ar/article/5679

گرووپە چەکدارە سنووربەزێنەکان کە ئێران پشتیوانییان لێ دەکات، بەشداریەکی کاریگەریان لە گۆڕینی ڕەوتی ڕووداوەکانی سووریا بە قازانجی حکومەتی کۆنەپارێزی ئەو وڵاتە هەبوو. ئەو سەرکەوتنانە بە جۆرێك کەوتنەوە کە تاران دوابەدوای خاوبوونەوەی گرژی و ئاڵۆزییە چەکدارییەکان ژمارەی ئەو هێزانەی کەم نەکردەوە، بەڵکوو هەندێکیان زیاتر پەرەیان پێ درا و لەگەڵ هێزە سەربازییە فەرمییەکانی ئەو وڵاتەدا تێکەڵ کرد، تاوەکوو نفووزی سیاسی و ڕامیاریی خۆی پەرە پێ بدات. هەروەها پاشماوەی ئەو هێزانە کە لە چوارچێوەی ڕێکخستنێکی سیستماتیکیی سەربازی و ناسنامەیەکی فەرمیی پرۆتۆکۆڵ و یاسا فەرمییەکاندا مانۆڕیان نەدەکرد، خزێنرانە گرنگترین ناوچە جێناکۆکەکان کە هێشتا بارگرژی و تەراتێنی شەڕی ڕووبەڕوو بەردەوامیی هەبوو، بەو هیوایەی لەم ڕێگەیەوە ئامانج و نیازە بەرژەوەندیخوازییەکەی بەدی بهێنێت.

کەڵکوەرگرتن لەو گرووپە چەکدارە سنووربەزێنانە لە لایەن ئێرانەوە، بە هۆی ئەو تایبەتمەندییە بەردەوامەیە کە خۆی لە سەقامگیری و جێگریی دۆخی سەربازی و فاکتی ئایدۆلۆژی و ماددی؛ هاوشێوەی پاڵنەرێکی چالاکی ڕێکخراو دەبینێتەوە و هاوکاریی دامەزراندن و بونیادنانی گرووپە چەکدارە لایەنگر و ملکەچەکانی سەر بە دەزگا و دامەزراوە سیاسی، هەواڵگری و ئەمنییەکانی ئێران دەکات. بەم هۆیەوە حکومەتی تاران چەندین جۆری ئەم گرووپانەی لە سووریا تاقی کردووەتەوە و کاریگەرییان تا ئەندازەکی ئەوتۆ هەڵکشا کە کاریگەریی لە سەر پیلانگێڕی و نەخشەسازیی پەیوەندییە ناوخۆییەکان لە سووریا و ناوچە عەرەبییەکان دابەش بکات.

شایانی باسە، شەڕی سارد ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە سەرهەڵدانی تیۆری «بریکارە ناحکومییەکان»، ئەویش بە مەبەستی دوورکەوتنەوە لە شەڕی کلاسیکیی ڕاستەوخۆی نێوان زلهێزەکان، تاکوو لەو ڕێگەیەوە زیانە ماددی و مرۆییەکانی لێکەوتەی شەڕی ڕووبەڕوو کەم بکەنەوە. لەم بارەیەوە ئێرانییەکان ڕاستییەکی مێژووییان خستە ڕوو کە بە هۆی واقیعی جوگرافی و ئەو فاکتەرە کولتووری وژیارییانەی کە ئایین و زمان دنەکارین و وا دەکەن جیاواز لە ژینگەی سیاسی، کولتووری و کۆمەڵایەتیی چواردەوری خۆیان بنوێنن و لە دەرەوەی بازنە و ڕایەڵەی پەیوەندییەکانی «زۆنە هەرێمییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست» بن، بەو پێودانگە لە هەر چەشنە هاوپەیمانییەکی ستراتیژی لەگەڵ زلهێزەکاندا بەهرەمەند نییە[١].

هەر بۆیە ئێران لە قۆناغی دوای شۆڕشدا پشتی بە ستراتیژێکی پشتیوانی لەو گرووپە چەکدارانە بەستووە کە سنوورەکان تێدەپەڕێنن لە ڕوانگەی ئایدیۆلۆژییەوە کە لە سەر

بنەمای هەناردەکردنی شۆڕش و پاراستنی ستەملێکراوان دامەزراون. دوای لەشکرکێشییەکانی ڕۆژئاوا بۆ سەر عێراق و ناوزڕاندنی ئێران لە لایەن «جۆرج بوش» سەرۆکی پێشووی ئەمەریکاوە لە چوارچێوەی «ناوەندی خراپەکاری»دا و لەگەڵ زیادبوونی ئەگەری دەستپێکردنی شەڕی ڕاستەوخۆ بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران؛ حکومەتی تاران دەستی کرد بە گۆڕینی سیاسەتی پشتیوانیکردنی گرووپە چەکدارەکان، ئەویش لە ڕوانگەی ئایدۆلۆژی و پراگماتیکەوە بە مەبەستی پاراستنی سەلامەتی و هەوڵدان بۆ ئەوەی هاوسەنگی لە تیۆری «هەڕەشەکان» دروست بکات، هاوکات ئایدۆلۆژیای ئایینی وەک ئامرازێك بۆ ڕاکێشانی هاوپەیمانەکانی لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی کێش بکات و لە دەرەوەی خاکی خۆی سنوورەکانی بپارێزێت و وەکوو هێزێکی کاریگەر لە بریی بەرگرییەکی ئەوتۆ لە دۆخی بەردەوامی هێرش و خۆسازدان بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکانی دەرەوەی سنوورەکانی تا دوورترین شوێن مانۆڕ بکات. تاران بە شێوەیەکی کاریگەر ئەم ستراتیژەی لە شانۆی سووریادا بەکار هێناوە بە پاڵپشتیکردنی گرووپە چەکدارەکانی حزبوڵڵای لوبنان و عێراق و دامەزراندنی گرووپە چەکدارە ناوخۆییەکان و گرووپە وەلائی و «تایفەگەرییەکان»، هەروەها کاریان کردووە بۆ دامەزراندنی هێزی «شیعە»ی سنووربەزێن، لە نموونەی لیوا چەکدارییەکانی «فاتمییەکان» و «زەینەبییەکان»، کە سەنگ و کاریگەرییان چەندین پرسیاری سەرەکیی سەبارەت بە پێکهاتە و ئەرک و ڕۆڵی داهاتووی گرووپە چەکدارەکان ورووژاند.

ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەو گریمانەیە پێشنیار دەکات کە ئێران ستراتیژی مێژوویی خۆی بۆ پشتیوانیکردن و دامەزراندنی گرووپە چەکدارە سنووربەزێنەکان وەک ئامرازێک بۆ پاراستنی ڕژێمی سووریا گرتووەتە بەر. بەڵام تاران هێزەکانی لە سووریا کەم نەکردەوە، بەڵکوو ئامادەیی ئەو گرووپانەی زیاد و کاریگەرتر کرد، بۆ ئەوەی مەترسییەکانی ئەمەریکا و ئیسرائیل هاوسەنگ بکاتەوە. جگە لەو کاریگەرییە فەرمی و نافەرمییەی کە ئەم هێزانە بەدەستی هێناوە، تاران بۆ پێشخستنی پرەنسیپ و ئایدلۆژیای سەرەکیی خۆی سەبارەت بە ئاسایشی نەتەوەیی و پاراستنی بەرژەوەندییە جیۆپۆلەتیکی و ئابوورییەکان لە سووریا، ئەم هێزانەی دابەش کردووەتەوە.

لێکۆڵینەوەکە بەسەر سێ تەوەردا دابەش بووە، یەکەمیان: سەبارەت بەو هۆکارانەی وای کردووە تاران لە ڕووی سەربازییەوە دەستوەردان بکات، لەگەڵ دەستنیشانکردنی قۆناغەکانی ئەو دەستێوەردانە، دووەمیان سەبارەت بە ئەزموونی دامەزراندنی پاسەوانانی شۆڕش لە سووریا و دواهەمینیان خوێندنەوەی واقیع و داهاتووی ڕۆڵی ئەم گرووپانە.

## هۆکارەکانی دەستتێوەردان و قۆناغەکانی

بە پێی سەرچاوەکانی ناوخۆی ئێران[٢] و بۆچوونەکانی «حزبوڵڵا»، ئەوەی لە سووریا ڕووی دا بە شۆڕش دانانرێت، بەڵکوو بەشێکە لە هەڵگەڕانەوەی درێژخایەنی سەربازی و سیاسی. ئەم گێڕانەوەیە بزووتنەوەی جەماوەری لە سووریا لە چوارچێوەی «پیلانگێڕی» ئەمەریکی و کەنداو بە هاوکاری لەگەڵ هاوپەیمانە ناوخۆییەکان بۆ گەڕاندنەوەی ناهاوسەنگیی هێز لە بەرژەوەندیی «بەرەی بەرخۆدان» لە دوای ڕووخانی سەددام حسێن و شەڕی تەمموزی ٢٠٠٦، لە سەر بنەمای هەمان گێڕانەوە، بڕیاری دەستتێوەردانی سەربازی بۆ سەرکوتکردنی شۆڕشێکی گەل نەبوو، بەڵکوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پیلانگێڕییەکە کە ئێران و سووریا و حزبوڵڵا پێکەوە دەکەنە ئامانج[٣].

لە سۆنگەی دەستتێوەردانی ئاشکرا و کاریگەریی هەردوو لایەنی حزبوڵڵا و ئێران بە یەکسانی و کۆدەنگییەکی لەو شێوەیەی کە لە سووریا دەبینرێت، توێژەر لە ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی ئەلجەزیرە، شەفیق شوقەیر، لە ئامانجی دەستتێوەردانی سەربازیی حزبوڵڵا لە سووریا، بە هەمان ئاڕاستەی دەستوەردانی ئێران لەو وڵاتە دەچووێن، بەو واتایەی کە دەستتێوەردانەکان ڕێبازی وەرچەرخان و ئاڕاستەی پاراستنی ئەو ژینگە سیاسی و جوگرافییانەیان هەیە کە تێیدا وەکوو پێشتێنەیەکی ستراتیژی، حزبوڵڵا بە ناوەندە سیاسی و ئایدیۆلۆژییەکەی ئێران دەبەستێتەوە[٤].

لە ڕوانگەی نێودەوڵەتییەوە، تاران بە هۆی کاریگەرە جیۆپۆلەتیکییەکەی، دەستتێوەردانێکی سەربازی لە سووریا وەک دەستتێوەردانێکی پێویست دەزانێت، هەمان کات پاراستنی هاوسەنگییە لە نێوان هەردوو ئۆردووگا جیهانییە ڕکابەرییەکان کە ئۆردووگای ڕۆژئاوا (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، ئەورووپا، تورکیا، ئیسرائیل و هەندێک وڵاتی عەرەبی) لە بەرانبەر ئۆردووگای ڕۆژهەڵات کە پێك دێن لە (چین، ڕووسیا و ئێران) لەخۆ دەگرێت.

تاران، وەك ڕەهەندێکی ستراتیژیی گرنگ لە سووریا دەڕوانێت، بەو پێیەی سووریا ڕۆڵێکی سەرەکیی بینی لە دژایەتیکردنی بە بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لە عێراق لە نێوان سالانی ٢٠٠٣ بۆ ٢٠١١. هەروەها ڕۆڵێکی کاریگەر و پردێکی بایەخدار بوو بۆ گواستنەوەی چەك و پێداویستیی سەربازی بۆ حزبوڵای لوبنان و پشتیوانی لە ئامادەبوونی ڕاوێژکاری ئێران لە سووریا لە چوارچێوەی کەمپی مەشقی سەربازی بۆ ئەندامانی حزبوڵڵا لە سەر خاکی سووریا.

لە ڕوانگەی ئابوورییەوە، سووریا پەیوەندییەکی گرنگ و ستراتیژییە بۆ ئابووریی ئێران و ترانزێتی تاران پێك دێنێت. ئەم کەناڵە ئێران دەخاتە سەر ڕێگا و پشتێنەی جموجووڵە ئابوورییەکەی چین و وای لێ دەکات بە بەردەوامی ئامادەیی هەبێت، کەوتنی سووریا بۆ ئێران بە واتای هەڵوەشاندنەوەی پرۆژەی هێڵی ئاسنین کە ڕێگا بازرگانییە گرنگەکانی ئێران بەیەکەوە دەبەستێتەوە، باکوور بە باشوور، ڕۆژهەڵات بە ڕۆژئاوا، هەروەها بەستنەوەی بە عێراق و سووریا تا دەگاتە دەریای ناوەڕاست و دواتر بۆ ئەورووپا. ئەمە ئەو ڕێگایەیە کە چین دەگەیەنێتە بازاڕەکان وەک بنەمایەکی ئیکۆنۆمی بۆ گەیشتنی کاڵای چینی بۆ ئەورووپا.

تاران بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە پشتی بە شێوازی پشتیوانیکردن و دامەزراندنی گرووپە چەکدارە ناوچەیی و ناهەرێمییەکان بەستبوو، بۆ ئەوەی ئامانجەکانی لە سەر ئاستی سەربازی و ئایدۆلۆژی لە سووریا بگاتە جێ. بۆ ئەم مەبەستە، «قاسم سولەیمانی»ی هەڵبژارد بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەرکە، ئەویش بە هۆی ئەزموون و شارەزایی لە شەڕی پارتیزانی و گرووپە چەکدارییەکان. ئەزموونی سولەیمانی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای شۆڕشی ئیسلامی، کاتێک لەگەڵ کۆمەڵێک سەرباز ڕەوانە کران بۆ یارمەتیدان لە بەڕێوەبردن و پاراستنی بنکەی سەربازی شاری مەهاباد(٥). سولەیمانی لە ساڵی ١٩٩٧ فەرماندەیی سوپای قودسی گرتە دەست و لەو کاتەوە تاکوو تیرۆرکردنی لە مانگی یەکی ساڵی ٢٠٢٠، کاری بۆ دروستکردنی تۆڕێکی فراوان و ئاڵۆزی گرووپە چەکدارەکان لە ئەفغانستان و عێراق و سووریا کردووە.

**لەگەڵ ئەو ئامادەسازییانەدا، دەستتێوەردانی ئێران لە سووریا بە سێ قۆناغدا تێپەڕی. بەم شێوەیە:**

**قۆناغی یەکەم (چاودێریکردن و ڕاوێژپێدان):** ئامادەبوونی سەربازیی ئێران، بە تایبەتی سوپای قودس لە سووریا دەگەڕێتەوە بۆ پێش سەرهەڵدانی ناڕەزایەتییەکانی ئەو وڵاتە لە ١٥ی ئازاری ٢٠١١. لەو کاتەدا نزیکەی (٢ تا ٣) هەزار ئەفسەر و ڕاوێژکاری ئێرانی هەبووە، کە سەر بە سوپای پاسداران بوون، بە خێرایی لە سووریادا جێگیر بوون، بە مەبەستی هاوکاری و مەشقپێکردنی هێزە ناوخۆییەکان و بەڕێوەبردنی ڕێگاکانی دابینکردنی چەک و پارە بۆ حزبوڵڵای لوبنان(٦). لەگەڵ ئەوەشدا، تا کۆتایی ساڵی ٢٠١١ دەستتێوەردانی ئێران لە ڕاوێژ و چاودێریکردندا سنووردار بوو. بە گوتەی ئاژانسەکانی سەر بە ئێران، سولەیمانی پێشنیاری کردووە کە حکومەتی سووریا هێزەکانی بە مەبەستی جێبەجێکردنی یاسا و پاراستنی ئاسایش و سەرکوتکردنی ناڕەزایەتییەکان بەکار بهێنێت. ئەم پێشنیازە دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی دووردرێژی ئێران لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ناڕەزایەتییە

مەدەنیانەی کە لە سەردەمی دوای شۆڕشدا بینران، بەبێ دەستتێوەردانی ڕاستەوخۆی سوپا، بە تایبەت ئەزموونیان هەبوو لە سەرکوتکردنی ناڕەزایەتییە سنووردارەکانی شاری مەشهەد (١٩٩٢)، قەزوین (١٩٩٤) و ئیسلام شەهر (١٩٩٥)، هەروەها کۆتاییهێنان بە خۆپیشاندانەکانی زانکۆی تاران لە ساڵی ١٩٩٩ و ناڕەزایەتییەکانی بزووتنەوەی سەوز لە ساڵی ٢٠٠٩، کە بە ملیۆنان خەڵکی ئێران بەشدارییان تێدا کرد. ئەمە ئەو سیاسەتەیە کە ئێران تا ئەمڕۆ لە ناوخۆدا پەیڕەویی لێ دەکات.

حکومەتی سووریا بە هۆی کەمئەزموونیی لە سەرکوتکردنی ناڕەزایەتییەکان، خواستی بەکارهێنانی هێزی سوپای بۆ گەڕاندنەوەی سەقامگیریی ڕژێمەکەی هەبوو، چونکە ڕژێمی سووریا لە دوای هاتنەسەرکاریەوە بە مانای ڕاستەقینە ناڕەزایەتیی مەدەنیی نەبینیبوو، بەڵکوو ڕووبەڕووبوونەوەکانی لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی سووریا پێش ساڵی ٢٠١١ سنووردار بوون و تێکهەڵچوون و جووڵەی سەربازی کەم بوو، وەك ئەوەی لە حەما ڕووی دا، لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا هەندێک نائارامی و بارگرژی لە زیندانەکاندا ڕووی دا.

**قۆناغی دووەم (دەستتێوەردان بۆ پاراستنی شارە ستراتیژییەکان):** لە کۆتایی ساڵی (٢٠١١)ەوە سوپای سووریا دووچاری پەرتبوون و جیابوونەوە لە ڕیزەکانیدا هات، زۆرێك لە شارەکان کەوتوونەتە دەست هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی سووریا. هەروەها تاران ڕووخانی شارەکانی زابادانی، مەدایە و قوسەیری وەک مەترسییەکی ستراتیژی دەبینی، کە ڕاستەوخۆ هەڕەشەی لە ئێران و حزبوڵڵا دەکرد. کەوتنی ئەم شارانە لە نزیک سنووری لوبنان، بە واتای بڕینی ڕێگاکانی دابینکردنی چەک و پارە بۆ حزبوڵڵا(٧)، هەروەها بە مانای ئاوارەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە گوندە شیعەکانی نزیک سنوورەکە کە بە پەیوەندیی خزمایەتی و یەکڕیزیی تایفی پەیوەستن بە شیعەکانی لوبنانەوە. هەروەها ئێران و حزبوڵا ترسیان لەوە هەبوو کە ئەم ناوچەیە بگۆڕێت بۆ ناوچەیەکی کراوە بۆ دابینکردنی پاڵپشتیی لۆجستی و پشتیوانیی چەک لە هێزەکانی «سوننە» لە لوبنانەوە بۆ هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن.

هێزەکانی حکومەتی سووریا لە یەکەم شەڕدا کە لە ١٣ تا ١٧ی کانوونی دووەمی ٢٠١٢ بەردەوام بوو، نەیانتوانی هێرش بکەنە سەر زبادانی و مەدایە، لە کاتێکدا هێزەکانی سووریا و حزبوڵڵا لە ١١ی شوباتی ٢٠١٢دا دەستیان بەسەر ئەو دوو شارەدا گرت. ئەم پرۆسەیە لە شەڕەکانی حومس (بابا عەمر و خالیدیە) دووبارە بووەوە، کە لە ١ی ئازاری ٢٠١٢دا لە ئۆپۆزسیۆن دەرهێنران. هەروەها سوپای سووریا بە هاوکاریی کاریگەرانەی حزبوڵڵا دەستی بەسەر شاری قوسەیردا گرت لە لە ١٥ی ئایاری ٢٠١٢دا.

**قۆناغی سێیەم (دامەزراندنی تۆڕێکی ئاڵۆزی گرووپە چەکدارەکان):** دوای ئەوەی حکومەتی سووریا چەندین ناوچەی لەدەست دا لە لادێکانی دێرەزۆر، لادێی حەلەب، لادێی حومس، لادێی دیمەشق، لادێی ئیدلب و دارا. هەروەها دوای زیادبوونی ژمارەی لادان و هەڵگەڕانەوە لە ڕیزەکانی سوپای سووریا و پەیوەستبوونیان بە سوپای ئازاد، تاران بڕیاری دا ئەزموونی سوپای پاسداران لە سووریا دووبارە بکاتەوە.

## سوپای پاسداران لە سووریا

ئێران لە ساڵی (٢٠١٣)ەوە سێ ڕێڕەوی سەریەککەوتووی گرتووەتە بەر بۆ دامەزراندنی گرووپە چەکدارە نادەوڵەتییەکان:

ڕێگای یەکەم: گرووپە شیعەکانی عێراق لە سووریا: ئێران دەستی کرد بە دروستکردنی قەوارەی عێراقی بە ئاراستەیەکی مەزهەبیی شیعی لە سووریا. لە مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠١٢دا لیوای «ئەبو فەزل عەباس»ی دامەزراند، بە تایبەتییش سێ گرووپی چەکداریی عێراقیی بۆ پاڵپشتیی لیواکە دامەزراند، ئەوانیش: گرووپی «الیوم الموعود»ی سەر بە موقتەدا سەدر، «عەسائیب ئەهلی حەق» بە سەرۆکایەتیی قەیس خەزعەلی و «لیواکانی حزبوڵڵای عێراق» بە سەرۆکایەتیی «واثیق بەتات». لە نێو ئەم گرووپانەدا، سەرۆکی سوپای موختار و ئەمینداری گشتیی لیواکانی حزبوڵای عێراق کە بە فەرمی دان بە سەرپەرشتیی عەلی خامنەیی رابەری شۆڕشی ئێراندا دەنێن[٨].

لیوای «ئەبوفەزل عەباس» لە سەرەتادا ئەرکی پاراستنی مەزارگەی «سەیدە زەینەب»ی لە دیمەشق گرتبووە ئەستۆ، دواتر حکومەتی تاران کاری کرد بۆ جێگیرکردنی هێزەکانی ئەم لیوایە لە حەلەب و لازقیە و درعا، لە ماوەیەکی خێرادا ژمارەی چەکدارەکانی لە سووریا گەیشتە زیاتر لە ١٠ هەزار چەکدار[٩]. هەروەها لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٢ و سەرەتای ساڵی ٢٠١٣دا، ژمارەیەك کوتلەی چەکداریی عێراقی بە شێوەیەکی بەرفراوان ڕوویان لە سووریا کرد کە گرنگترینیان بریتی بوون لە:

- بزووتنەوەی نوجەبا: بە سەرکردایەتیی ئەکرەم ئەلکەعبی، ئەم بزووتنەوەیە چەندین لیوای لەخۆ گرتبوو، وەک: لیوای ئیمام حوسێن موجتەبا، لیوای ئەلحەمەد و لیوای عەمار بن یاسر[١٠].

- عەسائیب ئەهلی حەق: لە مانگی تەمووزی ساڵی ٢٠١٣، عەسائیب ئەهلی حەق

دروستکردنی یەکەیەکی لاوەکیی نوێی بە ناوی لیوای «کفیل زینب»[١١] ڕاگەیاند. هەروەها لقێکی تری عەسائیب ئەهلی حەق لە سووریا هەیە بە ناوی «لیواکانی حەیدەر قەرار». ئەم گرووپانە زیاتر لە دیمەشق و لادێکانی دەوروبەریدا بڵاو بوونەتەوە.

- حزبوڵڵای عێراق: چەکدارەکانی ئەم گرووپە بەشدارییان لە دەستبەسەرداگرتنی شاری حەلەب لە ساڵی ٢٠١٥ و دێرەزۆر لە ساڵی ٢٠١٨دا کردووە، ژمارەی چەکدارەکانی لە سووریا گەیشتووەتە نزیکەی دوو هەزار و ٥٠٠ چەکدار.

- حزبوڵڵای کەتەعیب: هاوشێوەی حزبوڵڵای لوبنان، پێڕەویی ولایەتی فەقیھ دەکات و بەیعەتی بە ئایەتوڵڵا عەلی خامنەیی ڕێبەری شۆڕشی ئێران داوە[١٢].

- سەرایا تەلیعە خوراسانی: باڵی چەکداریی پارتی پێشەنگی ئیسلامییە، بە فەرماندەیی جەنەراڵی خانەنشین «حاجی حەمید تەقوەفەر» بەڕێوە دەبرێت. لیواکان بەشدارییان لە شەڕەکانی غوتەی ڕۆژهەڵات لە نزیک فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی دیمەشق کردووە، هەروەها بەشداریی کارایان لە شەڕەکانی (غوتەی ڕۆژئاوا لە ئەل- کەمپی فارووق، ئەلسیکە، ناوچەی ئەلثیابیە و ئەلئەحمەدیە) کردووە. ئەم لیوایانە هەماهەنگییەکی دامەزراو و بەهێزیان لەگەڵ حزبوڵڵای لوبنان هەبوو. ژمارەیان لە ئێستادا نزیکەی هەزار و ٤٠٠ لیوا چەکدارە[١٣].

- کەتیبەکانی سەید شوهەدا: ئەبو مستەفا خەزعەلی سەرۆک و ئەبو عەلا وەلاعی ئەمینداری گشتیی کەتیبەکەن، پەیوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ «ڕێکخراوی بەدر» هەیە[١٤]. هەروەها لیواکانی سەر بەم کەتیبەیە لە ساڵی ٢٠١٤دا لە شەڕەکانی «شێخ مەسکین» لە درعا بەشدارییان کردووە.

- ڕێکخراوی بەدر: بە سەرۆکایەتیی هادی عامری، لە مانگی تەمموزی ٢٠١٣دا دانی بەوەدا نا کە هەزار و ٥٠٠ چەکداری ڕەوانەی سووریا کردووە. ئەو ناوەی کە بە باڵە سەربازییەکەی لە سووریا ناسراوە، بە ناوی محەمەد باقر ئەلحەکیمەوە ناو نراوە.

لەگەڵ ئەوانەشدا، تاران بە زۆر هۆکاری سیاسی و سەربازی پشتی بە کوتلە عێراقییەکان بەستبوو تاکوو دەستوەردان لە سووریادا بکەن، لەوانە:

- بەهێزیی ڕێکخستنی ئەو فراکسیۆنانە و ئەزموونی شەڕکردنیان لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٣ تا ٢٠١١، لەگەڵ قووڵایی نفووزی ئێران و کاریگەرییەکانی لە نێو ئەم گرووپانەدا.

- زۆرینەی نفووزی شیعە لە عێراق و ئەو گرژییە تائیفییەی لەوێدا زاڵ بووە، ڕەوایەتیی بە دەستتێوەردانی چەکداری زیاتر کردووە.

- بوونی ڕێژەیەکی بەرفراوان لە شیعەکانی عێراق لە سووریا کە لە کاتی داگیرکردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣دا لە دەست توندوتیژیی مەزهەبی هەڵهاتن، ئەمانەش بوونە بنەما بۆ ئاسانکاریی دامەزراندنیان.

- بوونی سنوورێکی فراوان لەگەڵ سووریا، کە ئاسانکاریی بۆ گواستنەوەی چەک و هێزی مرۆیی دەکرد.

ڕێگای دووەم: پێکهێنانی هێزەکانی بەرگریی نیشتمانی و میلیشیا ئایدۆلۆژییە ناوخۆییەکان: ستراتیژی تاران بۆ دروستکردنی نفووز و بەرژەوەندییە دەرەکییەکان پەیوەستە بە توانا کەسییەکانەوە، بۆیە ناوی ژەنەراڵ حوسێن حەمەدانی وەک دووەم کاریگەرترین کەسایەتی ئێرانی لە سووریا دەرکەوت. هەمەدانی بە هۆی ئەزموونی دوورودرێژی لە شەڕکردن لە بەرەکانی کوردستانی ئێران هەڵبژێردرا. لە سەردەمی شەڕی عێراقدا فیرقەی ٣٢ لە لایەن ئەنسارولحسێن لە پارێزگای هەمەدان دامەزرا. حەمدانی ڕۆڵی سەرەکیی هەبوو لە کۆتاییهێنان بە ناڕەزایەتییەکانی بزووتنەوەی سەوز لە ساڵی ٢٠٠٩. زۆرێک لەو کەسانەی کە لە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە داوا کراون؛ کۆ کرانەوە و خۆیان ڕێك خست بۆ سەرکوتکردنی بزووتنەوەی ناڕەزایەتییەکان. ئاژانسی هەواڵی فارسی پێی وایە دوای دەستوەردانەکانی لە ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠٠٩، «هەڕەشەکانی کردە دەرفەت» دوای ئەوەی نزیکەی پێنج هەزار ئاژاوەگێڕی ڕاهێنا بۆ سەرکوتکردنی ناڕەزایەتییەکان[١٥]. هەروەها دوای ئەوەی حکومەتی سووریا پێگەی خۆی لەدەست دا و ئۆپۆزسیۆنی سووریا لە کۆشکی سەرۆکایەتی نزیک بووەوە، لە مانگی ئازاری ساڵی ٢٠١٣، حەمدانی بەشداریی کرد لە دامەزراندنی هێزەکانی پاراستنی نیشتمانی[١٦]، هەروەها گۆڕانکاریی لە «لیژنە جەماوەرییەکان» یان «شەبیحە»دا کرد. کەمپەکانی مەشق و ڕاهێنانی «لیژنەکان» لە زۆربەی پارێزگاکانی سووریا لە دێرەزۆر، ڕەقە، حەلەب، دیمەشق، لازقیە و تەرتووس بڵاو بوونەتەوە. شایانی باسە کە «لیژنە جەماوەرییەکان» لە لایەن ڕژێمی سووریاوە لە کەمینە مەزهەبییەکان (لە حومس و لازقیە و دیمەشق) بۆ پاراستنی گەڕەکەکان لە «هێرشەکان» و چاودێری و سەرکوتکردنی ناڕەزایەتییەکان دامەزراون.

هێزی بەرگریی نیشتمانی پێکهاتەیەکی فرەمەزهەب بوو، هیچ ئاماژە و پەیوەندییەکی ئایدیۆلۆژیی لەگەڵ ئێراندا نەبوو، واتە بە پێچەوانەی حزبوڵڵای لوبنان و کوتلە شیعەکانی عێراق کە لە ڕووی ئایدۆلۆژییەوە پەیوەستن بە پیاوانی ئایینیی شیعە لە ئێران[١٧]. هەر لە بەر ئەمەش ئێران حزبوڵڵای ڕاسپارد بە ڕاهێنان بە هێزە ناوخۆییەکانی سووریا لە گرووپە

مەزهەبییەکانی شیعە، بۆ ئەوەی بیانخەنە نێو شەڕە چارەنووسسازەکانەوە کە بریتین لە:

- قووەت ئەلریدە (لیوای ئیمام الریدە): یەکێکە لە یەکەمین ئەو گرووپانەی کە زۆر جار چەکدار لە گوندە شیعەکانی ناوچەی حومسەوە وەردەگرێت و هێزەکانی لە سەرتاسەری سووریا جێگیر کراون.

- غالبییەکان (لیواکانی بەرخۆدانی ئیسلامی لە سووریا): گرووپێکی نهێنییە کە بە شێوەیەکی سەرەکی لە سوورییەکان پێک هاتوون و پابەندن بە دوو مەزهەبی شیعە و عەلەوی و شیعەکانی دیکەی سووریا. ئەم میلیشیایە لە ساڵی ٢٠١٥ لە جۆلان و درعا شەڕی کرد.

- لیوای ئیمام ئەلباقر: ئەم گرووپە لە نێوان ساڵانی ٢٠١٣ بۆ ٢٠١٥ دامەزراوە و ئەندام و سەرکردەکانی لە هۆزە سوورییەکان پێک هاتوون و سەر بە بیروباوەڕی مەزهەبی شیعەن. هەروەها لیوای ئەلباقر هەوڵی دا چەکدارانی لە هۆزی گەورەی «بەقارە» لە سووریا وەربگرێت(١٨). هێزەکانی ئەم لیوایە بە شێوەیەکی بەرفراوان لە ناوچەکانی دێرەزۆر و ئیدلب جێگیر کراون.

ڕێگای سێیەم: دامەزراندنی شیعەی ناعەرەب: ڕۆڵی میلیشیا عێراقییەکان لە زستانی ٢٠١٣ و بەهاری ٢٠١٤دا دابەزینی بەخۆوە بینی، بە هۆی سەرهەڵدانی «دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام» (داعش) و دەستپێکردنی شەڕەکانی ئەنبار و پێویستیی گەڕانەوەی ئەم کوتلانە بۆ عێراق[١٩]. لێرەدا پێویستیی ئەوە هاتە ئاراوە کە حزبوڵڵا ڕۆڵی گەورەتر لە سووریادا بگێڕێت و هەروەها پێویستیی دروستکردنی گرووپی چەکداری نوێ بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی ئەو گرووپانە، ئەمەش ڕێگەی خۆش کرد بۆ سەرهەڵدانی کوتلە شیعەکانی ناعەرەب، وەک لیوای فاتمیون و زەینەبیون.

تاران هەوڵی دامەزراندنی ئێرانییەکانی نەدەدا، جگە لەو کەسانەی کە دەیانویست خۆبەخشانە و باوەڕێکی پتەویان بەو کارە هەبوو، چونکە نەیدەویست تێچووی مرۆیی یان ماددیی ئەم دەستێوەردانانە بەرز بکاتەوە، بە تایبەتی دوای ئەوەی دەنگەکانی دژایەتیی دەستتێوەردانی ئێران لە فەڵەستین و لوبنان نارەزایەتیی بزووتنەوەی سەوز لە ساڵی ٢٠٠٩ هەڵکشا[٢٠]. لە ئاستی میدیاشدا، تاران کاری کرد بۆ بێلایەنکردنی ژەنەراڵ قاسم سولەیمانی لە ناکۆکییە سیاسییە ناوخۆییەکان، بە مەبەستی پاراستنی وێنەی خۆی وەک سەرکردەیەکی ئەفسانەیی کە وڵات لە گرووپە «تیرۆریستی و تەکفیرییەکان» دەپارێزێت. تاران پشتی بە گێڕانەوەیەکی تر بەست بۆ ڕاکێشانی ئەو گرووپانە بە تیشک خستنە سەر ئەوەی کە تاران هەوڵی زیندووکردنەوەی نفووزی ئیمپراتۆریەتی هەخامەنییەکان دەدات

تا بگاتە دەریای ناوەڕاست و دەستتێوەردانەکانی لە سووریا و عێراق بۆ ئەوە بووە کە ئەو گرووپانە نەگەن بە کرماشان و هەمەدان.

تاران بۆ دابینکردنی پێویستیی شەڕکەرەکان پەنای بۆ وەرگرتنی هێزی دیکە لە ناوچەکە برد، لەوانەش لیوای فاتمیون کە لە شیعەکانی ئەفغانستان پێک هاتووە. لە ڕووی مێژووییەوە پەیوەندیی سوپای پاسداران لەگەڵ شیعەکانی ئەفغانستان دەگەڕێتەوە بۆ دوو پێشهاتی سەرەکی: یەکەم: لەشکرکێشیی سۆڤیەت بۆ سەر ئەفغانستان لە ساڵی ١٩٧٩، «یانەی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان»ی سپای پاسدارانی ئێران شیعەکانی ئەفغانستانی لە ڕیزەکانی «سوپای محەمەد»ی تازەدروستکراو بۆ بەرەنگاربوونەوەی سۆڤیەت ڕێک خست. دووەم پێشهات شەڕی ئێران و عێراق بوو لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، کە «بارەگای ڕەمەزان» وەک بنکەیەکی دەرەکی بۆ سوپای پاسدارانی ئێران دامەزرا و ئەرکەکەی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی گەریلایی بوو لە خاکی عێراق[٢١].

ناوکی «لیوای فاتمیون - لیوانی فاتمییەکان» بە ژمارەیەکی کەم لە سوپای محەمەدەوە دەستی پێ کرد و لە ئێران ئامادەییان نیشان دا بە سەرۆکایەتیی عەلیڕەزا تاوەسۆلی، نازناوی ئەبو حەمید کە بە ڕەگەز ئەفغانییە. ئەوان ڕەوانەی سووریا کران و لەوێ لەگەڵ هێزەکانی لیواکانی سەید شوهادەی عێراق تێکەڵ کران و دواتر ئەفغانییەکانی نیشتەجێی سووریا و ئێران لە نێو ڕیزەکانی لیواکە وەرگیران، بۆ ئەوەی سەربەخۆ بن لە لیواکانی سەید شوهادە[٢٢]. فاتمیون بە شێوەیەکی سەرەکی لە حەلەب، دیمەشق، حەما، لازقیە و حومس جێگیر بووە و ژمارەکەی لە نێوان ١٢ بۆ ١٤ هەزار چەکدارە لە سووریا[٢٣].

سەبارەت بە لیوای زەینەبیون، شیعەکانی پاکستان لە ئێران یەکەم ناوکی ڕێکخراوەییان خۆیان پێک هێنا و ئامادەیی خۆیان لە شاری قومی ئێران بەهێز کرد. تاران گوتارێکی ئایینی کە لە سەر بنەمای بەرگریکردن لە مەزارگە شیعەکان دامەزرابوو، کە گرنگترینیان مەزارگەی سەیدە زەینەبە لە دیمەشق، بۆ وەرگرتنی چەکدارانی شیعەی ئەفغانستان و پاکستان بەکار هێنا. هەروەها لە ساڵی ٢٠١٦دا پەرلەمان ڕێگەی بە حکومەت دا ڕەگەزنامەی ئێرانی بە ژن و منداڵ و دایک و باوکی ئەو هاووڵاتیە بیانییانە بدات کە لە شەڕی عێراقدا شەڕیان کردووە و ئەوانەی دواتر لە بەرژەوەندیی ئێران بەشدارییان کردووە[٢٤].

لەگەڵ ئەوانەشدا، وێڕای چارەسەرکردنی گرفتی نیشتەجێبوونی پەنابەرانی ئەفغانستان، لایەنی ئابووری ڕۆڵێکی سەرەکیی هەبوو لە ڕازیکردنی شیعەکانی نائێرانی بۆ پەیوەستبوون بەم دوو لیوای «زەینەبیون و فاتیمی»یەوە. چەکدارانی ئەفغانستان لە

لیوای فاتمیون مانگانە ٧٠٠ دۆلار وەردەگرن بۆ شەڕکردن لە سووریا. بە پێی بانگەشەیەکی میدیایی بۆ دامەزراندنی کارمەند لە پەیجی فەرمیی زەینەبیون لە فەیسبوک، مووچەی بەشێک لە خۆبەخشەکان مانگانە ١١٠٠ دۆلار بووە، هەروەها سەربازەکان دەیانتوانی سێ مانگ جارێک ١٥ ڕۆژ پشوویان هەبێت[٢٥].

ڕۆڵی ئەو دوو لیوایە بە شێوەیەکی سەرەکی لە چوار شەڕی ستراتیژیدا لە حەلەب، باشووری سووریا، تدمور و ڕۆژهەڵاتی سووریا کاریگەرییان هەبووە[٢٦]، تارانیش دوای کۆتاییهاتنی شەڕەکان کاری بۆ دووبارە بڵاوکردنەوەی ئەو هێزانە لە سووریادا کرد. هێزەکانی فاتمیون و زەینەبیون بە ژمارەیەکی زۆر شانبەشانی فراکسیۆنە عێراقییەکان و هەسەدە و گرووپە ناوخۆییەکان لە پارێزگای دێرەزۆر ئامادەن و ژمارەیان نزیکەی ١٥ هەزار چەکدارە[٢٧].

## ئایندەی سیاسی و سەربازیی گرووپە چەکدارەکان

لە قۆناغی پێش دەستتێوەردانی هێزی ئاسمانیی ڕووسیا، هەم ئێران و هەم حکومەتی سووریا کاریان کرد بۆ دروستکردنی چەمکی «سووریای بەسوود»، ئەمەش بە واتای وازهێنان لە هەندێک ناوچە، یان بە هۆی نەبوونی گرنگیی ستراتیژییانەوە، وەک ئەوەی لە تدمور بە شێوەیەکی کاتی ڕووی دا، یان بۆ ئەوەی ژینگەیەکی نائارام بۆ دوژمنان و ڕکابەرەکانیان دروست بکات، وەک ئەوەی ڕووی دا لە کاتی وازهێنان لە ڕەقە و ناوچە لادێکانی حەلەب، وەک عەفرین، بۆ زیانگەیاندن بە تورکیا، یان دروستکردنی بارودۆخێکی لەبار لە پێناو کۆکردنەوەی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن، وەک ئەوەی لە ئیدلب ڕووی دا.

هەر چەندە لە ساڵی (٢٠١٨)ەوە شەڕە سەرەکییەکان کۆتاییان هاتووە، بەڵام هێشتا ئێران بە شێوەیەکی کرداری لە سووریادا ئامادەیی هەیە و پێدەچێت لە ڕێگەی گرووپە چەکدارەکانەوە هێز و توانای سیاسی و چەکداریی بە بەردەوامی فراوانتر بکات، هەروەها ژمارەی بنکە و بازگەکانی ئێران لە ٤٤ بۆ ٨٨ بنکە لە سەرتاسەری خاکی سووریادا زیادی کردووە[٢٨]. لە ئێستادا ئامارێکی ورد لە سەر قەبارەی ئەو گرووپانە لە بەر دەستدا نییە، بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ لێدوانی بەرپرسانی ئێرانی لە ساڵی ٢٠١٥، ژمارەکە لەو کاتەدا لە نێوان ٧٠ بۆ ١٣٠ هەزار چەکداردا بووە کە بەسەر ٤٢ گرووپ و ١٢٨ کەتیبەدا دابەش کراون[٢٩].

تاران بە تایبەتی هەوڵ دەدات لە ڕێگەی دروستکردنی بنکە سەربازییەکان و دامەزراندنی گەنجان لە ناو هێزە چەکدارەکاندا بە تایبەت لە «سوپای گوندەکان» کە زیاتر لە دوو

هەزار و ٥٠٠ چەکداری عەرەب لەخۆ دەگرێت؛ لە دێرەزۆردا ئامادەیی بەهێز دروست بکات، هەروەها کاری لە سەر پەیوەندیی بەردەوام لەگەڵ هۆزە عەرەبەکانی ناوچەکە کردووە[٣٠] بەبێ ئەوەی لە ڕووی ئایدۆلۆژییەوە لەگەڵیاندا بەریەک بکەوێت، بە تایبەتی کە ئێران کاریگەریی ئایدۆلۆژیی خۆی لە قۆناغێکدا پێش شەڕی سووریا بنیات ناوە و لە نێو گوند و هۆزەکانی «ئەلبوکەمال» و «مەیادن» لایەنگرێکی زۆری هەیە.

لە مانگی ئابی ٢٠٢١، ئێران «لیوای هاشمی»ی دامەزراند کە ئەرکی بریتی بوو لە کۆکردنەوەی هۆزە عەرەبەکان لە دێرەزۆر و ئەلبوکمال، بە سەرۆکایەتیی «یوسف ئەلحەمدان» ناسراو بە «ئەبو عیسا ئەلمەشهەدانی» و هەروەها مووسا ئەلمەحموود کە لە لایەن ئێرانەوە وەک یەکێک لە کەسایەتییە دیارەکانی شاری ئەلبوکەمال دامەزرا[٣١].

سەبارەت بە داهاتوو و ڕۆڵی گرووپە چەکدارەکانی سەر بە ئێران لە سووریا، دەتوانرێت لە ڕێگەی شێوازی دابەشبوونیان لە نێو خاکی سووریادا پەی بەو کاریگەرییانەیان ببەین، لەو شوێنانەی کە دابەشبوونی چڕ و هەمەچەشنی ئەم گرووپانە لە ڕۆژهەڵاتی سووریادا دەردەکەون، بە تایبەت لە دێرەزۆر و لادێکانیەوە، شارەکانی ئەلبوکەمال و ئەلمەیادین بەشێکن لە «بیروباوەڕی گەورە»ی ئاسایشی نەتەوەیی ئێران کە ئامانج لێی دوورخستنەوەی ئەمەریکایە لە نێو ڕکابەرییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. هەروەها بە ڕوونی دەردەکەوێت کە هەوڵێکە بۆ گەمارۆدانی هێزەکانی ئەمەریکا لە ڕووی سەربازییەوە. بە گوێرەی ئاماری سوپای ئەمەریکا، لە سەرەتای ساڵی (٢٠٢١)ەوە نزیکەی ٧٨ جار هێرشیان کراوەتە سەر هێزەکانی ئەمەریکا لە لایەن گرووپە پاڵپشتییەکانی ئێرانەوە. دوایین هێرشەکانیش لە ڕێگەی ڕێپێوانی خۆکوژییەوە ڕوویان داوە لە لایەن گرووپێکی عێراقییەوە کە خۆیان بە «لیوای غالبون» ناو دەبەن لە دێرەزۆر.

هەروەها کۆنترۆڵی تەواوی دێرەزۆر؛ پردێکی وشکانی بۆ ئێران دابین دەکات، واتە ئێران لە ڕێگەی عێراقەوە بە سووریاوە دەبەستێتەوە، ئەمەش درێژکراوەی جیۆپۆلەتیکیی گرووپە ئێرانییەکانە کە لە هەردوو وڵاتی عێراق و سووریادا ئامادەن، هەروەها هێڵێکی زەمینیی کەمتێچوو بۆ گواستنەوەی چەک دابین دەکات بۆ حزبوڵڵا. دێرەزۆر کلیلی هێڵەکانی شەمەندەفەرە (لە شەلەمچەوە لە ئێران، بە بەسرە و ئەلقائیمدا تێدەپەڕێت، پاشان ئەلبوکەمال و لە بەندەری لازقیە کۆتایی دێت)، کە ئێران لە ڕێگەیەوە هیوای وایە بگاتە دەریای ناوەڕاست، بەو ڕێگەیەدا خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەمەریکا دەپارێزێت و کۆنترۆڵی بیرە نەوتییەکان دابین دەکات کە گرنگترینیان کێڵگەی ئەلعومەرە. هەروەها گرووپێکی دیکەی پاڵپشتییەکانی ئێران لە دەوروبەری ئیدلب ئاماژەیە، کە زیاتر بایەخێکی

شارستانی و شارنشینییان هەیە و لە ڕووبەڕووبوونەوەی ناو شارە گەورەکاندا ئامادەییان هەیە بۆ دەستپێکردنی هێرش بۆ سەر ئیدلب. بارەگای حزبوڵای لوبنان و لیوای باقر بە شێوەیەکی بەرفراوان لە سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی پارێزگای ئیدلب بڵاو بوونەتەوە.

کۆبوونەوەی دیکەی ئەم هێزانە لە سەر سنووری لوبنان دێت و ئامانجەکەش لەوێدا ڕوونە، ئەویش دۆزینەوەی هێڵێکی سەلامەتە بۆ گەیاندنی چەک بۆ حزبوڵڵا، هەروەها ژمارەیەکی باش لەو گرووپانە لە دیمەشق کۆ دەبنەوە بۆ ئەوەی ناوچەکانی باشوور بکەنە سەکۆیەک بۆ هەڕەشەی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل. ئەمانە و جگە لەوەی تاران کار لە سەر تێکەڵکردنی ئەو گرووپانە دەکات لەگەڵ قەوارە سەربازییە فەرمییەکانی سووریا، هەروەک چۆن لە کاتی تێکەڵکردنی هێزەکانی پاراستنی نیشتمانی بۆ ناو سوپای سووریا و لیوای ئەبولفەزل عەباس دژ بە پاسەوانانی کۆماری ڕووی دا[٣٣]. هاوتەریب لەگەڵ ئەوەشدا، ئێران هەوڵ دەدات پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ لایەنە فەرمییەکانی سووریا دروست بکات، وەك پەیوەندییە نزیکەکانی لەگەڵ «ماهر ئەسەد، بەسینە شەعبان» و بەرپرسانی تری سووریا.

هەروەها تاران دەستتێوەردانی گرووپە عێراقییەکانی لە شەڕی سووریادا کردووە بە کارتی بردنەوە لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراقدا، ئەویش بە کاندیدکردنی بەشێك لە سەرکردەکانی ئەو گرووپانە بۆ ئەوەی بچنە ناو پەرلەمانی عێراق، بۆ ئەوەی حکومەتی عێراق ناچار بکات پێویستیی دوورخستنەوەی ئەمەریکا لە نێو هێز و سوپای عێراقدا قبووڵ بکات[٣٤]، هەروەها لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا تاران هەوڵی بەهێزکردنی سیستمی بەرگریی ئاسمانیی سووریای داوە، لە ئێستادا کار لە سەر ناردنی ڕاوێژکار و ئەندازیارەکانی تایبەت بە دروستکردنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و ئاسانکاری بۆ ناردنی ڕاداری پێشکەوتوو دەکات بۆ ئەوەی ببێتە توخمێکی کاریگەر لە پرۆسەی پێشکەوتووی خۆڕاگری لە سووریا و بۆ ڕاگرتنی مەترسییەکانی ئیسرائیل لە هێرشی ڕاستەوخۆ بۆ سەر خاکی ئێران.

## دەرئەنجام

- دەستتێوەردانەکانی ئێران لە سووریا لە سەر بنەمای پلانێکی پێشوەختەی ئامادەکراو بونیاد نراوە، بەم هۆیەوە هەڵبژاردنی شەڕی بە وەکالەت دەرئەنجامی هەڵسەنگاندنێکی ئابوورییانە بوو بۆ تێچووی دەستتێوەردانی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، ئەم دەستتێوەردانەش جەختی کردەوە لە پاراستن و مانەوەی ئەسەد لە پێگەی خۆیدا و

پاراستنی سووریا وەک فاکتەرێك بۆ هاوسەنگکردنی هەڕەشەکان لەگەڵ ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی.

- سەرقاڵبوونی ڕووسیا بە شەڕی ئۆکراین؛ ڕۆڵی هەبوو لە پێدانی ئازادیی زیاتری هاتوچۆ و بڵاوەپێکردنی گرووپە چەکدارەکانی سەر بە ئێران، سەرەڕای هەوڵەکانی تاران بۆ کەمکردنەوەی تێچووی ئامادەیی هێزەکانی لە سووریا، ئەویش بە کشانەوەی بەشێک لە هێزە چەکدارەکانی و تێکەڵکردنیان بە هێزەکانی حکومەتی سووریا، ئەویش لە پێناو قووڵکردنەوەی ئەو فشارانەی کە وای دەکرد ئەمەریکا لە شاری ستراتیژی دێرەزۆر دەرېچێت، هەروەها ئەگەری ئامادەکاری بۆ گەڕاندنەوەی ئیدلب و جێگیرکردنەوەی خۆی لە باشووری دیمەشق وەک هۆکارێکی ڕێگریکردن و مەترسییەکان بۆ سەر ئیسرائیل.

- تاران سیاسەتی بەرهەمهێنانەوەی ئەم گرووپانە بە شێوەیەکی بەردەوام دەگرێتە بەر، چونکە ئەمە ئەگەری دوورکەوتنەوە لە سزاکانی ئەمەریکا بۆ دەستەبەر دەکات و لە ڕووی هەواڵگرییەوە چاودێریکردنیان قورس دەکات و ئەو سوودە بە تاران دەبەخشێت لە جێگیرکردنەوەی خێرا لەو گۆڕەپانانەی مایەی مەترسی و هەڕەشەی ڕاستەوخۆن، جا لە سووریا بێت یان لە دەرەوەی وڵات (وەک ئەفغانستان).

- دوای کوژرانی قاسم سولەیمانی، هیچ گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لە فۆرم و ئامانج و ئامرازەکانی ئەو گرووپە چەکدارانەدا ڕووی نەداوە، بەڵام ئەو هاوبەشییەی کە سولەیمانی خاوەنی بوو بۆ کۆکردنەوەی دژبەرەکان و پەیوەندییە کەسییەکان؛ بارگرانییە لە سەر جێنشینەکەی ژەنەراڵ ئیسماعیل قاعانی. هەروەها وەها دەردەکەوێت کە حزبوڵڵا وەك ئەو گرووپانەیە کە لە ڕووی ئایدۆلۆژییەوە نزیکن لە ئێرانەوە.

- تاران دەیەوێت پەیوەندییەکانی عەرەب و سووریا بگەڕێنەوە بۆ دۆخی پێشووی خۆیان لە پێناو گەیشتن بە ژینگەیەکی سەلامەت و دەستکەوتی ئابووری کە تێچووی شەڕەکە بگرێتە خۆ و هەمان کات مەترسی لە سەر بەرژەوەندییەکانی لە سووریا دروست نەکات. لە ئایندەدا ڕەنگە چینێکی دەسەڵاتداری سووریا سەر هەڵبدات کە داوای دەرچوونی هێزەکانی ئێران بکات بە هۆی کۆتاییهاتنی شەڕەکان و هەوڵدان بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنان و ئاوەدانکردنەوە، بەڵام ئێران دەستبەرداری سیاسەتی پشتیوانیکردنی گرووپە چەکدارەکان نابێت، چونکە ئەم گرووپانە و ئامادەییان؛ لە ناوەرۆکی ستراتیژییە بەرگرییەکانی تاراندایە بۆ گەیشتن بە کاریگەریی سیاسی و ستراتیژی بەردەوام.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

1. Mesbahi, Mohiaddin, Free and Confined: Iran and the International System. (Spring 2011). Iranian Review of Foreign Affairs, 5 (2): 9-34.

١. یانات در دیدار مسئولان نظام در روز عید مبعث (تصريحات خامنئي في اجتماع مسؤولي النظام يوم عيد المبعث)، الموقع الإلكتروني للمرشد علي خامنئي، ٣٠ يونيو/حزيران ٢٠١١ (تاريخ الدخول: ١٣ مايو/أيار ٢٠٢٣): https://bit.ly/3MuIJgR

٢. علي فياض، نقلها: شفيق شقير، حزب الله: روايته للحرب السورية والمسألة المذهبية (١)، مركز الجزيرة للدراسات، ٢٨ ديسمبر/كانون الأول ٢٠١٧ (تاريخ الدخول: ١٨ مايو/أيار ٢٠٢٣): https://bit.ly/٣OkYgBn

٣. المصدر السابق نفسه.

٤. علي آلفونه، زندگی نامه سردار قاسم سلیمانی (سيرة الجنرال قاسم سليماني)، مقالات سياسية (تاريخ الدخول: ١٦ مايو/أيار ٢٠٢٣): https://bit.ly/٣ByPWX٦

5. Ruth Sherlock, Iran boosts support to Syria, Telegraph, 21 February 2014 (Accessed: 15 May 2023): https://bit.ly/3BxP3hj

6. Joseph Holliday, Syria›s armed opposition, Institute for the Study of War, Middle East Security Report 3, March 2012, p: 6.

٧. معرفی گردان بزرگ ابوالفضل العباس(ع)/ زینبیه زیر سایه غیرت شیعه (لواء أبو الفضل العباس/ زينبية تحت حماية الغيرة الشيعية)، وكالة تسنيم للأنباء، ١٤ مايو/أيار ٢٠١٣ (تاريخ الدخول: ١٣ مايو/أيار ٢٠٢٣): https://bit.ly/٣MzI٥ik

8. Mona Mahmood and Martin Chulov, 'Syrian war widens Sunni-Shia schism as foreign jihadis join fight for shrines', The Guardian, 4 June 2013 (Accessed: 13 May 2023): https://bit.ly/3Oj8thI

٩. خالد المطلق، الميليشيات التي تديرها إيران في سورية، مركز حرمون للدراسات، ٢٩ ديسمبر/كانون الأول ٢٠٢٠ (تاريخ الدخول: ١٥ مايو/أيار ٢٠٢٣): https://bit.ly/٤٣٦ADAH

10. Naame Shaam, Iran in Syria From an Ally of the Regime to an Occupying Force, 1st Edition, September 2014, p: 36.

11. Élie Saikali, Qui est le groupe Kata'ib Hezbollah?, Lorient le Jour, 30 December 2019 (Accessed: 14 May 2023): https://bit.ly/3OiKrDp

١٢. خالد المطلق، المصدر السابق.

13. Phillip Smyth, Hizballah cavalcade: kata`ib sayyid al-shuhada emerges. 9 September 2013 (Accessed: 15 May 2023): https://bit.ly/3MzOk5K.

١٤. دلیل کینه میرحسین از شهید حسین همدانی/او از تهدید فتنه ٨٨ فرصت ساخت (سبب ضغينة مير حسين على الشهيد حسين همداني/كيف حول همداني فتنة ٢٠٠٩ إلى فرصة)، وكالة فارس للأنباء، ١١ أغسطس/آب ٢٠٢٢ (تاريخ الدخول: ١٥ مايو/أيار ٢٠٢٣): https://bit.ly/3MJdIGl

١٥. "نابغەی جنگ‌های نامنظم»؛ سرداری که سوریه را از سقوط حتمی نجات داد (عبقري الحروب غير المتقارنة؛ الجنرال الذي أنقذ سورية من السقوط الحتمي)، وكالة تسنيم للأنباء، ٧ أكتوبر/تشرين الأول ٢٠١٧ (تاريخ الدخول: ١٥ مايو/أيار ٢٠٢٣): https://bit.ly/٣Mf٦qZa

١٦. سيد حامد هاشمي، سوریه ارث شوم (سوريا الإرث المشؤوم)، مجلة مهن، العدد ١٠، ١٥ أغسطس/آب ٢٠١٦.

17. Phillip Smyth, Lebanese Hezbollah›s Islamic Resistance in Syria, The Washington Institute, 26 April 2018 (Accessed: 16 May 2023): https://bit.ly/3Iic2AX.

18. Phillip Smyth, The Shiite Jihad in Syria and Its Regional Effects, The Washington Institute, 2 February 2015, p: 31.

١٩. هيراد طلوعي، مدافعان حرم از كجا مىآيند؟ (من أين يأتي مدافعو الضريح؟)، راديو زمانه، ٢٦ سبتمبر/أيلول ٢٠١٦ (تاريخ الدخول: ١٦ مايو/أيار ٢٠٢٣): https://bit.ly/3Me3ZGd

20.Hamidreza Azizi and Amir Hossein Vazirian, The Role of Armed Non-State Actors in Iran's Syria Strategy: A Case Study of Fatemiyoun and Zainabiyoun Brigades, Journal of Balkan and Near Eastern Studies, Volume 25, Issue 3, 2023.

٢١. همه آنچه بايد درباره دو لشكر «فاطميون» و «زينبيون» بدانيم (كل ما تريد معرفته عن لوائي «فاطميون» و«زينبيون»)، وكالة أنباء الدفاع المقدس، ٢٨ يوليو/تموز ٢٠٢٠ (تاريخ الدخول: ١٦ مايو/أيار ٢٠٢٣): https://bit.ly/3ImYfJd

22.Tobias Schneider, 'The Fatemiyoun Division: Afghan fighters in the Syrian civil war', Middle East Institute, 15 October 2018, p: 5.

٢٣. دولت مجاز به اعطاى تابعيت ايرانى به خانواده شهداى غير ايرانى شد (الحكومة بمنح الجنسية الإيرانية لأسر الشهداء غير الإيرانيين)، موقع مركز دراسات مجلس الشورى الإيراني، ٢ مايو/أيار ٢٠١٦ (تاريخ الدخول: ١٢ مايو/أيار ٢٠٢٣): https://bit.ly/45be6Vd

24. Hamidreza Azizi and Amir Hossein Vazirian, Ibid.

٢٥. المصدر السابق نفسه.

٢٦. تتقاسم أميركا وإيران السيطرة عليها.. تعرف على القوات المنتشرة في محافظة دير الزور شرقي سوريا، الجزيرة نت، ٢٤ مارس/آذار ٢٠٢٣ (تاريخ الدخول: ١٨ مايو/أيار ٢٠٢٣): https://bit.ly/41WsqxH

28. Mapping the Iranian Military's Footprint in Southern Syria, Jusoor for Studies, 20 August 2021 (Accessed: 13 May 2023): https://bit.ly/3W80DcB

٢٩. ١٥ گروهى كه «به نيابت از ايران» در سوريه و عراق مىجنگند (١٥ جماعة تقاتل «باسم إيران» في سوريا والعراق)، ١٤ يونيو/حزيران ٢٠١٥ (تاريخ الدخول: ١٨ مايو/أيار ٢٠٢٣): https://bit.ly/41R9pwH

30. Hamidreza Azizi, Iran's Multi-Faceted Strategy in Deir ezZor, From Fighting Terrorism to Creating a Zone of Influence, Stiftung Wissenschaft und Politik, 27 March 2020 (Accessed: 15 May 2023): https://bit.ly/3pNRp9i

٣١. لواء «هاشميون» التابع للحرس الثوري الإيراني شرقي سوريا، تي آر تي عربي، ٢٦ أكتوبر/تشرين الأول ٢٠٢١ (تاريخ الدخول: ١٨ مايو/أيار ٢٠٢٣): https://bit.ly/3IrWGtz

٣٢. تم اعتماد البيانات التي نشرها مركز جسور للدراسات، خريطة قواعد ونقاط القوى الخارجية في سورية، ٦ يناير/كانون الثاني ٢٠٢١ (تاريخ الدخول: ١٦ مايو/أيار ٢٠٢٣): https://bit.ly/3MbYZSG Also see: Phillip Smyth, The Shia Militia Mapping Project, The Washington Institute, Last Updated April ٢٠٢٠ (Accessed: ١٥ May ٢٠٢٣): https://bit.ly/3MAZI1g

33. Mona Alami, Syria Seeks to Integrate Myriad Paramilitaries, Al-Monitor, 29 November 2018 (Accessed: 15 May 2023): https://bit.ly/41KNPda

34. Phillip Smyth, The Shiite Jihad in Syria and Its Regional Effects, Ibid, p: 49.

ڕاپۆرتی ئایندەیی

ئایندەناسی

# ڕۆڵی بودجەی عێراق لە بەهێزبوونی پێگەی میلیشیا چەکدارییەکاندا

**ئامادەکردن: ئەژی ئازاد ئەبوبەکر**

**بەشدارانی ڕاپۆرت:**



**جیهانگیر سدیق گوڵپی**

بڕوانامە ماستەر لە زانستی ئابووری/پسپۆڕی دارایی گشتی
مامۆستا لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر

---



**محەمەد حسێن**

توێژەری ئابووری و ماستەر لە ئابووریی سیاسەتە گشتییەکان لە زانکۆی «Barcelona School of Economics»،
ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرایەتیی تۆڕی ئابووریناسانی عێراقە،
ڕیپۆرتێر و لێکۆڵەر لە دەزگای «Iraq Oil Report».

---



**یاسین تەها**

بڕوانامەی ماستەر لە ئایین و ئایینزاکانی کورددا
توێژەر لە کاروباری عێراقدا

دامەزراندنی گرووپی چەکدار و میلیشیایی لە دەرەوەی ڕێکخستنە سوپاییەکانی دەوڵەت، ڕیشەیەکی کۆنی لە مێژووی هاوچەرخی عێراقدا هەیە. سەربار ناسەقامگیری دۆخی ئەمنی و سیاسی، پاساوی بنەڕەتی بۆ دروستکردنی ئەو هێزە ناحکومی و میلیشیاییانە، بە درێژایی تەمەنی سوپا و جووڵەی ئەمنی لە عێراقدا بە شێوەیەکی بنچینەیی پاراستنی دەسەڵاتی گرووپ و هێز و ڕەوتێکی سیاسی، مەزهەبی و ڕێکخراوەیی دیاریکراو و ناوچەیی بووە، ئەویش لە ژێر پەردەی سەرلەنوێ بونیادنانەوەی ناوکی ڕێکخستنە چەکدارییەکانی سوپا و هاوکاریی حکومەت و دامودەزگا ئەمنییەکان لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو مەترسییە ناوخۆیی و دەرەکییانەی دەبنە هەڕەشە بۆ سەر ئەزموونی دەسەڵاتخوازی.

ئەم دیاردەیە لە عێراقدا هەر لە ساڵانی (١٩٦٠)ەکانەوە سەری هەڵداوە، ئەو کاتەی حیزبی بەعس و پاسەوانە نەتەوەییە عەرەبییەکان (حەرەسقەومییەکان)یان دروست کرد بۆ لەناوبردنی ئەندامانی پارتی کۆمۆنیستی عێراق و کورد و هێزە سیاسی و نەتەوەییەکانی تر. لە ساڵانی شەڕی عێراق-ئێران و دواتریش ڕژێمەکەی سەددام، چەندین جۆری میلیشیای سەر بە دەوڵەتی دروست کرد، وەک: جەیشی شەعبی، فیدداییەکانی سەددام و فەوجە خەفیفەکانی کوردستان (جاش). لە پاش دارمانی مۆدێلی بەعس و تەشەنەکردنی شەڕی مەزهەبی و نائارامییەکانی ساڵانی ٢٠٠٠، حکومەتەکەی مالیکی هێزەکانی «سەحوەی» لە ناوچەکانی عەرەبی سوننە دروست کرد بۆ ئەوەی شەڕی قاعیدە و گرووپە ئیسلامییە ڕادیکاڵە سوننەکان بکات. لەگەڵ سەرهەڵدانی داعش لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٤ و داگیرکردنی خێرای چەندین شار و ناوچەی عێراق، گرووپێکی چەکدار بە ناوی «حەشدی شەعبی» دامەزرا کە ڕاستەوخۆ لە لایەن ئێرانەوە هاوکاریی لۆجستی و ئابووری دەکران، ئەویش بە ناوی بەرگری و هاوکاریکردنی سوپای دارماوی عێراق، تاوەکوو ڕۆڵی گێڕانەوەی ناوچە داگیرکراوەکان بۆ ژێر دەسەڵاتی ئەمنیی دەوڵەت ببینێت. لە ژێر کاریگەریی ئەزموونەکانی حەشدی شەعبی، هەر زوو چەندین گرووپی تری چەکداری دروست بوون کە دواتر خۆیان خستە پاڵ حەشدی شەعبی، لەوانە کەتیبەکانی: بابیلۆن لە سنووری موسڵ، حەشدی تورکمانی لە کەرکووک، حەشدی عەشائیری لە سنووری قەزای حەویجە. ئەم هێزانە و چەندین گرووپی تر لە چوارچێوەی حەشدی شەعبی و لە ژێر ناوی جیاوازدا وەك بەشێك لە ڕێکخستنی پاراستنی ئاسایشی عێراق بە «یاسایی» دانیان پێدا نرا و بودجەیەکی گەورەیان بۆ تەرخان کرا.

لە ئێستا کە مەترسیی ڕاستەوخۆی داعش کەم بووەتەوە، ڕۆڵی حەشدیش گۆڕاوە

بۆ ڕۆڵێکی سیاسی، نیشتمانی، مەزهەبی و حیزبی و هەندێک جار میلیشیایی. ملیشیاکان بە هۆی پاڵپشتیی سیاسی و ئابووریی بەهێزەوە دەستیان بەسەر گرنگترین دامودەزگا کارگێڕییەکانی دەوڵەتدا گرتووە، بوونەتە مەکۆی چالاکبوونی هێزە دەرەکییەکان و کاریگەریی بەهێزیان لە دەستوەردانی کاروباری ناوخۆیی عێراق، لە کاتێکدا هەتا ئێستاش ئەم میلیشیا بەخێوکردنە لە سەر بودجەی گشتیی عێراق بەردەوامە. کەواتە لە بەر هۆکاری سیاسی و سەربازیی جیاجیا، هێزی چەکداریی ناحکومی و میلیشیایی دروست کراوە و دواتر بە بودجە و ماڵی گشتی بەخێو کراون.

بە پێی ئەو پێداچوونەوانەی بۆ بودجەی٢٠٢٣ کراون، دەرکەوتووە ژمارەی هێزەکانی حەشدی شەعبی یەکسانن بە نزیکەی نیوەی هێزی سوپای ئاسایی، لە کاتێکدا ژمارەی ئەو هێزە ئەمنییانەی سەر بە وەزارەتی ناوخۆن نزیکەی سێ ئەوەندەی هێزە نیمچەسەربازییەکانی عێراقە و سەرجەم ئەمانەش بارگرانییەکی زۆر لە سەر بودجە دروست دەکەن و بەشی زۆری داهاتی عێراق خەرج دەکەن. بەم پێیە، پاساوی جێکردنەوەی گرووپ و میلیشیا چەکدارەکانی دەرەوەی سوپا لە یاسا و بودجەی عێراقدا چەندین ئامانج و مەبەستی سیاسی، ئابووریی هەیە.

## گرووپە جیاوازەکانی میلشیا لە بودجەدا

جیهانگیر گوڵپی، شارەزا لە بواری دارایی و ئابووری، لە بارەی ئەو پاساوانەی کە بۆ جێکردنەوەی میلیشیاکان لە یاسا و بودجە هێنراونەتەوە؛ دەڵێت: لە ڕوانگەی یاسا و بابەتی بودجەوە، دەکرێت میلیشیاکان لە عێراقدا پۆلێن بکەین بۆ دوو گرووپ: گرووپێکیان ئەوانەن کە خراونەتە ناو چوارچێوەی یاساوە کە ئەوانە بەشێکی زۆری مەرجەکانی بودجە دەیانگرێتەوە و لە بودجەدا تەرخانکراویان بۆ دیاری دەکرێت، گرووپەکەی تریان ئەو میلیشیایانەن کە تاوەکوو ئێستا لە دەرەوەی چوارچێوەی یاساییدان و هیچ مەرجێکی پێدانی بودجە نایانگرێتەوە:

**گرووپی یەکەم:** ئەو تاقمە چەکدارانەن کە بە هەمان خەسڵەت، پێکهاتەی میلیشیایی، ئینتیمای سیاسی، ئایدۆلۆژیا و پەیوەندییە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی خۆیانەوە لە ناو بەرەیەکی فراواندا کۆ کراونەتەوە و خراونەتە ناو چوارچێوە و ڕووپۆشێکی یاساییەوە. مەبەست لەمانە، هێز و گرووپە چەکدارە جیاجیاکانی پێکهێنەری دەستەی حەشدی شەعبین، ئەوانە سوودمەند دەبن لەو چوارچێوە و بەرگە یاساییەی کە بە پێی یاسای

ژمارە (٤٠)ی ساڵی ٢٠١٦ بۆ دەستەی حەشدی شەعبی دووراوە. ئەمانە چەند گرووپێکی میلیشیاییین کە ژمارەیان دەگاتە ١٥ گرووپ و دیارترینیان بریتین لە: منظمة بدر، عصائب اهل الحق، سرايا السلام، كتائب حزب الله العراقي، حركة النجباء... هتد. هەریەکێکیان سەر بە حیزب و هێز و کەسایەتییەکی دیاریکراون و سەرپەرشتیی لیوایەك یان چەند لیوایەك لە لیواکانی دەستەی حەشدی شەعبی دەکەن کە ژمارەی لیواکانی ٦٧ لیوایە. زۆرینەی هێز و قەوارە گەورە و دیارەکانی شیعەی عێراق وەك بە حیزبی دەعوە، نووری مالیکی، ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی و ڕەوتی سەدریشەوە، بە لیوایەك یان چەند لیوایەك بەشدارن لە پێکهاتەی هێزەکانی دەستە حەشدی شەعبی. هەریەك لە نووری مالیکی و هادی عامری و قەیس خەزعەلی؛ خاوەنی زۆرترین چەکدارن لە ناو ئەو هێزانەدا. هەر چەندە بە ڕێژەیەکی زۆر کەم پێکهاتەکانی تری وەك سوننە، کورد، تورکمان و کلدانی... هتد؛ بەشدارن لە لیواکانی حەشدی شەعبی، بەڵام دەشێت بوترێت کە ئەم هێزە بە گشتی هێزێکی تایفییە و پێکهاتەی شیعە لە ڕێگەی گرووپ و هێزە جیاجیاکانیەوە بە تەواوی هەژموونی بەسەریدا هەیە.

زانیارییەکان دەیسەلمێنن کە زۆرینەی هێزە پێکهێنەرەکانی حەشدی شەعبی لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە پاڵپشتی و ئاراستە دەکرێن و بەشێك لەو هێزانەش لە لایەن ئەمەریکاوە خراونەتە لیستی تیرۆرەوە و سەرکردەکانیان داواکراون، بەڵام گرنگی و پێگەی ئەو هێزانەی بۆ پێکهاتەی شیعە لە عێراق و پاڵپشتیی گەورەیان لە لایەن ئێرانەوە و ڕۆڵیان لە شەڕی داعشدا بووەتە هۆی ئەوەی کە هەژموونێکی زۆریان بەسەر کایەی ئابووری و دارایی عێراقدا هەبێت و سوودمەند بن لە دارایی گشتیی عێراق، بە تایبەتییش لە بەر ئەوەی دەستەی حەشدی شەعبی بە پێی یاسای ژمارە (٤٠)ی ساڵی ٢٠١٦ی پەرلەمانی عێراق، وەك هێزێکی یاسایی ناسێنراوە، لێرەشەوە ئەم هێز و گرووپە میلیشیایانە سوود لە چوارچێوە یاساییەکەی دەستەی حەشدی شەعبی وەردەگرن بۆ سوودمەندبوونی ڕاستەوخۆ لە بودجەی گشتی.

بە پێی خاڵی یەکەمی برگەی دووەم لە مادەی یەکی یاساکە: «حەشدی شەعبی پێکهاتەیەکی سەربازیی سەربەخۆیە و بەشێکە لە هێزە چەکدارەکانی عێراق و پەیوەستە بە سەرکردەی گشتیی هێزە چەکدارەکانەوە». وە بە پێی خاڵی چوارەمی هەمان برگە و هەمان مادە، پێویستە پلە و مووچە و هەموو ئەرك و مافێکی ئەندام و بەرپرسەکانی ئەو دەستەیە لەگەڵ ڕەوت و ڕێسا سەربازییەکان بگونجێنرێت.

بەیاساییکردنی دەستەی حەشدی شەعبی هۆکاری سیاسی و مێژوویی لە پشتە، بەشێك لەو هێزانە لە پێش (٢٠٠٣)ەوە وەك هێزی چەكداری بەرهەڵستکاری عێراق بە پاڵپشت بە ئێران بوونیان هەبووە، بەشێکی تریان لە پاش (٢٠٠٣)ەوە دروست بوون، زۆربەیان باڵی چەكداریی هێزە سیاسییە باڵادەستەكانی عێراقن. شیعەكان، بوونی هێزی سیاسی و مانەوەی خۆیان و توانای کۆنترۆڵکردنیان بۆ عێراق لەم هێزانەدا دەبیننەوە.

ئەوەی جێگەی تێبینییە، یاسای بودجەی ٢٠١٦ بە نزیکەی ١١ مانگ بەر لە یاسای حەشدی شەعبی دەرچووبوو، لە کاتێکدا تەرخانکراو بۆ ئەو هێزانە لە بودجەکەدا دابین کرابوو، واتە (١١) مانگ بەر لەوەی حەشدی شەعبی بخرێتە ناو چوارچێوەی یاساییەوە، لە یاسای بودجە تەرخانکراوی بۆ دانرابوو کە ئەوەش کارێکی سەیر و نایاسایی بوو، لەو کاتەوە ئیدی تاکوو ئێستا لە یاساکانی بودجەی عێراقدا تەرخانکراوی تایبەتیان بۆ دیاری دەکرێت.

**گرووپی دووەم:** ئەو هێز و گرووپە چەكدارانەن کە پاڵپشتی یاساییان نییە بۆ سوودمەندبوون لە بودجەی گشتی، چەندین گرووپ و دەستە و تاقمی چەكدارتر هەن لە دەرەوەی سوپای عێراق و لە دەرەوەی دەستەی حەشدی شەعبی و هێزە فەرمییەكانی تری وەك ئاسایش و پۆلیس، ئەو هێز و گرووپە چەكدارانە هیچ پاڵپشتێکی یاساییان نییە بۆ ئەوەی بودجەیان بۆ تەرخان بکرێت. لە نموونەی ئەو هێزانە: سرایا اولیاء الدم، اصحاب الكهف، عصبة الثائرين، فرقة الغاشية، المنتقم. هەر چەندە چەندین ڕاپۆرت و زانیاری باس لە پەیوەندیی ئەو هێزانە بە هێز و تاقمەکانی ناو دەستەی حەشدی شەعبی دەکەن، بەڵام ئەو هێزانە بە فەرمی لە ناو دەستەی حەشدی شەعبی و هیچ دەستە و دامەزراوەیەکی سەربازی و چەكداریی عێراقدا نین، هیچ پاساوێك نییە بۆ تەمویلکردنیان لە بودجەی گشتی، هەر بۆیە لە ناو بودجەدا تەرخانکراویان بۆ دانانرێت و تەمویلکردنیان لە ڕێگەی ترەوەیە کە بێگومان ڕێگەیەکی تەواو نایاساییە هەروەك ئەوەی کە بوونی خۆیشیان تەواو نایاساییە.

## بودجەی تایبەتی هێزە میلیشیاكان و بودجەی گشتی

بودجەی حکومەتەکەی «چوارچێوەی هەماهەنگی»؛ گەورەترین بودجەیە لە مێژووی عێراقدا: حکومەت پێشنیاری ١٥٢ بلیۆن دەكات کە لە ٥٠٪ زیادی کردووە لەو بودجەیەی کە عێراق لە ساڵی ٢٠٢١دا هەیبوو و هەروەها داوای کردووە بۆ سێ ساڵی لە سەر یەک ئەم بڕە بهێڵرێتەوە، واتە تاوەکوو هەڵبژاردنەكانی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٥. ئامارەكان ئەوە دەردەخەن لە ماوەی دوو ساڵدا، ١١٦ هەزار چەكدار لە ڕیزەكانی هێزەكانی حەشدی

شەعبی زیادی کردووە، بەمەش کۆی هێزەکانی ئەمڕۆ گەیشتووەتە ٢٣٨ هەزار چەکدار، لەگەڵ سەرنجدان و تێبینیی ئەوەی کە ئەو ژمارەیە ڕاستەقینە نییە و ژمارەیەك لەوانە لە دەزگا میدیایی و ڕێکخستنەکانی حەشد و گرووپە شیعەکان کار دەکەن و مووچەکەیان لە سەر دەستەی حەشدی شەعبییە.

جیهانگیر گوڵپی پێی وایە بودجەی ئاشکرای تەرخانکراو بۆ هێزەکانی حەشدی شەعبی بڕێکی گەورەیە و ساڵ بە ساڵیش ڕوو لە زیادبوونە، بڕی تەرخانکراو بۆ ئەو هێزانە لە بودجەی ساڵی ٢٠١٦-دا تەنیا یەك ترلیۆن و ٧٤٥ ملیار دینار بووە، لە ساڵی ٢٠١٩-دا زیادی کرد بۆ دوو ترلیۆن و ٥٩٣ ملیار دینار و لە ساڵی ٢٠٢١ بۆ سێ ترلیۆن و ٢٩٤ ملیار و دواجار لە ساڵی ٢٠٢٣-دا گەیشتووەتە زیاتر لە سێ ترلیۆن و ٧٤٣ ملیار دینار. ئەگەر تەنیا بودجەی ٢٠٢٣ بە نموونە وەربگرین، ئەوا دەبینین تەرخانکراو بۆ ئەو هێزانە نزیکەی لە ٢٥٪ی کۆی تەرخانکراوەکانی تایبەت بە بەرگری پێك دەهێنێت، بەو پێیەی کە کۆی تەرخانکراوەکانی تایبەتی کەرتی بەرگری لە عێراق نزیکەی ١٥ ترلیۆن دینارە، لە کاتێکدا کە تەرخانکراو بۆ هێزی پێشمەرگە نزیکەی ١٪ی ئەو بڕە پێك دەهێنێت و بڕەکەی تەنها ٢٢٨ ملیار دینارە.

سوودمەندبوونی حەشدی شەعبی لە بودجەی گشتیی عێراق تەنیا لە ڕێگەی ئەو تەرخانکراوانەوە نییە، چەندین هەواڵ و زانیاری و ڕاپۆت باس لەوە دەکەن کە بەشی زۆری تەرخانکراوەکانی تایبەت بە خەرجیی نهێنی لە بودجەی گشتیدا بۆ حەشدی شەعبی بەکار دەهێنرێت، ئەو تەرخانکراوانە دەبێت بۆ مەبەستی هەواڵگری و کاری نهێنی بە فەرمانی سەرۆکوەزیران لە ڕێگەی دەزگا تایبەتەکانەوە خەرج بکرێن. بۆیە دەتوانین بڵێین کە بەرکەوتەی هێزەکانی حەشدی شەعبی لە بودجەی عێراق لەم ساڵدا دەگاتە نزیکەی چوار ترلیۆن دینار. بە گشتی تەرخانکراوەکان بۆ ئاسایش و بەرگری لە بودجەی عێراقدا وەك سوپا و هێزە جۆراوجۆرەکانی ئاسایش و هەواڵگری و هێزەکانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ، نزیکەی ٣٠ ترلیۆن دینارە کە دەکاتە زیاتر لە (١٥٪)ی کۆی بودجەی عێراق. ئەگەر ئەم ژمارە و ڕێژانە بەراورد بکەین بە بەرکەوتەی کەرتە گرنگەکانی وەك کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو و پیشەسازی، ئەوا دەبینین کە چ ناهاوسەنگییەگ هەیە.

محەمەد حسێن، توێژەری ئابووری، لە بارەی ئەو بارگرانییە ئابوورییەوە دەڵێت: ئەو پارەیەی لە عێراق و کوردستانی عێراقدا بۆ هێزە سەربازی و ئەمنییەکان خەرج دەکرێت، زۆر باشتر دەبوو ئەگەر بۆ گەشەپێدانی کەرتەکانی وەک تەندروستی، پەروەردە، لێکۆڵینەوەی

زانستی و پەرەپێدانی ژێرخانی وڵاتەکە خەرج بکرایە. ئێمە پێویستمان بە پزیشک و مامۆستا و جادە و پردە، نەک هێزی چەکداری و میلیشیایی. زۆربی هێزە چەکدارەکان هەم دەبنە هۆی بەفیڕۆدانی ماڵ و سامانی گشتی و لە لایەکی ترەوە سەرووی دوو ملیۆن کەسیان لە عێراق و کوردستان لە هەر چالاکییەکی ئابووریی بەرهەمدار دوور خستووەتەوە. کەواتە لە ڕوانگەی بەفیڕۆدان و هەڵەخەرجییەوە (Resource Diversion)، ئەم دیاردەیە زۆر بەزیانە. لەو ڕووەوەی کە دەستی کاری بەرهەمهێنەر لە بازاڕەکە دوور دەخاتەوە و ناهێڵێت بەشدار بن لە چالاکییەکی ئابووریی بەرهەمداردا (Opportunity Cost). هەر دیسان بە زیانی کۆی گشتیی وڵاتەکە تەواو دەبێت. ئەوەمان بیر نەچێت کە کاری سەربازی و ئەمنی، سەرەڕای گرنگی و بەهاکەیان لە هەندێک ساتەوەختی مێژوویدا، لە ڕووی ئابوورییەوە تەواو بێبەرهەمن.

لە بودجەی ساڵی ٢٠٢٣ تا -٢٠٢٥دا، ساڵانە زیاتر لە ٣٠ ترلیۆن دینار بۆ بەرگری و ئاسایش تەرخان کراوە، بەڵام یەک ترلیۆن تەرخان کراوە بۆ سەرچاوەکانی ئاو لە کاتێکدا هەرە گەورەترین قەیرانی عێراق؛ بێئاوی و خراپ بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاوە. نزیکەی ٤ ترلیۆن دینار تەرخان کراوە بۆ ئاوەدانکردنەوە، لە کاتێکدا خەڵکی عێراق هەر بە ڕاستی پێویستیان بە پەرەپێدانی ژێرخانی ئابووریی وڵاتەکە و جادە و پرد و نەخۆشخانە و قوتابخانە هەیە. نزیکەی ٢ ترلیۆن دینار تەرخان کراوە بۆ کشتوکاڵ، کە هەمووان دەزانن عێراق بە پلەی یەکەم وڵاتێکی کشتوکاڵییە. هەموو ئەم ژمارانە پێمان دەڵێن کە ئەو عەقڵیەتەی یاساکانی بودجەی دروست کردووە، بە بەردەوامی ئەم وڵاتەیان بەرەو کارەسات و قەیرانی زیاتر پاڵ پێوە ناوە. عێراق و کوردستانیش پێویستی بە هێزی سەربازی و ئاسایشی هەیە، بەڵام ئەمە بە چەکدارکردنی خەڵک ناکرێت، هێندەی بە وەبەرهێنان دەکرێت لە تەکنەلۆژیای سەربازی و پەرەپێدانی توانای مرۆیی دەزگاکانی هێزە فەرمییەکان.

### جێکردنەوەی میلیشیاکان لە یاسا و بودجەی عێراقدا

سەرهەڵدانی داعش و پێشڕەوەییەکانی لە ناو خاکی عێراقدا و شکستهێنانی سوپای عێراق لە پاراستنی شارەکان، فتوای «الجهاد الكفائي» لە لایەن عەلی سیستانیی، ڕێبەری ئایینیی شیعەکانی لێ کەوتەوە کە لە ڕێکەوتی ١٣ی حوزەیرانی ٢٠١٤ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داعش دەرکرد و هۆکاری سەرەکی بوو بۆ تەشەنەکردن و زیادبوونی ئەم هێزانە و دروستکردنی حەشدی شەعبی وەك بەرەیەك بۆیان. لە حوزەیرانی ٢٠١٤دا، بە فەرمی هێزی حەشدی شەعبی پێك هێنرا، بەڵام تاوەکوو ساڵی ٢٠١٦ لە ناو بودجەی عێراقدا

تەرخانکراوی تایبەتیی بۆ دانەنرا. لە شوباتی ٢٠١٦دا، بە فەرمانێکی دیوانی لە لایەن سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە، پێکهاتەی ئەو هێزانە ڕێك خرا و لە کانوونی یەکەمی ٢٠١٦دا یاسای ژمارە (٤٠)ی دەستەی حەشدی شەعبی لە پەرلەمانی عێراق دەرچوو.

یاسین تەها؛ شارەزای کاروباری سیاسیی عێراق، باس لەو پاساوانەی کە بۆ جێکردنەوەی میلیشیاکان لە یاسا و بودجەدا دەکات و دەڵێت: پاساوی ئەم گرنگیدانە زۆرە بە هێزە سەربازی و ئەمنییەکان؛ بە پلەی یەکەم دابینکردنی ئاسایش و بەرەنگاربوونەوەی مەترسیی تیرۆر و بنیاتناوەی دامەزراوە ئەمنییەکانە پاش ئەوەی لە ٢٠٠٣دا هەڵوەشێنرانەوە، بەڵام لە ناواخندا کڕینی لایەنگری و ئینتمای سیاسییە، بەو پێیەی لە ئێستادا گەورەترین پرۆسەی خستنە سەر کار لە عێراقدا دامەزراندنە لە کەرتی گشتی و بە هۆی هەڵئاوسانی زۆری کەرتە مەدەنییەکانیشەوە، کەرتی ئەمنی لەبارترین و مسۆگەرترین و بەکەڵکترینە بۆ هێزە سیاسییەکان.

لە بودجەدا سێ ترلیۆن و ٥٦ ملیار دیناری عێراقی (٢,٧ ملیار دۆلار) بۆ حەشد تەرخان کراوە، ئەم هەڵکشانە بەرچاوەی ژمارەی چەکدارانی هێزەکانی حەشدیش لە ماوەی تەنها دوو ساڵدا، ئەو بودجە زۆرەی کە بۆ هێزەکان تەرخان کراوە؛ پرسیاری زۆر لە سەر سروشتی ئەو ڕۆڵە دەوروژێنێت کە لە چەند ساڵی داهاتوودا دەیگێڕن، بە تایبەت کە محەمەد شیاع سوودانی لەگەڵ دەستبەکاربوونیدا وەك سەرۆکوەزیران بڕیاری دا ١٠٠ ملیار دینار تەرخان بکات بۆ کۆمپانیای «المهندس» کە سەر بە حەشدی شەعبییە و ئەزموونێکە لە سەر شێوازی کۆمپانیای «خاتم الأنبیاء»ی سوپای پاسدارانی ئێرانی و وەها دەکات حەشد جگە لە مووچە و بودجە، بێنە ناو کێبەرکێی بازاڕی کار و بزنس و بیناسازی و سەرجەم سێکتەرە ئابوورییەکانی ترەوە.

هەروەها محەمەد حسێن؛ شارەزای بواری دارایی و ئابووری، ئاماژە بەوە دەکات ئەگەر پرسیار لە سەر ئەو بڕە پارە بێت کە بۆ هێزەکانی حەشدی شەعبی دانراوە لە یاسای بودجەی ٢٠٢٣-دا، ئەمە شتێکی تازە نییە. لە یاسای بودجەی ساڵی ٢٠١٨-دا، زیاتر لە یەك ترلیۆن و ٣٨٨ ملیار دیناریان بۆ تەرخان کرابوو. لە یاسای بودجەی ساڵی ٢٠١٩-دا ئەم بڕە زیاد کرا بۆ یەك ترلیۆن ٦٩٣ ملیار دینار. لەوە بەدوا، هەمیشە پشکی حەشد لە بودجەدا زیاد کراوە. ئەمەش زۆر بە سادەیی لە بەر ئەوەیە ئەم چینە دەسەڵاتدارەی بەغدا دەوڵەتیان بەدەستەوەیە و لە پەرلەماندا زۆرینەن و دەیانەوێت بە مانەوە و گەورەکردنی حەشدی شەعبی پێگەی سیاسی و ئابووریی خۆیان فراوانتر بکەن.

### ژمارەی هێزە میلیشیاییەکان لە بودجەی گشتیدا

لە ناو یاسای بودجەی ساڵی ٢٠١٦-دا، ژمارەی هێزە چەکدارەکان و کارمەندانی سەر بە دەستەی حەشدی شەعبی بە ١١٠ هەزار کەس دیاری کرابوو، لە ساڵانی ٢٠١٧-٢٠٢٢-دا ژمارەی ئەو هێزانە گەیشتە ١٢٢ هەزار کەس، بەڵام لە گۆڕانکارییەکی بەرچاودا، ئەم ژمارەیە لە یاسای بودجەی ساڵی ٢٠٢٣-دا بۆ ٢٣٨ هەزار و ٧٥ کەس بەرز بووتەوە. بە واتایەکی تر: بە زیادکردنی ١١٦ هەزار و ٧٥ کەس بۆ حەشدی شەعبی، ژمارەی ئەم هێزانە لە بودجەی ئەمساڵدا بە ڕێژەی (٩٥٪) زیادی کردووە.

لەم بارەیەوە جیهانگیر گوڵپی دەڵێت: سەبارەت بە بندیوار یان فەزایی، هیچ ئامارێکی فەرمی و پشتڕاستکراو بوونی نییە، بەڵام بە پێی مەزەندەی ڕاپۆرتەکانی ڕۆژنامەوانی، ژمارەی بندیوارەکان لە نێو ئەو هێزەدا بە هەزاران کەس مەزەندە دەکرێن. بەرپرس و گرووپەکانی نێو دەستەی حەشدی شەعبی، لیستی نادروست بە مەبەستی وەرگرتنی مووچە و تەرخانکراوەکانی تری بودجە ڕێك دەخەن. بەشێك لە زانیارییەکانی نێو ڕاپۆتەکان باس لەوە دەکەن کە بە هەزاران کەس لە بەرامبەر تۆمارکردنیان وەك چەکداری سەر بەم هێزانە و وەرگرتنی بڕێك پارەی مانگانە، تەسکەرە و کارتی زانیاریان بە بەرپرسانی ئەو هێزانە داوە و بەشێك لە بەرپرسەکان مووچەکە بۆخۆیان وەردەگرن و تەنها بڕێکی کەمی دەدەن بەو کەسانە.

یاسین تەها لە بارەی ژمارەی هێزە میلیشیاکان لە بودجەی گشتیدا دەڵێت: ئامارە فەرمییەکانی لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق ئەوە دەردەخەن کە هەڵکشانی میلاکی حەشدی شەعبی دەگاتە ڕێژەی ٩٥٪، بەڵام فالح فەیاز؛ سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی، لە دیمانەیەکی تەلەڤزیۆنیدا باسی لەوە کردووە ژمارەکە لە نێوان ساڵانی ٢٠٢١-٢٠٢٣-دا، لە ١٧٠ هەزار چەکدار و کارمەندەوە بەرز بووەتەوە بۆ ٢٠٤ هەزار کەس کە دەکاتە ڕێژەی ساڵانەی ٢٠٪. سەرباری ئەمەش، هێشتا ئەم ژمارە بەرچاوە و ئەگەر ئەوە لەبەرچاو بگیرێت کە میلاکی وەزارەتی بەرگری ٦٪ زیادی کردووە و هیی ناوخۆ ٣%، بەو پێیەی هەڵکشانی بودجەی حەشد تەنیا مووچە و دەرماڵە ناگرێتەوە، بەڵکوو زۆر ئیمتیازی تری دارایی دراوە بەم دەستەیە و لەم میانەیەشدا ئەنجوومەنی وەزیران ٤٠٠ ملیار دیناری عێراقی (٣٠٥ ملیۆن دۆلار)ی خستە سەر بودجەی وەبەرهێنانی حەشد. هەروەها لە ئایاری ٢٠٢٣-دا، ئەنجوومەنی وەزیران دەنگی دا لە سەر شمولکردنی حەشدی شەعبی بە خەرجیی نهێنی لە ڕێگەی زیادکردنی بڕی ١,٥ ملیار دیناری عێراقی بۆ ئەم دەستەیە، ئەم ئیمتیازەش تەنیا دەزگای هەواڵگریی عێراق هەیەتی.

لەگەڵ ئەوەشدا، محەمەد حسێن دەربارەی ژمارە و کاریگەریی هێزە میلیشیاییەکان لە سەر بودجە؛ دەڵێت: ناتوانین خەمڵاندنێکی دروست بکەین، ئەویش لە بەر دوو هۆکاری سادە: یەکەم: ژمارەی هێزە چەکدارە نافەرمییەکان بە زۆری پشتڕاست نەکراونەتەوە و کەمترین دەیتای فەرمی لە سەر ژمارە و جۆریان هەیە، بۆ نموونە: هێزەکانی حەشدی شەعبی بە زیاتر لە ١٥٠ هەزار چەکدار دەخەمڵێنرێن، ئەوانەی کە وەک چەکداری فەرمی تۆمار کراون. بەڵام چەندین گرووپی تر هەن کە ئاسان نییە بتوانرێت ژمارەی ڕاستەقینەیان بزانرێت، وەک سەرایای سەلام. دووەم: لە عێراق و کوردستانیش زۆربەی ئەو بندیوار و مووچەخۆرە نایاساییانەی کە هەن؛ لە ناو هێزە چەکدار و ئەمنییەکاندان، هەر ئەمەش وای کردووە بەدوور بن لە هەر سەرژمێری و زانیارییەکی ورد. سەلماندنی ئەوەی کێ بندیوارە و ژمارەیان چەندە لە کۆی گشتیی هێزە چەکدارەکان، هەر دیسان بابەتێکی ئاڵۆزە.

### پەرەپێدانی توانای ئابووریی میلیشیاکان

سەبارەت بە تەرخانکراوی بەشەبودجە بۆ هێزە میلیشیاکان، مەترسییەکی ئایندەیی کە دێتە ئاراوە ئەوەیە کە بودجە زیاتر لەوە بۆ وەبەرهێنان بەکار بهێنرێت، خەرجیی پەرەپێدانی توانای بەرگریی عێراق بکرێت و ئەمەش وا بکات لە داهاتوودا ئەم هێزانە ببنە بەدیلی سوپای نیشتمانی و لە ئەنجامدا کەمبوونەوە و نەمانی هەیبەتی دەزگا سەربازی و بەرگرییەکانی حکومەت.

جیهانگیر گوڵپی پێی وایە: هەم لە ڕووی تەرخانکردن و هەم لە ڕووی جێبەجێکردنەوە، مووچە و بەگەڕخستن بەشی هەرە زۆری بودجەی عێراق پێك دەهێنن. لە یاسای بودجەی ٢٠٢٣-دا، تەرخانکراو بۆ خەرجییەکانی مووچە، بەگەڕخستن؛ نزیکەی (٧٦٪)ە بەرامبەر بە (٢٤٪) بۆ وەبەرهێنان، بەڵام لە جێبەجێکردندا هەمیشە ڕێژەی خەرجییەکانی وەبەرهێنان کەمترە لەوەی بۆی تەرخان کراوە. بۆ نموونە: لە خەرجییەکانی شەش مانگی یەکەمی ٢٠٢٣-دا، ڕێژەی خەرجییەکانی وەبەرهێنان دەکاتە نزیکەی ١٢٪ و خەرجییەکانی بەگەڕخستن ٨٨٪. لەم نێوەندەشدا، تەرخانکراوەکان بۆ کەرتی بەرگری و بەتایبەتییش تەرخانکراوەکان بۆ هێزەکانی حەشدی شەعبی، بەشی زۆریان بۆ مووچە و بەگەڕخستن و کڕینی کاڵا و خزمەتگوزارییە و کەمتریان بۆ وەبەرهێنانە، بۆ نموونە: لە کۆی زیاتر لە ٣ ترلیۆن و ٧٤٣ ملیار دینار لە تەرخانکراوی بودجەی ٢٠٢٣ بۆ حەشدی شەعبییە، کەمتر لە ١٧٤ ملیار دیناری بۆ وەبەرهێنانە کە دەکاتە کەمتر لە (٥٪).

محەمەد حسێن ئاماژە بەوە دەکات ئەگەرچی لە ڕواڵەتدا وا دەردەکەوێت پارەیەکی زۆر بۆ کەرتی ئاسایش و بەرگری و هێزە چەکدارەکان لە عێراق و کوردستاندا خەرج دەکرێت، بەڵام چونکە خەرجکردنەکە دواکەوتووانەیە و پڕە لە بەفیڕۆدان و گەندەڵی، کاریگەرییەکی ئەوتۆی نییە. توانای بەرگریی عێراق و کوردستانیش تا ئێستا زۆر لاواز و دواکەوتووە بەراورد بەو تەکنەلۆژیا سەربازییەی کە ئەمڕۆ لە برەودایە و زلهێزە جیهانی و هەرێمایەتییەکان پشتی پێ دەبەستن. ئەزموونی مێژوویی سەلماندوویەتی کە ئەو وڵاتانەی لە ڕووی بەرگرییەوە بەهێزن، هەمیشە ئەوانەن کە لە ڕووی ئابووری و پیشەسازی و توێژینەوەی زانستییەوە گەشەکردوون و میلیشیای کلاشینکۆفبەدەستی تایفی و خێڵەکی و حیزبی ناتوانێت ببێتە زلهێز. نموونەکانی وەك شەڕی کوێت، داگیرکردنی عێراق لە ٢٠٠٣-دا و دواتریش شەڕی داعش سەلماندیان کە عێراق بە هۆی زۆریی هێزە چەکدارەکانی و خەرجییە بێشومارەکەی بەهێز نەبوو.

بە خوێندنەوەیەکی خێرای بودجە، دەردەکەوێت ٢٠٪ی بودجەی عێراق بۆ وەبەرهێنانە لە کەرتە نانەوتییەکاندا، لەو بڕە کەمەش حکومەتی عێراق ناتوانێت پڕۆژەکانی وەبەرهێنان لە کاتی خۆیدا تەواو بکات و وەک پێویستیش خەرج ناکرێت و بە گشتی ئەمە چیرۆکی ٢٠ ساڵی ڕابردووی بودجەی عێراقە. هەم بودجەی وەبەرهێنان و گەشەپێدانی کەمە، هەم بەشێکی ئەو کەمە تەرخانکراوەش خەرج ناکرێت، چونکە پارە لە بەر دەستدا نەبووە بۆ پڕۆژەکان. هێشتا قوتابخانە و نەخۆشخانە و ڕێگەوبانی پێش شەڕی داعش بە تەواونەکراوی ماونەتەوە. کەواتە ئەم بودجەیە چییە ئەگەر هیچ وەبەرهێنان و بەرگری نەبێت؟ ئەمە بە پلەی ئیمتیاز بودجەی خەرجییەکانی بەکاربردنە (Recurrent Expen-diture)، بودجەی مووچەخۆران و خانەنیشینان و دواتریش بەفیڕۆدان و گەندەڵی و قەڵەوکردنی میلیشیا و گرووپە سیاسییەکانی ناو حکومەتە.

### بودجە و بەهێزبوونی گرووپە میلیشیاییەکان

محەمەد حسێن باس لەوە دەکات ئەم هێزانە سەرەتا بۆ مەبەستی سیاسی و سەربازی و ئەمنی دروست کراون، دواتر بودجەیان بۆ تەرخان کراوە و ئینجا بۆ مەبەستی سیاسی و ئایدۆلۆژی و تائیفی بەکار هێنراون. هەندێک جار بۆ کاری تاوانکارانەی وەک سەرانەسەندن و ڕاووڕووت بەکار هێنراون. بێگومان ئەگەر بودجەی دەوڵەت و حکومەتەکان نەبێت، ئەم هێزانە توانای مانەوە و بەردەوامییان نییە. ئەمانە کاتێک سەرچاوە و سامانی وڵاتیان بۆ تەرخان دەکرێت؛ گەورە و بەهێز دەبن، ئەگەر بۆیشیان تەرخان نەکرێت؛ دەپووکێنەوە و نامێنن.

یاسین تەها بۆچوونی وایە گرنگیدان بە حەشدی شەعبی لە سیاسەتی شیعیدا ئەولەویەت پێك دەهێنێت، چونکە لە لایەك بەشی زۆریان لە خەڵکی باشوور پێك دێت، لە لایەکی ترەوە تاکە هێزن کە بتوانن پشتیان پێ ببەستن بە هۆی وەلائی عەقیدەیی ڕەهایانەوە بۆ شوناسی شیعیانەی عێراق. لە ساڵی ٢٠١٤-دا کە شیعەکان دووچاری مەترسیی ڕاستەقینەی داعش بوونەوە، حەشد وەك ڕزگارکەر دەرکەوتن و ئەوان بەغدا و سامەڕایان لە کەوتن پاراست تا ئەو کاتەی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش پێك هات. هەوڵی زۆر هەیە گرنگیدان و سەرنج بخرێتە سەر سوپا، بەڵام لە ناوخۆی شیعە بۆچوونێکی وەها هەیە کە سوپا تەنیا مووچەخۆرن و خاوەن عەقیدەی سەربازی نین و پاش شکستەکانی ٢٠١٤ بەرامبەر داعش ئەو سەنگ و قورساییەی جارانیان نەماوە.

جیهانگیر گوڵپی ئاماژە بەوە دەکات کە ناتوانین بڵێین تاکە سەرچاوەی دارایی ئەم گرووپانە تەنها بریتییە لەو بڕە پارەی کە لە بودجەی گشتیدا بە ئاشکرا بۆیان تەرخان دەکرێت، چونکە ئەو هێزانە سەرچاوەی تری داراییان هەیە، بە تایبەتییش پاڵپشتیی دارایی ئێران. هەروەها ئەو گرووپانە جگە لە بڕی تەرخانکراو، لە ڕێگەی ترەوە زۆر سوودمەندن لە بودجەی گشتیی عێراق. بە هۆی پێگەکەیان و هەژموونیان بەسەر کۆی جومگە ئابووری و سیاسی و کارگێڕییە گرنگەکانی عێراقدا، زۆرینەی پڕۆژەکان و دارایی عێراق بە قازانجی خۆیان هەڵدەسووڕێنن. ئەوان خاوەنی کۆمپانیای بەڵێندەرایەتی و بازرگانی و بانکیی تایبەتن و بە ڕێکاری یاسایی و نایاسایی سوود لە بودجەی تەرخانکراو بۆ پڕۆژە و خەرجییە جۆراوجۆرەکان وەردەگرن و زۆر بواری بازرگانی و وەبەرهێنان دەخەنە خزمەت و قازانجی خۆیانەوە بۆ تەمویلکردن و بەهێزبوونی باسکی هێزەکانیان. سەرەڕای ئەمەش، بڕی تەرخانکراو بۆ ئەو هێزانە لە بودجەی گشتی بڕێکی تەواو گەورەیە و دەتوانرێت بکرێتە سەرچاوەی گەورەتربوون و بەهێزتربوونی ئەو هێزانە زیاتر لەوەی کە لە ئێستادا هەیە.

محەمەد حسێن بۆ داهاتووی ئەم داهاتە زۆرە و کاریگەرییان لە سەر ئەوەی میلیشیاکان ببنە ئەلتەرناتیڤی سوپای نیشتمانی و لەدەستدانی شکۆ و هەیبەتی دەزگای دەوڵەتی، دەڵێت: ئەوە لە ئێستادا ڕوو دەدات، نەک داهاتوو، لە زۆر شوێنی عێراق و کوردستانیش هێزی میلیشیای حیزبی و مەزهەبی و خێڵەکی لە هێزی سوپا و پۆلیس و دەزگاکانی یاسا و جێبەجێکردن گەورەتر و زیاترە. لە بەغدا، هەتا ساڵی ڕابردووش، شەوانە میلیشیاکان بە پارە و چەک و سامانی دەوڵەت، ناوچەی سەوز و ماڵ و نووسینگەی سەرۆکوەزیران و فڕۆکەخانەی بەغدایان مووشەکباران دەکرد، ئێستا و ئەوساش کەس نەیتوانیوە و

نەیوێراوە لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکات، تەنانەت ڕایانبگرێت. هەموو ئەم ئاماژانە زۆر بە سادەیی پێمان دەڵێن میلیشیا و هێزە چەکدارە نافەرمییەکان توانای لەناوبردنی حکومەت و دامودەزگاکانی یاسا و جێبەجێکردنیان هەیە.

### ئایندەی بودجە و پێگەی میلیشیاکان

بە هۆکاری ئینتیمای مەزهەبیی توندیان و سروشتی میلیشیاییان، هەروەها بە هۆی ئەوەی کە بوون و مانەوە و بەهێزبوونی هەر گرووپێکیان پەیوەستە بە بوونی هەژموون و توانای کۆنترۆڵکردنی زیاتری بۆ کایەی سیاسی و ئابووری، بۆیە ئەوەی لە داهاتووی ئەم هێزانە چاوەڕوان دەکرێت زیاتر سەرهەڵدانی شەڕ و ناکۆکییە چ لە ناو خۆیان، چ لەگەڵ هێزەکانی تر، بۆ ئەمەش پێویستیان بە ئابوورییەکی بەهێزە بۆ ئەوەی پانتایی هەژموون بەشیان بکات، ناوبەناو پێویستیان بەوەیە گوشار بۆ لایەن و هێز و گرووپەکانی تری ناو دەوڵەت و کۆمەڵگای عێراق بە گشتی بهێنن و بوارەکانیان لێ بەرتەسك بکەنەوە و ناوبەناو جەنگیشیان لەگەڵ بەرپا بکەن، بەڵام دواجار خۆیشیان لە ناو خۆیاندا لە سەر بەشی کێك و هەژموونکاری لە سەر کایەی سیاسی و ئابووریی عێراق بەشەڕ دێن. واتە ئەوەی لە داهاتوودا لەم هێزانە چاوەڕوان دەکرێت، ڕاکێشانی عێراقە بۆ زنجیرەیەك شەڕی بچووك و گەورەی ناوخۆیی.

سەرباری ئەوەش، بەفیڕۆدانی توانای ئابووری و دارایی عێراق لەم گرووپە میلیشیایانەدا و ئەم خەرجییە نادەربەستانە، گوێنەدانە بە ئایندەی باری سیاسی و ئابووریی عێراق و لە هەمان کاتدا دوورکەوتنەوەیە لە هۆشدارییەکانی ئەمەریکا، سندووقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی جیهانی کە داوایان لە عێراق کردووە کەرتی گشتییە هەڵتۆقیوەکەی کەم بکاتەوە. چوارچێوەی هەماهەنگی هەوڵ دەدات وەلائی لایەنە سیاسییەکان و دانیشتووانی عێراق لە ڕێگەی خەرجیی زۆرەوە بکڕێت، کە دابینکردنی ٧٠١،٠٠٠ هەلی کاری حکومییە -کە لە ١٧٪ زیادکردنە لە فەرمانبەرانی حکومەتدا لە ساڵێکدا. بۆ نموونە: حەشدی شەعبی بڕیار وایە لە ١٢٢،٠٠٠ زیاد بکرێت بۆ ٢٣٨،٠٠٠ ئەندام، کە زیادکردنێکی لە سەددا ٩٥ لە ژمارەی ئەو میلیشیایانەی حکومەت پارەیان پێ دەدات لە وڵاتێکدا کە لە ماوەی دوو دەیەدا هیچ کاتێک هێندەی ئێستا توندوتیژییەکانی کەم نەبوون، ئەمەش کاریگەرییەکەی لە ئایندەیەکی نزیکدا لە سەر توانای ئابووریی عێراق خۆی نیشان دەدات.

بارگرانیی هێزە میلیشیاییەکان لە سەر بودجەی گشتیی عێراق و حکومەت بەو جۆرەیە کە چوارچێوەی هەماهەنگی ئامادەکاری دەکات بۆ ناسەقامگیرییەکی ئابووری لە داهاتوودا، هەتا

بە نرخی ئەمڕۆی نەوت لە بازاڕەکاندا لە هەڵکشاندا بێت، ئەم ئاستە لە خەرجی لە ماوەی دە ساڵدا ١١٥ بلیۆن پارەی یەدەگی عێراق لە بانکەکاندا تەواو دەکات، لە کاتێکیشدا ئەگەر نرخی نەوت داببەزێت؛ ئەوە عێراق خێراتر تووشی دارمان دەبێتەوە، ئەویش بە هۆی فراوانیی بڕی ئەو مووچە بەرچاوەی کە حکومەت لە باری ناچاریدا و لە دەرەوەی سوپا و ڕێکخستنی ئەمنیی وڵاتدا بۆ میلیشیاکانی تەرخان کردووە. کاتێک عێراق خۆی لە دۆخێکی ئابووریی خراپدا بینییەوە لە ٢٠١٤دا، هەموو جیهان ئامادە بوو یارمەتیی عێراق بدات، چونکە شەڕی دەوڵەتی ئیسلامیی دەکرد و بەو هۆیەوە گرووپە میلیشیاییەکان لە لایەن وڵاتانی دەرەوە و بە پارەی تەرخانکراوی عێراق بەخێو دەکران. بەڵام حکومەتی عێراقی ناتوانێت بەم شێوەیە چاوەڕوانی لە وڵاتانی ڕۆژئاوا بکات لە داهاتوودا. لە ئایاری ئەمساڵدا سندووقی دراوی نێودەوڵەتی ئاگاداریی ئەوەی دا کە عێراق ڕووبەڕووی مەترسیی خراپیی سەقامگیریی «ماکرۆئابووری» دەبێتەوە لە ساڵانی داهاتوودا. زۆر بە سادەیی: ئەمە بە مانای نەگەڕانەوەی پارە بۆ هاوڵاتی و وەبەرهێنەرەکان، هەڵئاوسان و خۆپیشاندان لەگەڵ ناسەقامگیریی سیاسی و ئابوورییە، هەر بۆیە دەشێت بێگومان بە هۆی ئەو بودجە زۆرە و هەژموون و پێگەی ئەو پاڵپشتییە زۆرەی لە عێراق و لە لایەن ئێرانەوە بۆ ئەو گرووپە میلیشیایانە دەکرێن، چ لە ڕووی سیاسی و چ لە ڕووی ئابوورییەوە لە ئێستا و لە ئایندەدا، وەها بار هێنراون ببنە ئەلتەرناتیڤی سوپای نیشتمانیی عێراق و بەردەوام ئامادەییان هەیە و کاریگەرییان لە سوپا زیاترە، چاوەڕوانی ئەوەش دەکرێت لە داهاتوودا بە تەواوی کایەی سەربازی و ئەمنیی عێراق کۆنترۆڵ بکەن.

ئەوەی تایبەت بە کورد بێت، جیا لە مەترسیی بەکارهێنانی ئەم هێزانە، لە ئەگەری ململانیی نێوان کورد و عەرەب بە تایبەت لە ناوچە جێناکۆکەکاندا، دەشێت لە ئایندەدا هاوشێوەی پێکهاتەکانی دیکەی عێراق کە کەم تا زۆر و حەشدی تایبەت بە خۆیان هەیە و لە چوارچێوەی حەشدی شەعبیدا بودجە و مووچەیان بۆ بڕاوەتە، ئەم ئەزموونەش بۆ کورد ڕوو بدات. ئەگەرچی لە پاش ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ی کەرکووک، تاوەکوو ئێستا هەوڵێکی دامەزراندنی حەشدی کوردی بە تایبەتی لە کەرکووک و دەوروبەری لەئارادایە، بەڵام بە هۆی فشاری حیزبە کوردییەکان و ناڕەزایەتیی عەرەب و تورکمانی شیعەی نێو حەشد لەم ناوچانە، ئەم هەوڵانە نەگەیشتوونەتە ئەنجام. لەگەڵ ئەمەشدا، دۆخی خراپی ئابووری و بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری لە ناوچەکانی هەرێم و ناوچە جێناکۆکەکان، دەکرێت هاندەرێك بێت بۆ ئەوەی گەنجانی کورد پەنا بە دامەزراندن و بوونە ئەندام لەم هێزانە ببەن.

کتێبی ئایندەیی


# ئایندەناسی

# ئایندە

## هەموو ئەو شتانەی گرنگن

ئامادەکردن: ئایندەناسی



کتێبی «ئایندە؛ هەموو ئەو شتانەی گرنگن» (FUTURE; ALL THAT MATTERS) لە لایەن «زیائودین سەردار» نووسراوە و ساڵی ٢٠١٣ بڵاو کراوەتەوە. زیائودین سەردار، ساڵی ١٩٥١ لە وڵاتی پاکستان لەدایک بووە و دواتر لە شاری لەندەن درێژەی بە ژیانی داوە. سەردار زیاتر وەک زانا و فەیلەسووفێك ناوی دەهێنرێت و لە بوارەکانی ئیسلامناسی، سیاسەتڕێژی زانست، لێکۆڵینەوە کولتووری و هونەرییەکان کاری کردووە و لەم بوارانەدا بە میتۆدێکی ڕەخنەیی؛ خاوەن چەندین کتێب و توێژینەوەیە. ئایندەناسی یەکێکی ترە لەو بوارانەی کە سەردار کاری تێدا کردووە و کتێبی «ئایندە؛ هەموو ئەو شتانەی گرنگن» بەناوبانگترین بەرهەمی نووسەر لەم بارەوەیە.

کتێبی «ئایندە؛ هەموو ئەو شتانەی گرنگن» لە ١٢ بەشی سەرەکی پێك هاتووە و نووسەر جیا لەوەی لە کتێبەکەیدا هەوڵی داوە دەروازەیەکی گشتی بۆ ناساندنی کایەی ئایندەناسی بکاتەوە و بنەما سەرەکییەکانی ئایندەناسی بۆ خوێنەری گشتی شی بکاتەوە، لە هەمان کاتدا دید و تێڕوانینە تایبەتییەکانی خۆی لە کتێبەکەیدا خستووەتە ڕوو. بە گشتی بابەتەکانی کتێبەکە بریتین لە: ئایندە چییە؟، کورتەمێژووی ئایندەناسی، چەمکناسی، سیناریۆکان، دیدگای ئایندەیی، یوتۆپیا، وێناکردنی ئایندە گشتییەکان و ١٠٠ بیرۆکە سەبارەت بە ئایندەناسی.

زیائودین سەردار لەم کتێبەدا ئەوەمان پیشان دەدات کە بیرکردنەوە و تێڕامان سەبارەت بە ئایندە بەردەوام بەشێك لە مێژووی مرۆڤایەتی بووە، بەڵام گەڕان و لێکۆڵینەوە لە ئایندە بە شێوازێکی ڕێکخراو و زانستییانە دیاردەیەکی نوێیە. ئەوەی لە ئێستادا بە لێکۆڵینەوە لە ئایندە (futures studies)، ئایندەناسی (futurology) یان ئایندەبینی (foresight) ناسراوە، تەنیا لەم چەند دەیەی کۆتاییدا وەك ڕێچکە و بەشێکی زانستی کاری لە سەر کراوە.

لێکۆڵینەوە لە ئایندە تەنیا سەبارەت بە پێشبینیکردنی ئایندە نییە، بەڵکوو لێکۆڵینەوەشە سەبارەت بە توانا و ئەگەرە ڕێتێچووەکان، هەروەها ئەو مەترسی و هەڕەشە شاراوانەی کە لە ئاسۆی جیهاندا بوونیان هەیە. نووسەر هەوڵی داوە کە ئەو تێگەیشتنە بخاتە ڕوو کە «چۆن زانین سەبارەت بە ئایندە بەدەست دێت و لە کرداردا پشتی پێ دەبەسترێت». ئامانج لەم هەوڵەش ئەوەیە بتوانین خۆمان لە مەترسییەکان بەدوور بگرین و ئایندەیەکی خۆڕاگرانە و گونجاو بهێنینە کایەوە.

نیگەرانیی سەرەکی ئەوەیە کە چۆن ئایندە واقیعیتر بکەین بە جۆرێك کە بەردەستتر بێت، لێرەوە پێویستە لە «ئێستا»وە دەست پێ بکرێت. سەردار ئاماژە بەوە دەکات کە دیاردەکان دەگۆڕدرێن، بەڵام ئایندە تەنیا کایەیەکە دەتوانین چالاکانە لە پێناو باشترکردنی؛ هەوڵی گۆڕینی بدەین و ئەم گۆڕانە ناچارە لە شوێنێکەوە دەست پێ بکات، ئەویش ئەو شوێنەیە کە ئەمڕۆ لەوێداین.

سەردار باس لەوە دەکات کە چەندین میتۆدی جیاواز بۆ لێکدانەوەی ئایندە هەیە، بەڵام بە جەختکردنەوە لە سەر ئەو خاڵەی کە ئەم لێکدانەوانە بۆ وێناکردنی ڕێگە جێگرەوەکانە بۆ ئایندە نەك پشتبەستنی تەواوەتی لە سەر پێشبینیکردنی ڕووداوە تایبەتەکان. ئێمە تەماشای هەندێك لە ئەو خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە بابەتییانە دەکەین کە سوودیان لە «گەڕان لە ئایندە» وەرگرتووە و ئەمەش لە پێناو سیاسەترێژی و بەرنامەڕێژییە بۆ ئیشوکارەکان، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، دامەزراوە هەرێمییەکان، گرووپ و لۆبییەکان.

لە کۆتاییدا ئەم کتێبە هەوڵێکە بۆ ئەوەی پێمان بڵێت: چۆن لە جیهانی ئاڵۆز و نادڵنیاکەرەوەدا، ئایندەناسی دەتوانێت یارمەتیمان بدات بۆ ئەوەی لە ڕێگەی بەکارهێنانی تواناکانمانەوە هەوڵی دروستکردنی ئەو جیهانە بدەین کە دەمانەوێت تێیدا بژیین.

# فەرهەنگی ئایندەناسی

# ئایندەناسی



# سیاسەتی گشتی

ئامادەکردن: د. عابد خالد

بۆ تێگەیشتن لە چەمکی (سیاسەتی گشتی – Public Policy - السیاسة العامة)، دەبێت سەرەتا جیاوازی لە نێوان دوو وشەی سەرەکی بکەین، کە ئەوانیش بریتین لە «Politics» و «Policy»، کە هەردووکیان لە زمانی کوردیدا هاوشێوەی زمانی عەرەبی وەرگێڕدراون بۆ وشەی «سیاسەت».

هەر چی وشەی یەکەمە (Politics)، ئاماژەیە بۆ «کۆی ئەو زانین و کردە و چالاکی و دیاردانەی کە پەیوەستن بە بەڕێوەبردنی ‹دەوڵەت› و بەکارهێنانی ‹دەسەڵات›ەوە». بەڵام وشەی دووەم (Policy) ئاماژەیە بۆ «هەر پلانێک یان بەرنامەیەکی کار کە بە مەبەستی وەدیهێنانی ئامانجێک بە چەند ئامرازێکی دیاریکراو دارێژرابێت یان خرابێتە بواری جێبەجێکردنەوە». جا هەر کاتێک وشەی «Public»، کە ئاماژەیە بۆ شتی گشتی و ئەو کاروبارانەی کە پەیوەستن بە کۆی هاوڵاتییانەوە، خرایە پاڵ وشەی «Policy»، ئەوا مەبەست لێی «ئەو پلان و بەرنامەی کارانەیە کە حکومەت، وەک کاراکتەرێکی گشتی، بە مەبەستی وەدیهێنانی ئامانجە گشتییەکان یان چارەسەرکردنی گرفتەکانی زۆربەی هاوڵاتییان لەو وڵاتێکدا دایاندەڕێژێت و دەیانخاتە بواری جێبەجێکردنەوە». کەواتە بە پێی هەموو ئەمانە، «Public Policy» وەک دیاردە بەشێکە لە «Politics»، ئەمەش بەو مانایەی کە «سیاسەتی گشتی» لە کورتترین واتایدا بریتییە لە «کۆی پلان و کردە و بڕیارەکانی حکومەت بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت و وەدیهینانی ئامانجەکانی».

وێڕای ئەم تێگەیشتنە سەرەتاییە، زانایان پێناسەی جیاوازیان بۆ زاراوەی «سیاسەتی گشتی» کردووە، لەم چوارچێوەیەدا بە ڕای «تۆماس دای» سیاسەتی گشتی «هەموو ئەوەیە کە حکومەت بڕیاری ئەنجامدانی یان ئەنجامنەدانی بدات»، بەڵام بە ڕای «دی کۆسیۆلاس»، سیاسەتی گشتی بریتییە لە «ئەو بڕیار و پلانانەی کە دەزگاکانی حکومەت بە مەبەستی چارەسەرکردنی پرسە گشتییەکان لە کۆمەڵگەدا دایاندەڕێژن». بە ڕای «گابرێل ئەڵمۆند»، سیاسەتی گشتی دەرئەنجامی پرۆسەی کارلێککردنی ڕێکخراوی نێوان هاتووەکان (Inputs) (داواکاری + پشتگیری) و دەرچووەکان (Outputs) (بڕیار و سیاسەتەکان)ە، کە دەربڕی ئەدای سیستمی سیاسییە. هەروەها بە ڕای ئەو، سیاسەتی گشتی «دەربڕی ئەو نیازانەیە کە لە لایەن دامەزراوەکانی یاسادانان و جێبەجێکردنەوە دادەنرێن یان پەسەند دەکرێن، کە هاوکات داهات و سەرچاوەی پێویست بۆ وەدیهێنانیان تەرخان دەکەن و دەزگای بەرپرس بۆ جێبەجێکردنیان ڕادەسپێرن».

بە پێی ئەم پێناسانە، سیاسەتی گشتی بریتییە لە بڕیارەکانی حکومەت و کردەکانی جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانە لە هەر کایەیەک لە کایەکانی پەروەردە و فێرکردن، یان تەندروستی، یان ئاسایشی ناوخۆ، یان بەرگریی دەرەکی... بۆ نموونە؛ کە دەڵێین دەوڵەت سیاسەتی گشتیی لە بواری پەروەردە و فێرکردن و خوێندن بە گشتی هەیە، ئەمە واتای هەموو ئەو بڕیار و کردارانە دەگەیەنێت کە لەم بوارەدا ئەنجام دراون، هەر لە

دروستکردن و دانانی قوتابخانە و پەیمانگا و زانکۆوە تا دابینکردنی پێداویستییەکانی دیکەی خوێندن و فێربوون بۆیان، لە بینا و کتێب و کورسی و تەختە، ئەنجا دامەزراندنی مامۆستا و تۆمارکردن و وەرگرتنی قوتابی و خوێندکاران و پێدانی بڕوانامە پێیان هەریەکە و بە پێی ئەو ئاستەی لێی دەرچوون، ئەمە وێڕای چالاکیی دیکەی وەک کردنەوەی خوڵ بۆ مەشقپێکردن و پەرەپێدانی توانای مامۆستایان و ناردنەدەرەوەیان بۆ هەمان مەبەست، هەروەها ناردنەدەرەوەی خوێندکاران بۆ خوێندن و فێربوون.

کەواتە دەشێت حکومەت بۆ پێشکەشکردنی هەر خزمەتگوزارییەکی گشتی، یان چارەسەرکردنی هەر گرفتێکی گشتی؛ سیاسەتێکی گشتیی هەبێت، هەر لە پەروەردە و تەندروستی و نیشتەجێبوون و گواستنەوە و ڕێگاوبانەوە کە لە ڕێگەی فەرمانگەی تایبەتمەندەوە ئەنجام دەدرێن، تا پاراستنی نیزامی گشتی و چاودێریی بازاڕ و نرخەکان و ڕێکخستنی چالاکییە تاکەکەسی و دەستەجەمعییەکان کە لە ڕێگەی هێزەکانی پۆلیس و ئاسایشی گشتی و لیژنەکانی پشکنینەوە ئەنجام دەدرێن، هەروەها سەرپەرشتیکردنی خێزان و ڕێکخستنی هاتوچۆ و چاودێریی دەرمان، لەگەڵ هەموو ئەو چالاکییە سیاسی و کاروبارە گشتییانەی بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری و هەر چالاکییەکی تر کە پێویستی بە دەستتێوەردانی حکومەتە.

لەم ڕوانگەیەوە مەرج نییە هەموو سیاسەتە گشتییەکان بە یەک جۆر بن، بەڵکوو هەندێک لە زانایان هەوڵیان داوە بە پێی جیاوازیی جۆرەکانیان پۆلێنبەندی بۆ سیاسەتە گشتییەکان بکەن. بەم شێوەیە:

- سیاسەتە گشتییەکانی وەدەرهێنان (الاستخراجية – Extractive): کە تایبەتن بۆ کۆکردنەوە و دابینکردنی سەرچاوە ماددی و توانا مرۆییەکان، جا لە ژینگەی ناوخۆییەوە بێت یان لە ژینگەی دەرەکییەوە، وەک سیاسەتی گشتی (کۆکردنەوەی باج و داهاتەکان، وەرگرتنی هاوکاری و یارمەتی، سەپاندنی سوغرە، کاری خۆبەخشیی مەدەنی، خزمەتی سەربازی).

- سیاسەتە گشتییەکانی دابەشکردن و دووبارە دابەشکردنەوە یان خۆشگوزەرانی (التوزیعیة وإعاده التوزیع أو الرفاه –Distributive and Redistributive or Welfare ): کە تایبەتن بە دابینکردن و تەرخانکردنی پارە، کاڵا، خزمەتگوزاری، دەرفەتی کار و دابەشکردنیان بەسەر ئەو تاک و گرووپ و توێژە کۆمەڵایەتییانەی کە پێویستیان پێیەتی، وەک: سیاسەتی گشتی (تەندروستی، پەروەردە و فێرکردن، نیشتەجێکردن، دەستەبەری

کۆمەڵایەتی و هەلی کار).

- سیاسەتە گشتییەکانی ڕێکخستن (التنظيمية – Regulation): کە تایبەتن بە چاودێریکردنی ڕەفتاری تاک و گرووپەکان لە کۆمەڵگەدا و زۆربەی کات سەپاندنی یاسا و ڕێکارەکانی ناچارکردن و سزادان لەخۆ دەگرن، وەک سیاسەتی گشتی (هاتوچۆ، ئاسایشی پیشەسازی، پیسبوونی ژینگە، باری کەسێتی، کاروباری ئایینی، نەهێشتنی تاوان، قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی منداڵان، ڕێگرتن لە خراپ قۆستنەوەی ڕەنجی کرێکاران، چاودێریکردنی بازاڕ و کڕین و فرۆشتن و نرخدانان).

- سیاسەتە گشتییە ڕەمزییەکان (الرمزية – Symbolic): کە تایبەتن بە ڕۆنان و بەکارهێنانی ئەو هێما و جەفەنگانەی پاڵپشتی لە دروستکردنی هۆگری بۆ شوناسی نیشتمان و هەستی هاوڵاتیبوونی بەرپرسیارانە و پەروەردەکردن لە سەر دڵسۆزی بۆ وڵات دەکەن و هاوڵاتییان هان دەدەن بۆ قبووڵکردنی قوربانیدان لە پێناو نیشتمان و ئامادەییان بۆ بەخشینی هەر چی شتێکی بەنرخە لە پێناو بەدەنگەوەچوونی خواست و پرسە نیشتمانییەکان و بەرزڕاگرتنی پێگە و ناوبانگی وڵات. وەک سیاسەتی گشتی: (پاراستنی کەلەپوور و شوێنەوارە نیشتمانییەکان، دروستکردنی مۆزەخانە، ئەنجامدانی فێستڤاڵە نیشتمانییەکان، یادکردنەوەی بۆنە نەتەوەییەکان، ڕاگەیاندنی پشووەکان، بەسەرکردنەوەی مەزارگەی سەربازی ون، مەراسیمی ڕۆژی ئاڵا و ڕۆژی شەهید و ئەنجامدانی مانۆڕە سەربازییەکان).

## سەرچاوەکان

- كمال المنوفي، اصول النظم السياسية المقارنة، شركة الربيعان للنشر والوزيع، الكويت، ١٩٨٧.
- جيمس اندرسون، صنع السياسات العامة، ترجمة: عامر الكبيسي، دار الميسرة وللنشروالتوزيع و للطباعة، عمان، ١٩٩٩.
- جابرييل إيه ألموند وجي بنجهام باويل الإبن، السياسات المقارنة في وقتنا الحاضر: نظرة عالمية، ت: هشام عبدالله، الدار الأهلية، عمان، ١٩٩٨ .
- G. Bingham Powell Jr., Russell J. Dalton, Kaare Strom, Comparative Politics Today: A World View, Pearson Education Limited, 11th Edition, 2015.

CFS

Center for Future Studies

# هەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی





































CFS

Center for Future Studies

# هەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
















































CFS

Center for Future Studies

# هەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی




































CFS

Center for Future Studies

Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژیی دەدات
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات

ژمارە (١٨) ساڵی چوارەم، ئەیلوولی ٢٠٢٣